مێژووی
مۆسیقای کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

مێژووی مۆسیقای کوردی

نووسینی

محەمەد حەمە باقی

ناوی کتێب: مێژووی مۆسیقای کوردی
نووسینی: محەمەد حەمە باقی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٥٨
دەرهێنانی هونەری: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
وێنەی سەر بەرگ: هونەرمەند فەردین سادق ئەیووبی
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم: ئێران- شهر کرد، ١٩٩٦
چاپی دووەم - چاپی تازەی دەسکاری و زیادکراو - دەزگای ئاراس
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٤٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

ئەگەر دەتەوێ پلەی پێشکەوتن و شارستانێتی
هەر گەلێک بزانیت، گوێ لە مۆسیقا و گۆرانییان بگرە
کۆنفۆسیۆس

پێڕست

پێشەکی 9
گەڕان بە شوێن ناسنامەدا 25
ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی مۆسیقای جیهان 35
ئاوڕێکی نزیک لە مێژووی مۆسیقای (ئەهلی هەق) 43
زەرتوشت و ئایینەکەی 73
ئاڤێستا و پەیامی زەرتوشت 83
سرووودی گاثا و مۆسیقای کوردی 91
مۆسیقا و گۆرانی کوردی دوای هاتنی ئایینی ئیسلام 137
چەمەری 171
سەرچاوە 215
فەرهەنگی ناو 225
فەرهەنگی جوگرافیا 237

پەیڤێک بۆ چاپی دووەم

چاپی ئەم کتێبە، کە تیراژەکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار دانە بوو، هەر زوو لەلایەن خوێنەران و دڵدارانی مۆسیقای کوردییەوە باوەشی بۆ کرایەوە و لە ماوەیەکی زۆر کەم دا لەبازاڕدا نەما. سەرەڕای ئەوەی بەو هۆیەوەی کە لە ئێران (شهرکُرد) بە چاپم گەیاندبوو؛ ژمارەیەکی زۆر کەمی گەیشتبووە کوردستانی عێران و ئەوروپا... بۆیە داخوازیی پەیتاپەیتای خوێنەران و بەتایبەتی قوتابیانی بەشی مۆسیقای ئەکادیمیای زانکۆ و هەردوو پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی و هەولێر و داوای هاوڕێیانی دەرەوەی کوردستان و پێشنیاری بەرپرسی دەزگای چاپەمەنی ئاراس، هاوڕێم: کاک بەدران ئەحمەد، هانیان دام بیر لە چاپی دووەمی بکەمەوە؛ کە لە نێوان ماوەی ئەم پێنج ساڵەی چاپی یەکەمی، تا چاپی دووەمی، گەلێ زانیاری و بیروڕاو سەرەنجی تازەشم بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم بەرهەمە، بوونە مایەی دەست پێداهێنانەوەی زۆبەی ناوەڕۆکی کتێبەکە؛ کە لەم ڕووەوە لەچاو چاپی یەکەمیدا زۆر جیاوازیی هەیە. ئەمەش ئەگەر دڵنیایی وئۆخژنم بداتێ، بەڵام هێشتا خەونی گەورەتر بە دەوڵەمەندتر کردنی ئەم بەرهەمەوە دەبینم؛ کە مایەی شانازیمان بۆتە یەکەمین تەقەللا، لەبواری نووسینەوەی: (**مێژووی مۆسیقای کوردی**) دا.

محەمەد حەمەباقی
پایزی ٢٠٠١
سەقز - هەولێر

پێشەکی

سەدان ساڵ لەمەوبەر، فەیلەسوفی ناسراوی یۆنانی فیساگۆرس (٦٠٠ ساڵ پێش زایین) وتوویەتی: ئەم جیهانە، ژمارە و ئاوازە، کە مەبەستی لەم ژمارە و ئاوازەش ئەو بەرنامە و رژێمە رێکوپێک و ورد و شاراوەیەیە، کە بەرنامەی بۆ گەردون و بۆ سروشت و بۆ مرۆڤ داناوە، بەبێئەوەی راستەوخۆ و لە هەموو دەرفەتێکا هەستی پێ بکەین.

ئەو بەرنامەیەش کە لە **ژمارەی** ئەم وتەیە دایە، ژمارەی ئەو یاساگەلە جیاجیایەیە، کە سەرومڕی ژیانمانی نوقمی زەریایەک «ڕیتم»ی بێ بڕانەوەی لەبن نەهاتوو کردووە. وەک؛ ئەوهەموو دیاردییەی لەم گەردونەدا هەن. هەر لە ئاڵوگۆڕی ڕۆژ و شەو و وەرزەکانی ساڵ و سوڕانەوەی زەوی و دەرکەوتنی خۆر و مانگ و ئەستێرە و ئاوابوونیانەوە، تا نزیکترین ئەو «ڕیتم»ەی لە لێدانی دڵمان و هەناسەدان و هەنگاو هەڵهێنانی مرۆڤ و ئاژەڵدا هەستی پێدەکەین. کە ئەگەر هەر یەکێک لەم دیاردییانە، بەپێی **ژمارە** لەگەڵ یەکتریدا جیا بن، ئەوا مەبەست لە **ئاواز** «ریتم»ی ئەم دیاردیانەش، ڕێکوپێکی و چوون یەکبوونی بەرنامە و یاسای دووبارە بوونەوە و بەردەوامبوونی ژمارەکانی ئەم دیاردییانەیە.

کەواتە ئەگەر ئەم وتەیەی فیساگۆرس، ئاسانتر ورد بکەینەوە، ئەوا دەڵێین: ئەگەر ژمارەی لێدانی دڵی هەر مرۆڤێک، بریتی بێت لە ژمارەیەکی دیاریکراو، ئەوا مەوداکانی نێوان هەر ژمارەیەک و ژمارەیەکی لێدانەکانی دڵی؛ بەشێوەیەکە، کە جیاوازیی لەنێوان مەودای لێدانێک و لێدانێکی تریدا نییە و ئەم دابەشبوونە ڕێکوپێکەش، ئەو ئاوازەیە، کە لە **مۆسیقادا**، پێی دەوترێ: **ڕیتم**.

ئیتر ئەم بەرنامە پڕ نهێنییەی گەردون، لە دێرزەمانەوە، بیری مرۆڤی بۆ ئەوە بردووە، کە هەست بکات هەموو ژیانی مرۆڤ، هەموو سروشت، هەموو گەردون، بریتی بێت لە «ڕیتم»ێکی مۆسیقایی شاراوەی ئاشکرا!. کە **ئیفلاتون** ئەمجۆرە **«ڕیتم»**ەی ناو ناوە: ڕێکخستنی بزووتنەوە، واتە: ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوە و جووڵانەوەیەی لە سروشت و گەردوون دا هەن و ئێمەی مرۆڤیش لە پیادەکردنی ئەو بزووتنەوە ڕێکوپێکەدا بەشدارین. وەک ئەوەی لە سەروتر ئاماژەمان بۆ کرد و وتمان: لێدانی دڵ و هەناسەدان و ڕۆیشتنمان بەپێ، دەکەونە ناو بازنەی ئەم بزووتنەوە چوون یەک و ڕێکوپێکەوە، کە ئەم «ڕیتم»ە سروشتییە، لە سەروو دەسەڵاتی ئێمەوەیە و بەبێئەوەی دەسەڵاتی بەسەردا پەیدا بکەین،

یان ڕێگەی پێ بگرین، پیادەی دەکەین و ئەنجامی دەدەین. لەبەرئەوە ئەگەر بمانەوێ پێناسەی **ڕیتم** بکەین، دەڵێین: بریتییە لە ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوەیەی لەنێوان مەوداکانی کات و زەمانێکدایە، بەمەش هەست بە ڕەوتی زەمان دەکەین و ڕێکی دەخەین.

بەڵام ئەو «ڕیتم»ەی لە مۆسیقا دایە، لەو جۆرەیە کە لەژێر دەسەڵاتی خۆمان دایە و خۆمان مەوداکانی نێوان «ڕیتم»ێک و «ڕیتم»ێکی تری دیاری دەکەین و **پەیژە** «گام» مۆسیقاییەکەی پێ ڕێک دەخەین. پەیژەی مۆسیقاکەیشی لە ئاکامی دووبارە بوونەوە و بەردەوامیی «ڕیتم»ەکاندا دروست دەبێ، کە بەتێکڕای دووبارە بوونەوەی «ڕیتم»ەکان، ئاوازێکی مۆسیقایی بە دەست دێت. بۆیە گوێگرتن لە ڕیتم، واتە: لە **مۆسیقا**، یان زەبری مۆسیقا، لەسەر هەست و هۆشی مرۆڤ، ئەگەر بەقووڵیی گوێی پێ بدرێ، لەیەک کاتدا: چێژ وەرگرتنی توانای یادکردنەوەیە، لە زەمان و لە هەمان کاتیشدا بەسەربردنی «زەمان»ە، بەبێئەوەی هەست بەقورسایی تێپەڕبوونی «زەمان و کات»ەکە بکەین.

هەر لەبەرئەمەشە، لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، زانایان و ڕابەرانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، دوای پشکنین و دەرک پێکردنی ئەم دیاردییە شاراوە - ئاشکرایەی ناو ئەم گەردونە، ئەم **ژمارە** و **ئاواز** «ریتم»ە شیان وەک سامانێکی گرانبەهای ئەو سامانە ئەزەلییانەی تر، قۆستەوە، وەک: ئاو، ئاگر، هەوا، خاک و... بەپێودانی خستنە گەڕی ئەو سامانە ناوبراوانە، ئەمیشیان وەک ئەوان، بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکارهێنا و لە سەرەتای مێژووەوە، جڵەوی بەکارهێنانی ئەم سامانە؛ کەوتە دەست ڕابەرانی ئایینی **ڕیگ ڤیدا** و خواوەندانی مۆسیقای **بابل و ئیلام و یۆنان** و پێغەمبەرانی وەک حەزرەتی **داوود** و حەزرەتی **زەرتوشت** و... دواتریش تەنینەوەی بەناوی تێکڕای چین و توێژەکانی جەماوەری گەلانی ناوچەکەدا و نیشتمانی کوردستانیش بەو هۆیەوە کە کەوتە ناوەندی ئەم جوگرافیایەوە و لەهەمان کاتیشدا کە هەر جوگرافیای کوردستان خۆی، بووە زێد و جەرگەی سەرهەڵدانی **زەرتوشت** و ئایینی «زەرتوشت»یش، لە دەربڕینی سۆز و نیاز و ڕازی ئایینی خۆیدا، شیعرگەلی **گاثا**ی بە **مۆسیقا** پیادە کردووە و دواتریش سەرهەڵدانی هەردوو ئایینی **ئیزەدی** «یەزیدی» و **ئەهلی هەق**، هەر لە کوردستاندا؛ ئەم دوو ئایینەش ئەگەر بەشێوەیەک لە شێوەکان، میراتگری ئایینی **زەرتوشت** نەبن، ئەوا پردی فەلسەفی و فیکری و خزمایەتی و نزیکایەتی، لە زۆر لایەنی جیاجیایاندا هەیە و ئەمانیش هەردووکیان ڕازونیاز و سۆزی ئایینی خۆیان، وەک ئایینی **زەرتوشت**، بە تێکەڵکردنی مۆسیقا، لەگەڵ شیعرگەلی «سروودی یارسان»ی «ئەهلی هەق» و «جیلوە - و مەسحەفا ڕەش»ی **ئیزەدی** «یەزیدی» پیادە کردووە.

که ئەم داروبارە تایبەتی و دەگمەنە، لای کەم نەتەوەی سەر زەوی هەبووە، تا مۆسیقا بەو شێوە سەرتاسەری و بەربڵاوە، لە ڕێگەی ئایینەوە، وەک کەرەسە و بابەتێکی پیرۆز و ڕێز لێگیراو، بگاتە سەروەرِی جەماوەر و **مۆسیقا** ببێتە بەشێکی سەرەکی ژیانی میللەت[1]. بۆیە گەلی کوردیش. جگە لەوەی لەلایەکەوە: ڕاستەوخۆ، یان لابەلاو کەمو زۆر، لە پێکەوەنانی شارستانێتی و ژیاری مۆسیقای ناوچەکەدا، بەئەندازەیەک کاری کردووە و لەلایەکی تریشەوە، بەجۆرێک مۆسیقا کاری تێکردووە کە زەبر و کەلەپووری ئەو میراتە واتە: مۆسیقا دێرینە و هەمەجۆرەیە، ئەوەندە کار لەسەر هەست و هۆش و دەروونی مرۆڤی کورد بکات کە مۆسیقا ببێتە هەوێنی ژیان و خۆراکی ڕۆحی و هەر لە تەمەنی کۆرپەیەتی و ساوایی سەر **بێشکەی** منالّیی کوردەوە، بە**لایەلایەی** پڕ **ئاواز** و **گۆرانی** گۆش بگرێ و تا لە مەرگیشیا، **کۆتەڵ** و **چەمەری**، هەر بە**مۆسیقای** خەمگین بۆ ساز بکرێ. لە نێوان تەمەنی ئەم لە دایکبوون و مردنەشیدا هەمیشە **مۆسیقا** و **گۆرانی**، هاوڕێی ژیانی منداڵیی و مێردمنداڵیی و لاوێتی و پیرێتی مرۆڤی کورد بووە، کە تێکڕای یاری و کایەی منالاّنەی و قۆناغەکانی بەرودوای ژیانی، هەر لە کار و پیشەی ڕۆژانەیەوە تا قۆناغی عەشقێنی و ئاهەنگەکانی شایی و زەماوەند و شەوگەڕ و گۆوەند و خەم و خەونییەوە، هەر بە**گۆرانی** و **مۆسیقا** بووە.

ئیتر لەم هۆگربوونەی مرۆڤی کورددا، بە**مۆسیقا**وە جیاوازیی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند؛ نەخوێندەوار و ڕووناکبیر؛ شاری و گوندنشین؛ سیاسەتمدار و ڕابەر و جەماوەری ڕەشۆکیدا نەبووە. بۆیە کوردناسێکی وەک **کریس کۆچیرا**، کە دێتە سەرباسی سیماکانی کەسایەتی سەرکردەیەکی وەک سمایل خانی سمکۆ «کە بەداخ و مخابنەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستاش، لای دوژمنانی کورد، وەک یاخی و پیاوکوژ و سەرچڵ، ناوی دێنن»، کەچی کاتێ کاربەدەستانی دەوڵەت «مەبەست لە دەوڵەتی ڕەزاشایە» بزووتنەوەکەیان تێکشکاندووە و ماڵەکەیان داگیر کردووە، پیانوویەکیان لە ماڵەکەیدا دیوەتەوە!، کە هەر وەک کریس کۆچیرای ڕۆژنامەوان دەنووسێ: «مێژوونووسان، لە بابەت بوونی ئەم پیانوویە، سەریان سوڕماوە!» (۱۰۳، ۹۲).

جگە لەوەی کە تێکڕای شیعری «سروودی گاثای زەرتوشت و سروودی یارسان»ی «ئەهلی هەق و جیلوە و مەسحەفا ڕەش»ی **ئیزەدی** «یەزیدی»، تا شیعری فولکلۆر و

(۱) مەگەر لای سۆمەرییەکان، کە لە سەدەکانی سەرەتای شارستانێتی زۆر کۆنیاندا، هەمیشە مۆسیقا بۆ کاروباری ئایینی و نیوە ئایینی بەکار براوە. ئەگینا لای دانیشتووانی دێرینەی «میسر» بۆ کات بەسەربردن و ئارەزووی خۆشیی ناو بنەماڵەکان بەکار براوە - (٤٣، ۱۰۳ ، ۱۰٤).

شیعری شاعیرانی کورد، بەو هۆیەوە کە هەموویان بە شیعری کێشدار «وەزندار»، واتە: مۆسیقادار نووسراون، بۆیە سەروەرِی شاعیرانی کورد، شارەزایی و پێوەندییەکی دوور و نزیکیان لەگەڵ مۆسیقادا هەبووە و هەموویان لە دووتوێی شیعرەکانیاندا، باسی جۆرەکانی ئامێری مۆسیقایی و دەسگای مۆسیقایی و مەقام و گۆرانییان کردووە و هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ، خۆیان مۆسیقازان و مۆسیقاژەن و دەنگخۆش بوون.

لەنێوان ئەو هەموو جۆرە «گۆرانی و مۆسیقا»یەی ژیانی مرۆڤی کوردیشدا، ئەگەر سەرنج لەو مۆسیقا و گۆرانییە کۆنانەیان بدەین، کە بەشێوەی **کۆمەڵ و هەرەوەز** ئەنجام دەدەرێن، چ لە کاتی زەماوەند و خۆشیدا، وەک هەڵپەڕکێ و چ لە کاتی خەم و پەژارەدا، وەک **چەمەری** و گۆرانی **دروێنە** و **ساوەرکوتان** و **قوڕشێلان** و زۆر کار و پیشەی جیاجیادا، جگە لەوەی ڕیتمی مۆسیقاکەی زۆر گورج و توندوتۆڵە، لە هەمان کاتیشدا زۆر حەماسی و پڕ جۆش و خرۆش و هەژانە، کە ئەگەر لە ناویاندا، لە دیمەنی هەڵپەڕکێ و چەمەری وردبینەوە، دەبینین جۆری دەست و پەنجە و باسک و شان و قۆڵ و جەستەی توند لەیەک ئالاّندن و چەسپاندن و جولاّنەوەی پێکەوەی ڕیزی هەڵپەڕکێ و **چەمەری** کاران، لە ئاستێکدایە، وا هەست دەکرێ هەموو ڕێزەکە، لەسەر ئاوازی مۆسیقا حەماسی و مارش ئاساییەکە، بووبنە یەک جەستەی توند پێکەوە جۆشخواردووی گرێدراو، کە هەستی هەموویان لە دیمەنی سەرچۆپی کێشی «**هەڵپەڕکێ**»دا، کۆدەبێتەوە و بەرجەستە دەبێ و لە هەندێ ناوچەدا، بەگیانێکی خرۆشاوەوە، تفەنگ و دەمانچە ئاگر دەدا، یان خەنجەرێکی ڕووت بەدەستەوە هەڵدەسوڕێنێ، یان دەقریوێنێ و دەسڕەیەکی سوور، بەژوور سەری هەموانەوە، ڕادەوەشێنێ، کە بەبێ هیچ دوودڵییەک، ئەمیش نیشانەی هەڵسوڕاندن و شەکاندنەوەی **ئالاّ**یەک دەبەخشێ. جگە لەوەی زۆرجاریش شۆڕە سواران، بەدەوری بازنە و ئەڵقە و مەیدانی هەڵپەڕکێ کەدا، ڕمبازی و غارغارێن دەکەن. لە «چەمەری»شدا، سەرەڕای ئەوەش مۆسیقاکە خەمینە، بەڵام بەشداران، تفەنگ بە دەستەوە دەگرن، یان دەمانچە و خەنجەر لە کەمەر و پشت دەبەستن.

ئەمە، ئەگەر لەهەر ناوچەیەکی کوردستاندا، جۆرە زەماوەند و هەڵپەڕکێیەکی تایبەتیش هەبێ، بەڵام تێکڕای مۆسیقای هەموو ناوچەکان، سیما و مۆرکی ئەو دیمەنە خرۆش و حەماسی و یەک پارچەییان پێوەیە. وەک دەزانین تەمەن و مێژووی «هەڵپەڕکێ و چەمەری»ش زۆر کۆنن و بەرهەمی ئەم چەند سەد ساڵەی دوایی نین و هیچیشیان زادەی کات و ساتێکی ڕاگوزارییانە و تایبەت بەناوچەیەک و کاری تاکە کەسیش نین. بەڵکو زادەی سەردەمێکن، کە دەسەلاتێکی گەورە و بەربڵاوی هونەریی، توانیوێتی کاری

بە**کۆمەڵ** و **هەرەوەز** ئەنجام بدا و هەمان دەسەڵاتیش، بەسەرتاسەری کوردستاندا بڵاوی بکاتەوە. چونکە ئەگەر کاری تاکە کەسێک بوایە، یان تایبەت بوایە بەناوچەیەک، ئەوا دەبوایە وەک هەندێ بابەتی هونەریی، کە تایبەتن بە ناوچەیەکەوە، هەر لەو ناوچەیەدا قەتیس و سەقامگیر بوایە و بەجێگەی تردا، نە تەنیایەتەوە.

سەبارەت بەناوهێنان و دەستنیشان کردنی ئەو دەسەڵاتە سەرتاسەرییەش؛ بەلای زۆرەوە وا پێدەچێ کە دەسەڵاتێکی سەرتاسەری **ئایینی** توانیبێتی ئەم کارە هەرەوەزییە بخولقێنێ چونکە وەک بەشێوەی جوولە و بزووتنەوەی **بەیەکەوەی** ئەم هەڵپەڕکێ و سەمایانەدا دەردەکەوێ، جۆری **بەیەکەوە** سەر و گەردن هەڵبڕین بۆ ئاسمان، نیشانە و شەقڵی شێوە پەرستنێک بەبیردا دێت، کە بەدەم ئەم سەروگەردن هەڵبڕینەشەوە بزووتنەوە و هەڵپەڕین و دانەواندنەوەی توند و بەیەکەوەی پێی هەڵپەڕکێ کارانیش بەتایبەتی لە **هەڵپەڕکێی سێ پێی**دا، بیری کار و بەتایبەتی تریش، بیری کاری کشتوکاڵ و زەوی کێڵان و جووتیارییمان بەبیردا دێنێ و لە هەموو ئەمانەشدا، کە بیر بۆ مێژووی ئایینە کۆنەکانی جوگرافیای دێرینی کوردستان دەچێ، هەر ئایینی زەرتوشت بەبیردا دێت، کە لە پێش زۆر لە ئایینە کۆنەکانی تری ناوچەکە، بانگەوازی بۆ زەوی کێڵان و کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون و گوند و شارۆچکە و شار دروستکردن کردووە.

بەڵام لە **مۆسیقا** و **گۆرانی** تاکە کەسیدا، ئەم گیانی خرۆشان و هەڵچوون و حەماسەتە، بەگوێرەی جیاوازیی ناوچەکان، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و بەپێی هەڵکەوتی تۆپۆگرافی ناوچەکان، جیاوازیی ئاشکرا هەست پێدەکرێ. کە من پێم وایە: ناوچە زۆزان و سەختەکان، پلەی دەنگ و ڕیتمی مۆسیقا و گۆرانییان، توند و گورجە و تا بەرەو ئاران و پێدەشت و هەردە و هەڵەتی باشووریش، شۆڕتر ببینەوە، ڕیتمی مۆسیقا و گۆرانییەکان، هێمنتر و خاوتر و ئارامتر دەبنەوە. وەک ئەوەی ئەگەر لە جوگرافیای **لاووک** و **لاوژە** و **حەیران** و **سیاوچەمانە**دا، کە لە هەرێمە کوێستان و سەختەکاندان، ڕیتمی مۆسیقایان گورج و حەماسی بێت، ئەوا لە پێدەشتەکانی گەرمیانی دەوروبەری کەرکووک و سلێمانی و کرماشاندا، مەقامی خەمین و لەسەرخۆی وەک **ئای ئای** و **قەتار** و **خاوکەر** و **هۆرە** دەبیستین. سەرومڕیش، ناوەڕۆکی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، هەر لە لاووک و لاوژەوە، تا بەیتەکان، کە زۆربەیان داستانی شۆڕش و میرنشین و قارەمانە میللی و جوانەمەرگ و بەئاکام نەگەیشتووەکانی کوردستانن. تا «بەستە و مەقام»ەکانی **قەتار** و **خورشیدی** و **خاوکەر** و **ئای ئای** گەرمیان و دەوروبەری کەرکووک؛ هەموویان نەک هەر تەنیا توێژاڵ، بەڵکو هەناسەیەکی پڕ ئاخوئۆف و ئای ئای و خەمێکی خەستیان تێدایە.

لە **لاووک** و **لاوژە**کاندا، ئەگەر بەسەرهاتی شۆڕشگێڕانەی بە ئاکام نەگەیشتوش نەبن؛ ئەوا هی دار و دڵخوازی بە ئامانج نەگەیشتون... لە **ئای ئای** گەرمیاندا، نائومێدی و لێک دابڕان و بێ بەشیی و زویریی و ناڵین و سۆزی پڕ گریە و داد و هاوار و هەرچی واژەی خەم و پەژارە هەیە، تەنانەت لە **بەستە**کانی ناوچەکانی **سنە** و **موکریان** و **سلێمانی**دا، کە ئاوازەکانیشیان پڕ جۆش و خرۆش و جوولەن، کەچی لە ناوەڕۆکدا، تێکڕا خەمینن.

ئەم لایەنە، لە هەموو ناوچەکاندا زیاتر، لە مەقامەکانی گەرمیان و دەوروبەری کەرکووکدا، بەزەقی هەست پێ دەکرێ. لەبەرئەوە ئەگەر مۆسیقا و گۆرانی هەر میللەتێک، دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی ناخ و دەروونی ئەو میللەتە بێت، ئەوا تێکڕای مۆسیقا و گۆرانی کوردی، شەقڵێکی تایبەتمەندی خەمناکی هەیە.

لێرەدا، لە جێی خۆیدایەتی جوگرافیای شێوەگەلی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، دەستنیشان بکەین، کە بریتین لە:

لاووک و **لاوژە** و **حەیران** و **سیاوچەمانە** و **هۆرە** و **چەمەری** و **بەیت** و ناوچەکانیشیان بەمجۆرەیە:

١- **لاووک و لاوژە**: هەموو ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە ئاخاوتنیان بەدیالکتی کرمانجی باکوورە.

٢- **حەیران**: قەرچوغ، بێژنگ بەسەر، کەندیناوە، زوورگەزراو، شەمامک، هەولێر، سەفین، هەیبەت سوڵتان، ڕایات، زینۆی شێخان، ڕەواندز، هەندرێن، زۆزک، گەلی عەلی بەگ، داری سەکران، خۆشناوەتی، پشدەر، بیتوێن، دەشتی دزەیی، موکریان.

٣- **سیاوچەمانە**: هەموو ناوچەی هەورامان: هەورامانی سەخت، لهۆن کە بریتییە لە ناوچەی پاوە و نەوسود، هەورامانی تەخت - کە بریتییە لە ناوچەی دزڵی و بەشێک لە ژاوەرۆ و مەریوان و دەوروبەری و گوندەکانی خۆرئاوای سنە.

٤- **هۆرە**: کرماشان، ئیلام، لەکستان، لوڕستان، زەهاو، ئیسلام ئاباد، کرند، گیلانی غەرب، قەسری شیرین، بێستون، هەرسین، سەحنە، دینەوەر، سونقوری کولیای، ماهیدەشت، شارەزوور، ڕۆخەکانی ڕووباری سیروان لە نزیک کەلار و دەوروبەری و ناوچەکانی کەڵهوڕنشینەکان.

٥- **چەمەری**: ناوچەکانی ئیلام و لوڕستان و کرماشان.

٦- **بەیت**: هەموو ناوچەی موکریان.

کەچی سەرەڕای جیاوازیی نێوان ئەم بابەتانەی گۆرانی و موسیقای کوردی، ناوچە

جیاجیاکان، کە وەک وتمان بەلای زۆرەوە «کاری تاکە کەسی»ن؛ لە چاو ئەو بابەتانەی تردا، کە وەک وتمان کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزن. بەڵام لە هەمان کاتدا و بەهەموویان شەقڵ و مۆرکێکی نیشتمان و مرۆڤی کوردیان تیا هەست پێ دەکرێ، کە شارەزایانی مۆسیقا، لە کوردناسانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و پسپۆڕانیش لە نەتەوەکانی دراوسێمان، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن و ئەم ناسنامەی تایبەتمەندێتی گۆرانی و موسیقایەی کوردی، لە چاو گۆرانی و موسیقای گەلانی تردا جیا دەکەنەوە. کە هەر وەک نموونە، بیروڕای کوردناسێکی وەک **میستەر ڕاڵف** بەسەر دەکەینەوە، کە لەم بارەیەوە دەڵێت: «گۆرانی کوردی، نەک تەنیا فۆلکلۆری کوردی پاراستووە، بەڵکو زیاتریش توانیوێتی خۆی لە کارتێکردنی ئاوازی بیانە بپارێزێ» (١١٠، ژمارە ١٠٦).

بۆیە من پێم وایە بۆ ئەوەی ئەو سیمای تایبەتی و ناسنامەی ڕەسەنی گۆرانی و موسیقایەی کوردی بپارێزین و دەرەوشاوەتر بکرێن. دەبێ هەر هەنگاوێک، بەنیازی پتەوکردنی ناسنامەی کەسایەتی و تایبەتمەندێتی گۆرانی و موسیقای کوردی؛ لە ئێستا و داهاتوودا هەڵبگیرێ، لە ڕوانگە و کلاورۆژنەی ئەو بابەتە **گۆرانی** و **مۆسیقا** دێرینە و ڕەسەنانەوە بێت، کە لە سەدان و هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە توانیویانە هەوێن و نهێنی زیندوویەتی و تایبەتمەندێتی خۆیان، لەگەڵ خۆیاندا، لە سنگی نەوەکانی پێشینەوە، بگەیەننە ئێستا و ئێستاش کە لە لایەکەوە: سەنگەری پێشخستن و پاراستنی ئەم گەنجینە دەوڵەمەندە، پارێزەرێکی دەسەڵاتداری نییە تا بەرنامەی زانستیانە، بۆ پێشخستنی دابڕێژی و لە لایەکی تریشەوە: کە داروباری تەکنۆلۆژیای ژیانی شارستانێتی، تا دێت بەتەنگ کاری **هەرەوەز** و **بەکۆمەڵەوە** نایەت و ئەمیش وەک مەترسییەکەی پێشوو، هانی کاری تاکە کەس دەدات، کە بەمەش بەرەبەرە و لە ئەنجامدا، نەک هەر کاری مۆسیقایی بە**کۆمەڵ** و **هەرەوەز**، پشتیان تێ دەکرێ، بەڵکو کاری «تاکە کەس»ەکانیش، لە سەرچاوە و چاوگە ڕوون و ڕەسەنەکان، دووردەکەونەوە و خۆیان بەجۆرێک گوم دەکەن، کە ناسنامەکانیان ناناسرێتەوە.

لەبەرئەوە بۆ پتەوتر ڕاگرتنی مۆسیقا و گۆرانی ڕەسەنی کوردی و پاراستنیان، پێویست بەڕێزگرتن و ئارایشت کردنەوەی ئەو بابەتە جیاجیایانەی مۆسیقا و گۆرانییە، تا بەگیانی زانستییانە و هاوچەرخانە، مۆرکی خۆماڵییانەیان زاخاو بدرێتەوە، کە گەلانی پێشکەوتووی دنیا و دراوسێکانی کوردیش لە پێناوی پاراستنی کەلەپووری مۆسیقا و گۆرانی خۆیاندا، زۆر زووتر هەوڵی بایەخ پێدان و ڕێزگرتن و بەرنامەی هەمەجۆر پێشترخستن بۆ دانان و کردنەوەی فێرگە و پەیمانگە و زانکۆی تایبەتی و دامەزراندنی

کتێبخانەی ئەرشیفی، بۆ پاراستنی کەلەپووری مۆسیقا و نووسینەوەی هەمەلایەنەی مێژووی مۆسیقای خۆیانن، لە کاتێکا کورد لە چاو هەندێ لەو دراوسێ و گەلانەدا، بەشدارییەکی ڕاستەوخۆتری لەو مێژووی مۆسیقایەدا کردووە، کە ئێستا هەموو گەلانی ناوچەکە، بەموڵکی هاوبەشی خۆیانی دەزانن و شانازیی پێوە دەکەن و پسپۆڕانی مۆسیقای جیهان پێی دەڵێن: «مۆسیقای ئێرانی کۆن» وەک دواتر باسی دەکەین، کە وەک دکتۆر مارف خەزنەدار، لەم بوارەدا دەڵێ: «ئەگەر بەشی کورد، لەو تاقیکردنەوەیە، لە ئەوانی تر، زیاتر نەبێ، کەمتر نییە» (٩٢، ٦).

بۆیە، بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی **مێژووی مۆسیقای کوردی**، کە بەردی بناغەیە، بۆ دێرینەی مۆسیقای کوردی و هەموو پێ هەڵگرتنێکیشە، بۆ چۆنێتی بەرنامە دانان، بۆ ئایندەی مۆسیقای کوردی، ئەو ڕێگەیەم گرتەبەر، کە سەروەریی و ڕادەی هاوکاری و بەشداریی ڕاستەوخۆ و لابەلای کورد لە خەرمانی مێژووی مۆسیقای ناوچەکەدا، بە جۆرێک بەیاد بهێنمەوە، تا یاسا و زانستی مێژوو، پەسەندی بکەن.

بۆ ئەمەش، ئەوەندەی دەربەستی بەڵگەی زانستی و عەقڵی پشکنین و گەڕان بەشوێن ڕاستیدا بووم، ئەوەندە بەتەنگ پڤدان و گییڤ کردنەوەی بێ بناغە و بێ بەڵگەی گیانی دەمارگرژی و حەماسە بەزۆر خووڵقاندن و «بەئەفسانە! مێژوو دروستکردن»ەوە نەبووم، کە بێگومان شارەزایانی مۆسیقای کوردی دەزانن، بۆ ئەمجۆرە کارانەش، پێشینەیەکی نووسراو و سەرچاوەیەکی مۆسیقایی وامان لەبەر دەستدا نییە، تا ڕێنماییان بکەن و پشتیان پێ ببەستین و بیانکەینە، کەرەسەیەکی زانستییانە.

خۆ ئەگەر هەندە تەقەللایەکیش لە بەرهەمی نووسەران و هونەرمەندانی کورد و کوردناسانی بیانی، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لەم مەیدانەدا، لەبەردەستدا هەبن، هیچیان ڕووەو ڕێبازی **مێژووی مۆسیقای کوردی** هەنگاویان هەڵنەگرتووە.

لەبەرئەوە ناکرێنە بەردی بناغە و دەستەچیلە بۆ ئاییندە، بەتایبەتیش تەقەللاکانی نووسەران و هونەرمەندانی کورد، **جگە لە هەندێکیان**، زۆر سادە و ڕاگوزاریانەن و زۆر و بۆرن. بەڵام هەروەک نموونە و ناوهێنان، ناوی هەندێ لە تەقەللا دیارەکان بەیاد دێنینەوە:

١- تەقەللاکانی نووسەران و هونەرمەندانی کورد:

- گۆرانی و سروودی کوردی، کوردی – مەریوانی، بەغدا، چاپخانەی أیتام ١٩٣٢ز. ئەم کتێبە ٦٥ سروود و گۆرانی کوردی تێدایە.

- سالّی ١٩٣٦ز ئەمینی عەڤدالّی و حاجی جندی، کتێبێکی گەورەی فۆلکلۆری کوردییان بڵاوکردەوە، لەم کتێبەدا گەلێک گۆرانی و داستان و ئەفسانەی کوردیی تێدا تۆمار کراوە. ئەم کتێبە ٦٦٣ لاپەڕەیە و پەخشنامەی دەوڵەتیی کۆماری سوسیالیستی ئەرمەنستانە(٥٨، ٥٦٧).
- ترانەهای کردی، بەتەرجەمەی فارسییەوە، لەلایەن «م.س.پ.»، تاران، چاپخانەی ابتکار، بەڵام ساڵی چاپی لەسەر نییە.

ئەم نامیلکەیە ١٣ لاپەڕەیە و هەندێ شیعری گۆرانی میللی ناوچەی **سەقزی** تێدایە و وەک سۆراخی ناوی نووسەرەکەیم کرد، بۆم دەرکەوت، کە م.س.پ. کورتکراوەی ناوی ئەندازیار، سالمی کوڕی میکایلی پەرهامییە، کە کوردێکی جوولەکەی دانیشتووی شاری سەقز بووە و لەوەش دەچێ لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦ز ئەم بەرهەمەی چاپکردبێ.

- گۆرانی، یان: ترانەهای کردی، دکتۆر سەیید محەمەدی عەبدوڵلای کەیوانپور-ی موکری، تاران، ١٣٣٠ خورشیدی.

ئەم کتێبە، هەوڵێکی سەرەتاییە، ڕچە شکاندنێکی زیرەکانە و وریایانەیە، جگە لەوەی پێشەکی هوشیارانەی بۆ ئەو کاتە، بۆ نووسیوە.

ئەم کتێبەم هێناوەتە سەر ڕێنووسی کوردی و ساڵی ١٩٩٤ز، لە تەوریز بەپێشەکی تازەوە، بەچاپم گەیاندووە.

- سالّی ١٩٥٧ز حاجی جندی، لەژێر ناوی «فۆلکلۆری کوردی»دا، کتێبێکی گەورەی ٢٩٣ لاپەڕەیی لە چاپداوە.
- ترانەهای محلی لرستان، خرم آباد، ١٣٤٥ خورشیدی (١٩٦٦ز) حمید ایزدپناه.
- سالّی ١٩٦٥ز خانم جەمیلە جاسم، تەقەللایەکی سەرەتایی بۆ تۆمارکردنی هەندێ گۆرانی کوردی بەنۆتەی مۆسیقای لە کتێبێکدا لە چاپداوە. ئەم کتێبە دووبارە لە ساڵی ١٩٨٢ لە **سوید** بەتیپی لاتینی لە چاپدراوەتەوە. دیسان هەر خانم جەمیلە جاسم ئەم بەرهەمانەی تریشی لەسەر مۆسیقای کوردی هەیە:
- کلامێد جەماعەتا کوردا، یەریڤان، ١٩٦٤
- کلامێد جەماعەتا کوردا، مۆسکۆ، ١٩٦٥
- کلامێد و مەقامێ جەماعەتا کوردا، مۆسکۆ، ١٩٧٣

- سترانێ جەماعەتا کوردا، یەریڤان، ١٩٧٧
- کلامێد و مەقامێ جەماعەتا کوردا، موسکۆ، ١٩٨٦[١]
- کۆمەڵێک لاووک و حەیران، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا ١٩٦٨
- سترانێ زاگوتنا کوردایە تاریقیێ، ئۆردیخانی جەلیل.

ئەم کتێبە، ساڵی ١٩٧٧ز، شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی و فەرهەنگیان بۆ کردووە.

- دەروازەیەک بۆ گۆرانی و ئاوازی کوردی، مەحموود زامدار، بەغدا. ١٩٨٠ز، چاپخانەی دار الحرية للطباعة.
- لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی، عوسمان شارباژێڕی.
- گەنجینەی گۆرانی کوردی، عوسمان شارباژێڕی، بەغدا، ١٩٨٥ز، چاپخانەی الزمان.
- تیۆری مۆسیقا، سەلاح ڕەئوف، بەغدا، ١٩٨٩ز، چاپخانەی سومر.
- ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی، وریا ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٨٩ز.

جگە لەمانەش تەقەللای تاکە کەسی هونەرمەندانی وەکو: **گوڵە مێلاقەی کوردستان، ڕەسوڵ گەردی و چریکەی کوردستان، حەسەن زیرەک و گوڵی سەربەستی، تایەر توفیق و گۆرانیەکانم، عەلی مەردان** و... هتد. کە لەناو تێکڕایی ئەو ناوانەی سەرەوەدا و زۆری تریشیان، هەر دەتوانرێ ناوی هەنێکیان لەبەر چاو بگیرێن، چونکە ئەوانیتریان، یان کۆکردنەوەی بەیت و شیعری فۆلکلۆری سەرزاری خەڵکین، «کە ئەمە زۆر ئاسانە و هەموو کەس لە دەستی دێت»، یان زانیاری گشتین لەسەر مۆسیقا و بۆ کوردی تەرجەمە کراون و لە هەمان کاتیشدا سادەن و لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیی دەچن و دوورن لە پێناسەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و لێدوانی زانستیانە و قووڵ. هەرچەندە لەم بەسەرکردنەوەیەدا ناوی قادری فەتاحی قازی، کەماڵ ڕەئوف محەمەد و ئەحمەد بەحری، دێنە یادمان، کە هەر یەکەیان لە بوارێکی ئەم هەوڵانە دا، تەقەللای ورد و دڵسۆزانەیان داوە.

(١) ناوی ئەم (٥) کتێبەی دوایی، لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا نەبوون. چونکە هاوینی ساڵی (٢٠٠٠) لە دیدەنییەکی تایبەتدا لە هەولێر، خانم جەمیلە خۆی ئەم ئاگادارییانەی دامێ و من هێشتا ئەم بەرهەمانەیم نەدیون. لەم دیمانەدا دکتۆر ئۆردیخانی جەلیل و دکتۆر کوردستان موکریانی و کاک سەرۆ قادر ئامادە بوون.

٢- تەقەللاکانی بیانی و کوردناسان:

- ساڵی ١٨٤٩ز ، فردریک بۆدن شتیت Stedt Boden Friedriok Von - باسێکی زانستییانەی لەسەر گۆرانی و ئاوازی کوردی نووسیوە. بەداخەوە ئەم هەوڵە بەکەڵکە هێشتا نەکراوە بە کوردی.
- ساڵی ١٨٨٩ز، مۆسیقازانی مەزنی ئەرمەنی «کۆمیتاس» لە بەرلین، تێزێکی لەسەر **مۆسیقای کوردی** نووسیوە و لەم تێزەدا ١٣ گۆرانی کوردی هێناوەتە سەر شێوەی نۆت. ئەم دەست پیشکەرییە زیرەکانەیەی، کۆمیتاس، لە بەرگی پێنجەمی کتێبی: پێناسەکانی نەتەوایەتی، ئەمینی عەڤداڵ، شاعیر و توێژەرەوەی کوردی ئەرمەنستان (١٩٠٦-١٩٦٤ز)دا هاتووە.
- ساڵی ١٩٠١-١٩٠٣ز، ئۆسکارمان، لەسەر فرمانی خاوەن شکۆی ئیمپراتۆری دەوڵەتی ئەڵمان، بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی: کوردی، فارسی، گەڵێک بەیت و گۆرانی و چیرۆک و داستانی وەک: مەم و زین؛ ناسر و ماڵ ماڵ، زەمبیل فرۆش، بەیتی ئەورەحمان پاشای بەبە و... هتد، لەسەر زمانی ڕەحمان بەکر و ڕێنوێنی میرزا جەوادی قازی کۆکردۆتەوە و ئەم تێکستانەی بەتیپی عەرەبی و لاتینی و وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە، لە ساڵی ١٩٠٥ز ، لە بەرلین چاپدا و بڵاوی کردۆتەوە، «هێمن»ی شاعیریش، لە ساڵی ١٩٧٥ز-دا هێناویێتیە سەر ڕێنووسی کوردی و کۆڕی زانیاری کورد، ئەم تێکستانەی لە دوو بەرگدا چاپ کردووە.

بەڕای من، ئەم کارەی «ئۆسکارمان» یەکێکە لەو کارە تاقانە و دەگمەنانەی کە لەو کاتەوە، تا ئێستاش کاری وا دڵسۆزانە، بۆ تۆمارکردنی بەیت و گۆرانی کوردی، زۆر کەم کراوە و جێی داخمە کە مۆسیقازانان و گۆرانیبێژانی کوردی، زۆر کەم ئاوڕیان لێ داوەتەوە و بەسەریان نەکردۆتەوە و بەگیانێکی هاوچەرخانە، نەیان ژیاندوونەتەوە.

- ساڵی ١٩٥٣ز، پرۆفیسۆری ئەمەریکایی، لە زانستگەی کۆلۆمبیا ، ڕاڵف سۆلیکی (Ralph. S. Solecki) لە کاتی خەریکبوون و گەڕانیدا لەگەڵ دەستەیەک ئارخێلۆژناسدا بەکوردستاندا، ژمارەی ١٣ گۆرانی و ٥ پارچە مۆسیقای کوردی، لەسەر قەوانێک تۆمار کردووە و لەگەڵ نامیلکەیەکی ٨ لاپەڕەییدا، کە بەزمانی ئینگلیزییە و لە نووسینی **سۆلێکی** خۆیەتی، چاپ و بڵاوکردۆتەوە. قەوانەکە بەهەردوو دیوەکەیەوە ٣٤ دەقیقەیە و گۆرانییەکانیش (٩)یان کرمانجی باشور و (٤)یان کرمانجی باکورن، تێکڕاش **لاووک** و **حەیران**-ن. گۆرانییەکان، مۆسیقایان لەگەڵدا نییە و پارچە

مۆسیقاکانیش (٢)یان بەدەم دووزەلەی تاک جووتەوەیە و (٣)یان بەدەم دووزەلە و تەپڵەوەیە. نامیلکە و قەوانەکەش لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی: ئێتینکی فۆلکلۆرییە ، نیویۆرک ، ئەمەریکا .

سۆلێکی لە نامێلکەکەیدا ، بەکورتی ئەم باسانەی نووسیوە:

١- پێشەکییەکی مێژوویی دەربارەی کورد و کوردستان.

٢- باسکردنی چۆنێتی تۆمارکردنی گۆرانی و پارچە مۆسیقاکان.

٣- گۆڕینی چەند «بەیت»ێکی گۆرانییەکان، بۆ زمانی ئینگلیزی.

٤- ناوهێنان و پیشاندانی چەند ئامێرێک بەوێنەی فۆتۆگرافی.

هەروەها باسکردنی چۆنێتی دروستکردنیان و گێڕانەوەی هۆش و لێکدانەوەی خۆی بەرامبەریان. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ، باری سەرنجی سۆلێکی‌یە دەربارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، کە بەمجۆرەی باسکردووە:

«ئەگەر چی ئەم گۆرانییانە لەمەڕ دڵداری و کێشە و دەنگ دەدوێن، بەڵام شێوەی زۆری ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییانە ، لە گۆرانییەکانی سەرزاری چیانشینەکانی **ئەپالاشیا** دەچن، کەوا هەست دەکەیت مەزاجیان چوون یەک بێت. گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، لە باوەشی سروشت و لە هێمنایەتیدا زۆر خۆش دەبیسترێ. گۆرانی کوردی، فەرهەنگ و نەریتی میللی کورد دەپارێزێ» (١٠٩ ، ٨٨-٩٤) .

- ساڵی ١٩٧٥ز، دەستەیەک مۆسیقازانی ژاپۆنی سەردانی کوردستانی ئێرانیان کردووە و وتوێژینەوەیەکی مەیدانییان لەسەر **گۆرانی** و **مۆسیقای کوردی** گەڵاڵە کردووە و بەچاوێکی زانستانەی مۆسیقای هاوچەرخانە ، سەرنجێکی باشیان لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی داوە و گەلێ گۆرانییان کۆکردۆتەوە و لەگەڵ خۆیاندا بردوویاننەتەوە و دواتر، یەکێک لە دەستەکەیان، بەناوی **ئایاکوتا تیسومورا**، لە دانشگای میللی موسیقا و هونەرە جوانەکانی تۆکیۆ، گەڵاڵەی ئەو توێژینەوەیەی کردووە بەوتارێک و لێکۆڵینەوەیەکی بەکەڵک و دەوڵەمەندی لەگەڵ دەقی نۆتەکانی چەند گۆرانییەکدا نووسیوە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٠ز دا، بەزمانی ئینگلیزی، لەژێر ناوی: Musics and Culture The Kurds و لە گۆڤاری: Etnonological Senri Studies No. 5. 1980-دا بڵاوی کردۆتەوە.

دواتر «ئەنیستیێتوی کورد - لە پاریس» ئەم وتارەی لە گۆڤار وەرزانەکەیدا ، بەزمانی فارسی باوی کردۆتەوە.

من پێم وایە ئەمە یەکەمین تەقەللای زانستیانەی نوێیە ، لە دیدی مۆسیقای

ئەكادیمیانەوە، کە تا ئێستا بیانی لەسەر کوردیان نووسیبێ.

ئێستا دەقی نووسینە فارسییەکەم لەلایە و کردیشم بە کوردی، بەڵام لەوە دەچێ وەرگێڕەکەی لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی، سەرکەوتوو نەبێ. چونکە کاتێ لە دەرفەتێکدا، دەقە فارسییەکەم نیشانی کاکە هۆشەنگی کامگار دا، سەرنجی ئەویش وابوو کە کەسێکی نەشارەزا لە مۆسیقادا، وەریگێڕاوە. لەم ڕووەوە سەرنج و بیروڕا دەبڕین لەسەر تێکڕای ناوەڕۆکی ئەم وتارە بەنرخە، دەهێڵمەوە بۆ ئەو کاتەی بتوانم لە دەرفەتێکی نزیکدا، دەقە ئەسڵییەکەیم چنگ بکەوێ. هەرچەندە کەم تا زۆرێکیش، بەڵام نەک وردەکارییەکانی، لە تەواوی بیروڕا و سەرنجەکانی نووسەرە ژاپۆنییەکە، شتێک هەڵدەگۆزرێ.

وەک وتم، بەچاکم زانیوە بۆ گەیشتنەوە بەسەرچاوەی ڕاست و دروست، بۆ مێژووی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، هەر لە مێژووی «زەرتوشت» و «ئەهلی هەق» وە دەست پێ بکەم، چونکە ئەگەر کورد خۆی بەمیراتگری شارستانێتی ماد بزانێ، ئەوا **زەرتوشت**، نەوەیەکی بەناوبانگ و هەڵکەوتووی ناو **مادەکانە** و پەیڕەوانی «ئەهلی هەق»یش، بەهەق کوردن و لە کوردستاندا دەژین و تا ئێستاش هەر بە کوردی **گۆران** دەدوێن. بەو هۆیەشەوە، کە ئەم بەرهەمە، تەقەللایەکە بۆ گەڕان بەشوێن سەرەداوەکانی «مێژووی مۆسیقای کوردی»دا، نەک «زانستی مۆیسقا» ، بۆیە هەر کتێبخانەی دەوڵەمەندی «فارسی»م کردە بنەمای کار و هەنگاو هەڵگرتن. چونکە من پێم وایە، نەک هەر بۆ ئەم کارە، بەڵکو مێژووی دەوڵەمەند و دەست بۆ نەبراوی هەموو بوارەکانی فەرهەنگیی و ئەدەبیی و مێژوویی، ژیانی سەرومڕی کوردەواری، بەر لە هەر کتێبخانەیەکی تر، لە کتێبخانەی فارسیدایە و سەیریش نییە کە یەکەمین کتێبی مێژوویی کورد: شەرەفنامە، هەر بە فارسی نووسرابێ.

لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوودا، بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی زانیاریی لە بارەی مۆسیقاوە، کاتێ سەرم لەو ڕۆژگارە دوورە مێژووییانە و بەتایبەتیش ئایینی **زەرتوشت** و ئایینی **ئەهلی هەق** داوەتەوە. بەچاکم زانیوە بۆ زیاتر ئاگادار بوونی خوێنەران، لە پەیام و ئایینی **زەرتوشت** و **ئەهلی هەق**؛ هەر بەتەنیا لایەنی **مێژووی مۆسیقای** ڕووتم مەبەست نەبێ، بەڵکو لە دیدەنی ژووری مۆسیقای ئەم دوو ئایینەوە، هەر لە پەنجەرەی ئەو دوو ژوورەوە، سەرێکیشم دەرهێناوە و لە سەرومڕی حەوشە و هەیوان و دالانی ئایینی زەرتوشت و ئایینی **ئەهلی هەق** ورد بوومەتەوە و ئاکامی چاوگێڕان و وردبوونەوەکەمم، بۆ خوێنەران گێڕاوەتەوە. کە ئەمە بۆ یەکەمین جارە، بەو تەقەلا بچووکەی من «کە ئەوپەڕی هەوڵم داوە بەکورتترین ڕستە و دەربڕین، بەڵام پوخت و خەست» ئاوڕێکی کوردانە، لەم دوو ئایینە

مەزن و پەیامبەرە بلیمەتە «زەرتوشت» دەدرێتەوە. ئەو «زەرتوشت»ەی هەموو فەیلەسوفان و زانایان و پسپۆرانی جیهانی بەخۆیەوە سەراسیمە کردووە و بە دەیان کتێبیان بە هەموو زمانە جیاجیاکانی دنیا، لەسەر نووسیوە. کەچی خوێنەرانی کورد، کە نزیکترین نەوەی زەرتوشتی سەر بەڕەگەزی مادی و ئاریایی نەژادن، لێی دوور و نەشارەزابن!، بەتایبەتیش خوێنەرانی ئێستای کوردستانی باشوور، لەچاو خوێنەرانی کوردستانی ئێراندا، زۆرتر پێویستیان بەم زانیارییانە هەیە... جگە لە کتێبخانەی کوردیش، کە لەم باسانە، بێ بەشە.

هەرچەندە نیازم هەبوو، کورتەیەک لەسەر مێژووی ئایینی **ئیزەدی** «یەزیدی»ش بنووسم. بەڵام لە لایەکەوە: کە ئەم ئایینە، لە چاو دوو ئایینی ناوبراودا، هەندێ لێکۆڵینەوە و کتێبی تایبەتیان بەزمانی کوردی لەسەر نووسرا بوو، بەتایبەتی لەلایەن مێژوونووسی گەورە محەمەد ئەمین زەکی(٩٩، ج٢-٢٨٢)؛ جەلادەت بەدرخان، لە گۆڤاری هاواری ساڵی **١٩٣٣**ز (٩٨، ١٢٣)؛ کامەران بەدرخان لە ژمارەکانی ١٤، ١٦ی گۆڤاری هاواری ساڵی **١٩٣٢-١٩٣٣**ز(١١٤، ١٠)؛ توێژینەوەی زیرەکانەی زانای ناسراو توفیق وەهبی، بەزنجیرە وتارێک لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٠ز؛ مامۆستای خوالێخۆشبوو شاکر فەتاح، لە کتێبی **یەزیدییەکان** و **ئایینی یەزیدی**(١٠٢)دا و شاعیر و نووسەر هەژار، لە کتێبی «آداب و رسوم کُردان»(٨، ٢٦٧-٢٧٧) و دەیان نووسەری گەلانی دوور و نزیکیش، بەزمانی جیاجیای دنیا، لێکۆڵینەوە و کتێبی زۆریان دەربارەی ئەم ئایینە نووسیبوو. کە ئەگەر لەنگەرێک لای ئەوانەیان بگرین، کە دەربارەی **پێوەندی ئایینی یەزیدی** و **مۆسیقا** نووسیویانە، ئەوا ناوی زانای ڕوسی ن. مارڕ و لیپارد بەیاد دێنینەوە.

لە لایەکی تریشەوە، کە بەلای خۆمەوە تەماویی بوو، ئاخۆ پیادەکردن و بەکارهێنانی ئامێری **مۆسیقا** «تەموورە» ، لە لایەن پەیڕەوانی ئەم ئایینەوە، تا چ ئەندازەیەک پێوەندی بەهەردوو کتێبی «جیلوە و مەسحەفا ڕەش»ی ئایینەکەیانەوە هەیە! بۆیە زۆر ڕاگوزارییانە، سەبارەت بەپێوەندی ئایینی ئیزەدی و مۆسیقا تێپەڕیوم. لە دووتوێی بەسەرکردنەوەی مێژووی ئایینی «ئەهلی هەق»یشدا، خۆم لە باس و خواسی پێوەندی و تێکەڵاویی و جیاوازیی ئایینی **ئەهلی هەق** و **کاکەیی،** نەبان کردووە، چونکە: لە لایەکەوە، وەک زانای گەورە **توفیق وەهبی** دەڵێت: «هێشتا نووسەرانمان ئەمەیان بە تەواوی بۆ ساغ نەکراوەتەوە» (٥٨، ٧٧). لە لایەکی تریشەوە، ئەم کارە بۆ ئەم چەند لاپەڕەیە: **مێژووی مۆسیقای کوردی**، بە کارێکی لاوەکی و جیا لەم تەقەللایەی خۆمم دەزانی.

کارەکەشم هەرچەندە تەقەللایەکی بچووک و سەرەتاییە، بەڵام زۆری پێوە ماندوو بووم و هەڤاڵانم لە: سەقز و بانە و بۆکان و ورمێ و مەهاباد و سنە و کرماشان و سلێمانی و تاران دەزانن چەند بەپەرۆشەوە بەشوێن بچووکترین تروسکەیەکی زانیارییدا، لە سۆراخ و پشکنیندا بووم، کە بەکەڵکی ئەم بەرنامەیەم بێت و بۆ ئەم مەبەستەش سەرم بە چەند دەروازەی بەبڕشت و کاولاشی قاقڕ و باوەشی گەرم و سارد دا کردووە و چەند بەدژواری ئەم چەند لاپەڕە نیوە ناچڵەم پێکەوە ناوە، کە ئەگەر یەکەمین هەنگاویش بێت، دڵشادم بەوەی دەبێتە هەوێن، یان کەرەسەی خاو و بەردەبازێک بۆ پسپۆرانی دڵسۆز، کە لە داهاتوودا، زانستانەتر، ئەم ڕەنجە هەژارە، دەوڵەمەند بکەن.

هەرچەندە لەم ڕەنجەدا ژمارەیەکی زۆری دۆستان و مامۆستایانی هێژا، یارمەتی و هاوکاری و ڕێنمونی هەمەجۆرەی یەکجار دڵسۆزانەیان کردووم؛ بۆیە لەو بڕوایەوە کە دەبێ کاری چاک باسبکرێ؛ بەپێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینم، پیشکەش بکەم بۆ:

کاک ڕەسوڵی میرزاپوور – مامۆستای عوود، سەرگورد محەمەد ناهید مامۆستای تار، کاک خالیدی ڕەشیدپوور لە سەقز، کە بەم بەرهەمەدا چوونەتەوە و سەرنج و پیشنیاری بەکەڵکیان هەبووە. هەروەها هونەرمەند هادی زیائەددینی و ئەندازیار شاپوور حەسەن نەژاد و هاوڕێیانم لە پەیڕەوانی ئەهلی هەق، لە کرماشان و قوروە و ئیلام کە حەزیان نەکرد ناویان بهێنم. کاکە دیلمان ئەحمەد، کە لە هەڵەگیریی چاپی دووەمدا زۆر ماندوو بووە.

سوپاسی تایبەتیشم بۆ نەجیبە ئەحمەدی شاعیر و هاوڕێ کە لەگەڵ تەمەنی درێژی ئەم بەرهەمەدا، ڕەنجی پیاچوونەوەی هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەی لەگەڵ کێشام.

محەمەد حەمە باقی

سەقز

سەرەتای بەهاری ١٩٩٥ زایین

سەرنج:

لەم کتێبەدا سیستەمێکی رووسیم بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان بەکاربردووە، کە بریتییە لەوەی: ژمارەی یەکەمی ناو کەوانەکان، ناوی سەرچاوەکە و ژمارەکانی دوایی، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو سەرچاوانەن.

گەڕان بەشوێن ناسنامەدا

گوێگرتن و هۆگرییم لە دەمێکەوە، بۆ گۆرانی و مۆسیقا، دۆستایەتی و ئاشنایەتییەکی گەرم و پتەوی لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقادا لا دروست کردووم، کە ئەم نزیکایەتی و هۆگر بوونەشم بەدرێژایی ئەو تەمەنی گوێگرتنەم، بە**گۆرانی** و **مۆسیقای کوردی** و بەتایبەتیش گۆرانی فۆلکلۆریی، توانای تەتەڵە و بژار و لە بێـژنگدانی ئاواز و گۆرانی **ڕەسەن** و **ناڕەسەن**، یان **کوردی** و **ناکوردی** بوونی داومەتێ و «گۆران»ی شاعیری گەورە، واتەنی: «مەزاجی کوردەواری»یی لە ژەنگ و ژاری ئاواز و گۆرانی بیانە، پاراستووە و لە هەمان کاتیشدا، ئاوازی «رەسەن و ناڕەسەن»ی بۆ جیا کردوومەتەوە».

ئا لێرەدا، کە باس هاتۆتە سەر جیاکردنەوەی **ڕەسەنایەتی** و **ناڕەسەنایەتی** ئەم مەقام و میلۆدییانە، هەمیشە لە خۆم پرسیوە: سەنگی مەحەکم بۆ ئەم جیاکردنەوەیە چییە؟ لە دواییدا، هەر خۆم وەڵامی خۆم داوەتەوە وتوومە: دەشێ مەبەست لە **کوردی بوونی** ئەو مەقام و میلۆدییانە، ئەو شوێن پەنجە و زەبر و شوێنەوارە بێت، کە ئەو بەرهەمانە، لە هەست و هۆش و بیرەوەری و مەزاجی کوردەواری یدا بەجێی دەهێڵن.

لەبەرئەوە، ئەو مەقام و میلۆدییە ڕەسەنانەی توانیویانە شوێنەوار و شوێن پەنجە، لە دڵدا بەجێ بهێڵن، یان ئەو چەندان ئاوازە فۆلکلۆرییانەی لە دێر زەمانەوە، شەقڵ و بۆن و بەرامە و مۆرکی خۆماڵییانەیان پێوەیە، وەک بۆ نموونە لە «مەقام»دا: لاووک، حەیران، قەتار، لە «بەستە»شدا: کیژان دەچنە مێرگولان، دەچمە سەر ناڵە شکێنە، کابۆکێ، لەسیلەی قەبران... هتد، وەک چۆن ئاواز و گۆرانی هیندی و ئەفەریقایی، کەسایەتی و ناسنامەی خۆیان هەیە، هەر بەو جۆرەش ئەم مەقام و میلۆدییانە، ناسنامە و کەسایەتی خۆیان هەیە و دەناسرێنەوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا، کاتێ بە شوێن ناسنامەیاندا گەڕاوم؛ گەیشتوومەتە ئەو دڵنیاییەی زۆربەی ئەم ئاوازانە، سەر بەو ئاوازگەلەن، کە عەرەبەکان پێیان دەڵێن: ئاوازی خۆرهەڵاتی؛ کە لە ڕاستیدا ئەم ناونانەی عەرەبەکان، خۆ دزینەوەیە لە ڕاستییەکی تر، کە خودی عەرەبەکان نایانەوێ دانی پێدابنێن و بڵێن: ئاوازی کۆنی ئێرانی. چونکە عەرەبەکان خۆیان خاوەنی ژیار و رابووردوویەکی مۆسیقایی نین و هەر سامانێکی مێژینەی مۆسیقایان هەبێ، هی دوای هێرشی لەشکری ئیسلامە، بۆ سەر ناوچەکانی دەوڵەتی ساسانی و نێوان هەردوو زێی دجلە و فورات «میسوپۆتامیا» و ئەو

ژمارە کتێبە زۆرەی دەربارەی مێژووی مۆسیقای عەرەبی و تیئوری مۆسیقای عەرەبی! و ئەو کەلەپووره مۆسیقاییەی شانازی پێوە دەکەن و ئەو مێژووەی بۆ بناغەی زانستییانەی مۆسیقای عەرەبی هەڵئەبەستن؛ لە ڕاستیدا سەر بەئاوازی کۆنی ئێرانین(*)

بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەو ناوە ڕەسەنە کۆنە ئێرانییانەیە، کە تا ئێستاش بەسەر ناوی ئەو مقامە، بەناو عەرەبییانەوەیە، کە نازانن چۆن چۆنی خۆیانی لێ رزگار بکەن. نموونەی بەرجەستە و زیندووی ئەم قسەیەمان، کتێبە قەبەکەی «حبیب طاهر العباس»ە، بەناوی: «نظریات الموسیقى العربیة»وە.

ناوی ئاوازە کۆنەکانی ئێرانیش، کە عەرەبەکان پێیان دەڵێن: **مقام**، ئێستا لە زانستی مۆسیقای ئێرانیدا پێیان دەوترێ: **دەسگا** و کوردانی کوردستانی ئێرانیش، هەر وایان ناو دەبەن؛ بەڵام لە کوردستانی عێراق، هەندێ جار نەشارەزایانە پێیان دەوترێ: **ئاواز**، لە کاتێکدا ئاواز، ئەو لقوپۆپ و گەڵایانەیە، کە لە درەختی دایکی ئەم دەسگایانە دەبنەوە و هەر یەکێکیش لە درەختی دایکی ئەم دەسگایانە، دەتوانرێ دەیان و دەیان ئاوازی تریان لێ هەڵبگۆزرێ.

کاتێکیش دەڵێین زۆربەی ئاوازی ڕەسەنی کوردەواری سەر بەم دەسگا کۆنانەی ئێرانن، مەبەستمان ئەوە نییە ئەم دەسگایانە، لەسەر مەقام و ئاوازی کوردی پیادە بکەین و تاقی بکەینەوە، یان بڵێین: گۆرانی و ئاوازی کوردی، لە دوای ناونانی ئەم دەسگایانە، لە دایکبوون! بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە: کە سەدان و هەزاران ساڵە، گەلی کورد، گۆرانی و ئاوازی خۆی هەیە و بەدرێژایی ئەو تەمەنە دێرینەیەش، توانیویەتی تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی و بۆن و بەرامەی کوردەوارییانەی خۆی بپارێزێ و لەناو ئاواز و گۆرانی دراوسێکانیدا جیابکرێتەوە؛ چونکە ئەو جۆرە تایبەتمەندییانەی مەقام و ئاوازی کوردی هەیەتی؛ هیچ دراوسێیەکی نییەتی، بەواتایەکی تر، ئەو «حەیران»ەی کورد هەیەتی، هیچ دراوسێیەکی نییەتی، ئەو «لاووک»ەی کورد هەیەتی، ئەو «هۆرە و سیاوچەمانە»یەی کورد هەیەتی، هیچ دراوسێیەکی نییەتی.

بەڵام ئەم ئاواز و گۆرانی و مەقامانە، کاتێ دەخرێنەبەر تیۆری زانستی مۆسیقاییەوە، یان ڕوونتر بڵێین: کاتێ بەدەنگێکی مۆسیقایی کێشدار دەوترێن، دەچنە کێش و پەیژەی مۆسیقاییەوە، کە ئەم کێش و پەیژە مۆسیقاییانەش، کاتێ پۆلێن و خانەبەندیی دەکرێن،

(*) شارەزایەکی گەورەی مۆسیقای جیهانی وەک «ژان دورینگ»ی فەرەنسایی؛ بەجەختەوە ئەم بیروبۆچوونانە دەسەلمێنێ و کاتێ باسی مۆسیقای «بەغدادی» دەکات، کە گوایە شێوازێکی مۆسیقایی تایبەتی عێراقییە؛ دەڵێ: رەگەزی هاوبەشی مۆسیقای ئێرانی زۆر تێدایە. (٢٩ ژمارە ٤٣١).

ئەوسا هەر پۆل و خانەیەی ناوێکی تایبەتییان لێ دەنرێ، کە ئەم کارە، لەم سەد ساڵەی دواییدا، بنەماڵەی «فەراهانی»ی ئێرانی، [واتە: کوڕانی عەلی ئەکبەرخان، کە بریتی بوون لە میرزا عەبدوڵڵا و میرزا حوسێن قولی]، کاتێ هاتن مەقام «دەسگا»ی مۆسیقایی دێرینەی سەدان و هەزاران ساڵەی ئێرانی، «کە سەدان و هەزاران ساڵ، لە دڵ و لە سنگی نەوە دوای نەوەدا، پارێزرا بوون»، پۆلێن و خانەبەندیی کرد و هەر خانەیەی ناوێکی جیاوازیان لێنان و بەتێکڕای ئەو خانانەی بۆ مەقامگەلی ناوچەکەیان ئەنجام دا؛ پێیان وت: خانەبەندیی کردنی مۆسیقای ئێرانی و کارەکەشیان لە باری زانستی مۆسیقاوە، بەلای هەموو مۆسیقازانانەوە، هەنگاوێکی زانستانە و باوەڕ پێکراو بوو، بۆیە وەک ئاکامی ئەم کارە، سەروموڕی مەقام و گۆرانی سەدان و هەزاران ساڵەی هەموو ناوچەکە، کەوتنە ناو بازنە و چوار چێوەی ئەم خانەبەندی کردنەوە، کە نموونەی ئەم خانەبەندی کردنەی گۆرانی و مۆسیقایەی ئێرانی، ئەو خانەبەندییە بوو، کە خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی (٧١٨- ٧٩١ز)، بۆ هەموو شیعری دنیای کرد. چونکە ئەگەر چی سەدان و هەزاران ساڵیش، پیش خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی، شیعر هەبوو، «کە تا ئێستاش نازانرێ تەمەنی شیعر چەندە و سەر بەکام ناوچە و نەتەوەیە»، بەڵام کە خەلیل لە دیدی مۆسیقاوە، جۆرەکانی کێش: «وەزن»ی شیعری جیاجیاکردەوە، واتە: پۆلێن و خانەبەندیی کرد، ئەوسا بۆ هەر خانەیەی، ناوێکی جیاوازی لێنان، کە تێکڕا بوونە ١٩ وەزن و هەموو ئەو شیعرانەی بەوەزنی عەرووز نووسرا بوون و لە ئاییندەشدا دەنووسرێن، «ئیتر گرنگ نییە ئەگەر شیعرەکە کوردی بێت، یان عەرەبی، یان فارسی، یان تورکی، یان ئازەری... هتد»، بێ هیچ سێ و دوویەک، دەچنەوە سەر یەکێک لەم ١٩ وەزنە و هەر بەو پێودانەش، هەر یەکێک لەم دەسگا مۆسیقاییانە، جۆرە پەیژەیەکی تایبەتییان هەیە، کە ئاوازی هەر یەکێکیشیان جۆری پەیژە «گام»ی مۆسیقاکەی، وەک پەیژەی مۆسیقایی یەکێک لەم دەسگایانە بێت؛ ئەوا دووبارە لە ئاکامدا دەڵێین: فلانە ئاواز، سەر بە فیسارە دەسگای مۆسیقایە.

بەڵام سەرنجێکی گرنگ هەیە، کە پێویستە پێی لەسەر دابگرین و بڵێین: کاتێ دەڵێین مەقام و ئاوازی کوردی، سەر بەم دەسگا مۆسیقاییانەی کۆنی ئێرانن؛ مەبەستمان ئەوە نییە، کە تێکڕای مەقام و ئاوازی کوردی، وەک یەک و بێ هیچ جیاوازییەک و کوتومت بچنە ناو چوار چێوەی ئەم پۆلێن و خانەبەندیی کردنەی دەسگا مۆسیقای کۆنینەی ئێرانی، بەڵکو لە سەرجەمی تایبەتمەندی مەقام و ئاوازی کوردیدا، کەم و زۆر جیاوازیی لەنێوان مەقام و ئاوازی کوردی و دەسگاکانی مۆسیقای کۆنینەی ئێراندا هەیە و هەموو

دەسگایەکی مۆسیقایی ئێرانیش، وەک یەک و بە یەک پێوانە و ئەندازەی یەک، مەقام و ئاوازی کوردی لە باوەش ناگرن، چونکە مەرج نییە ئەوەندەی مەقام و ئاوازی کوردەواری لە دەسگای شوور و ماهور نزیکن، هەر بەو جۆرەش مەقام و ئاوازی کوردی، لە دەسگای هۆمایون نزیک بن، یان بە هەمان ئەندازە، مەقام و ئاوازی کوردی لە دەسگای هۆمایون دا، هەبن.

یان بەجۆرێکی تر و بۆ نموونە دەڵێین: مەرج نییە ئەو مەقامی بەباتی تورکەی، کە سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی و عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق وتوویانە، بە هەمان ئەو جۆرەیان وتووە، کە گۆرانیبێژانی فارس و تورک و ئازەر، هەمان مەقامیان وتووە... کە ئەم شێوازە بەلای نەتەوەکانی دراوسێی کوردیشەوە، بەرامبەر کورد هەروایە و هەر نەتەوە و میللەتێک، بۆن و بەرامە و تایبەتمەندیی خۆی بەسەر مۆسیقای خۆیەوە بەجێهێشتووە و مۆسیقاناسی گەورەی جیهانی، «ژان دورینگ»یش لەم بارەیەوە هەمان بیروبۆچوونی هەیە(٢٩، ژمارە ٤٣١).

یان لەمانەش گرنگتر ئەوەیە: مەرج نییە ئەو مەقام و ئاوازە کوردییەی لە دەسگای شوور، یان هەر دەسگایەکی تری، ئەم دەسگا دەستنیشان کراوانەی ئێرانی، نزیک بن، ئیتر هیچ وردە جیاوازییەک لەنێوان مەقام و ئاوازی کوردی و ئەم چەند دەسگا دەست نیشانکراوەدا نەبێ، بەڵکو وەک وتمان: تایبەتمەندیی گۆرانی و ئاوازی کوردی، لەوەدایە کە سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.بەڵام وەک ئەنجامگیریی و وەک سەرجەم و تێکڕای بەراورد، دەڵێین: کاتێ بەشوێن پێناسەی مەقام و میلۆدی کوردیدا دەگەڕێین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە زۆربەی مەقام و ئاوازی کوردی، سەر بەرێچەڵەکی مۆسیقایی کۆنی ئێرانن، کە ئەم جیاکردنەوەیە، بۆ «سەبک»ی شیعریش دەوترێ: سەبکی هیندی، یان عێراقی، یان... هتد.

لەبەرئەوە، لە ڕاستیی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین ئەو هونەرمەندە کوردانەی، کە شارەزایی و نزیکایەتییان لەگەڵ مۆسیقای کۆنی ئێرانیدا هەیە، بەرهەمەکانیشیان، بۆن و بەرامەی ڕەسەنی کوردییان پێوەیە و ئەوانەش کە ئاگاداری و شارەزاییان لەم ڕووەوە کەم بێت، بەپێچەوانەوەن و بۆ بەڵگەی زیندووی قسەشمان دەڵێین زۆربەی ئەو ئاواز و گۆرانییە کوردییانەی کوردستانی ئێران چاوگە و لانکەزایان بووە، بۆن و بەرامەی زیاتر و ڕاستەقینانەتری کوردییان لە چاو ئەو ئاواز و گۆرانییانەدا پێوەیە، کە لەم جوگرافیایە و لەم ڕاستییەوە دوورن. بۆیە بەرهەمەکانیشیان بەرۆح و مەزاجی کوردەواری ئاوەکی و نامۆیە. هەر لەبەر ئەمەشە، لە دەمێکەوە ڕووناکبیرێکی شارەزای کورد، وتوویەتی: ئاواز

و گۆرانی ڕەسەنی کوردی، لە کوردستانی ئێران لە دایک دەبێ و لە کوردستانی عێراق نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ!!.

... خۆ ئەگەر لە بازنە و جوگرافیای ئەم دەسگایانەش بچینە دەرەوە و بڵێین **هەندێ** ئاواز و گۆرانی تری ڕەسەن و هەمیشە زیندووی کوردی هەن و یاسای ئەم دەسگایانەش نایان گرنەوە. کەچی بۆن و بەرامەی پاک و خاوێنی کوردییان پێوەیە، وەک: **هۆرە** و **سیاوچەمانە** و هەندێکی وەک ئەمانە. ئەی ئەمانە چین و خانەی ئەمان، لە کامە دەسگا دایە؟!.

لە وەرامدا دەڵێین: ئەو جۆرە ئاواز و گۆرانییانە، پاشماوەی دێرین و زیندووی ئاوازگەلی **گاثا** و **ئاهوورای** ئایینی «زەرتوشت»ین، کە شیعری ئەو گۆرانییانە، شیعری «بڕگەیی هیجا»ن و پێوانەی عەرووز نایانگرێتەوە و جوگرافیای سەخت و باوەشی قایم و داخراوی ناوچەی **هەورامان** پاراستوونی و نەیهێشتووە تۆز و گەردیان لێ بنیشێت. ئەمەش پشتیوانیی ئەو بۆچوونەی ئێمە دەکات، کە دەڵێین: مەقام و ئاوازی کوردی، سەر بە ڕێچەڵەکی مۆسیقایی کۆنی ئێرانن، نەک ئەو پۆلێن کردنەی ئێستای دەزگاکانی مۆسیقای ئێرانی.

بۆیە ئەگەر تا ئێستا، لە خانەبەندی و ناولێناندا، نەچووبێتنە ناو یەکێک لەو خانە و دەسگا کۆنانەی مۆسیقای ئێرانی، دیارە هۆی ئەوەیە: لە کاتێکدا مۆسیقازانانی ئێرانی و بەتایبەت بنەماڵەی **فەراهانی** لەم سەد ساڵەی دواییدا، خانەبەندی و جیاکردنەوەی **«مۆسیقا»**ی کۆنی ئێرانییان پۆلێن و بەسەرکردۆتەوە، ئەمجۆرە **«مقام** و **ئاواز»**انەیان، لەگەڵ کەش و هەوای مۆسیقای ئێستای ئێرانیدا بۆ پۆلێن و هاوسروشت نەکراوە. واتە: خانەبەندی نەکردووە، لەبەرئەوە ناولێنان و خانەبەندی کردنی ئەم گۆرانییە ڕەسەنانە دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆرانی مۆسیقای کوردی، چونکە گۆرانی و ئاوازگەلی ناوچەی هەورامانیش، پاکترین و ڕەسەنترین ئاواز و گۆرانی کوردیین و هەر ئاواز و گۆرانییەکی ئایندەش، لەم ناوچەیە هەڵبگۆزرێ، ڕەسەن و خۆماڵیی دەبێ.

دێینەوە سەرباسی **«دەسگا»**کان و دەڵێین: پسپۆرانی مۆسیقای کۆنینەی ئێرانی، ئەگەر لەسەر ژمارەی ئەم دەسگایانە، وردە جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام بە**«تێکڕایی»**، لەسەر ئەوە لەگەڵ یەک نزیکن، کە ژمارەی ئەم دەسگایانە، لەنێوان ٥ تا ٧ دەسگا - دایە، کە ئەمانەن:

١- ماهور «عەرەبەکان پێی دەڵێن: عەجەم».

٢- هۆمایون.

٣- سێگا.

٤- چوارگا.

٥- شوور.

٦- نەوا.

٧- ڕاست، یان پێنجگا(١٨، ١٢٨).

لەنێوان ئەم حەوت **دەسگا**یەشدا، **دەسگای شوور**، لە هەموویان بەربڵاوتر و گەورەترە. چونکە ئەگەرچی دەسگاکانی تر، هەریەکەیان چەندین ئاوازیان لێ هەڵدەگۆزرێ، بەڵام **شوور**، سەرەڕای ئەوەش کە وەک ئەوانیتر، چەندان ئاوازی تری لێدەبێتەوە، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی چەند **«پاشکۆ»**یەکی سەربەخۆترە، کە هەر یەکێک لەمانیش ئاوازی تریان لێ هەڵدەگۆزرێ. ئەم «**پاشکۆ**»یانەش ئەمانەن:

١- ئەبو عەتا «حیجاز- یش سەر بەم پاشکۆیەیە».

٢- بەیاتی تورک، یان بەیاتی زەند.

٣- ئەفشاری، یان فشار، یان هەوشار.

٤- دەشتی.

٥- بەیاتی کورد، یام کورد بەیات(١٠، ٣٩-٤٠).

شایانی باسە و بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا زیاتر لە مەبەستمان نزیک بێتەوە، کە دەڵێین: مەقام و میلۆدییە کوردییەکان، سەر بە ڕێچەڵەکی مۆسیقایی کۆنی ئێرانین؛ نموونەی ئاوازی کابۆکێ و شاییەک دەگەڕێ و گوڵ نیشان - گوڵ نیشان و زۆربەی لاووک و حەیران گۆرانییەکانی سێوە و... هتد، سەر بە دەسگای گەورەی شوورن.

هەروەها جگە لەو حەوت دەسگایە، دەسگایەکی تری ئێرانی، کە ناوی لە کتێبی کۆنینەی ئێرانیدا هەیە، دەسگای ئەسفەهانییە. ئەم دەسگایە، هەندێک پێیان وایە بەشێکە لە شوور و هەندێکی تریش دەڵێن لقێکی هومایۆنە.

لەبەرئەوە، بۆ باشتر پێکانی مەبەست و گەڕانەوەی زانستییانەتریش بۆ سەرچاوەکان، ڕاستتر وایە بەو مەقام و میلۆدییە ڕەسەنانەی کورد بوترێ: مەقام و میلۆدی ئێرانی، کە لێرەدا مەبەستیش لە ئێرانی بوونی ئەو میلۆدییانە، جوگرافیای سیاسی هیچ سەردەمێکی دیاری کراوی ئێران نییە، بەڵکو مەبەست ئەو جوگرافیایەیە، کە لە ژیار و شارستانێتی هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، لە ناوچەی ئێرانی ئێستادا، مۆسیقا لە ژیانی شەپۆلگەلی

بەرودوای گەلان و نەتەوەکانی ئەم ناوچانەدا، ڕمێن و برەوی پێدراوە و ڕەگ و ڕیشەی بەجۆرێک بەو جوگرافیایەدا ڕۆچووە، کە «هەموو شارەزایانی مۆسیقای جیهان و بەڵگە مێژووییەکانیش دەیسەلمێنن» جوگرافیای ئێرانی کۆن و ناوچەی هەردوو زێی دیجلە و فورات «کە ئەم جوگرافیایە کوردستانی ئێستا دەگرێتەوە» لانکەزای هەزاران ساڵ لەمەوبەر مۆسیقای جیهانن و بەتایبەتیش ئەوەندەی پێوەندی بەمەبەستی ئێمەوە هەبێت، هەر لەم جوگرافیایەدا لەسەر دەستی ئاریایی و مادەکاندا «زەرتوشت»ی بەبنەچە مادی و بەڕەگەز ئاریاییی پەیامبەر، مۆسیقای کردە هاوتا و هاوکاری پیادەکردنی ئاوازی سروودگەلی گاثا «گاتا»ی ئایینی «زەرتوشت»ی و ئاوازی بەسۆز و دڵنشینی پێ سازدرا و دواتریش لە سەردەمی ساسانیدا (٢٢٧-٦٣٢ز)، کە جوگرافیای دەسەڵاتی ئەمانیش، سەرتاسەری کوردستانی گرتۆتەوە و «وەک دواتر باسی دەکەین» کوردیش لە پێکەوەنانی شارستانێتی و ژیاری ساسانیدا ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەبووە و لەم سەردەمەشدا مۆسیقا ڕێز و پلەوپایەی باڵای هەبووە و مۆسیقازانان و گۆرانیبێژان خانەی بەشکۆی کۆمەڵایەتییان هەبووە. ئیتر مۆسیقا بەڕادەیەک بنجی مێژوویی بەم ناوچانەدا داکوتا، کە بووە مەڵبەندێکی درەوشاوەی مۆسیقایی و گەلان و نەتەوەکانی دوور و دراوسێش کەڵکیان لێ وەرگرت و چاویان لێکرد.

یان بە واتەیەکی تر، ئەم شارستانێتی و ژیارەی مۆسیقای کۆنی ئێرانی، بووە سەرمایە و فەرهەنگێکی هاوبەشی گەلانی ناوچەکە و بۆتە بەشێک لە مێژووی فەرهەنگیان و هەموویان بەشی خۆیانیان لێ هەڵگۆزتووە. کە لە ڕاستیدا ئەم دیاردەی هاوبەشبوونە، لە کەلەپووری نێوان گەلانی ناوچەیەکدا، نەک هەر لایەنی **مۆسیقا** دەگرێتەوە، بەڵکو دەشێ لە زۆر دیاردەی وەک: داستان و پەند و ئەفسانەشدا بەشداربن. وەک چۆن ئەگەر لەناو کەلەپووری کوردەواریدا مەلای مەشهورە هەبێ؛ لە بەرامبەریدا «جەحا و مەلا نەسرەدین»ی عەرەبی و تورک هەیە. هەر بەو جۆرەش داستانی لەیلێ و مەجنوون و شیرین و فەرهاد، کە لەنێوان ئەم گەلانەدا هاوبەشە.

سەرباری ئەمانەش، نەتەوەی کوردی ئاریایی نەژاد، کە کۆنترین ئەو گەلانەیە، لە ناوچەی ئێرانی کۆندا ژیاوە، نەک هەر لەم سەرمایە مۆسیقاییەی ئێرانی کۆندا، بەشدار و هاوبەشە، بەڵکو وەک خۆرهەڵاتناسان و کوردناسان و پسپۆرانی کوردیش، گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی؛ زمانی کوردیش، «کە لە چاو مۆسیقادا کۆڵەگەیەکی گرنگتر و پتەوتری پێکهاتنی قەوارەی نەتەوایەتییە»، لە بارەی ڕەچەڵەک و پێناسەی زانستییانەوە، دەچێتەوە ناو خانەی زمانە کۆنەکانی ئێران(١١٧، ٢٢٢ ٢٢١ هەروەها ١١٦، ٥٥٢-٥٦٣).

لەبەرئەوە ئەگەر مۆسیقاکەیشی، بەتەریبی زمانەکەیدا بچێتەوە خانەی مۆسیقای ئێرانی کۆن، ئەوا دەچێتەوە خانەی سروشتیی خۆی.

بەتایبەتیش لە کاتێکا کە بڕیارمان دابێ بۆ ئەنجامدانی ئەم بەرنامەیە، مۆسیقای چەندان هەزار ساڵ لەمەوبەری جوگرافیای ئێرانی کۆن، بکەینە بنەما و پێچاڵی هەنگاو هەڵگرتنمان؛ ئەوا دەبێ لە هەمان کاتدا ئەوەمان لە یادبێت، کە ئەو مۆسیقایەی ئێمە مەبەستمانە، کوردی تێدا هاوبەش بکەین ، «هی ڕۆژگارێکە، کە سنووری جوگرافیای ئێران، زۆر لە ڕووبەری جوگرافیای ئێستای بەرینتر بووە. چونکە لەنێوان ڕۆژگاری دەسەڵاتداریێتی «**هەخامەنشی** و **ساسانی»**دا و ڕوونتر: لە سەردەمی شایەکانی ئەشکانیدا، دوو پایتەختی زنجیرەی شایەکانی ئێران، لە دەرەوەی سنووری ئێستای ئێراندا بوون، کە یەکەمیان شاری **مەدائین**؛ یان «**تیسفون**»ی ٣٢ کیلۆمەتری باکووری شاری **بەغدای** ئێستایە و دووەمیشیان شاری **سلوکیە**ی سەر ڕۆخی چەپی ڕووباری **«دیجلە»**یە، کە یەکەمیان تا دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتداریێتی شایەکانی ساسانی، هەر پایتەختی ساسانی بووە و وەک وتیشمان ڕۆژگاری دەسەڵاتداریێتی «ساسانی»ش، ڕۆژگاری ڕێزلێنانی **مۆسیقا** و **مۆسیقازانان** بووە. بۆیە تا ئەمڕۆش ئەو پشکنینانەی لە لایەن شوێنەوارناسانی دێرینەوە، دەربارەی فەرهەنگ و هونەر، لەناو ئێرانی ئێستا و لەناو خاکی دراوسێکانیدا ئەنجامی دەدەن، ئەوە دەسەلمێنن کە پێوەندی و نزیکایەتی **فەرهەنگی** و **هونەریی**، تێکڕای ئەم ناوچانە، وەک یەک بوون و ئەو ئامێری مۆسیقایی و مەقام «دەسگا» مۆسیقاییانەی لەو ڕۆژگارە دوورانەوە، لە جوگرافیای ئێرانی کۆندا باوبوون، تا ئێستاش گەلانی ناوچەکە و دوورتریش، نەک هەر بەکاریان دێنن، بەڵکو هەر بەهەمان ناوی خۆیانەوە، ماونەتەوە، وەک ئامێری مۆسیقایی: چەنگ، نای، دەهۆڵ، سوورنای، ڕوباب، بەربەت، کوس، شاهێن، تەنبور، کەڕەنای، زەنگ «زەنج-ی عەرەبی». لە مەقام «دەسگا»کانیشدا، ناوی: ڕاست، نەوا، زەنگولە، ڕەهاوی، دوگا، سێگا، چوارگا، پێنچگا، شەشگا، حەوتگا، شوور، هۆمایون، نەهاوەند، نیشابور، مایە، شەهناز، ماخوری «ماهور»، لەوپەڕی خۆرئاوای وڵاتانی عەرەبی وەک تونس و جەزائیرەوە، تا ئەو سەری خۆرهەڵاتی وڵاتی چین، ناوەکانیان هەروەک خۆیان ماون.

لەپاڵ ئەمانەشدا، ئەوەندەی پێوەندی بە مێژووی سەروەریی کوردەوە هەبێ، ئەوەیە کە پەیڕەوانی ئایینی «ئەهلی هەق»ی کوردی، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینەکەیانەوە «سەدەی چوارەمی کۆچی»، بەچاولێکەریی، لە سروودگەلی گاثای زەرتوشت-ی، ئەمانیش هەر بە مۆسیقا، سروودی یارسانیان لە جەمخانەکانیاندا خوێندووە و تا ئێستاش ئەم

نەریتە، هەر پەیڕەو دەکەن. کە زێد و نیشتمانی ئەم دوو ئایینەش هەر کوردستانی ئێران بووە.

لەبەرئەوە منیش بەگیانی پێ هەڵگرتنێکی مێژوویی، بەراستترین ڕێگەدا، بۆ هەڵگرتنی بەشی ڕەوای کورد، لەو خەرمانی مێژووی مۆسیقایە و بۆ ئەوەش بگەمەوە بەچاوگە ڕوون و ڕەسەنەکانی مۆسیقای پێشینەمان، بەچاکم زانی بگەڕێمەوە بۆ مێژووی سروودی گاثای زەرتوشت و سروودی یارسانی ئەهلی هەق؛ کە ئەگەر لەم ڕێگەیە زیاتر، بیرم لەهەر بەرنامە و ڕێباز و سەرچاوەیەکی تر، بکردایەتەوە، تووشی کۆڵانی داخراو و ڕەنجی بێهوودە دەبووم.

ئاوڕێکی خێرا
لە مێژووی مۆسیقای جیهان

گۆرانی و **مۆسیقا** ، سەرەڕای ئەوەی وەک دووانەی یەکترین، کەچی تەمەنی گۆرانی، لای مرۆڤ، هەموو مرۆڤ، ئەوەی بەتەنیا هەر بەقوڕگ دەوترێ Vocal Music ، لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە، زووتر سەری هەڵداو زووتر چەکەرەی کرد. لەم بارەیەوە کۆرت زاکس دەڵێت: «گۆرانی لە چاو ئامێرەکانی مۆسیقادا، کۆنتر و لە پێشترە، چونکە ئەو گەلانەی زۆریش دواکەوتوون و بەبێ ئەوەش شتێک دەربارەی مۆسیقا بزانن، کەچی خاوەنی گۆرانی خۆیانن. لەبەرئەوەی مرۆڤ هەر بەمنداڵیی و لە سەرەتای زمان پژانییەوە، کاتێ دەکەوێتە گڕوگاڵ، ئیتر وردە وردە ئاوازی پچڕپچڕ، بۆ خۆی دەڵێت، یان لاسایی ئەو دەنگانە دەکاتەوە، کە گوێی لێیان دەبێت، بەبێئەوەی بتوانێ ئاوازی مۆسیقا دابنێت، یان بتوانێ مۆسیقا لێ بدات یان شیعر بنووسێت. ئیتر هەر ئەم زمان پژانە بەگۆرانی، مرۆڤی ڕێنوێنی کردووە بۆ بیرکردنەوە لە دانانی شیعر و ئامرازەکانی مۆسیقا، تا لە کاتی وتندا کەڵک لەو ئامرازانەش وەربگرێ.

سەبارەت بەدۆزینەوە و دروستکردنی ئامێری مۆسیقا، لە ژیانی ئادەمیزاددا، مشتومڕی هەمەجۆر هەیە، کە تەنانەت هەندێکیان جێی متمانە نین و تەمێکی ئەفساناوییان بەسەرەوەیە. لەو ئەفسانانە: ئەفسانەیەکی چینی هەیە، دەڵێت: «باڵندەیەکی نەناسراو، ڕێنوێنی مرۆڤی کردووە بۆ دۆزینەوەی ئامێری مۆسیقا». یان دەڵێن: (لامک، کە بەچەند پشتێکی دەچێتەوە سەر ئادەم، یەکەمین کەسێکە، ئامێری عوودی دروستکردووە و یۆپاڵ و تۆپاڵیش، کە هەردووکیان کوڕی ئەون، پەییان بە دۆزینەوەی مۆسیقا بردووە و ئامێرەکانی **«عوود** و **تەپڵ** و **دەف»** یان دروستکردووە). موسای پێغەمبەریش دەفەرمووێت: «تۆپاڵ» لەپێش تۆفانەکەی **«نووح»**دا ژیاوە و ئەو، باوکی هەموو نەیژەن و عوودزانێکە(٣٩، ٤٤). «نووح»یش خۆی، یەکەمین کەسێکە، کە مۆسیقای دۆزیوەتەوە. ئەو عوودی دروستکردووە و ئاوازی لێ دەرهێناوە. بەڵام ئەو عوودە لە تۆفانەکەدا لەناوچووە و لە ڕۆژگاری **داوود** پێغەمبەردا دۆزراوەتەوە و چاک کراوەتەوە و بەکارهێنراوەتەوە» (٣٩، ١٣). کەچی هەر کۆرت زاکس دەڵێت: «ئەو قسانە وانین کە گوایە مۆسیقا بەهرەی خوایی و... ڕێنوێنی کردنی باڵندە و لە ڕێگەی بانگ و هاوار و

کاری هەرەوەزەوە مرۆڤ فێری مۆسیقا بووبێ، بەڵکو قووڵبوونەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی گۆرانی و مۆسیقا، لە ژیانی سەرەتای مرۆڤ و ڕۆژانی بەردیندا، کارێکی ستەمە، چونکە ئەگەر ئامێری مۆسیقاشیان هەبووبێ، دیارە لە کەرەسەیەکی وا دروست نەکراوە، کە بەرگەی سەدان و هەزاران ساڵی گرتبێ. لەبەرئەوەی ڕزیون و لەناوچوون. بۆیە ئەوەی بیەوێ لە مێژووی کۆنی گۆرانی و مۆسیقا شارەزا بێت، دەبێت پاشماوەی کۆنینەکان و هەڵکۆڵراوە دێرینەکانیان بخوێنێتەوە» (٣٩، ١٣).

شارەزاکانی مێژووی مۆسیقا، لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ دۆزینەوەی بنەچە و شوێنەواری مۆسیقا، بەقووڵی چوونەتە بنج و بناوانی، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاکامێکی یەکجاری و دڵنیاکار. هەندێک دەڵێن وڵاتی **هیندستان** لانکەزای مۆسیقا بووە، هەندێکی تر دەڵێن وڵاتی **بابل** بووە، کە جێگەی جادووگەریی و زانست بووە، هەندێکی تر دەڵێن موسیقا لە میسر لە دایکبووە، هەندێکی تر لەسەر ئەوە سوورن، کە وڵاتی ئێرانە، چونکە لانکەی سیحر و جادووگەریی بووە و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە گەیشتۆتە وڵاتی یۆنان و دوای ئەوانیش گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپا (٣٩، ٢٢). عەرەبەکانیش لە سەردەمی ئیسلامیدا و بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی ئێرانەوە، **گام** «پەیژە»ی مۆسیقایان لە وڵاتی ئێران وەرگرتووە و تورکەکانیش مۆسیقایان هەر لە ئێران وەرگرتووە. **عیبرانییەکانیش** لە دێر زەمانەوە خاوەنی مۆسیقا بوون و گرنگییەکی زۆریان پێداوە و گەلێ ئاوازی بەسۆز و دڵگیریان داناوە، کە لە کۆڕی ئایینیدا وتویانە. «تەورات»یش ناوی هەندێ دانەر و دنگخۆش و ئاواز دانەر و ئامێری مۆسیقای بردووە و لە دەنگخۆشەکانیان ، ناوی **داوود** پێغەمبەر و **سلێمان** هاتووە. فیرعەونیەکانی میسریش لە داب و دەستووری خۆیاندا، هەر **سێ** جۆرە ئامرازەکانی مۆسیقایان بەکار بردووە، لە **«ژێدار** و **تەپڵ** و **فووکار»**. لە **فەرەنسە**یش ئەشکەوتێک هەیە، پێی دەڵێن **لانەی نۆتۆن**، هەندێ ئامێری ساکاری موسیقایان تێدا دۆزیوەتەوە، کە یەکێک لەوانە: فیکفیکەیەکە، لە ئێسکی لولاقی بزن دروستکراوە.

بەڵام ئەوەی کە بە **نووسین**، وەک سەرچاوەیەکی ڕوون، دەربارەی مۆسیقا بەدەستمان گەیشتبێ، نووسینی «یۆنان»ە. لە یۆنانی کۆندا شیعر و مۆسیقا، هاوڕێ و هاوکاری یەکتر بوون. شاعیرەکانی ئەو ڕۆژگارەی یۆنان، شیعرەکانیان بەیارمەتی و هاوکاری **تار** خوێندۆتەوە. هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئەو هونەرە نەبووە، کە ئێستا هەیە، بەڵکو تەنیا بۆ ڕاگرتنی ترپە و هەنگاو «ریتم»ی شیعرەکە بەکاریان هێناوە(١٢٣). «ئەم داب و نەریتەی یۆنان، کوتومت داب و نەریتی ئایینی «زەرتوشت»ە، کە دواتر باسی دەکەین».

ڕەنگە هەر هۆی ئەم تەمەن درێژییەی مۆسیقاش بێت لەناو یۆناندا، کە هەر ئەوان لە سەرەتاوە لە «گریک»یان وەرگرتبێ، وەک واژەیەک کە پێیان وتووە: **موسا** و مەبەستیان لە خواوەندی هونەرەجوانەکان بووبێ لێی و دواتر پاشگری **یکا**یان لێ زیاد کردووە و بووە بە: **موسیک** (Music). دیارە کوردیش ئەم پاشگرە زیادەیان لە چاولێکەریی فۆنەتیکی تورک و عەرەبەوە پێگەیشتووە و کردوویانە بە: **مۆسیقا**.

هونەری مۆسیقا، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی **مەسیح** بەئەوروپادا زیاتر گەشەی کرد و زەمینەیەکی لەباری بۆ هەڵکەوت ، بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری **قوستەنتینی** ئیمپراتۆردا، کە لە ساڵانی ٣١٢ز-دا، ئازادی بەدیانەکان داو ڕێگەی دان، داب و دەستووری ئایینی خۆیان بەجێ بهێنن(١٢٣). لەو سەردەمەدا یەکەمین سروودێک کە دەرکەوت، سۆز، یا «مناجاە»ێک بوو، بەشان و شکۆی یەزداندا بێژرابوو. ئەو سروودە، تەنیا بە دەنگی مرۆڤ دەوترا، ئامێری مۆسیقایان لەگەڵدا بەکار نەهێناوە، چونکە بت پەرستەکان لە ئاهەنگی ئایینیدا بەکاریان هێناوە.

ئەم زەمینە لەبارە، تا ڕۆژگاری پاپاگرێکۆی گەورە، هەر بەردەوام بوو، بەڵام لە سەردەمی ئەمدا ئیتر مۆسیقا کاڵایەکی تری بەباڵا برا. ئەو کاڵایەش دەرکەوتنی جیی دارتزو (٩٩٠-١٠٥٠ز) بوو، کەڕەبەنێکی دیان بوو، گرێ کوێرەیەکی لە مۆسیقادا کردەوە، کە تا ئەمڕۆش جێ پەنجەی ئەو بلیمەتە، لە هونەری موسیقادا دیارە و یەکەمین کەسێکە توانیوێتی پەیژەی مۆسیقا بدۆزێتەوە و لە یەک ئاوازدا، چەند دەنگێکی جیاجیا دەربهێنێ.

جێ دارتزۆ سروودێکی ڕێکخست، کە شیعری سروودەکە هی خۆیەتی و بۆ «جان پاتیست»ی قەدیس دانراوە(١٢٣). لە شیعری ئەم سروودەدا، لە سەرەتای نیوە دێڕی هەر بەیتێکدا، بەم وشانە دەست پێدەکات: **ئوت** – ut، **ڕێ** – Re، **می** – Mi، **فا** – Fa، **سۆل** – Sol، **لا** – La، **سان** – San. ئەم وشانەش لە ڕیشەدا هیچ مانایەک نابەخشن، تەنیا کاریان ئەوەیە یارمەتی بیر و سەلیقەی مردڤ بدەن بۆ لەبەرکردنی ناوی پلەکانی دەنگ، لە پەیژەی مۆسیقادا، کە ڕیتمی هەر دێڕێک لە شیعری ئەم گۆرانییەدا، لە چاودێری پێشوودا، پلەیەکی دەنگی بەرزترە و پلەیەکیش لە نیوە دێڕی دواتر نزمترە. ئەم کارەش بۆتە هۆی دۆزینەوەی پەردەکانی دەنگ و پێکهێنانی پەیژەی مۆسیقای جیهانی.

پاشان هەر ئەم مۆسیقازانانە، بڕگەی یەکەمی لە نیوە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا، لە **ئوت** out ەوە گۆڕیوە بۆ **دۆ**، بۆ ئەوەی لەسەر زمان ئاسانتر بێت. هەروەها بڕگەی حەوتەمیشی لە

سان-ەوە گۆڕیوە بە **سی**. ئیتر ئەم حەوت ناوە، بۆ شەقلێ نەغمەی مۆسیقا دانراون و پێیان دەوترێ: نۆت، کە ئەمانە پیتی زمانی موسیقای جیهانن: **دۆ، ڕێ، می، فا، سۆل، لا، سی** و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان زۆربەی هەرە زۆری مۆسیقاژەن و مۆسیقازانەکانی گەلانی دنیا، لە هونەری مۆسیقادا، بۆ دانانی گۆرانی و ئاواز، ئەم حەوت نەغمەیە بەکاردێنن. بەڵام ڕوونووسی ئەم حەوت نەغمەیە، لە زانستی مۆسیقادا، لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرێت.

دوای ئەم تەقەللایەش، کەسانی تری بلیمەت تەقەللایان داوە بۆ دەربازبوون لە پێوەندی ئەو دەنگە ئاساییانە و دۆزینەوەی چاووگی تر، بۆ ئەو دەنگانەی لەم گەردوونەدا هەن، وەک تەقەللای شیڤەر و هاوڕێکانی، کە هەوڵیان داوە: قاووقیژ و شیڕە و شریخە و ئەو دەنگە ناقۆڵا و ناڕێکانەی لەم گەردوونەدا هەن، تێکەڵ بە دەنگی ناسک و نیانی مۆسیقایی بکەن و بۆ هەندێ کاری هونەری موسیقایی، لە دەربڕین و دیمەنکاریدا بەکار بهێنن، کە پێی دەوترێ: مۆسیقای کۆنکرێتی(٧٧، ١٠).

لە سەدەی شازدەهەمی زایینیش بە دواوە، ئیتر سەردەمێکی زێڕین و بریسکەدار، بەسەر مێژووی مۆسیقا و گۆرانیدا هات و شێواز و ڕێبازی هەمەجۆرەی وەک: (کۆراڵ: Choral، مادریگاڵ: Madrigal، ئۆپێرا: Opera، کانتاتا: Cantata، ئۆراتۆریۆ: Oratorio، لید: Lied، فۆگ: Fugue، ئۆڤروچۆرۆ: Overture، پریلیۆدە: Prelude) و گەلێکی دیکەش لەو جۆرە هونەرانە، پەیدابوون و سەریان هەڵداوە. چونکە لەگەڵ هەر گۆرانکارییەکی کۆمەڵایەتیدا، هونەری تری مۆسیقایی سەریان هەڵداوە و برەو و باویان پەیدا کردووە. بەتایبەتیش لە سەردەستی کۆمەڵێک موسیقازانی جیهانیدا هونەری مۆسیقا، شاکاری تری تێدا دەرکەوت کە تا ئێستا و لەمەودواتریش بەهرە و هونەریان هەر درەوشاوە و شایانی شانازین؛ وەک: باخ، هاندل، هایدن، مۆزارت، ڕۆسینی، بیتهۆڤن، شۆپەرت، شۆپان، پرامز، ڤاگنەر، کورساکۆف، چایکۆڤسکی، شتراوس، خاچادۆریان و چەندان و دەیانی تریش.

لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە ئەم کورتە مێژووەی مۆسیقای جیهانی، لەژێر سێبەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانێتیدا چاوی هەڵهێناوە و گەشەی کردووە. بۆیە لەم ڕووەوە کۆنفۆسیوس ڕاستی کردووە، کە وتوویەتی: «ئەگەر دەتەوێ پلەی پێشکەوتن و شارستانێتی هەر گەلێک بزانیت، گوێ لە مۆسیقا و گۆرانییان بگرە» (٥،٦٥).

کەواتە ئەگەر گۆرانی و مۆسیقا، دیاردییەکی شارستانی بن، ئەوا ئەم قسەیە ئەوەندەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێ، کە هەر شوێنەوار و ڕوویەکی ڕووناکی گۆرانی و مۆسیقاکەیان، لە بەڵگەنامە و لاپەڕەی خۆیان و دراوسێ و کوردناسەکاندا بۆ مابێتەوە «کە دواتر باسیان دەکەین»، ئەوا هی ئەو بڕگە مێژووییانەن کە جارجارە لەژێر سێبەری ئایین و مەزهەبێکی ئایینی وەک **زەرتوشت** و **ئەهلی هەق**، یان یەکێک لە میرنشینەکانی کورددا پەروەردە بوون و پەلوپۆیان بۆ دەوروپشتی خۆیان و شوێنە دوورەکانیش هاویشتووە.

بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو چەوساندنەوەیە و بەزۆر دوورخستنەوەیەی کوردیش لە پێشکەوتن و شارستانێتی، ئەگەر سەرمایەیەکیان لەم بارەیەوە هەبێ، هەر هی ئەو دەرفەتە گەشە مێژووییانەن کە بۆ ماوەیەک ئاسایش و هێمنی و حەسانەوە، باڵیان بەسەر پارچەیەکی نیشتمانەکەیاندا کێشاوە، یان میرنشینێکیان هەڵێکی بۆ خۆی ڕەخساندووە، کە لە ئاقاری خۆیدا، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەشە بکات، یان بەشێوەیەکی تر دەتوانم بڵێم ئەگەر پلەی پێشکەوتنی هونەری مۆسیقای کورد لە ئاست خەون و ئاواتماندا نەبێ، ئۆباڵی ئەم دواکەوتنە تا ڕادەیەک ناکەوێتە ئەستۆی خوێندەوارانی کۆن و تازەی کورد؛ بەڵکو تاوانی ئەو ڕۆژگارە پڕ لە کارەسات و نالەبارەیە، کە مێژووی ئەم گەلەی دروستکردووە.

ڕەنگە بەهۆی ئەو داروبارە نالەبارە دێرینەیەوە بێت، لە کەلەپووری شارستانیی کورددا شتێکی نووسراو نەبێ کە ببێتە هەوێن و سەرچاوە و کەرەسەی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی زانستیانە، کە مەگەر پسپۆرانی تایبەتی لەم مەیدانەدا، لە داهاتوودا بتوانن تەقەللایەکی بۆ بدەن، کە لەمەشدا هەر دەبێ پشت بە ئاواز و گۆرانییە دێرین و ڕەسەنانەکان ببەسترێن، وەک: **مەقامی کورد،** کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پێکهێنان و داهێنانی گەلێ ئاوازی دڵکێش؛ لەپاڵ چەندین مەقامی تری وەک: **«ئای ئای، خاوکەر، گەبر، قەتار، هۆرە، سەفەر، خورشیدی، تایەری، سەحەر، نیوەشەو، لاوژە، سیاوچەمانە، لاووک، حەیران، لاوەلاوە»** و تێکستی ئەو سەدەها بەیتە فۆلکلۆرییانەی کە بەبێ هیچ سێ و دوویەک، هەموویان ئاوازەکانیان کوردی و ڕەسەنن. لەگەڵ ئاوازی سەدان و سەدان گۆرانی و بەستەی زیندووی فۆلکلۆری ڕەسەندا، کە داخەکەم، ئەمانە هێشتا بە نۆت نەنووسراون، بەڵکو دەنگخۆشی کارامە، گەیاندوونی بەنەوەی دوای خۆی و نەوە دوای نەوەش، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر،بەڕێگەی گوێدێری هەڵگیراون و پارێزگاری کراون.

هەرچەندە تۆمار نەکردنی ئەم گۆرانی و مەقامانە، بەنۆت و پاراستنی ئاوازە خۆماڵی و ڕەسەنەکانیان، کارێکی وای کردووە، بەهۆی کارتێکردنی گۆرانی و مۆسیقای گەلانی دراوسێی کوردەوە، هەندێ جار هەست دەکرێ سەرەڕای ئەوەی دەنگی گۆرانیبێژەکەش یەکجار کوردیی و ڕەسەنە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مۆسیقاکەی تەمێکی مۆسیقای بیانی بەسەروە بێت. بەتایبەتی مۆسیقای فارسی و تورکی و ئازەری و عەرەبی. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی کە مۆسیقاکەیان لێداو، کورد نەبوون و سەر بەڕەگەزی یەکێک لەو نەتەوانەی دراوسێی کورد بوون. بەڵام بەپێچەوانەوە، مۆسیقای ئەو گەلانەی داروباری ژیانی کۆک و هێمن و قەوارەیان پارێزراو بووە، گۆرانی و مۆسیقاشیان، لە گۆرانی و مۆسیقای کورد پارێزراوتر بووە و لە دەمێکیشەوە بەهۆی دامودەسگاکانی هونەریی و مۆسیقاییەوە کە زۆرتر دەوڵەتەکانیان بۆیان ڕەخساندوون، توانیویانە مۆرکی تایبەتمەندی خۆیانی تێدا بپارێزن. بەڵام هونەرمەندی کلۆڵی کورد زۆرجار بووە، نەک هەر گۆرانی و مۆسیقاکەی پێ نەپارێزراوە، بەڵکو قەوارە و بوونی خۆیشی پێ نەپارێزراوە.

لەبەرئەوە ئەم بارەی نەبوونی قەوارەیە، نەک هەر لەم بوارەدا کاری خۆی کردووە، بەڵکو لەو ڕووەشەوە زیانی ئەوەی لە کورد داوە، کە نەبوونی پاراستن و پێخستن و دابین کردنی ژیان و گوزەرانی ئەو هونەرمەندانەی ئەم مەقام و گۆرانیانەیان بەجێهێشتووە، نەک تەنیا هەر ناویان نەزانین، بەڵکو دەیان و دەیان هونەرمەندی تر، لە هەموو بوارێکی هونەردا، بەو هۆیەوە کە لای گەلانی دراوسێی کورد گوزەرانیان دەستەبەر کراوە و هۆیەکانی پێشخستنی هونەرەکەیان بۆ ئامادە کراوە و ڕێزیان لێگیراوە و زمانی ڕەسمی و ڕێز لێ گێراو و باوی ئەو سەردەمە، زمانی دراوسێکە بووە. ئیتر هونەرمەندەکەش توانا و بەهرە و داهێنانی خۆی، هەر بە زمانی دراوسێکە نواندووە؛ یان زۆرجار بووە دراوسێ دەسەڵاتدارەکە، گەنجەفەی ئەوەی بەسەردا لێداوە، کە هەر خۆی خاوەنی بەهرە و زانست و ژیارە، بۆیە هونەرمەندەکەی کورد، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو گەنجەفەیە، هاتووە بەهرەی خۆی بەجۆرێک بە زمانی دەسەڵاتدارەکە دەرخستووە، کە پێش ئەویش کەوتووە.

لەبەرئەوەیە لەم مەیدانەدا دەڵێین: ئەو بەدەرەدین ئەربیلی (هەولێری -؟ - ١٢٨٧ز)یەی کە خاوەنی «أرجوزة الأنغام»ە و جەلالەدینی کوڕی عومەری خدری داسنێی کوردی ؟- ١٣٩٧ز) کە خاوەنی کتێبی «الكنز المطلوب في علم الدوائر والضروب»ە و **زریاب** کە تۆمابوای کوردناسیش دیسان دەڵێت: «زریاب کوردە و ژێی پێنجەمی لە ئامێری عوودا داهێناوە» و عەبدولقادری مەراغەیییەی (-؟- ١٤١٩ز) کە خاوەنی

کتێبی جامع الألحان –ە و بەڕەگەز کورد بوون، چ بەڵگەیەک هەیە لەسەر بەرهەمەکانیان، کە خزمەتی هونەری کوردیان پێ کردبێ!؟! ئەمە باسێکە، نەک هەر لە بواری هونەردا، بەڵکو لە بواری ئەدەب و زمان زانستی ئایین و مێژووشدا، زۆر بەهرەمەند و ئەدیب و زمانزان و زانای ئاییني و مێژوونووس، بەڕەگەز کورد بوون، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە و زۆر هۆی تریش، ناویان لاپەڕەی مێژووی گەلانی تریان ڕووناک کردۆتەوە! کە بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەم قسەیەمان زۆرە و لە هەمان کاتیشدا لە باسەکەمان دوور دەخاتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە **ئەی. ئەی، ئوربیلی** کوردناس دەڵێت: «کورد، زۆر لە ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست داوە و لێی بزربوون، لە شاعیر و مۆسیقازان و پێشەوای مەزن، کە ناویان مێژووی گەلانی دیکەی ڕازاندۆتەوە» (١١١، ١٢).

ئاوڕێکی نزیک بۆ مێژووی
گۆرانی و مۆسیقای ((ئەهلی هەق))

تەمەنی **گۆرانی کوردی**،وەک تەمەنی گۆرانی هەر گەلێکی تری سەر ڕووی ئەم دنیایە، لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی کورد – دایە. بۆیە دەسنیشان کردنی ساڵێکی دیاریکراو، یان سەردەمێکی دیاریکراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لە دایکبوونی گۆرانی کوردی، کارێکی یەکجار ئەستەم و سەختە. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێی سەربەرزی و دڵخۆشییە، کە ڕەگ و ڕیشەی گۆرانی کوردی، ئەوەندەی مرۆڤی کورد، بەمێژوویی کەلەپووری کورددا ڕۆچووە، لەبەرئەوە دەبێ تەمەنی گۆرانی کوردی، زۆر لەپێش واژەی گۆرانییشەوە بێت، چونکە وەک دکتۆر محەمەد موکری دەڵێ: وشەی **گۆرانی** دراوەتە پاڵ **گۆران**، کە خێڵێکی گەورەی نێوان **سنە** و **کرماشانە** و ئەم خێڵە، پەیڕەوی ئایینی ئەهلی هەق دەکەن و خاوەنی بیروباوەڕ و ئاداب و ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیانن، کە هەموو شیعری کتێبگەلی مەزهەبەکەیان دە برگەیین(٥٧-٨). ئەم ڕایە، زانای کورد «توفیق وەهبی»ش دەیسەلمێنێ و دەڵێ: «گۆرانی، لە عشیرەتی، گۆرانەوە هاتووە، ئەم هونەرە دەدرێتە پاڵ ئەوان، چونکە عەشیرەتێکی کشتکاری نیشتەجێ بوون و پتردەرفەت و توانایان بۆ دانان و داهێنانی شیعر و ئاواز بووە»(١٠١، ٤٧). هەروەها «مێجەرسۆن»یش ڕای وەک ئەمانە، کە دەڵێ: «گۆران خاوەنی شیعر و گۆرانین و کوردەکان گۆرانی، لە «**گۆران**»ەوە فێربوون»[(١١١، ٢٠)].

بەڵام لەو سێ ڕایەی سەرەوەدا، هۆی سەرەکی و زانستانەتر، باس لێ نەکراوە کە بۆچی واژەی **گۆرانی**، لە خێڵی «**گۆران**»ەوە داکەوت و بوو بەواژەیەک و توانی خۆی بسەپێنێ و تەشەنە بکات و بژی!؟

لەبەرئەوە حەزدەکەم هۆی نزیکایەتی وشەی **گۆران** و **گۆرانی**، ڕوونتر بکەمەوە و بڵێم: کە دەڵێین **گۆرانی**، مەبەستمان لەسەرتاپای کۆڵەگەکانی گۆرانییە. کە گرنگترینیان مۆسیقایە، ئەو مۆسیقایەی لەگەڵ لە دایکبوونی ئاوازەکەدا، ئاوێتەی دەبێ و دەبێتە سۆز و هەوێن بۆی. لەبەر ئەوەش کە عەشیرەتی **گۆران** نزیکەی هەزار ساڵێکیش دەبێ، لە پێڕەوانی «ئەهلی هەق»ن «کە ئایینێکی بێگەردی کوردییە(٨١، ٥٢-٥٦)» و لە کوردستاندا دەژین و کتێبی بەناوبانگیان «سەرئەنجام»ە و بەزاراوەی **گۆران** نووسراوە، لە کاتی سروود خوێندنەکانیاندا کە «سروودی یارسان»یان پێ دەڵێن و بەئاوازەوە دەوترێنەوە

و لەگەڵیدا ئامێری تەنبور «تەمموورە» بەکاردێنن(٣٧، ٩٣). بۆیە ئەم هاوکاری و تێکەڵ بوونەی نێوان ئاواز و شیعرەکە، کە ئامرازی تەمموورە هاوڕێی کارەکە دەکات و بەهاوبەشی هەردووکیان، یاسا و بنچینەکانی گۆرانی تەواو ئەنجام دەدەن؛ وای سەپاندووە، کە کارەکەی خێڵی **گۆران**، شەقڵێکی وا لای خەڵکی تری نزیک و دراوسێی خێڵی **گۆران** دروست بکات، تا ئەگەر ئەوانیش شتێکی وەک ئەمەی خێڵی **گۆران** بکەن، واتە: شیعر و مۆسیقا تێکەڵ بکەن، ئەوا هەر لەسەر پێودانی کارەکەی خێڵی **گۆران** بڵێن: ئێمەش وەک ئەوان، واتە خێڵی «گۆران»مان کردووە، کە ئاکامی لاسایی و چاولێکەرییەکە، دەبێت بە: **گۆرانی**.

ئەمەش باشترین بەڵگەیە، لەسەر ئەوەی کە واژەی **گۆرانی**، لەم کردەوە دێرینەی خێڵی «گۆران»ەوە وەرگیرابێ، چونکە تا ئێستاش هەر لە ناوچە نزیکەکانی ئەم خێڵەوە، ئەم واژەیە بەکار دەهێنرێ، ئەگینا هێشتا لە سەرتاسەری کوردستانی باکووردا، لە بری واژەی گۆرانی، دەڵێن **ستران**، یان **لاوژە**. تەنانەت پەیڕەوانی **ئەهلی هەق**، خۆیشیان، بەم کارەی خۆیان ناڵێن: **گۆرانی**، بەڵکو وەک وتمان، پێی دەڵێن: **سروود**.

مێژووی سەرهەڵدانی **سروودگەلی یارسان**، کە تایبەتە بەئایینی «ئەهلی هەق»ەوە، لە کۆتایی ساڵانی سەدەی چوارەمی هیجری (١١٠٠ز). لە کاتی دەسەڵاتدارێتی سەلجووقیەکاندا دەست پێدەکات. لەو ساڵانەدا **موبارەک شای** ناسراو بە **شا خۆشین**، لە **لوڕستاندا هەڵکەوت** و ئایینی «حەقیقەت»ی لە بەشێک لە لوڕستان دا برەو پێدا.

پەیڕەوانی موبارەک شا، ڕووخساری ئەم ڕابەرە: «موبارەک شا» بەڕووخساری خوا، واتە بە مظهراللەی دەزانن و دەڵێن لە دایکێکی پاکیزە «عذراء – باکرة» هاتۆتە دنیاوە، کە ناوی **مامەد جەلالە** بووە. موبارەک شا پیاوێکی ساڵح و ناسک بووە و لە ماوەیەکی کورتدا پەیڕەوکارانێکی زۆری لە دەور کۆبوونەتەوە[(١)]، شا خۆشین لە لوڕستانەوە چۆتە

(١) لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی «چاپی ئینگلیزی»دا هاتووە: بابا تاهیری هەمەدانیش شیعری بەدیالیکتی گۆران، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی هەق، لەناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە. کە بەدڵنیایەوە پێم وایە ئەم هەواڵە جێی متمانە بێت؛ چونکە ناوی بابا تاهیریش وەک ناوی زۆربەی ڕابەرانی ئەهلی حەق بەپێشگری «بابا» دەست پێدەکات. کە وەک دەزانین ڕابەرانی تری وەک: بابا یادگار و بابا ناوس و بابا سەرهەنگیش هەر لە ڕابەرانی «ئەهلی حەق»ن و نمونەی تری ئەمجۆرە کارانەی بابا تاهیر کردوویەتی، کارە بەناوبانگەکەی «مەولەوی تاوەگۆزی»یە لە عەقیدەی مرضیەدا، کە بەزمانێکی سادەی تێکەڵ لە تێکڕایی دیالیکت و بن دیالیکتەکانی هەورامان و سنە و شارەزوور و جوانڕۆ... دایڕشتووە و پەیامەکەی بریتییە لە گەیاندنی باوەڕی ئیسلامی بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە. لە کاتێکا ئەو دیالیکتەی مەولەوی شیعری پێ نووسیوە و پێی ناسراوە، ئەو دیالێکتە سادە و تێکەڵە نەبووە، کە ئەم باوەڕنامە ئیسلامییەی پێ نووسیوە.

گۆڕی «باوەیادگار» لە گوندی «بان زەردە»ی نزیک
قەڵای یەزدگرد ـ پارێزگای کرماشان

هەمەدان و دیدەنی **بابا تایەری** شاعیری ناسراوی کردووە و دواتر ڕێی کرماشانی گرتۆتە بەر، بەڵام مردن مەودای نەداوە و لە دەوروبەری «هەرسین»ی لای خۆرئاوای **کرماشان**، لە ڕووباری **گاماسی ئاب** «گاماسیاو»دا خنکاوە(٣٧، ٩٣).

وەک لە دووتوێی سروودەکانی یارساندا باسکراوە، مویارەک شا، کە هەر خۆی درەوشانەوەی پرشنگی ڕوخساری پەروەردگار بووە، لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی پێڕەوانی ئەهلی هەقدا، کە لە بارەگا مەزنەکەی خۆیدا کۆبوونەتەوە، یاران و مریدانی خۆی بەش بەش و دەستە دەستە کردووە و هەردەستەیەکیش لەمانە، (٩٠٠) کەس بوون و دواتر بە (٩٠٠، ٩٠٠) ناسران، داوای لەمانە کردووە کۆڕێکی زیکری مۆیسقایی ئەنجام بدەن، کە دەبێ هەریەکە لە ئەندامانی ئەم دەستانە، بەجۆرە ئامێرێکی جیاواز، بەشداری ئەم کۆڕی مۆسیقا و زیکرە بکات.

لەو زنجیرە باسانەدا، کە لەم بارەیەوە ماونەتەوە. ناوی ئامێرگەلێکی زۆر هێنراوە. کە بەداخەوە لەو ئامێرانە، تەنیا هەر «تەمموورە» ماوەتەوە. هۆیەکەیشی ئەوەیە، چونکە ڕابەری ئەم (٩٠٠) دەستەیە، لەو مریدە پایە باڵایانە بووە، کە «تەمموورە»ی ژەندووە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا، پەیڕەوانی ئەهلی هەق، ئامێری «تەمموورە»یان وەک ئامێرێکی تایبەتی «موبارەک شا - شا خۆشین» ناوبردووە و خودی موبارەک شاش لەنێوان دەیان ئامێری تری بەشداربووی ئەو کۆڕەدا، تەنیا هەر «تەمموورە»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و هەر تەمموورەشی ژەندووە.

بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی لە دووتوێی کتێبەکانی ئەهلی هەق و گێڕانەوەی دەماودەم «سنگا و سنگ»یشدا هاتووە، موبارەک شا فرمانی بەسەرلەبەری مۆسیقاژەنانی ئامادەبووی ئەو کۆڕە مەزنە کردووە - کە هەزاران کەس بوون - تا لە بۆنە و جەژنێکی مەزهەبیدا «گوایە جەژنی قوربان بووبێت»، لە جێگەیەکی کەناری ڕوباری «گاماسیاو»دا، کۆببنەوە و بۆ بەشدارییی لە کۆڕی زیکری مۆسیقاییدا، ئامیرەکانی خۆیان، هاودەنگ کۆک بکەن... لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، کە یەکێکە لە گەورەترین کۆڕەکان، زیکرێکی مۆسیقایی وا ساز دراوە، کە ڕەنگە ڕۆژێکی تری وا لە مێژوودا نەبووبێت.

هەندێ لە مۆسیقاژەنانی ئەو کۆڕە هێژایە، کە لەلایەن موسیقاژەنە مەزنەکانی ئەو کۆڕەوە سازدراوە، تا ئێستاش بەشێوەی سنگا و سنگ ماونەتەوە و لەلایەن پیران و مامۆستایانی ئەهلی هەقەوە، بۆ مریدان و قوتابیان دەژەندرێتەوە.

ئیتر لەسەردەمی موبارەک شا بەدواوە، پەیڕەوانی ئەهلی هەق، لە کۆڕی زیکری مۆسیقایی خۆیاندا، هەمەمەجۆر ئامێری موسیقایی وەک: تەمموورە، بەربەت، قانوون،

روباب، نەی، دەف و دەهۆڵیان بەکارهێناوە. (٤٨، ٣٤٠، ٢٤١)

ئاکار و هەڵسوکەوتی پێڕەوانی **ئەهلی هەق** بە گوێرەی بەرنامەیەکە، کە لە سروودگەلی ئایینەکەیاندا «سروودی یارسان»دا دیاریکراوە، ئەهلی هەق، بەم بەرنامە نووسراوە دەڵێن **دەفتەر**، یان **کەلام**، کە بەناوبانگترینیان سەرئەنجامە، یان **کەلامی سەرئەنجام**، یان **کەلامی خەزانە**؛ «سەرئەنجام»یش **شەش** بەشە. کە ناویان بەمجۆرەیە: دەورەی حەوتەوانە، بارگە بارگە، گلێم و کوڵ، دەورەی چل تەن، دەورەی عابدین، وردە سەرئەنجام.

جگە لەم چەند **دەفتەرە**، دەفتەری تریشیان هەیە، کە لە سەدەکانی چوارەم، تا حەوتەمی هیجری، نووسراونەتەوە، وەک: دەورەی بەهلول، دەورەی بابا سەرهەنگ، دەورەی شا خۆشین، دەورەی بابا ناوس.

هەروەها دەفتەری تریشیان بەم ناوانەوە هەیە: دەفتەری پردیوەر، دەفتەری ساوا، دەورەی دامیار، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی دێوانە گەورە، دەورەی حەیدەری، کەلامی ئەڵماس خان، کەلامی تەیمور، کەلامی ئێل بەگی جاف، کەلامی نەورۆز.

شیعرگەلی ئەم دەفتەرانە، کە بەهەموویان **سەرئەنجام**، یان **سروودی** یارسانیان پێ دەڵێن، سەرلەبەریان بەکێشی دە برگەیین. کە تێکڕای شیعر و داستان و مەنزومەی شێوەی **گۆران** بەگشتی و شیعری شاعیرانی ناسراوی ئەم شێوە زمانەش، هەموویان، لە درێژەی ئەم هەزار ساڵەی ڕابووردوودا، هەر بەم کێشە بووە.

ماشەڵڵا سووری، کە خۆی «ئەهلی هەق»ە و نامیلکەیەکی دەربارەی **سەرئەنجام** «سروودی یارسان» و ئەم دەفتەرانە نووسیوە، سەبارەت بەسەرئەنجام دەڵێ: «یارسان» زنجیرەیەک سروودی ئایینیە، کە بە **کەلام** ناسراوە، «کەلام»یش، شیعرگەلێکن، کێشی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەم سروودانە لە **جەمخانە**دا بە**تەموور** و لەسەر ئاوازی تایبەتی دەوترێن». (٣٢، ١٦-١٧)

واژەی «یارسانی»ش لە دوو وشە پێکهاتووە. کە وشەی «یار» و «سان»ە و یار بەجیا، بەمانای: دۆست، ئاشنا، دڵدار، دڵبەر، هاوڕێ هاتووە، «سان»یش لە فەرهەنگی **گۆران** و **پارسی** کۆندا، بە مانای **شا** و **سوڵتان** دێت، کە بەگوێرەی نامەی **سەرئەنجام**، مەبەست لە «شا و سوڵتان»یش **ڕووی ڕاستیی** و ئاوێنەی خوایە. کە بەهەردوو وشەی لێکدراوی **یارسان**، مانای: دۆستانی ڕاستی و دڵدارانی هەق و یارانی خواناس و ڕاستی پەرست دەگرێتەوە.

دەفتەرەکانی ئەهلی هەق کە ئاماژەن بۆ ناوی پیر و ڕابەرانیان؛ لە ناویاندا سوڵتان

گۆڕی سوڵتان ئیسحاق «سوهاک» لە گوندی «شێخان»ی نزیک نەوسوود

ئیسحاق، ناوێکە، لە زۆریان دیارترە. بنەچەی ئەم پیرە، بیروڕای جیاجیای لەسەرە. هەندێک پێیان وایە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجەی لای شارەزوورە و ساڵی ٦١٢ی کۆچی ١٢١٥ز، واتە: لە سەردەمی دەسەڵاتداریتی ئێلخانەکاندا هاتۆتە دنیا و هەندێکی تریش دەڵێن لە سەدەی هەشتەمی هیجریدا ژیاوە. بەڵام بەگوێرەی ڕۆژژمێری ساڵی ٧٤٤ی ئەهلی حەق، کە لە لایەن نەوە و ڕابەرانی «ئەهلی حەق»ەوە، لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی – ١٩٩٣ز-دا چاپکراوە، ساڵی لە دایکبوونی سوڵتان ئیسحاق «سحاک» ڕێکەوتی ٦٢٨ی کۆچی ١٢٢٩ز- دەکات(٤٨، ٤). ئەم ڕابەرەش: «سوڵتان سحاک» ناوچەکانی هەورامان و جوانڕۆ و گۆران و کێوەکانی **دالاهۆ**ی کردۆتە شوێنی کار و بڵاوکردنەوەی ئایینی هەق.

لە سەردەمی سوڵتان ئیسحاقدا، ئایینی ئەهلی هەق ئاسۆیەکی بەرینتر و باڵاتری بەخۆیەوە گرت و هەر ئەمیش بنچینەکان و بەرنامە و یاسای ئەهلی هەقی بەشێوەی شیعری دە برگەیی، دەربڕی، کە ناوی نا: «سەرئەنجام» و یەکێکیش لە بنچینەکانی سەرئەنجام، پەسەندکردن و هەڵبژاردنی «تەموورە» بوو، لە نێوان سەرجەمی ئامێرگەلی مۆسیقاییدا و وەک تاقانە ئامێرێکی مۆسیقای ئایینی پەیڕەوانی ئەهلی هەق دادەنرێ و هەمیشەش دوای ئامادەبوونێکی ڕوح و پاکژکردنەوەی ڕۆح دەستی بۆ دەبرێ.

هەر سوڵتان ئیسحاقیش فرمانی نووسینەوەی هەر (٧٢) ئاوازەکەی **ئەهلی هەقی** دەرکرد، تا لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی و جێگەی ڕازونیاز و نەزر و شوێنی سازدانی کۆڕی زیکری مۆسیقاییدا بژەنرێن و ببیسترێن(*)(٤٩، ٢٤١) ناوچەکانی **ئەهلی هەق** بریتین لە پارێزگەی کرماشان و بەتایبەتیش شارەکانی: **قەسری شیرین، سەرپێڵ، کرند، کەنگاوەر، زەهاو** دەوروبەری **بێوەنیج، ماهیدەشت، هەلیلان** و ناوچەکانی **دلفان** و **پشتکۆ** و خێڵاتی **سەگوەندی** لوڕستان و **هەوشاری** ئازەربایجان و **گەرووس** و **شیشەوان** و **ئێڵخچی** و **ئاقاری ماکۆ** و **میان دواو** و **هەمەدان** و **تاران** و دامێنی کێوی ئەلبووز و پاتاق و شەهریار و لوڕستان و هەندێکیش لە کوردستانی تورکیا و عێراقدا هەن.

بەڵام سەرەڕایی پەرتوبڵاویی ئەو ناوچە جیاجیایانەش، تێکڕای پێڕەوانی ئەهلی هەق وەک وترا. هەر بەشێوەی گۆرانی، سەرئەنجام «سروودی یارسان» دەخوێننەوە، لە کاتێکدا وەک وتمان: خێڵی گۆران یەکێکە لەو چەندان هۆزەی لەنێوان کرماشان و سنەدا دەژین و ئەو تێگەیشتنەش کە گوایە سەرئەنجام «سروودی یارسان» بەتایبەتی و سەرومڕی شیعری شێوەی گۆران بەگشتی، هەر بەشێوەی «گۆرانی»یە و لای کوردناسان و نووسەرانی کوردیش، هەروا سەقامگیر بووە. بەپێویستی دەزانم سەرنجێکی ورد لەم بوارەدا دەرببڕم و بڵێم: ئەو شێوەیەی «سەرئەنجام»ی پێ نووسراوە، شێوەیەکی پاک و بێگەرد و سەربەخۆی گۆران نییە، بەڵکو شێوەگەلێکی تێکەڵی شێوەکانی **لەک و لوڕ و کەلهوڕ و کرماشانی و مەریوانی و کرمانجی سنەیی**یە، کە شێوەی **گۆران** تیایاندا زاڵتر و زەقترە. چونکە ئەگەرچی ناوی **گۆرانی** لەم خێڵەوە داکەوتووە، کە سەرومڕ هەموویان لە پێڕەوانی «ئەهلی هەق»ن، بەڵام خێڵی «سنجاب»یش ئەهلی هەقن. هەروەها بەشێکیش لە خێڵەکانی **کەلهوڕ** و **زەنگنەی کەندۆڵە** و **عوسمانوەند** و **جەلالوەند**یش، سەر بەئایینی «ئەهلی هەق»ن و لەمەش مەبەست ئەوەیە کە شێوەزاری ئەم خێڵانەش کەوتوونەتە ناو «سەرئەنجام»ەوە.

فەلسەفە و دیدی **سەرئەنجام** «سروودی یارسان»، لەلای تێکڕای ئەهلی هەق لە پلەی وەحی دایە و ئەو ڕێنوێنی و ئامۆژگارییانەی لە دووتوێی ئەم ئایینەدا هەن، بەباڵاترین بەڵگەی ڕێبازەکەیانی دەزانن و ئەو فرمانانەش کە تیایدا هاتووە، بۆ هەموو کاروبارێکی ژیانی هەر ئەندامێکی سەر بە **ئەهلی هەق** دەست دەدا و لەسەر هەموشیان پێویستە لەهەر پلە و لەهەر قۆناغێکی ژیاندا بن، لە ڕۆژی لە دایکبوونیانەوە، تا منداڵیتی و لاوێتی و پیریی و مردن؛ کە بۆ هەریەکێ لەو قۆناغانە، جۆرێک یاسا و فرمانی بۆ دیاری

(*) سەرنج: سەیید خەلیل عالی خۆی لە بنەماڵەی سەییدەکانی ئەهلی هەقە و ئێستا دانیشتووی تارانە.

وێنەی جەنابی سەیید قاسمی ئەفزەلی «یەکێک لە ڕابەرانی ئەهلی حەق»
کە بەتایبەتی پێشکەش ئەم کتێبەی کردووە

کردوون، بەڕێکوپێکی ئەنجامی بدەن و لای کەسانی بێگانەش بە **ئەهلی هەق**، هیچ شتێک لەو بارەیەوە نەدرکێنن(٣٧، ٩). بۆیە فەلسەفە و دیدی ئەم ئایینە، بۆ ژیان و ئایندە و مردن، لەوە چڕتر و دژوارترە، هەروا بەڕاگوزاری و لە چەند لاپەڕەیەکی خێرای وەک ئێرەدا، بتوانرێ ڕابگەیەنرێ، بەڵام لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە، چەندان کوردناسی گەورە و دیار، بە دەیان زمانی زیندووی جیهان، لێکۆڵینەوەی جیاجیایان دەربارەی ئەم ئایینە نووسیوە. کە دکتۆر مارف خەزندار، لە کتێبی لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە ئاماژەی بۆ هەندێ لەو کەسانە کردووە، هەرچەندە هەندێ لەو کوردناسانە، هەڵەی زۆریان دەربارەی واژەی گۆران و ئایینی ئەهلی هەق بڵاوکردۆتەوە و چەند نووسەرێکی کوردیش بەهەمان شێوە، هەڵەکانی ئەوانیان دووپات کردۆتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کاری ئێمە، لەم کورتە بەسەرکردنەوەیەدا، نیشاندانی دیدی ئەم ئایینەیە بۆ مۆسیقا؛ بۆیە بۆ ئەم شوێنە، دەرفەتی پەل و پۆ هاوێشتنی ئەو بابەتەمان نییە و بەتەنیا لەنگەر لەسەر دیدی مۆسیقایی ئەم ئایینە دەگرین.

مۆسیقا لای **ئەهلی هەق**، وەک شتێکی موبارەک و موقەدەس و پیرۆز، سەیر دەکرێ.

پێڕەوانی ئەهلی هەق لە کاتی کۆبوونەوەکانیاندا لە جەمخانە، کە مەڵبەند و بارەگای ئایینیانە، شیعر و سروودگەلی یارسان «سەرئەنجام» بەئاوازی **تەمووره**وە دەخوێننەوە و **تەمووریش** لایان ئامێرێکی موبارەکە. بۆیە لە سەرەتای دەست پێکردنی هەر سروود خوێندنێکدا **تەنبور**، یان **تەمووره**کە ماچ دەکەن و لە دوایشدا، دووبارە ماچی دەکەنەوە.

***

واژە و ناوی **تەنبوریش** کە وەک ئێستای دەیبینین، لە سەرەتادا لە دوو وشەی لێکدراوی **تار + مور** پێکهاتووە، کە یەکەمیان: **تار**، مانای ئامێرە ژێدارەکەیە و دووەمیشیان: **مور** لە ناوچەکانی دامێنی کرماشان و ئیلامدا، بەمانای **کوتەڵ و چەمەری و شیوەن** دێت و بەهەردوو وشەکەش مانای **ئامێری شیوەن** دەدەن. کە مەبەست لەو ڕازوگریە و سۆز و لالانەوە و پاڕانەوەیەیە، کە لەناخی پاکی **دڵدار** «یار»ەوە، بۆ دڵبەر «سان، خوا» بەئاوازەوە هەڵدەڕژێ. هەر لەبەرئەمەش، بەو کاری سروود خوێندنەی لە جەمخانەکانیاندا دەیخوێنن، دەڵێن: **ڕازونیاز**.

ئەم ئامێرە، لە کوردستانی باشوور، **بەتەمووره** و **تەمیره**، ناوی دەبەن. لەناو کوردانی باکوور و بەتایبەتیش لە سەدان ساڵ دێرترەوە، لەناو کوردانی **ئیزەدی** «یەزیدی»دا، کە لەناوچەگەلی **دهۆک** و موسڵ و جزیرە و بۆتان و دیاربەکر و سەعرد و ماردین و نسیبین و ئەرمەنستان و تفلیسدا، نیشتەجێن و مەڵبەندی گشتییان لە شەنگار و بنکەی گرنگ و سەرەکیشیان، لە «لالش»ە...[1] بەچەند ناوێکی تری وەک: **تەنبیر، تەمیر، تەنبیور** ناوی دەبەن.

لەجێی خۆیدایەتی، لە ناوهێنانی ئایینی **یەزیدی**دا، بڵێم: پەیڕەوانی ئایینی **ئیزەدی** «یەزیدی» بۆنەی ئایینی و ئاهەنگی کۆمەڵایەتییان زۆرە و هەموویشی بە**مۆسیقا**وە ئەنجام دەدەن. بۆ وێنە: ئاهەنگی سەرگۆڕستانی شێخ محەممەد حەنیفە، کە لە **باشیک** دایە و لە یەکەم ڕۆژی هەینی پاش سەری ساڵی **یەزیدی** دەست پێدەکات؛ کە بەر ڕۆژی هەینی، پاش یەکەم چوارشەممەی مانگی گوڵان «نیسان»ی خۆرهەڵاتی دەکەوێ(١٠٢، ٧٤).

یەزیدییەکان هەستی ڕێزگرتنی خۆیان بەرامبەر بەم پیاوچاکەی خۆیان دەردەبڕن. ئەو شەوە، قەواڵ «ئاوازچڕان»، یان وەک زانای ڕوسی و کوردناس: ن. مار پێیان دەڵێت:

(١) وەک خۆم ساڵی ١٩٧٨ز، لەگەڵ هاوڕێیانی نووسەر و شاعیر: عەبدوڵڵا ئاگرین، شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، ڕەئوف بێگەرد، محی‌الدین زەنگەنە، ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل و... چەندان خۆشەویستی تردا، سەردانم کردووە.



لالش

قەووال «قَوّال»ی یەزیدییان
یان: «کالۆ»ی میترا

چەلەبی، کە جگە لە مانای **ئاوازچڕ**، بەچەندان مانای تری وەک: نەجیب زادە، ئاغا، خاوەن تەلار، شاعیر و خوێندەوار، پیشکەوتوو، مەزن، بەڕێز، بەڕەوشت، جوان پۆش و... هتد، مانای لێکدەداتەوە و پێی وایە ئەم واژەیە، لە سەدەی چواردەیەمی زایینیدا، تورکانی سەلجوقی، لە کوردیان وەرگرتووە و کوردیش لە «ئارامی»یەکانیان وەرگرتووە(٥٨، ٤٨٠-٤٨١).

بەڵێ ئەوشەوە، ئاوازژەنانی یەزیدی، شمشاڵ دەژەنن و دەف لێدەدەن. گەورە و بچووک و ژن و پیاوی یەزیدیش، بە هەر چوارلای گۆڕستانەکەی شێخ محەممەد حەنیفەدا، تا بەرەبەیان، کە ڕۆژ گزنگ دەدات، دەسووڕێنەوە.

باشیک لەو ڕۆژەدا پڕ دەبێ لە ژنان و کچان کە هەموویان بەرگی سپی بێگەرد دەپۆشن، بەملوانکەی موورو و زنجیری زیو خۆیان دەڕازێننەوە. لەوێدا سەرداری شێخان و هاودەمەکانی و ڕیش سپی و گەورە پیاوانی یەزیدی، بەناویاندا دین و دەچن، پرشنگی کامەرانی لە دەموچاوی هەموویان دەبارێ، لێرەدا گرەوی گۆڤەندەکە، دەست پێدەکات، ئەوانەی «یەزیدی»ش نەبن، دەتوانن لەم بەزمەدا بەشدار بن، بەڵام لە یەزیدییەکانی **باشیک** بەولاوە، نابێ کەسی تر، گرەوەکە بباتەوە. ئەوسا هەرکەسێ گرەوەکەی بردەوە، کە بریتییە لە بەخشینی پارەیەکی هەرەزۆر، لەوێدا مافی هەیە دەستی بۆ هەر کچێک کێشا، لەگەڵ ئەو کچەدا، هەڵپەڕکێ و سەما بکات، کچەکەش ناتوانێ لەمەدا بێ دڵیی بکات، لە دواییدا پارەکە بە **زێوان** «مجێور»ی گۆڕەکە دەدرێ.

گرنگترین کاری ئەم ئاهەنگە، ئەوەیە کە: ڕەشبەڵەک بکرێ. یەزیدییەکان زۆر حەز لە هەڵپەڕکێ دەکەن، بەتایبەتی کچەکانیان. ئەم ڕەشبەڵەکەش هەر قەواڵ «چەلەبی»یەکان بەڕێوەی دەبەن و **دەهۆڵ** و **سوورنا**یان بۆ لێ دەدەن.

یەزیدییەکان یەکجار دڵیان بەم هەڵپەڕکێیانە دەکرێتەوە. زۆریش تیایاندا شارەزان. ئەوەندە هەڵدەپەڕن، لە پەلوپۆ دەکەون.

یەزیدییەکان لەم ئاهەنگەدا، نان و چێشتێکی زۆر و ناوازە پێشکەش میوانەکانیان دەکەن. ئەم ئاهەنگە، لە حەوت گۆڕستانی پیاوچاکی تریاندا دەگێڕن. کە لەم حەوت جێگایەن: **بازان، شێخان، جەروانە، دۆغان، باعەدرە، خەتارە.**

لە شەنگاریشدا، ئاهەنگی گۆڕی **شێخ شرف الدین** لە هەموویان گرنگترە. هۆزەکانی **جوانا** و **خورکان** و زۆریش لە موسڵمانەکان تیایدا بەشدار دەبن، ئەوانیش بەچەشنی **شێخان**، کاروباری ئاهەنگەکە بەڕێوەدەبەن.

زەماوەندێکی ناوچەی شێخان

زەماوەندێکی دەڤەری قایباریا

زەماوەندێکی شەنگار

زەماوەندێکی ناوچەی شێخان

سەیر ئەوەیە لەم هەموو ئاهەنگە چڕوپڕانەدا، تا ئێستا ئاژاوە و پشێوییەک ڕووی نەداوە و هیچ کارەساتێکی ناخۆش و نەنگ نەقەوماوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، زۆرجاری وا هەیە یەزیدییەکان، ئەم ئاهەنگانە دەکەن بەهۆیەک بۆ ئاشتبوونەوەی دوژمنان و بەستنەوەی دۆستایەتی و برایەتی(١٠٢، ٧٦).

گۆرانی و **مۆسیقای یەزیدی**، بەجۆرێک کاری لەسەر کوردناسێکی وەک لییارد[١] کردووە، کە لەلاپەڕە **٢٩٤**ی بەرگی یەکەمی کتێبی نەینەوا و کەلاوەکانیدا، بەسەرسوڕمانەوە بنووسێ: ئاوازەکانیان کە لەسەر گۆڕی **شێخ هادی** «شێخ عدی» بەشکۆ و خەمەوە بوو، لە هەموو تەمەنی خۆمدا ئاوازی وام نەبیستبوو. کە تا ئەو ئاستە خەم ئامێز و لە هەمان کاتیشدا دڵنشین بێت(٥٩، ٣٠٢).

... دێمەوە سەرباسی ئامێری **تەموور** و دەڵێم: خاتوو دکتۆر شەهرزاد قاسم، کە لێکۆڵەرەوەیەکی مۆسیقایی و عەرەب نەژادە و دوای ڕەنج و تەقەللایەکی زانستییانە، لەم ساڵانەی دواییدا، کتێبێکی تایبەتی لەسەر بنەچە و جوگرافیا و مێژووی ئەم ئامێرە نووسیوە، بەدڵنیاییەوە دەیسەلمێنێ کە لە کۆنترین ڕۆژگاری مێژووەوە، ئەم ئامێرە تایبەت بووە بە کورد و بەناوچەکانی کوردنشین و لە ناوچەکانی عەرەبنشیندا، شوێنەواری بەکارهێنانی نییە. بۆیە بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ: « لە کاتی گەڕان و سۆراخ کردنە مەیدانییەکانماندا، لە هەندێ ئامێرساز و ئامێرژەنی عەرەبمان پرسی: «هۆی دروست نەکردن و بەکار نەهێنانی ئەو ئامێرە: **تەنبوور** چییە؟ پێیان دەوتین: تەنبوور، زمانی کوردی خۆش دەوێ» . مەبەستیش لەو قسەیە، ئەمەیە کە **تەنبوور** زیاتر لەگەڵ دەنگ و ئاوازی کوردیدا دەسازێ(٦٤، ١٠٠-١١٠).

هەر ئەم نووسەرە، جوگرافیای ناوچەکانی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە، بەمجۆرە لە ڕۆژگاری ئێستادا دەسنیشان دەکات: سەروەری کیشوەری ئاسیا، هەر لە ژاپۆنەوە، تا چین و هیند و ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست و تورکیا. لە ئەورووپاش، وڵاتی بەلقان و کەناری زەریای سپی ناوەڕاست، تا دەگاتەوە بە ئیسپانیا و پاشان هەردوو ئەمەریکاش(٦٤، ١٠٠-١١٠). بەڵام واژەی **تەنبوور** «تەموور» ، لە هەندێ لەو ناوچە و وڵاتانەی لە سەرەوە ناومان هێنان، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، یان بەناوی ترەوە هاتووە، وەک ئەوەی عەرەب پێی دەڵێن **طنبور**. چینیش پێی دەڵێن **تەنبولا**، یۆنان پێی دەڵێن **تام پوراس** و لە ڕووسیاش پێی دەڵێن **دومرا**. جۆری تری ئەم ئامێرە، لە هیندستان و تورکیا، بە **سێ تار**

(١) لییارد: تا ساڵی ١٨٨٠ز – گەورە باڵوێزی ئینگلستان بووە لە ئەستەمووڵ.



چەند جۆرێک لە تەموورەی: خۆراسانی، کوردی، تورکی، ئەفغانی

برەوی پەیداکردووە و لە چینیش بە **سێ تار**ەکەی دەڵێن **سێ مەرە**.

لە «ئینسکلوپیدیای بەریتانی: Groves Dictionary of Music»دا، وا نووسراوە کە بەهۆی هەمەجۆر بەکارهێنانی واژەی **تەنبوور**ەوە، لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپادا بەناوی وەک: (پاندۆرا: Pandora و پاندۆلا: Pandola و ماندۆرا: Mandora و ماندۆلا: Man-dola و ماندۆلین: Mandoline) ناونراوە و وەک ئامێرێکی خۆرهەڵاتییانەش باس دەکرێ کە لە بنەچەی عوود بێت و دەسکێکی درێژ و کاسەیەکی بچکۆلە و ژێیەک، یان دوو ژێی هەبێ و بەنینۆک بژەندرێ، بەتایبەتیش مەبەستیان لەو جۆرەیان بووە کە لە ئێران و سوریا و کوردستاندا هەبووە و لە ڕێگەی تورکیاوە بە یۆنان و ئەوروپا گەیشتووە.(٤٠، ١٣١)

عوود و تەنبوور و ئەو ئامێرانەی لەمان دەچن، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەیشتنە ئەوروپا و لەلایەن ئاوازسازان و چەنگ ژەنان و غەزەل خوانانی فەرەنسایی و ئەڵمانییەوە، بەکارهێنران.(٤٠، ٦٥-١٣١)

تەموورژەنێکی سەردەمی ئاشووری

بەڵام کۆنترین شوێنەواری تەنبوور، لە بەردە هەڵکۆڵراوەکانی ئاشووردا، ئامێرێک لە شێوەی **سێ تاردا**، بینراوەتەوە کە کاسەیەکی بچووک و دەسکێکی درێژی هەیە؛ هەرچەندە ناتوانرێ ژمارەی ژێیەکانی دیاری بکرێ(٤٠، ٥٤-٦٦).

بەگوێرەی ئەوەی لە کتێبی ئەهلی هەق دایە، هونەری مۆسیقا، لە دێرزەمانەوە لەناو پەیڕەوانی ئەم ئایینەدا برەوی هەبووە. لە نامەی سەرئەنجام «سروودی یارسان»دا، وا هاتووە: «ئەو کاتەی خوا ویستی ئادەم، یان مشیە بخوڵقێنێ، ڕۆح بەبەر ئادەمدا نەچوو، بۆیە دوای (٤٠) چل ڕۆژ، «خوا» بە«بنیامین»ی سەر دەستەی فریشتەکانی فرماندا، کە «گیان» بەبەر ئادەمدا بکات. بنیامینیش ئاوازی «ڕاست»ی بۆ گیان «ڕۆح» ژەند و بەو جۆرە ڕۆح چووە جەستەی ئادەمەوە(٣٨، ١٥١).

ئەم چیرۆکە، شا نیعمەتوڵلا جەیحون ئابادی موکری-یش دەیگێڕێتەوە، کە یەکێکە لە ڕابەرانی یارسانی دەستەی **شا هەیاسی** و لە سەدەی سیازدەی کۆچیدا ژیاوە. دەربارەی **ڕۆح** بەبەرداکردنی **ئادەم** و گێڕانەوەی چۆنێتی خولقاندنی **ئادەم**، ئاماژە دەکات و دەڵێت: چونکە جەستەی گڵینەی **ئادەم** ڕۆحی تیا نەبوو، فریشتەکانی **حەوتەوانە** «ناوی ئەستێرەن» تکایان لە خوا کرد، کە ڕۆح بەبەریدا بکات. **خواش** فرمانی پێدان، کە ڕۆح بەبەریدا

بکەن. بەڵام ڕۆح ڕازی نەبوو بچێتە ئەو جەستە گڵێنەوە، ناچار فریشتەکان گەڕانەوە خزمەت خوا و تکایان لێکرد چارەیەک بدۆزێتەوە، ئەویش فەرمووی: بچن مۆسیقا بژەنن تا ڕۆح، ڕووی خۆش نیشان بدات و بچێتە جەستەی ئادەمەوە. فریشتەکان ڕۆیشتن و **مۆسیقا**یان بۆ ڕۆح ژەند[١]. ڕۆحیش دەستبەجێ چووە جەستەی ئادەمەوە.

ئادەمیش دەستی بەسوپاس و ستایشی خواکرد. کە پوختەی سوپاس و ستایشەکەی لەم پارچە شیعرە (١٠) بڕگەییە دایە: (٣٨، ١٥١)

نکردی نزول یاران در آن قفس
چنان بود بی جان و هم بی نفس
دگر باره یاران به عجز و نیاز
بلا به بگفتند ای کار ساز
کشیدیم زحمت بسی روز و شب
که تا لطف حق ساخت بر ما سبب
به میل و به هنگ هر دو را کو فتیم
در آن حوض با هم بیامیختیم
نباشد اگر امر خداوندگار
کجا روح در جسم گیرد قرار
زحق خواستند چارەکار را
شود سهل آن کار دشوار را
ز پس کرد و إیزد به هفتن نظر
بگفتا به ایشان: به قلب بشر
روید و نوازید ساز و طرب
بخوانید از شوق توسیف رب
به نظم حقانی، به بانگ بلند
کنید زمزمه زان تن ارجمند

(١) پەیڕەوانی ئەهلی هەق دەڵێن: مەقامی (تەرز)یان بەئامێری (تەموورە) بۆ ژەندووە،(٤٩، ١١)

همین بشنود روح آن بانگ ساز
شود مست وزیر آید اواز فراز
بیاید در آن، خانه سوی شما
شود بیخود از عطر بوی شما
چون آن روح تابدر آن جسم و جان
بشر زنده گردد شود حمد خوان

لە کتێبی دەورەی حەوتەوانەشدا، کە بەشێکە لە نامەی سەرئەنجام، وا هاتووە گوایە پەیامبەرێکی ئاریایی[١] کە سیمای یەکێک لە حەوتەوانەی هەبووە، لە سەردەمی پاشایەکی زاڵمدا، دەرکەوتووە و خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی خوا بانگ کردووە. بەڵام خەڵک موعجیزەیان لێ داوا کردووە، ئەویش ئامێرێکی مۆسیقایی دروستکردووە، کە حەوت ئاوازی لێداوە و بەهۆی ئەو ئاوازانەوە، پۆل پۆل خەڵکی بەپیریەوە چوون و ئایینەکەیان پەسەند کردووە. پاشاش کە بەمەی زانیووە، فرمانی دەرکردووە، ئەو پەیامبەرە بگرن، بەڵام کاتێ دەست و پێوەندانی شا، چوون بۆ گرتن و کوشتنی ئەو پەیامبەرە و گوێیان لە ئاوازەکانی بووە، ئایینەکەیان قبوڵ کردووە. ئیتر پاشاش کە هەست دەکات جەماوەر و لەشکرەکەیشی دەچنە سەر ئایینی ئەو پەیامبەرە، ناچار ئەویش چاوی لەوان کردووە. ئەم ئامێرە مۆسیقاییە، ناوی ئەسلەحەی سازژەن «چەکی سازژەن» بووە:

بواندی داستان، **ئەسلەحەی «سازژەن»**
هەر کەپەی وێتان مەکەردەن پێوەن(٣٧، ٦٩)

وا بڵاوە، شا خۆشینی لوڕستانی و یارانیشی، بەدەنگی خۆش و مۆسیقا ژەندنەوە زیکریان کردووە(٤٧، ٣٢). چونکە لە کتێبی شاە خۆشیندا وا نیشاندراوە، کە شاە خوشین لە سەردەمی لاویدا، شیعری دوو بەیتی نووسیوە و لە جەمخانەدا، بە مۆسیقاوە بۆ یاران و پیڕەوانی خوێندووە، ئەوانیش بەزیکر و خۆشییەوە، سروودەکانیان بۆ سەندۆتەوە.

جگە لەمەش هەر پەیڕەوانی **ئەهلی هەق** لە گەرمەی کۆڕی زیکر و شۆر و خرۆشانیاندا، بەئاوازی تەنبور و سروود خوێندن، ڕۆحی خرۆش و ئاڵۆز و شڵەژاویان، ئارام دەکەنەوە(٣٨، ١٥٣).

سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجەییش، هەر خۆی تەنبوورژەن و سروود خۆێنیش بووە و لە

(١) ئاخۆ ئەم پەیامبەرە – زەرتوشت – نەبووبێ!؟

جەمخانەدا، بەئاوازی تەنبور و سروودی بە کوڵ و دڵنشین، خۆی گەشە و پرشەی بەکۆڕەکە داوە و شەقڵێکی تایبەتی بە **جەمخانە** بەخشیوە.

عابدینی جافیش کە یەکێکە لە یاران و پێڕەوانی سوڵتان ئیسحاق، سەر دەستەی تیپی تەنبـوورژەنان بووە و لە تەنبـوورژەندندا شـارەزایی و بەهرەیەکی زۆی هەبووە، چونکە پیرناری هەورامی، لە سیمای عابدین جاف و ئەحمەد هەورامی، «کە ئەمیش هەر تەنبوور ژەن بووە» ، سیمای جووتە مۆسیقازانی بەناوبانگی سەردەمی ساسانی، **باربەد** و **نەکیسا** چواندوون و وتویەتی:

نەکیـسـا: ئەحـمـەد، باربەد: عـابدین
ها فـەرهاد، **داوود** شـاپوور، پیـرمـوسین(۳۸، ۱۵۳)

قـاسدیش، کە شاعیرێکی سەدەی سیازدەی هیجری و سەر بەم ڕێبازگەیەیە، لە شیعرەکانیدا ئاماژە بە **سەما**یەک دەکات کە بەهۆی ئاوازی مۆسیقاوە بەرپا دەبێت و دەڵێت: لەو ڕۆژەدا کە ئەو سەمایەی تێدا دەکرێ، سەرتاسەری جیهان، دەبێتە چراخان و هەرچی غولامان و فریشتەیە، دەچنە دەشت و چیا، چونکە سوڵتان «شا، یار، خوا» ، لەو ڕۆژەدا، بەنیازی بیستنی ئاوازی مۆسیقاوە، ئامادە دەبێت و لەم ئاهەنگەدا بەشدار دەبێ و گوێ لە ئاوازی مۆسیقا دەگرێ، هەر خۆیشی ئاوازێک دەژەنێ. کە ئەم ئاوازەی «سوڵتان» ، لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دێتە خوارەوە، مشیە «ئادەم»یش خۆی، دێتە سەما و عەشق و شۆر و خرۆشێک پەیدا دەبێ:

مـبـۆ چراخـان... مـبـۆ چراخـان
سـەراسـەر جیـهـان مـبـۆ چراخـان
گـردی غـولامـان، ملون نەداغـان
ئەورۆ شـا، مـەبۆ پەرێ شـایلـوغـان
یاران شـام مـەبۆ... یاران شـام مـەبۆ
چەنی غـولامـان یاران، شـا-م مـەبۆ
شـا-م پەری بەزم و پەی ئەحـشـام مـەبۆ
نەوای شـام پەی پەی سـوب و شـام مـەبۆ
نەوایێ مـەیۆ... نەوایێ مـەیۆ
جـە ئاسـمـانەوە نەوایێ مـەبۆ

مـشـیـەش هەر مـشـۆ، هەوایێ مـەیۆ
دەم دەم ئەو هەوا، سـەوایێ مـەیۆ(۳۸- ۱۵٤)

شاعیرانی سەر بەم ئایینە و بە تایبەتیش ئەو چەند شاعیرە گەورەیەی بە شێوەی گۆران شیعریان نووسیوە، هەموویان لە شیعرەکانیاندا بەوردی باسی گرنگیی **مۆسیقا** دەکەن، کە سەییدیاقوب «سەی یاقووی ماهیدەشتی - ۱۸۱۳ز - ۱۸۸۳ز ؟»ی شاعیری ناودار، یەکێکە لەو شاعیرانە و لەم شیعرەیدا، کە بە نموونە دەینووسین، ئاوا باسی ئەو مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژانەی سەردەمی خۆی دەکات کە ناوەکانیان دەخەینە کەوانەوە

زاهیـد! حـەرامـەن، زاهیـد! حـەرامـەن
زاهیـد! زندەگی وە تۆ حـەرامـەن
نە شـۆرت وە سـەر، نەپات وە دامـەن
نە هەرگـیز مـەجلس عـشـقت مـەقـامـەن
مـەسـجـدنشـینی، دوور لە باسـانی
بێ خـەوەر ژە ئێش مـەزەی خـاسـانی
تەمـاشـای ئەبرۆی خـەم نە کـەردەنی
ژەو خـەمـە، قـامـەت چەم نەکـەردەنی
سـەیر نەکـەردەنی گـۆنای گـوڵناری
ئاگـانیـت ژە سـۆز دەرد دڵداری
ژە ڕای دەرد عـشق گـومـڕاهیت نیـەن
سـراحی وە دەس **«سـراحی»**ت نیـەن
«ئـەمـین»ت نـەدیـەن وە تـارشـەوە
«ئـازار» و ئاهـەنگ قـەتار شـەوە
«سلێـمـان» وەو سـۆز کـەمـانچـەشـەوە
زیـڕەش مـەوەرۆ دڵ وە غـەشـەوە
پەنجـەی «سـەی مـامێ» ، تریکەی تەمـور
نەغـمـەش دڵ مـەکـەی وە لانەی زەنبـوور

نالەی موتربان نەکەردەنی گۆش
مەردەی یەک ڕۆژە بکەی فەرامۆش
خوسوس چەقوانەی ڕەقس «ڕەزایی»
نە ڕەقس فارسی، ڕەقس کەذایی(۲۸، ۲)

ئەم پێوەندی و عەشق و ئاوێتە بوونەی **ئەهلی هەق** و **مۆسیقا**، سیمایەکی وای داونەتێ، بێ سێ و دوو بڵێین: دید و فەلسەفەی ئەم ئایینە، بۆ مرۆڤ، بۆ گەردوون، بۆ کردگار، لەوە دایە کە هەوێنی هەموو ئەوانە، لە مۆسیقادا دەبینێ.

مۆسیقا، لای ئەهلی هەق، هەوێنی هەموو گیانلەبەران و بێ گیانێکە. هەوێنی ڕۆحە، خۆراک و هەناسەی ڕۆحە. ڕۆح بەبێ مۆسیقا، مات و بێ جووڵە و گۆشەگیرە.

مۆسیقا، لای ئەهلی هەق، تاقانە سروودی ڕۆح و بزوێنەری هەستی مرۆڤانەی مرۆڤە، بەرامبەر بەچارەنووسی خۆی. مرۆڤ، لە هەموو ڕاز و سکاڵا و سوپاس و داد و گازندەکانیدا، مۆسیقا دەکات بەسروود و پەیامی نێوان خۆی و کردگار. هەر بۆیەش لە کاتی ناشتنی هەر یەکێک لە پێڕەوانی ئەهلی حەق دا، تا شۆڕی دەکەنەوە بۆ ناو گۆڕەکەی، مۆسیقا «تەموورە»ی بۆ دەژەنن.

بە کورتی «سروودی یارسان»ی مۆسیقا ئامێزی ئەهلی هەق، بنەمای ژیانە، هەموو ژیانە! لەبەرئەوە «تەموورە فێربوون» و «تەموورەژەندن»، وەک ئەرکێکی پێویست و فرمانێکی ئایینی، لە ئەستۆی هەموو پێڕەوانی ئەهلی هەق بە گشتی و لە ئەستۆی چینی سادات و پیرانی هەق دایە بەتایبەتی؛ کە هەموو فێری ببن. (٤٩، ١١)

وەک دەردەکەوێ پەیڕەوکارانی ئەهلی هەق، بەدرێژایی مێژوو، لەبەر هێرش و شاڵاوی بەردەوامدا بووبن. بۆیە لە دێرزەمانیشەوە ناوەندە سەرەکی و مەڵبەندە پیرۆزەکانیان لە ناوچە سەختەکانی هەورامان و زاگرۆس دا دامەزراندووە و نهێنی و یاسا و دابونەریتی ئایینەکەیان لای سەرلەبەری پەیڕەوکارانی خۆیشیان نادرکێنن. بەڵکو پەیڕەوکارانی خۆیان پۆلین و دەستەبەندیی کردووە و بۆ هەر پۆل و دەستەیەکیش ڕابەری تایبەتییان بۆ دیاری کردوون[٢] کە دیسان ئەم ڕابەرانەش سەرلەبەری پرۆگرامەکانی ئایینەکەیان لەلا باس نەکراوە. لەبەرئەوە ئەمانیش هەرلای ئەم کۆمەڵ و دەستانە، نهێنی و پرۆگرامەکانی ئایینەکەیان دەدرکێنن... کە ئەم نەریتە لە مۆسیقاکەشیاندا ڕەنگی داوەتەوە و هەر بەمجۆرە

(٢) لەبەرئەمەیە کە ئەهلی هەق تەنیا ڕابەرێکیان نییە.

پەیڕەو دەکرێ. واتە: ئەو ئاماری ئاهەنگ و ئاوازانەی تایبەتن بە سروودەکانی ئەهلی هەق «سروودی یارسان»، ئەمانیشیان پۆلێن و چەپک چەپک کردووە و هەر چەپکێکیان بۆ مامۆستا و تەموورژەنانی ئەو دەستانە دیاری کردووە.

بەم پێیە هەر یەکێک لەم دەستانە، چەپکێک ئاوازی بۆ سروودەکانی «یارسان» لای خۆی پارێزگاریی کردووە؛ کە وەک لە جەنابی «سەیید قاسمی ئەفزەلی- یەکێک لە دوو گەورە ڕابەرانی ئەهلی هەق»م بیست و پێشتریش باسکرا؛ ئەم ئاوازانە، (٧٢) ئاوازن و...[٣] دواتر بە هاوکاری و یارمەتی و تەقەللای دڵسۆزانەی کاکە فەرهادی عەزیزی و هاوڕێیانی کرماشان و لوڕستان، توانیمان «ناوی» سەرلەبەری ئەو ئاوازانە، لەناو تێکڕای پەیڕەوکارانی ئەهلی هەق دا کۆبکەینەوە...[٤] کە ئەمە ناوی ئەو (٧٢) ئاوازەیە:

یار دیدەکانی؛ (٧) مەقامە:

١- یاردیدەکانی ئەویاری.
٢- یاردیدەکانی چ وەشەن یار مەیۆ گیان.
٣- یاردیدەکانی بنیامین پیرە.
٤- یاردیدەکانی هەوەشەن هەوەش.
٥- یاردیدەکانی کیەڵ عەینم باقی.
٦- یاردیدەکانی ڕەژیان داڵاهۆ.
٧- یاردیدەکانی یار تەمر یارە[٥].

قەرەچۆپی؛ (٧) مەقامە»:

١/٨- لاو هەی لاوگیان لاو هەی لاو. ٢/٩- لاو کەرت نەمر و گیان خاوکەرت نەمر و لاو هەی لاو. ٣/١٠- تەنە میری تەنە جوانەمیری و میری و هاهامیر و میری. ١١/ ٤- بابا ناعوسی زم و زەمە و زەماوەن مەکریا چ عەرش نقرنە دەس بەرەو زەماوەنێ کاوەم کاوەم ئەز مەڕەژێنە. ٥/١٢- گیان گیان شایادگار تۆ شای شاهانی، مراد و مەتڵە و یاران دایانی. ٦/١٣- بەڵێ هاها ئا. ٧/١٤- گیان هەی هەی دوس.

(٣) سەیید قاسم پێمی وت کە هەڵبژاردنی ژمارەی (٧٢)، ئاماژەیە بۆ هەر (٧٢) فەسڵەکەی (یەسنا).
(٤) بەڵام تۆمارکردنی (٧٢) ئاوازەکە، لەسەر نەوار، کارێکی درێژخایان و پشوو درێژ و هەرەوەزی تری دەویست، چونکە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی ئەو ئاوازانە، لەو جوگرافیا بەرینەدا، ماوەیەکی زۆری دەبرد. بۆیە ئەمیانم بۆ دەرفەتێکی تر هێشتەوە. تا بەهاوکاری و یارمەتی شارەزایانی زانستی مۆسیقا، ئەم کارە ئەنجام بدرێت.
(٥) ناوێکی تری حەزرەتی سوڵتان ئیسحاقە.

١٥- تاڵە سواران.

١٦- خاس بژەنە.

١٧- هەی لامێ لامێ.

١٨- هەی ئیمانم یار.

١٩- هەی دەیار دەیار.

٢٠- گیان خواجای غولامان.

٢١- هەی چل تەن چڵانە.

٢٢- چل تەن چلانان.

٢٣- جەم نیان دووسان ئەویانە.

٢٤- هەقەن هەقەن.

٢٥- هەق و هەق.

٢٦- یار داود هەق داود گیان.

٢٧- هەق داود گیان داود.

٢٨- جەم وە چل تەنە داود.

٢٩- داود نە کورەی کەوسەر وەردەن ئاو.

٣٠- گیان سەیید مامەد بەرەو دیوانێ، یار نازش ڕەوا بوو پەی یارسانێ.

٣١- هەروا بووگە و هەروا دەبێ.

٣٢- دەس ویت ویڵە یووت وەنەوشە.

٣٣- سەر تەرز.

٣٤- مەجنوونی.

٣٥- دۆ واڵە «دوو باڵا».

٣٦- ساروخانی.[٦]

٣٧- غەریبی.

٣٨- شێخ ئەسیری «گۆشەی سەحەری».

(٦) نۆتی مۆسیقایی ئەم ئاوازە، لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.

٣٩- خامۆشی «سێ نەزم»: ١- گیان هەی. ٢- هاها هی. ٣- وەیاری وە دەم.

٤٠- تەرز یاری.

٤١- تەرز ڕۆسەم.

٤٢- گڵەوەدەرە «گڵەوە خاک».

٤٣- قەتار[٧].

٤٤- هیجرانی.

٤٥- باریە.

٤٦- هەق چلانە هەس.

٤٧- هەق هەق هو هو هو هەی ئاقای جانم.

٤٨- یاران وەباتن وەش دەنگێ مەیۆ.

٤٩- حەق و حەق و حەق یاری.

٥٠- عەلی عەلی عەلی مەولام عەلی عەلی عەلی.

٥١- عەلی عەلی هو هو مەولام عەلی هو.

٥٢- هو هو مەولا هو هو هو مەلاهو. دەسم وەدامێن پیربنیامین بوو.

٥٣- عابدینە.

٥٤- پێشرەوی «گۆشەی سەحەری».

٥٥- جلەوشاهی «یاسوار سوار»[٨].

٥٦- شا خوەشینی.

٥٧- دەردەم ئەزیار «شا خوەشینی».

٥٨- هەی گیان «بە دوو شێوە».

٥٩- هەی گیان «بە دوو شێوە».

٦٠-فانی فانی.

٦١- ئاقا یار داود سەن سەن یار داود.

٦٢- یاردیدەکانی بنیامین سازەن پیرموسی سیمەن، داود ئاوازەن.

(٧)، (٨) نۆتی مۆسیقایی ئەم چەند ئاوازە، لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.

٦٣- سا عێلی ساعێلی مەکە عالەم دی زانی بانگم دەکە.

٦٤- سوڵتان دینە یا عەلی یا عەلی.

٦٥- یاردیدەکانی شا مەیۆ شامەیۆ.

٦٦- هەی ئیمانم یار هەی ڕەنگینم یار.

٦٧- هەی دیدەکانی یاران ئەی جەمێ، نیان وە شادی شا کەرەمێ، شاشییەن وەرە و قۆڵەگا.

٦٨- یاشا سەد ئامان مروەت ئەڵئەمان دەردم دەواکەر حەکیم زامان.

٦٩- عالی گورز وێش ها وەدەسەوە.

٧٠- خواجای غوڵامان یاعەلی یاعەلی یار داود ئامان شاعەلی شاعەلی.

٧١- جەم جەم شایە بەرزە مل. خوەشێن خۆدایە بەرزە مل.

٧٢- دەی سبۆ دەی سبۆ ئاها ئاگیان کاڵا چەمێ مێردانێ دەی سبۆ دەی سبۆ هەنی عازیزم یار(٩).

***

بەڵام ئەو پێوەندی و ئاکارە دێرینەیەی ئەهلی هەق و مۆسیقا «سروودی یارسان»، ئەگەر شوێن پێ هەڵگر و میراتگری پێوەندی زەرتوشت و موسیقا «سروودی گاتا» نەبێ، کە لە هەردوو ئایینەکەدا مۆسیقا دەبێتە هەوێن، بۆ دەربڕینی ڕازەکانی ڕۆح، بەرامبەر سرووشت و کردگار؛ ئەوا دەشێ بڵێین: پردێکی فەلسەفیانە، لەنێوان زۆر لایەنی ئەم دوو ئایینەدا هەبێ؛ کە دیارە ئێمە لایەنی تێگەیشتنی هەردوو ئایینەکەمان بۆ مۆسیقا مەبەستە؛ واتە: دیدی سروودی یارسان و سروودی گاتا «گاتا»، بۆ مۆسیقا. بۆیە بۆ زیاتر توند بەستنەوەی ئەم پردە مۆسیقاییەی نێوان سروودی یارسان و سروودی گاتا، بەڵگە و پشتیوانی تریش دەخەینە پاڵ پتەوتر کردنی پێوەندی نێوان ئەم دوو ئایینە، کە بریتییە لە پێوەندی مێژوویی نێوان ئەم دوو ئایینە، چونکە پەیرەوانی ئایینی ئەهلی هەق، دەڵێن بە شێوەیەک لە شێوەکان، یان بەواتەیەکی تر پێوەندییەکی مێژوویی «بەڵام کەمێک تەماوی»، لەنێوان ئەم ئایینە و ئایینی زەرتوشت دا هەیە و چۆن!؟

(٩) لە کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانەدا جەنابی (ئیرەجی خادمی) یارمەتی زۆری داوین، کە ناوبراو نەوەی (دەروێش قولی کرندی)یە و شارەزایەکی لێهاتووی مۆسیقای ئەهلی هەقە و دانیشتووی شاری کرماشان و مامۆستای تەموورژەندی (کەیخەسرەو پوور نادری)ی و مامۆستای تەموورژەنانی تیپی مۆسیقای (شەمس)ە، کە مۆسیقا بۆ هونەرمەندی کورد: شەهرامی نازری دەژەنن.

دەفتەرەکانی ئەهلی هەق، زۆر بە پیرۆزیی و بەرێزەوە، باسی ئایینی زەرتوشت دەکەن و شیعریان لەو بارەیەوە، لە چەندان نمونە زیاتر تێدایە. وەک ئەوەی کە زەرتوشت لەگەڵ یارانیدا دەیەوێ بچێ بۆ شاری **بەڵخ** و لەرێگا تووشی ڕووبارێکی قووڵ دەبن و لەو ڕێیەش زیاتر، بواری تریان نییە. بۆیە زەرتوشت خۆی دەچێتە ناو ڕووبارەکەوە و هەردوو لاقی، بۆ یارانی دەکات بەپرد، تا لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە، ئیتر ئەو ڕۆژەی ئەو کۆمەڵە، بەبێوەی لەو ڕووبارە پەڕیونەتەوە، لای ئەهلی هەق، هەموو ساڵێ یادی دەکەنەوە و جەژنی بۆ دەگێڕن.

«ئاتەشکەدە»ش کە ڕەمزێکی پیرۆزی «زەرتوشت»ە، لای «ئەهلی هەق»یش هەر پیرۆزە:

ئەو ئاتەشخانە ....

بارگەی شام وەستەن ئەو ئاتەشخانە

زەرتوشتش کیاست پەرێ فەرمانە

بەر گوزیدەکەش کەرد، نە ڕووی زەمانە(١٠٧، ٢٤٩)

هەر لەپاڵ ئاتەشکەدە دا، بۆن و بەرامەی کڵپەی ئاگر، لە ماڵ و جەمخانە و جیهانیشدا، بەپیرۆز و پێویست دەزانن، بۆ ڕووناک کردنەوەی هەموو شتێک:

ئاتەش زەرووەن ....

گڕا گڕ گڕان، ئاتەش زەرورەن

سۆزانی جیهان، تەجەللی نوورەن

ڕۆشنی زوڵمات وە قووبەی نوورەن(١٠٧، ٢٥٠)

پیرۆزیی ئاگریش، بە گوێرەی دەفتەرەکانی ئەهلی هەق، لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە زەرتوشت کاتێ منداڵ بوو، جەردە دزییان و بردیان خستیانە گڕی ئاگرەوە و تا سێ ڕۆژ لە ئاگردا مایەوە، کاتێ دۆزرایەوە، سەیریان کرد لەناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا نووستووە، چونکە ڕۆحی زەرتوشت، ڕۆحی هەق بووە. «سوڵتان ئیسحاق»یش کە حەوتەوانە لە کوڕەکانی خۆی پێک دەهێنێ، لەژێر **ساجی ئاگردا** یەک دەگرن و فرمانی سەرسپاردن و دەست پێوەگرتنی بەسەردا دان. هەروەها **یادگار** شاش، کە تەمەنی سێ ڕۆژ بوو، سوڵتان فرمانی بەداوود دا، تا بیخەنە کوورەی ئاگرەوە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، سەری کوورەکە بنرێتەوە. دوای سێ ڕۆژە، سوڵتان خۆی چووە سەر کوورە و یادگار هەڵسایە سەرپێ و

سەلامی لە سوڵتان کرد. کە ئەم یادگارەش، ئەو باوە یادگارەیە، کە لای ئەهلی هەق یەکجار مەزنە(١٠٧، ٢٥٢).

ئەو سێ ڕۆژووگرتنەش، کە لای «زەرتوشتی»یەکان بووە، تا ئێستاش لای پەیڕەوانی ئەهلی هەق هەر سێ ڕۆژ، ڕۆژوو دەگرن. کە دەکەوێتە چلەی زستانی وەرزی کوردییەوە... و لە چواردەی مانگدا دەست پێدەکا و ئێوارەی هەڤدە، ڕۆژووەکە دوایی دێت.

ئەم بۆنەیەش، لەو سێ ڕۆژەوە کراوە بەنەریت، کە زەرتوشت بەمناڵیی، سێ ڕۆژ لە ئاگردا مایەوە و نەسووتا و لەو سێ ڕۆژەدا، دایک و باوکی زەرتوشت، هیچیان نەخوارد(١٠٧، ٢٥٤). هەر لەو سێ ڕۆژەشدا **زەرتوشت**، بەشیریی **مانگا**یەک پارێزگاری کرا، کە خوا، ئەو **مانگایەی** هەر بۆ ئەو مەبەستە ناردبوو، بۆیە لای پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشت و لای ئەهلی هەقیش، **گا** پیرۆزە و سیمای **خوا** و **گەورە** و **سەرداری** تیا دەبینن. کە ئەم سروودەی ئەهلی هەق، لەو چەندان نموونانەیە:

پیرە ڕەنگینە ....
ئەز چەنی تۆما، پیرە ڕەنگینە
چەنی خالق بێچوون تۆ پێوە نینە
ساتۆ بۆ گاوم وە گاو یاریی‌یەوە بووینە(١٠٧، ٢٥٤)

... جگە لەمانەش، تەنانەت مامۆستا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، پێی وایە کە سوڵتان ئیسحاق «سوهاک»ی ڕابەری ئەهلی هەق، هەر ئیستیاکی دوا ئیمپراتۆری مادەکان بێت(٩٧، ٢٨)، کە شوێن سێبەری هەڵکەوتنی زەرتوشت بووە.

جگە لەمانەش ئێمە، پێشتر وتمان کە دەفتەرەکانی ئەهلی هەق، واتە سروودی یارسان بەشێوەی کوردی «گۆران»ە، کە مانای واژەی «گۆران»یش بەمجۆرە لێک دەدرێتەوە:

نووسەری ناسراوی ئێرانی: دکتۆر ئیبراهیم پورداوود، کە بەچەند کتێبی زانستی، دەست پێشکەریی زیرەکانەی لە لێکدانەوە و توێژینەوەی ئایینی زەرتوشتدا، هەیە. لە پێشەکی یەکێک لەو کتێبانەیدا، بەناوی فرهنگ بهدینان، سەبارەت بەوشەی **گەور**، دەڵێ: لە وشەی **کافری** عەرەبییەوە هاتووە و بەواتای زەرتوشتیی نائیسلام بەکارهێنراوە و وردە وردە لەبەر قورسیی وشەی **کافر** بووە بە **گەور**، چونکە واژەی **گەبر** و **گەبرەک** و **گەبرەکی** لە شیعری فارسیدا، بەواتای ئایینی زەرتوشتی هاتووە. بۆ وێنە فیردەوسی دەڵێ:

بفرمان یزدان چو این گفته شد
نیایش همانکه پذیرفته شد

بپرید سیمرغ و بر شد بابر،
همی حلقه زد بر سر مرد گبر
ز کوه اندر آمد چو ابر بهار
گرفته تن زال را در کنار...

هەر فیردەوسی لە جێگەیەکی تردا دەڵێ:

که ما را نیاید که شاپور شاه
نصیبین بگیرد بیارد سپاه
که دین مسیحا ندارد درست
ره گبرگی ورزد و زەندە است

(٣١، ١٦ مقدمه)

هەروەها محەمەد ئەمین هەورامانی، لە هەر دوو کتێبی کاکەیی و فەرهەنگی ئێریان ڤاچ و دیسانەوەش لە گۆڤاری مامۆستای کورددا، بەمجۆرە لە بارەی ئەم وشەیەوە دواوە:

... وشەی **گەور** لە سەرەتاوە، لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا، بەو کەسە دەوترا کە بەنائیسلامیی دەمایەوە و سەرانەی دەدا و بەئیسلام نەدەبوو. پاش ئەوەی کە سەرپاکی کوردستان هاتە سەر ئایینی ئیسلام، پارسانییەکان ـ کە سان ئیسحاق نوێکەرەوەیەتی ـ و هەندێ خەڵکی ناوچەی هەورامان، کە لە ناوچە شاخاوییەکانی هەوراماندا، لەسەر ئایینی زەرتوشت مابوونەوە، بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕەش کە دەنگی «ب» و دەنگی «و» جێگۆڕکێ دەکەن. بۆیە وشەی **گەور** بەرەو **گۆر** ڕۆیشت و کۆیەکەشی بوو بە**گۆران** و ئەمەش هەمیشە بەو خەڵکە دەوترا، کە لە ناوچە شاخاوییە دوورە دەستەکانی هەورامان دەژیان و بەڕواڵەت ئیسلام بوون و لە دڵ و دەرووندا، یان **کاکەیی** «پارسانی»، یان زەرتوشتی بوون و هەروەها بەزەرتوشتیەکانی دیکەی ناکوردیش. ئەم **ناو ـ زاراوەیە** بەمجۆرە بەکار دەهێنرا. تا دەوروبەری سەدەی پێنجی هیجری و یاخود تەواو ئیسلام بوونی خەڵکەکەی ناوچەکانی هەورامان و ئەوجا بەو جۆرە دینی کاکەیی و زەرتوشتی لە ناوچەکانی هەوراماندا بەرەو کزبوون و بەرەو نەمان چوون و تا هەندێ ناوچەی بچکۆلەی دیکەی لێ دەرچێ، سەرپاکی خەڵکەکە دینی ئیسلامی وەرگرت و ئیتر دووبەرەکی پەرەی سەند و **گەور** یاخود **گەوران**، کە ببوو بە**گۆران**، زۆر کورتی هێنا و خزایە ناوچەی تایبەتییەوە، کە ئەو جێگە تایبەتیانە، بەرەبەرە کران بەمەڵبەندی ئایینی **گۆران**(٤٥، ١٧-١٨).

لەم مەڵبەندەشدا، هەر سروودێ، یا هەر ئاوازێ، ئەگەر لە چوارچێوەی شیعردا بوایە و لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا، ستایشی ئایینی ئیسلامی نەکردایە، وتنی ڕەوا نەبوو، یاخود ڕێگەی لێ دەگیرا. بەتایبەتیش کە لەم مەڵبەندانەدا ئامێری مۆسیقا تەنبووریان لەگەڵ سۆزی ئایینیدا بەکارهێناوە، کە **مۆسیقا**ش لە ئایینی ئیسلامدا **حەرام** کرابوو، بۆیە بەو کارەی «گۆرانە»کانیان وتووە: **گەبرانی**، یاخود **گەورانی** و **گۆرانی** و ئەم زاراوانەش پاش بەسەربردنی تەمەنێکی درێژخایەن، سوان و وەک ئەوەی ئەمڕۆی لێهات، کە پێی دەوترێ: **گۆرانی**.

هەر لەم بوارەدا، چەندان بازرگان و گەشتوەری ئەوروپایی، کە لە سەدەکانی شازدە و هەڤدەی زاییندا، سەردانی ئێران و وڵاتانی دەوروبەری ئێرانیان کردووە. لەو گەشتنامە و بیرەوەرییانەدا، کە لە ئاکامی سەردان و سەفەرەکانیاندا، یاداشتیان کردووە، ئەوە دەسەلمێنن کە واژەی **گەبر و گاور**، دەبەنەوە سەر ڕەچەڵەکی ئایینی زەرتوشت. لەوانە:

١- گەشتوەری ئیتالیایی پیترو دالا **ڤالا** Pietro Della Valle، کە ساڵی **١٦١٦**ز- تا **١٦٢٤**ز- لە ئێران بووە. هەمیشە لە ناوهێنانی زەرتوشتیدا، بەواژەی گەبر ناویان دێنێ و دەڵێ: ئەمانە لە عەرەب «تازی» بێزارن و خۆیان بەگاور ناو دەبەن، چونکە ئەم واژەیە بەمانای کافر و بتپەرستی دێت و بەخۆیان دەڵێن: بەهدین – Behen din. (٣١، ١٣ – مقدمە).

٢- ژان پاتیست تاوەرنیە «**١٦٠٥- ١٦٩٨**ز» کە گەشتوەرێکی فەرەنساییە و لەنێوان ساڵانی **١٦٣٢**- تا **١٦٣٨**ز، نۆ جار سەردانی ئێرانی کردووە و لە بارەی زەرتوشتییەکانی شاری کرمان و دەوروبەری نووسیوە. هەمیشە پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشت، بەگەبر(Kebber) ناو دەبات. (٣١-١٣ مقدمە).

٤- شاردن – Chardin، کە چەندان ساڵی ڕۆژگاری سەفەوی لە ئێران بووە، لە سەفەری یەکەمیدا، لە ساڵی **١٦٤٤- ١٦٧٠**ز لە سەردەمی شا عەباسی دووەم و شا سلێمانی یەکەم و لە سەفەری دووەمیشیدا لە ساڵی **١٦٧١- ١٦٧٧**ز، لە ڕۆژگاری شا سلێمانی یەکەمدا، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا چەندان جار یادی زەرتوشتییەکان دەکاتەوە و دەڵێ: لە **هیند** بە زەرتوشتی دەڵێن **پارسی** و لە ئێران پێیان دەڵێن **گاور** – Gaur، کە واژەکە لە بنەچەدا عەرەبییە و بە مانای کافر دێت. (٢٢، ١٢ مقدمە).

٥- ژان ئۆتەر – Jean Otter ی گەشتوەری سوییدی کە لە زەمانی تەهماسب قولی خان «نادر شاه»دا، هاتۆتە ئێران و سەفەرنامەکەی یەکجار بایەخدار و دەگمەنە. لە ئاپریلی

١٧٣٩ز-دا، سەردانی کەنگاوەری کردووە و پێیان وتووە، کە گاوری تێدایە. باسی ئەوە دەکات کە ئاتەشکەدەی وێرانی ئەوانی دیوە و بە پاشماوەی پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشتیان لە قەڵەم دەدات. (٤، ١٧٠-١٧٨).

ئەم بەڵگانەش وەک وتمان، هەموویان ڕەچەڵەکی واژەی گۆران دەبەنەوە سەر ئایینی **زەرتوشت** و ئایینی زەرتوشتیش چونکە لە سەردەمی ساسانییەکاندا گەیشتە لوتکەی ڕێزگرتن، بۆیە ڕێی ئەوەش لەبەردەمماندا خۆش دەبێ، تا واتای سروودی یارسان، بەوە لێک بدەینەوە، کە مەبەست لە: **یار + سان**، نیاز لە یاران و دۆستان و دڵدارانی ساسانی**،** یان: یارانی سوڵتان سوهاک، واتە: سوڵتان ئیسحاق بێت؛ کە دواتر پێیان وتووە: سان بێت.

کەواتە، بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە **سروودی گاثای** «زەرتوشت»یش، پێویست دەکات ئاوڕێکی خێرا، لە مێژووی زەرتوشت و ئایینەکەی و سروودی گاثا بدرێتەوە.

زەرتوشت و ئایینەکەی

سەرەتا، دەبێ ئەوە بزانین کە مادەکان، سەر بەو شەپۆلگەلە کۆچە بەرودواییانەی ئاری نەژادن، کە لە سەدەگەلی زۆر کۆنەوە، لە مەڵبەندەکانی باکووری ئەوروپا و باشووری ڕووسیاوە، ڕووەو چەندین ناوچەی جیاجیا، کە گرنگترینیان **هیند** و **ئێران** و ئەوروپا بووە، کۆچیان کردووە. (١، ٢١)

زەمانی کۆچەکەشیان، بیروڕای جیاوازی لەسەر هەیە، کە زۆربەی زانایانی خۆرهەڵاتناس، بەلای زۆرەوە، لەنێوان (١٠٠٠ تا ٢٠٠٠) ساڵی پێش زایین دادەنێن.

ئەوانەی بۆ هیند و ئێران کۆچیان کردووە، بەخۆیان وتووە ئاریایی و لە کۆنترین پاشماوەکانیشیاندا، ناوی ئاریایی هاتووە. لە پاشماوەکانی ڕیگ ڤیدا دا، کە ئایینی کۆنی هیند بووە و لە ئاڤێستاشدا کە ئایینەکەی زەرتوشت بووە، ناوی ئاریایی هاتووە، لە هەردوو ئایینەکەشدا، مانای ناوی ئاریایی، بەواتای نەجیب و ڕەسەن و میوان نەواز هاتووە(١، ٥٠-٥١). لە ئاڤێستادا کە مەبەستی ئێمەیە، سەرزەمینی ئاریایی، بە ئاریانام ڤەیجا، یان ئاریان ڤەیجا یان ئاریان ڤاج ناوبراوە. وەک زانراوە ئاریان ڤەیچاش دامێنی زەریای خەزەری ئێستا بووە، کە دواتر بەرینتر بووەوە و بووە جێی پێکەوەنانی دەوڵەتی ماد، دەوڵەتی مادیش (٦٩١- ٥٥٠ پێش زایین)، وەک لە نووسراوگەلی ئاشووریدا هاتووە، سنوورەکەی لە دامێنی زەریاچەی ورمێوە، بەرەو خوار دەست پێدەکات بۆ سەقز و ئەکباتان «هەمەدان» و دواتریش لە نیوەی شەشەمی پێش زاییندا، ئەم سنوورە فراوانتر دەبێ و بەشێکیش لە ئەفغانستان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

بەڵام ئەو شەپۆلە کۆچەی لە نیشتمانی ماد «کوردستانی ئێستا»دا، نیشتەجێ بوون، ئەو شەپۆلە بوون، کە دواتر زەرتوشتیان تێدا هەڵکەوت و هەر ئەم شەپۆلەش لە سەردەمێکدا بۆ ماوەی چەند سەدەیەک خاوەنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەکی یەکجار فراوان بوون. بەجۆرێک کە لە هەندێ سەردەمدا، نەک هەر سەرپاکی کوردستانی ئەمڕۆ و ناوچەکانی تری ئێرانیان بەدەستەوە بووە، بەڵکو لە ڕۆژگارێکدا وڵاتی ئاشوورییەکانیش، بەنەینەوای پایتەختیشیانەوە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتیانەوە (٦١٤ پێش زایین).

سەبارەت بەوەی کە زەرتوشت لە کامە ناوچەدا هەڵکەوتووەو لە چ سەردەمێکدا ژیاوە! بیروڕای فرە جیاواز هەیە. کە هەندێ لەم بیروبۆچوونانە زانستیانەن و هەندێکی تریشیان،

گەورەیی و مەزنایەتی زەرتوشت سەراسیمەی کردوون و بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان، بەرەو حەز و خواستی خۆیانی دەبەن. کە لە ڕاستیشدا چونکە گەورەیی و بلیمەتی زەرتوشت بۆتە جێی مشتومڕ و لێدوان و لێکۆڵینەوەی دەیان و سەدان زانا و فەیلەسوفی دێرینە و ئێستا و بەردەوامی سەرتاسەری جیهان، بۆیە هێشتا بیروبۆچوونی تازەتری لێ هەڵدەگۆزرێ و تا ئێستاش هەر قسە لەسەر مێژووی ژیان و شوێنی هەڵکەوتی، نەبڕاوەتەوە.

بەڵام لەوەدا کە کاری ئێمە، ئەوە نییە بچینە ناو جەنجاڵی ئەو بیروڕایانە و بەراورد و تەتەڵە پێکردنیان، بۆیە هەر بەو بەڵگە زانستیانەوە دەگیرسێینەوە کە بەدڵنیاییەوە دەیسەلمێنن زەرتوشت لە دامێنی زەریاچەی **چێچست ـ ورمێ** و باکووری خۆرئاوای ئێراندا هەڵکەوتووە، کە کوردستانی ئێستا دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە بارتۆلە(١، ٥٠-٥١) و پرۆفیسۆر گۆڵدنەر(١، ٥٠-٥١) و خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی هەرتسفلد و جەکسۆن(١، ٥٠-٥١) و ئێرانناسی مەزنی دانیمارکی ئارتورکریستێن سن(٤٢، ٩-٦٥) و فەیلەسوفی ناسراوی ئەڵمانی فردریک نیچە(٣،٥٨) و مەسعوودی گولزاری(٤٤، ٨٠ مقدمە) و نووسەری کرماشانی عیمادەدینی دەوڵەتشاهی(٢٣، ٧) و جان ناس(١٥، ٣٠٢) و گیرشمن(٤٥، ١٧٩) و مورتەزا ڕاوندی(٢٦، ٤٨٧) و ئۆژین و ئۆبین(٣، ٧٧) و دکتۆر جیهانگیرئوشیدەری(٥، ٤٢٩) و هەروەها مێژوونووسانی عەرەبی وەک: یاقوتی حەمەوی و ئیبن خرددابە و بلاذری و چەندان زانا و نووسەری تریش، دوای توێژینەوەیەکی زۆر و هەوڵێکی زانستیانە، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە زەرتوشت لەناو هۆزەکانی **میدیا** و لە باکووری خۆرئاوای ئێران «کوردستانی ئێستا»دا هەڵکەوتووە.

باوکی زەرتوشت ناوی **پوورۆشەسپ** و دایکیشی ناوی **دوغدو** بووە. جەکسون پێی وایە باوکی **زەرتوشت** خەڵکی **ئازەربایجان** و دەوروبەری **زەریاچەی ورمی** و دایکیشی **ئازەری** بووبێ.

سەبارەت بەناوی «زەرتوشت»یش، لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەیە.

لە دووتوێی **گاثاکاندا**، بە**زەرتوشترە** هاتووە، هەندێک پێیان وایە، لەوانە: خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ زولستەر، کە **زەرتوشتر**، واتە: خاوەنی **وشتری زەرد** بووبێ(١، ٤٢). خۆرهەڵاتناسی ئینگلیزی **بویس**یش ناوی **زەرتوشتی** بەڵێخوڕ، یان جڵەوداری وشتر لێکداوەتەوە(١، ٤٣). زانای بەبنەچە ئەڵمانیایی و مامۆستای زانکۆی ئۆکسفورد ماکس مولەر، ناوی زەرتوشتی بە خاوەنی وشتری جەسوور، لێکداوەتەوە، توێژەرەوەی بەناوبانگی ئەڵمانیایی شپیگل، ناوی زەرتوشتی بەئەشکەنجەدەری وشتران مانا کردووە.

بەڵام لە مێژووی کۆنینەی یۆناندا، بە**زەرد ئاستەر** ناوبراوە. کە بڕوایان وابووە ئەم ناوەش لە **ئاستەر**، یان **ئیستار** وەرگیراوە و مانای **ئەستێرەناس** بگەیەنێ. دیوژن لرسیوس کە خۆرهەڵاتناسێکی یۆنانییە، لە زمانی «ەنیون»ەوە؛ کە کوڕەکەی لە هاوڕێیانی ئەسکەندەری مەکدۆنی و مێژوونووسیش بووە «سەدەی چوارەمی پێش زایین) دەیگێڕێتەوە، کە ناوی **زەرتوشت**، لە باری ئەدەبییەوە بەمانای **ئەستێرە پەرستە**(١، ٤٢). «هێرمودورس»یش، کە شاگردێکی ئەکادیمی ئیفلاتونە «سەدەی چوارەمی پێش زایین» هەمان بۆچوونی هەیە(١، ٤٢). ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو: پرۆفیسور کیگەر پێی وایە کە یونانییان زەرتوشتیان بەواژەیەکی لێکدراوی **زەئیرا** ناوبردووە و لەمەش مەبەستیان پێی **فەرمانڕەوایی ئەستێران** بووە(١، ٤٢). **زەرتوشت**، زێوان و خزمەتگوزاری **ئوورومازس**، یان **ئورمەزد** بووە و لە هەمان کاتیشدا زەرتوشتی بەکوڕی **ئوورومازس** ناوبردووە(١، ٤٢). پرۆفیسوری ئەڵمانیایی هوزنیگ، ناوی زەرتوشتی لە دوو وشەی لێکدراوی **زئوترا** و **ئەسترا**ی زانیوە، کە پێی وابووە **چرای کەشتی** دەگەیەنێ و لە ئاکامیشدا مانای ناوەکەی بە**خاوەنی کێڵگەی نیاز** لێکداوەتەوە. یوسنیش، کە توێژەرەوەیەکی ئەڵمانیاییە، ناوی **زەرتوشت**ی لە دوو وشەی **زەڕ** بەمانای **زەڕین** و **ئەستەری** بەمانای بەمانای **ئەستێرە** زانیوە، کە بەهەمووی **ئەستێرەی زێڕینی** گرتۆتەوە. عەرەبەکانیش پێیان وایە ناوی زەرتوشت، بریتییە لە زەر + دەشت. کە بەمانای دەسەڵاتی زێڕین دێت. هەندێ لێکۆڵەرەوەی سەر بەئایینی زەرتوشتیش، وەک ئاذەر گشنسپ و پوروالا، بەو خەیاڵەی ناوی پەیامبەرەکەیان باڵاتر ببەن، پێیان وایە کە زەرتوشت لە سەرەتادا ناوی **ئەسپیتامە** بووە و دوایی کە پەیامەکەی بۆ هاتووە، ناوی زەرتوشتی پێ بەخشراوە، چونکە **ئوشی** بەمانای سووتاندن و درەوشانەوەیە و **زەڕیش** بە مانای زێڕینە. لەوەشدا، کە **گای کێوی** لەنێوان هیند دا وشتری پێ دەڵێن و وشتریش ڕەنگی زەردە، لەمەوە ئەنجامگیریی دەکەن کە زەرت ئوشتر، بەواتای کەسێک کە ڕووخساری لەناو ڕووناکایی خودادا، ڕووناک و درەوشاوە بێ و بەواتەیەکی تر: خەرمانەیەکی زێڕین، لە دەوری ڕووخساری بێت. بەڵگەشیان لەم ناو پێ بەخشینە، ئەوەیە کە **عیسا**ش دوای ئەوەی بۆتە پەیامبەر، نازناوی «کریستوس»ی پێ بەخشراوە.(١، ٤٤)

مێژووی لە دایکبوون و سەرهەڵدان و مردنی زەرتوشتیش، تا ئێستا نادیار و نەزانراوە و لەم ڕووەشەوە هێشتا بیروبۆچوون و لێکدانەوە، نەک هەر نەبڕاوەتەوە، بەڵکو بیروبۆچوونی زۆر دژ بەیەک هەن(١، ٧٨-١١٢). بەڵام ئەوەی کە لەم ڕووەوە ئاشکرایە ئەوەیە، کە زەرتوشت، لەنێوان سەدەکانی ١٧٠٠-١٨٠٠ی پێش زایین، سەری

هەڵدابێ[١] و لە دوای تەمەنی ٢٠ساڵییەوە، کەوتۆتە بیرکردنەوە و ژیانی گۆشەگیریی و ئەشکەوت و کێونشینی و لە ئەنجامدا لە دوای ١٠ ساڵ، واتە لە تەمەنی **٣٠** ساڵیدا پەیامەکەی لەناو هۆز و ناوچەکەیدا ڕادەگەیەنێ. بەڵام بەسەختی دژی دەوەستن و بڕوای پێ ناهێنن. ناچار ڕوودەکاتە ناوچەکانی دامێنتر و لە کێوی **ئاویدەر** «ئاوشیدەرینە»ی باشووری خۆرئاوای شاری **سنەی** ئێستادا دەگیرسێتەوە. پاشان دووەمین کۆچی بۆ **باکتریا**ی لێواری **جەیحون** و ڕووەو کێوی **هوگر** و ناوچەی باخی «گوڵباخی» لای ڕۆژهەڵاتی شاری **کرماشان** دەست پێدەکات(٢٣، ١١)، کە لەم ناوچەیەدا بەئاشکرا، بانگی پەیامبەرێتی ڕادێڵێ و لەم کاتەشدا کە «گوشتاسپ»ی شای هەخامەنشی فرمانڕەوایە، بڕوای پێ دێنێ و دەچێتە سەر ئایینەکەی. لێرە بەدواوە ئیتر ئاتەشکەدە و مەڵبەندەکانی خواپەرستی دادەمەزرێنێ. ئەو ئاتەشگەدانەی لە کوردستاندا، دامەزرێنران و تا ئێستاش شوێنەواریان ماوە، ئەمانەن: ئاتەشگەدەی پاوەی هەورامان کە لەسەر بڵندترین کێوی باشووری خۆرهەڵاتی پاوەیە و ئاتەشگەدەی ناوچەی ڕێژاو و حەلوان و قەسری شیرین، ئاتەشکەدەی مەزنی «ئاذەرگشنسب»ی ناوچەی تەختی سلێمان.(٤٤، ٨١ مقدمە) و ئاتەشکەدەی **بیارەی** هەورامان و لەم دوو ساڵەی دواییشدا لە نزیک «سورداش»ی لای سلێمانی، لە جاسەنە و دیسان لە نێوان سلێمانی و کەرکوکدا، لە بناری کێوەکانی **دەربەندی بازیان**، شوێنەواری ئاتەشگەیەکی تر، دۆزراوەتەوە(٥١، ٥). هەروەها مامۆستا تەوفیق وەهبی پێی وایە، کە گوندی **زەرگەتە**ی باکووری خۆرئاوای شاری سلێمانی، لە بنەڕەتدا شوێنی ئازەرگەدە **ئاتەشگەتە**یەک بووە. دیسانیش لە ناوەڕاستی ساڵی **١٩٩٥** ئاتەشگەدە و پەرستگەیەکی زەرتوشت، لە دهۆک دۆزراوەتەوە. هەروەها ئاتەشگەدەی **دەرەشەهر**، لە ئیلام.

لەناو ئەم چەند ئاتەشگەدەیەدا، ئاتەشگدەی بەناوبانگی «ئاذەرگشنسب»ی پەرستگەی شاری **شیز**، کە لە نزیک کەلاوەکانی ئێستای تەختی سلێمانە و دەکەوێتە **٤٩** کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی شاری «تیکاب»ی ناوچەی هەوشار، کۆنترین و گەورەترین و پیرۆزترین ئاتەشگەدەکانی زەرتوشتە و شاهەکانی ساسانی، لە بۆنەکانی سەرکەوتن و تاج لەسەرناندا، بەنیازی سوپاس و دوعا کردن، دەبوایە لە **تیسفۆنی** پایتەختەکەیانەوە، کە کەوتۆتە **٣٢** کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی **بەغدا**ی ئێستاوە، بەپێی پیادە زیارەتی ئەم ئاتەشکەدەیە بکەن و هەر لەمیشەوە دەستەچیلەی ئاگر، بۆ ئاتەشگەدەکانی تر براوە.

(١) زەبیح بیهرۆز، کە لە زانستی ئەستێرەناسی و بیرکارییدا شارەزایی زۆری هەیە، دوای لێکۆڵینەوە و ڕەنجێکی زۆر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە زەرتوشت ساڵی ١٧٦٨ پێش زایین، هاتۆتە دنیا. بەڵام دیسان هەر ئەم ئەنجامەش جێی قسە و باسە. بۆ زیاتر زانیاریی بنواڕە: (٥، ٣٣، ٣٤).



ئاتەشگەی سەر كێوە بەرزەكانی خۆرهەڵاتی باشووری «پاوە»

دەروازەی دەرەوەی ئاتەشگەی بەناوبانگی: ئاذەرگشنسب – لە:
تەختی سولەیمان نزیک شاری – تیکاب–ی ناوچەی هەوشار

وەک یاقوتی حەمەوی لە زمانی مسعر بن المهلهل «نیوەی سەدەی چوارەمی كۆچی»ی گەشتوەرەوە دەیگێڕێتەوە، گوایە لەو كاتەدا كە مسعر سەردانی ئەم ئاتەشگەدەیەی كردووە، تەمەنی ئاتەشكەدەكە ٧٠٠ ساڵ بووە و ناوبراو، وەسفێكی زۆر سەرسوڕهێنەری ئەم ئاتەشگەدەیەی كردووە. (٥، ٧٤)

گرنگیی و مەزنایەتی ئەم ئاتەشگەدەیە، وای لە دكتۆر جهانگیر ئوشیدەری كردووە، كە بەدڵنیاییەوە بڵێت ئەم مەڵبەندەی ئەم ئاتەشگەدەیەی تیا دروستكراوە، زێدی زەرتوشتە[1] و بۆ زیاتر دڵنیا بوونیش بەڵگەی ئەو پەرستگەیەی بە نموونە هێناوەتەوە، كە هەر لە نزیک ئەم ناوچەیە هەیە و دەڵێن گڵكۆی زەرتوشتە. پەرستگەكەش لە گوندی **ئەنبی**یە، كە دەكەوێتە ١٤/٥ كیلۆمەتری باكووری خۆرئاوای گوندی **سیلوانە**ی ناوچەی **تەرگەوەڕ**ی سەر بەپارێزگەی **ورمێ**وە. (٥، ٣١)



ئاتەشگەی گونبەد كەلایی، لە «ڕێژاو»
ناوچەی سەرپێڵی زەهاو ـ كرماشان

(١) تا ئێستاش گوندێكی گەورەی كوردنشین لە ناوچەی (دزە: دژە)ی ناوجەرگەی مەرگەوەڕ- دایە، بەناوی «پوروشەسپ»ی باوكی زەرتوشت و خۆم چەند جارێک سەردان و دیدەنیم كردووە.

دیسان هەر دکتۆر جهانگیر ئوشیدەری بۆ زیاتر نموونەی پشتیوانی زۆرتر کردن لەم بۆچوونەی خۆی، قسەیەکی ڕۆژهەڵاتناس جەکسون بەیاد دێنێتەوە، کە لە زمانی شپیگڵی گەشتوەرەوە: دەڵێ هەر لەم ناوچەیە و ڕوونتر لە کێوی **بزوداغی** «کێوی گوساڵە»، کە دەکەوێتە باکووری شاری **مەراغەوە**، خەڵکی ناوچەکە ئاماژە بۆ ئەشکەوتێک دەکەن، کە گوایە زەرتوشت لەوێدا ژیاوە. هەر جەکسونیش دەڵێت: لە نزیک کێوی **سەهەندی** نزیک مەراغە، ئەشکەوتێکی بەردین هەیە، کە گوایە جێی خوێندنەوەی زەرتوشت بووە.(٥، ٣١)

ئاتەشگەی: گومەی مەلیک لە «ڕێژاو»



یەکێک لە دوو «ئاتەشدان»ەکەی ژوور قەڵبەزی ڕێژاوی سەروو



ئاتەشگەی: سەراب لە سەرپێڵی زەهاو ـ کرماشان

ئاتەشگەی بناری کێوەکانی «بازیان»ی نێوان سلێمانی و کەرکووک
ساڵی ١٩٩١ز ـ لەلایەن مامۆستا ـ «عەبدولڕەقیب یوسف»ەوە دۆزرایەوە



ئاتەشگەی دەرەشەهر ـ ئیلام



میحرابی «زەرتوشت»ی لە تەنیشتی خۆرهەڵاتی دەربەندی «قەمچونە ـ سەرتەنگ»ی لای
سورداش ـ پارێزگاری سلێمانی

ئاڤێستا و پەیامی زەرتوشت

ئاڤێستا، ناوی **کتێب** و پەیامە ئایینییەکەی **«زەرتوشت»**ە، کە زەمانی نووسینی ئەم کتێبە، ئەگەرچی بەتەواوی نەزانراوە، بەڵام بە لای کەمەوە (١٠) سەدەی پێش زایینیە (١٨، ٣). زانایانی وەک گۆڵدنەر و ئەندەرئاس پێیان وایە کە واژەی ئاڤێستا، لە ئاڤێستاکەوە وەرگیرابێ و ئاڤێستاکیش مانای بناغە و بنەڕەتە.

ئەوەی کە ئێستا بەناوی ئاڤێستاوە ماوەتەوە، ئەو ئاڤێستا تەواوە نییە، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا بووە. بەڵکو زۆربەی لە ململانێی سەختی ڕۆژگار و لەنێوان دوژمنانیدا لەناوچووە. وەک لە نووسراوی ئایینی زەرتوشتیدا باسکراوە، ئاڤێستا لە کاتی خۆیدا بەخەتی زێڕین و لەسەر ١٢ هەزار پێستەی خۆشکراوی **گا** نووسراوەتەوە. ئاڤێستا، لە یەک زەمان و بە دەستی یەک کەس نەنووسراوەتەوە(٢١، ٤).

لە سەردەمی دارای کوڕی داریۆشی سێیەمدا فرماندراوە، کە ٢ دانە **ئاڤێستا** بەتەفسیری زەندەوە بنووسرێتەرە، بۆ ئەوەی یەکێکیان لە گەنجینە و کتێبخانەی دەوڵەتیدا لە **پەرسەپولیس** «تەختی جەمشید» و ئەوی تریان لە کتێبخانەی ئەرشیفی میللیدا بپارێزرێن. بەڵام لە دوای هێرشی ئەسکەندەری مەکدونی بۆ سەر ئێران (٣٣٤ پێش زایین) ئەسکەندەر فرمانی دەرکرد، هەرچی ئاڤێستا هەیە کۆبکرێتەوە و سەرلەبەری بسووتێنری. جگە لە هەندێ بەشی، کە بریتی بوون لە زانستی ئەستێرەناسی و پزیشکی، کە لەگەڵ خۆیدا بردنی. ئیتر بەم بۆنەیەوە ئاڤیستای نووسراویش سەرپاکی لەناوچوو. لەم بارەیەوە مەسعوودی (؟- ٩٥٧ز) مێژوونووسی سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی، کە خۆی لەو کتێبەیدا، کە بەناوی التنبیه والاشراف نووسیوێتی و گەلێ زانیاری دەربارەی زەرتوشت و ئاڤێستا و ئایینی **دەبیرە** تێدایە، دەڵێ: بەهەزاران نوسخەی ئاڤێستا، لە لایەن «هێلینی»یەکانەوە لەناوچوون و سووتێنران (٧٧، ٨٠-٨١). بەمجۆرە کە دەسەڵاتی هێلینیەکان بەسەر ئێراندا ماوەی (٣٠٠) ساڵی خایاند، ئایینی زەرتوشتیش بێدەنگی و ساردبوونەوەیەکی درێژ و سەختی بەسەردا هات، چونکە هێلینیە داگیرکارەکان، بەرقێکی سەختەوە کەوتنە قەڵاچۆی هەموو سیمایەکی ئایینی زەرتوشت و پیر و ماگای زەرتوشتی. بەدرێژایی فەرمانڕەوایی هێلینیەکان، لەژێر ئەشکەنجە و ئازارو ڕاونان و شار بەدەرکردن و کوشتن و بڕیندا بوون. بەڵام دوای دەرکردنی هێلینیەکان بۆ

دەرەوەی ئێران (٧٧-٢٥ پێش زایین) «وڵخش»ی پاشای **ئەشکانی**، فرمانی دەرکرد بەیاننامەیەک بەسەرتاسەری وڵاتدا بڵاوبکرێتەوە و تیایدا ڕابگەیەنرێ کە هەرچی ئاڤێستا و زەند ئاڤێستا ماون و جێی متمانەن، کۆبکرێنەوە.

دوای ئەمیش، دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی: ئەردەشێری پاپەک (٢٢٦-٢٢٧زایین) بەڕاوێژی **تەنسەری** پیری پیران، فرمانی دەرکرد کە سەرپاکی ئاڤێستای پەرتوبڵاو لە بارەگای دەربار کۆبکرێتەوە. تەنسەریش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، هەموو **موبەد** و پێشەوایانی ئایینی بۆ پایتەخت بانگهێشتن کرد و کارەکەیان بەرێکوپێکی گرتە ئەستۆ(١، ١١٧-١١٨). پاشان شاپووری یەکەم – ی جێنشینی ئەردەشێر، ئەم کارەی ئەنجامدا و ئەم نوسخەیەش دواتر بەر هێرشی هاتنی ئایینی ئیسلام کەوت (٢٧٤-٢٤٢ز)... ئیتر هەمدیسانەوە **ئاڤێستا** کەوتەوە بەر هێرشی هاتنی ئایینی ئیسلام و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسلام (٦٣٢-٦٥٦ زایین). کە سەرلەنوێ بوو بەهۆی لەناوچوونەوەی پاشماوەکانی ئاڤێستا و قەدەغە بوونەوەی ئایینی زەرتوشتی، لەبەرئەمە ئاڤێستا سەرلەنوێ کەوتەوە ناو سنگی پیرانی ئایینیەوە، کە ئەوانیش پەیتا پەیتا، لێرە و لەوێ، ڕاودەنران و لەناودەبران. ئەوانەشیان کە لەو جۆرە ڕاونانە دەرباز ببوون، مەگەر زۆر بە نهێنی و لە ناوچە دوورە و پەرێز و شاخاوییە سەختەکاندا خۆیان گرتبێتەوە و تیایدا خۆیان حەشار دابێ، زۆربەی زۆری پیرە ئایینیە ڕاونراوەکان لە چەم و دۆڵەکانی «هەورامان»ی تەختدا، ناویان هەیە و یەکێکیش لەو پیرە بەناوبانگانە **پیرشالیاری یەکەم**، یان پیر شەهریاری زەرتوشتییە، کە خاوەنی کتێبی ئایینی و فەلسەفەی ئایینی **ماریفەت پیرشالیاری**یە(١٠٧، ١٩).

لە دوای سەقامگیر بوونی ئایینی ئیسلام، مەئمونی خەلیفەی عەباسی، **موبەد**ێکی بەناوی **ئاتەر فەرنبەگ** ڕاسپارد، کە سەرلەنوێ بەشەکانی ئاڤێستا کۆبکاتەوە (٨٣٣-٨١٣ز). لەم سەردەمەدا، کۆمەڵێکیان بەزمانی پەهلەوی و بەناوی **دینکەرد**ەوە ڕێکخستەوە. ڕێکخستنەوەی **دینکەرد**، لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینیدا دەستی پێکرد و لە کۆتایی هەمان سەدەدا تەواوکرا.

ئاڤێستای ڕۆژگاری ساسانی بریتی بووە لە (٣٥٤٥٧٠٠) واژە و لێکدانەوەی زەندەکەشی (٢٠٩٤٢٠٠) واژە بوو. بەڵام ئەوەی ئێستا ماوەتەوە، بریتییە لە (٨٣٠٠٠) واژە(٢١، ٣).

ئەو زمانەی ئاڤێستای پی نووسراوەتەوە و بەهۆی ئاڤێستاوە ناوبانگی دەرکردووە،

یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی ئێران، کە سەردەمی گەشە و برەوی نازانرێ(٢١، ٥). بەڵام خەتی ئاڤێستا، یەکێکە لە تەواوترین خەتەکانی جیهان، کە بەئایینی **دەبیرە**، یان بە**ئایینی دەبیرەیی** دەناسرێ و لەگەڵ زمانە کۆنەکانی **ئاریایی**، وەک **سەنسکریت** و **پارسی کۆن**دا نزیکایەتی و تێکەڵاویی هەیە و گەلێ واژەی هەریەکە لەو زمانانە، لە یەکتریدا هەن، بەتایبەتی لەگەڵ زمانی کوردی ئەمڕۆدا خزمایەتی و نزیکایەتی زۆرترە، چونکە بەدەیان واژەی زمانی کوردی، هاوواتا لەگەڵ زمانی ئاڤێستادا هەن.

بناغە و بنەمای ئایین، لە ئاڤێستادا، بڕوا هێنانە بە تاک و تەنیایی خوا «ئاهورامەزدا»، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە، گەورەترین ڕووداوی مێژوویی بووە لە جیهاندا و بۆ یەکەمین جاریش زەرتوشت هێناویەتە کایەوە، کە ئەو تاقە خوایەش **ئاهورامەزدا**؛ خوای تەنیا نەتەوەیەک و خێڵێک و میللەتێک و کەسێک نییە. لە پەرستگەیەک و جێگەیەکی تایبەتیدا نییە و خوای سەرتاسەری جیهانە و جێگەی نییە و لە هەموو جێگەیەکیشدایە. چونکە پەروەردگاری هەموو جیهان و هەموو گەردوونە(٢١، ١٩).

ئەمە لە کاتێکا، کە لەو سەردەمەدا لە هیچ جێگەیەکی دنیادا، ئەمجۆرە بڕوایە پەیدا نەبووە. لە هیچ لایەکیشدا بڕوای پێ نەهێنرابوو، تەنانەت وەک خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانیایی مارتین هاوگ دەڵێت: «ئایینی زەرتوشت، تاقانە ئایینیکە، کە بە پلە، لە یەکتاپەرستی «عیبرانی»ش پاڵاوتەترە»(١، ١٣). کەچی **زەرتوشت** بڕوای خۆی بە یەکتاپەرستی ڕاگەیاند، لە یەکتاپەرستیشدا **مەزدای** کرد بە نازناوی **خوا**، کە **مەزدا**ش لە دوو واژەی «مەز + دا» پێکهاتووە و بە جیاجیاش **مەز**، بە مانای **مەزن** و، **داش**، بە مانای **دانا** دێن، کە بە هەر دووکیان مانای **دانای مەزن** دەبەخشن و نیازیش لە کاکڵەی ئایینەکە، **مەزدا پەرستی**یە، بە واتا: **پەرستنی دانای مەزن**[1] لە سەرتاسەری پەیامی **ئاهورا مەزدا**شدا، هەمیشە ڕووی دەمی لە هەموو کەسێکە و مەبەستی لە جێگەیەک و دەستەیەک و سەردەمێکی تایبەتی نییە، تەنانەت ڕووی دەمی ناکاتە نیشتمانەکەی گوشتاسپ – ی شای هەخامەنشیش، کە داڵدەدەر و زەمینگەی چالاکی و ڕاگەیاندنی پەیامەکەی بووە. بەڵکو ڕوو لە هەموو ئەوانە دەکات کە بە: **وتەی چاک، بیری چاک، کرداری چاک** خواوەند

(١) لە جێی خۆیدایەتی، لێرەدا لە دەرفەتی لێکدانەوەی مانای جووتە واژەی لێکدراوی مەز + دا- دا، کە هەموو لێکۆڵەرەوە و زمنناسانی جیهان بە گشتی و فارس بە تایبەتی، لەسەر ئەوە هاو بیرن کە مەز بەمانای گەورە و مەزن دێت، کەچی خۆشبەختانە، کاتێ بە پەرۆشەوە سۆراخی واژەی مەزنم لە هەموو فەرهەنگە فارسیەکاندا کرد، بەرچاوم نەکەوت! لە کاتێکدا ئەم واژەیە تا ئێستاش لەناو زمانی کوردیدا، هەروەک خۆی لێکداوەتەوە!؟ کە خودی واژەی مەزن وەک وترا لە زمانی فارسیدا نییە!.

دڵشاد دەکەن و لە هەمان کاتیشدا لێی نزیکتر دەبنەوە و هەر لە ڕێگەی ئەو سێ ڕەوشتەشەوە، مرۆڤ دەتوانێ دەستی بگاتە بەختەوەریی و پاداشی چاکی و پاکی خۆی وەربگرێ، نەک بە قوربانی سەربڕین و بەرتیل و دیاری و نوێژی ڕواڵەتیی و سەرزارەکی. تەنانەت زەرتوشت خۆی وەک مرۆڤێک، کاتێ لەگەڵ ئاهورامەزداشدا دەدوێ، بە شکۆ و نەفس بەرزی و بڕوا بەخۆکردنێکی باڵاوە، دەدوێ، نەک وەک مرۆڤێکی دەستە پارچە و کەم و سووک و بێ بڕواو تێشکاوییەوە، بەڵکو وەک ئاخاوتنی هاوڕێیەک لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر نزیک و جگەرسۆز و بە تەنگەوە هاتووی خۆیدا.(١، ٢٧٤)، کە بڕوایان بە یەکتر هەبێ و گوێ لە ڕاز و خواست و نهێنی یەکتر بگرن.

کەواتە **مەزدا پەرستی**، مانای سوپاسی مەزنایەتی خوایە، کە دانای مەزن و پەروەردگاری هەموو هەستەکانی لەش و گیانی مرۆڤە، لەمەشدا بۆ یەکەمجار، هەموو خوایەکانی پێشووی خۆی، کە بریتی بوون لە: **میترا، ورتراگن، بەهرام، ئەناهیتا، واردنە**؛ ڕەتکردنەوە و بە جۆرێک بێزی لێ کردنەوە، کە ناوی **دێو**ی لە هەموویان نا، یان بە هەموویانی وت: ئەهریمەن، کە بە مانای **تاریکی** و **شەڕ** دێت.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت وەک هەندێ وای تێگەیشتوون گوایە ئایینی **زەرتوشت** بریتییە لە شەڕی نێوان دوو هێزی ئاهورامەزدا و **ئەهریمەن**، یان ڕووناکیی و تاریکیی، یان شەڕی نێوان خێر و شەڕ. بەڵکو بە گوێرەی ئایینی زەرتوشت، دوو جۆرە هەست، یان دوو جۆرە **ڕۆح** لە مرۆڤدا هەن، کە بریتیین لە **ئەسپینتامینیو** واتە: ڕۆحی خێر و **ئەنگرەمینیو**، واتە: ڕۆحی شەڕ، ئیتر مرۆڤ لە ململانێی نێوان ئەم دوو هێزەدا، یەکێکیان هەڵدەبژێرێ کە ئەم دیدە دوولایەنەش باری ئەخلاقیە، بەرامبەر چاکە و خراپە، نەک دیدی دوولایەنە بۆ «ئاهورامەزدا»(٣٥، ٢). چونکە بڕوای پتەوی **زەرتوشت**، هەر بە **ئاهورامەزدا**یە، کە لەناو بڕوا هێنان بەو تاکە خوایەدا، ئاستی هۆش و بیرکردنەوەی مرۆڤ، لە دەسەڵاتی داهێنەرانەی کردگار، بیگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی مرۆڤیش لە بەرامبەر مەزنایەتی و گەورەیی و ئەو هەموو بەخشینەی ئاهورامەزدادا، ئاکار و کرداری جوان و چاک و پاک بنوێنێ و گەیشتنیش بەم ئاکامە، نزیک بوونەوەیە لە ئاهورامەزدا و دوورکەوتنەوەیە لە خراپە و درۆ.

لەمەش سەیرتر، ئەوەیە زەرتوشت ئازادیی بێ سنووری داوە بەمرۆڤ خۆی، کە خۆی هەڵوێست لە چاکە، یان لە خراپە وەربگرێ. چونکە وەک **مۆلتۆن** دەڵێت: زەرتوشت پێی وایە کە **خوا** و **حەقیقەت** یەکێکن(١٢٣،١) و ئەم حەقیقەتەش زووبێت، یان درەنگ، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئاکامەی، کاتێ لەگەڵ هەر دوو گەوهەری چاکە و خراپەدا،

ڕووبەروو ببێتەوە، بتوانێ لەنێوان هەردووکیاندا، یەکێکیان: **حەقیقەت** هەڵبژێرێ(١، ١٤٧). چونکە بەپێی ئاڤێستا، خوا، مرۆڤی بەجۆرێک دروستکردووە، کە هەست و هۆشی داوەتێ و توانای جیاکردنەوە و هەڵبژاردن و سەرپشک و دەستنیشان کردنی چارەنووسی خۆی پێ بەخشیوە.

لەبەرئەمە هەموو جوانیی، هەموو مەزنایەتی، هەموو حەقیقەت، هەر لە ئاهورامەزدا دایە و ئەو لێکدانەوانەی تر، کە لەسەر هەڵوێستی دوو لایەنەی **خێر** و **شەڕی زەرتوشت** نووسراون، نائاگان لە بنەڕەتی ئایینی زەرتوشت و ئەو جۆرە بیروڕایانە، ئەو جۆرە کەسانە دەیڵێن کە پشتیان بەو ئاڤێستایانە بەستووە، کە دوای زەرتوشت نووسراونەتەوە و شێوێنراون. چونکە بە گوێرەی ئەو نووسراوانەی **مانی** (سەدەی سێیەمی زایین)، کە لە ساڵی (١٩٣٠ز) لە **میسر** بەردەست کەوتوون، وای نیشان دەدەن کە زەرتوشت لە سەردەمی خۆیدا، بیروباوەڕی خۆی بە قوتابیەکانی لەبەر کردووە، واتە هەتا زەرتوشت، خۆی لە ژیاندا بووە، ئاڤێستا نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لە سنگدا پارێزراوە. کەواتە دواتر، دوای مردنی زەرتوشت، ئاڤێستا نووسراوەتەوە(١، ١١٥). لەبەرئەمە، لای زەرتوشت، جگە لە ئاهورامەزدا، هیچ هێزێک و خوایەکی تر نییە.

وتەی چاک و بیری چاک و کرداری چاک - یش لە بانگەوازی زەرتوشتدا، کە ناوەڕۆکی بیری زەرتوشتە و لە سەرومڕی ئاڤێستادا، بە قووڵیی باسیان لێ دەکرێت، بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆیدا، بە **وتەی چاک** لەگەڵ هاوڕێ و هاوسێ و هاونیشتمانانیدا بدوێ و بۆ پێکەوەنانی خێزان و بەختەوەری و ئازادی و پێشخستنی کۆمەڵ و نیشتمانیش: **بیری چاک** بکاتەوە و بە **کرداری چاک** - یش، خەریکی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنان و ئاژەڵداریی و پێکەوەنانی ژیار و شارستانێتی و دروستکردنی لادێ و شار و دەست هەڵگرتن بێ لە ژیانی کۆچەرێتی و ڕێگری و یەکتر کوشتن و دزی و درۆ. کە لە ئاکامدا، بە پەیڕەوی کردنی ئەم سێ دروشمە، مرۆڤ دەگاتە نەمریی، یان نزیک بوونەوە لە ئاهورامەزدا.

لە پیادەکردنی ئەم سێ دروشمەش لە ڕووخساری دەرەوەی مرۆڤدا، پێچانەوەی جۆری ئەو پشتێنەی پشتە، کە لە وێنە هەڵکۆڵراوەکانی **تەختی جەمشید** و زۆر جێی تریشدا بەرچاو دەکەون و بریتییە لە دروستکردن و هێشتنەوەی «سێ قەف»ی لەسەر یەکی پشتێنەکە، لە دیوی پیشەوەدا[1]، کە ئەم نەریتە تا ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی

(١) لە بنەچەدا ئەم پشتێنە، بەپێی بەندەکانی (١٣ و ١٤)ی (تیر-یەشت) ناوی (کوشتی)یە (٣) جار بە دەوری پشتدا دەبەسترێت(٥، ٥١).

کوردستان و بە تایبەتیش لە باکووردا، پەیڕەو دەکرێ. جۆری بەستنەوەی ئەمجۆرە پشتێنە لە موکریان پێی دەڵێن: **گۆزان گرێ**[2].

هۆی مانەوەی نەریتەکەش تا ئێستا، ئەوەیە: وەک لە سەفەرنامەکەی شاعیر و گەشتوەری ناسراوی ئێرانی ناسر خەسرەو (١٠٠٣- ١٠٨٨ز)دا دەردەکەوێ، تا سەدەی پێنجەمی هیجریش، ئایینی زەرتوشتی، لەم بەشەی کوردستاندا پەیڕەوکراوە(٥٣، ١٠-١١). جگە لە ناوچەی هەورامان کە زۆر درەنگتر دەسەڵاتی ئیسلامی گەیوەتێ.

ئاڤێستا لە بنەڕەتدا بریتییەلە ٢١ نەسەک «کتێب»، کە هەریەکە لەم کتێبانە، ناوی تایبەتی خۆیان هەبووە. لە سەردەمی ساسانیشدا دووبارە بە هەمان شێوەی کۆن، کرایەوە بە ٢١ نەسەک، کە ئەم ٢١ نەسەکەش بریتین لە:

١- ئەو نەسەکانەی ناویان «گاسانێک»ە، تایبەتن بە ئاگاداری لە کاروباری ئەو دنیا.

٢- ئەو نەسەکانەی ناویان «داتیک»ە، تایبەتن بە ئاگاداری لە کاروباری ئەم دنیا.

٣- ئەو نەسەکانەی ناویان «هایلەی مانسریک»ە، تایبەتن بە ئاگاداری بوون لە کاروباری هەردوو دنیا(٢١، ٤).

بەڵام ئاڤێستای ئێستا، بریتییە لە ٦ بەش **کتێب** «نەسەک»:

١- گاثا. ٢- یەسنا. ٣- یەشتا. ٤- ئاڤێستای بچووک. ٥- ڤایسپەرد. ٦- ڤەندیداد(*).

لەم ٦ بەشەشدا **یەسنا** گرنگترین بەشی **ئاڤێستا**یە و بریتییە لە ٧٢ بەش، یان **هات**، یان **سورە**.

یەسناش بە مانای پەرستن و نواندن و نوێژ و جەژن و شادی، کە بە هەمووی دەبێتە **ئاهەنگی پەرستن**، یان **ئاهەنگ** و **جەژنی نوێژکردن**.

واژەی **یەسنا**، لە فەرهەنگ و ئەدەبی نووسراوی کوردیدا، زۆر کەم بەرچاو دەکەوێ و ئەوەی سنگا و سنگ دەربارەی ئەم واژەیە، لە فۆلکلۆری گۆرانی کوردیدا پارێزراوبێ و بەسەر زارانەوە مابێتەوە، گۆرانییەکی میللی ناوچەی **شارەزوور** و **هەورامانە**، کە لە یەسنا دەپارێتەوە و داوا دەکات دڵدارەکەی بۆ بپارێزێ. سەر بەندی گۆرانییەکەش ئەمەیە:

(٢) نموونەی تری کەلەپووری زەرتوشت لە کوردستاندا،هێشتا لە گوندەکانی: کڵاشی هەوش، کڵاشی باخان، کڵاشی لۆلمی خۆرئاوای کێوی کۆساڵانی ناوچەی جوانڕۆ، گۆشتی گا و مانگا ناخۆن، کە لای زەرتوشت موقەدەس بوون.

* بێتەوە یادمان کە کتێبەکانی ئەهلی هەقیش بریتیین لە ٦ کتێب.

هەر یەسن... یەسن... یەسن

شـێـخـەکـان بیـپـارێزن

ئەو ٧٢ بەشەی **یەسناش**، هەموویان لە سوپاس و ستایشی خوا «ئاهورامەزدا» و مرۆڤ و سروشتدان. لەناو ئەم ٧٢ بەشەی یەسناشدا، ١٧ بەشیان لە باری زمان و دەربڕین و شێوەی داڕشتن و مەبەست و تەکنیکی شیعر و تایبەتمەندی تریەوە، لە بەشەکانی **یەسنا** و تێکڕای بەشەکانی تری **ئاڤێستا** جیاوازترن. ئەم جیاوازییەش لە خودی ئایەتگەلی ئاڤێستادا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە هەموو ئاڤێستاناسان و زانایان، ئەم ١٧ بەشەی یەسنا، تایبەت بە خودی زەرتوشت دەزانن و بەم ١٧ بەشەی دەڵێن: **سروودی گاثا**، کە مەبەستی ئێمەش، ئەم ١٧ سروودەی خودی زەرتوشتە.

ئەم ١٧ سروودەش کە لە دوو توێی **یەسنادان**، بریتین لە بەشەکانی:

١- سروودی ژمارە: ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤ لەگەڵ بەشێکی جیاواز بەناوی **ئاهنەڤەد**، یان **ئاهنوڤەیتی**.

٢- سروودی ژمارە: ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، کە پێیان دەوترێ **ئەشتەدڤەد**، یان **ئەشتەڤەیتی**.

٣- سروودی ژمارە: ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، بەناوی **سپەنتمەد**، یان **سپنتامینیو**.

٤- سروودی ژمارە: ٥١، کە بریتییە لە تێکڕای یەک فەسڵ و ناوی **ڤەهو خشتەری** لێ نراوە.

٥- سروودی ژمارە: ٥٣، کە بریتییە لە تێکرای یەک فەسڵ و ناوی **ڤەهشتوایشتی**یە.

تێکڕای ئەم ١٧ سروودەش، بە شیعر نووسراون. هەر چەندە لە نامەی ئایینی **برهمنان** و «بودایی»شدا، وا باسکراوە کە بە پەخشان نووسراون(١، ٨١). بەڵام وەک لە قورئان: **سورەتی یاسین** دا، هاتووە هاتووە بە شیعر نووسراون.

لە جێی خۆیدایەتی، لە بواری ناوهێنانی قورئانی پیرۆزیشدا بڵێین: هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە کە جۆری خوێندنی قورئان و موناجاتیش شێوەیەکە لە چاولێکەریی و لاسایی هەمان ئاوازی بەسۆز و دڵنشینی سروودگەلی گاثای زەرتوشتی(١٩، ١٣٥). وەزنی شیعرەکانی ئەم سروودانە، لەوەزنی عەرووز جیاوازترن، چونکە مێژووی ئەم سروودانە زۆر لە پێش مێژووی عەرووزدان. وەزنی ئەم سروودانە، بەمجۆرەن:

١- سروودەکانی بەشی یەکەم، واتە **ئاهنەوەد**، یان **ئاهونەڤەیتی** ١٦ بڕگەیین و بڕگەکانیان بەمجۆرەیە: «٧+٩».

٢- سروودەکانی بەشی دووەم، واتە **ئەشتەدڤەد**، یان **ئەشتەدڤەیتی**، ئەمانە ١١ بڕگەیین و بەمجۆرەیە: «٤+٧».

٣- سروودەکانی بەشی سێیەم: واتە **سپەنتمەد**، یان **سپنتامینیو**، ئەمانیش ١١ بڕگەیین: «٧+٤».

٤- سروودەکانی بەشی چوارم: واتە **ڤەهو خشتەر**، ئەمانە ١٤ بڕگەیین و بڕگەکانیشیان لە «٧+٧» پێکهاتووە.

٥- سروودەکانی بەشی پێنجەم: واتە **ڤەهیشتوایشتی**، کە شیعرەکانی ئەم بەشە، دوو جۆرن، یەکەمیان ١٩ بڕگەیین «٧+٧+٥»، دووەمیشیان ١٢ بڕگەیین «٧+٥».

سروودی گاثا و مۆسیقای کوردی

زەرتوشت سرروودی یەکتاپەرستی دەخوێنێ و
ئێمەش کە خۆمان شاعیر و سروود سازین،
بەبێئەوەی دەسەڵات لە دەست خۆماندا بێت،
ڕووە و ئاوازی ئاسمانیی خۆی، جڵەوکێش دەکات
رابیندرانات تاگور

گاثا، یان **گاتا**، وشەیەکی ئاوێستاییەیە کە لە پەهلەوی دا، بۆتە **گاس** و لە فارسیشدا ڕەنگە هەمان ئەو **«گاه»**ەی ئێستا بێت کە لە **مۆسیقا**دا، بە شێوەی لێکدراوی وەک: **دوگاه، سێ گاه، چوار گاه** و **پێنج گاه** بەکار دەبرێت. لە ئایینی «زەرتوشت» یشدا، **پێنج گاه**، بەو **پێنج «عیبادەت»ە** دەوترێ کە **زەرتوشت** دیاری کردووە(٤٠، ٢٥) لە «سانسکریت» یشدا، بەمانای بە **ئاوازەوە وتن و خوێندن** دێت. لە کتێبگەلی «بودایی» یشدا، بەو چامە و مەنزوومانە دەوترێت کە پەخشان ئامێز بن(٤٠، ٢٥).

گات، یان **گاثا**، بە مانای **سروودە** و لە کاتی ئەنجامدانی ڕێورەسمی ئایینیدا دەخوێندرێ. سروود خوێندنیش، زۆرتر ئەگەر بە شیعر بێت، لەبارترە، وەک لەوەی بە پەخشان بێت، بۆیە **گاتا** کۆنترین گۆرانیگەلێکن کە لە چاخەدێرینەکانەوە بۆمان ماونەتەوە، نەک هەر لە باری شیعرەوە، بەڵکو لەباری مۆسیقاییشەوە، بایەخێکی گەورەی هەیە(٤٠، ٥). هێرۆدۆت سەبارەت چۆنێتی ستایش و سوپاسی ئێرانییانی دێرینە، دەڵێت: «موغەکان، لە کاتی نوێژ و سوپاسی یەزداندا، ئاوازیان دەژەند و گۆرانییان دەوت».

لە ئایینی زەرتوشتدا، هەموو پەرستێک، بە هاوکاری **ئاوازە**وە ئەنجامدراوە. لە **ڤەندیداد** دا فەرگەردی سێیەم، بەندی یەکەمین، ئاوا هاتووە:

ئەی دروستکاری موبارەکی جیهانی مادی، خۆشترین جێگەی سەرزەمین، کۆییە؟ ئەهورامەزدا، وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: ئەی زەرتوشت، خۆشترین جێگەی سەرزەمین ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤی دەست و داوێن پاک، داری سووتەمەنی و چڵەدار هەنار «بەرسم

مقدّس»[1] و شیر و هاوەن و دەسکەهاوەنی[2] لەبەر دەستدایە و بە دەنگی بڵند، ئاوازی ئایینی دڵنشین دەچڕێ و سوپاس و ستایشی «میترا» خوای دەشت و چیمەن و «راما هیاسترا»[*] دەکات(٤٠، ٥).

خوالێخۆشبوو دکتۆر ئیبراهیم پورداوود، لە بەرگی یەکەمی **یەشتادا** و لەو کتێبەدا کە تایبەتە بە **ناهید**ەوە، لەپاڵ ڕوونکردنەوەیەکدا، کە دەربارەی ڕێزلێنانی ئێرانییانی دێرینە، بۆ ئاواز، لە زمانی «ئیسترابون»ی جوگرافیزانی یۆنانەوە، دەیگێڕێتەوە کە پەیڕەوانی ئایینی **زەرتوشت**، لە کاتی قوربانیکردندا، بە درێژایی ماوەی ئەنجامدانی قوربانیکردنەکە، ئاڤێستایان بە ئاوازەوە خوێندۆتەوە(٤٠، ٥).

لە **ئاڤێستادا**، چەندان جار پێسپێریی دەکات، کە دەبێ **گاتا**کان بە **ئاوازە**وە بخوێندرێن. گۆرانی و ئاهەنگ لە کاروباری ئایینی و ئەخلاقیی پەیڕەوانی «زەرتوشت»دا، بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە لە دستوورەکانی مەزهەبی **مەزدیسنا**دا، مەترسی ئەوە پێشبینی کراوە، کە ئەگەر کەسێک دەربارەی **گاتا**کان، هەر تەنیا **بیربکاتەوە**، یان هەر گوێ لە کەسێکی تر بگرێ کە گاتا دەچڕێ، یان لەجیاتی خۆی کەسێکی تر **ڕابسپێرێ** کە **گاتا** لەبری ئەو، بچڕێ، دوعاکانی ئەوکەسە، قبووڵ نابن، چونکە ئەوکەسە خۆی، ئاوازی نەچڕیوە(٤٠، ٥). شیعرگەلی **ئاڤێستا** وەک شیعرگەلی «سانسکریت»ی، کە هاوتای **ئاڤێستا**یە، قافیەی نییە. دوعاکانی گەلانی **سامی** تێکرا بە پەخشانە. لەبەرئەمەشە کە تەرجەمە کردنیان دژوار نییە، بەڵام گەلانی **ئاریایی** دوعاکانی خۆیان، کە شیعر و ئاوازە، ئاوێتەی یەکتر دەکەن و بە مۆسیقاوە، دەخوێنن. بۆیە بڕوایان وابووە، کە هەر دوعایەک ئەگەر بە **ئاوازە**وە بخوێنرێ، زەبری کاریگەرتر و زۆرتریشی هەیە(٤٠، ٥).

لە دەستوورەکانی ئایینی **مەزدیسنا**دا چەندان جار سەلمێنراوە، کە ئەگەر کەسێک لە چڕینی بە ئاوازەوەی گاتاکاندا خۆی نەبان بکات، یان خۆی ببوێرێ، یان ڕێگریی لە گاتا چڕینی بە ئاوازەوەی کەسێکی تر بکات، گوناهێکی گەورەی کردووە(٤٠، ٥).

کەواتە: **گاثا**، یان: **گاتا**، یان: **گاسە**، یان: **گازە،** بەمانای بانگ و هاوار و داد و سکاڵا و بانگەوازی بە **ئاوازە**وەیە، کە تا ئێستاش لە هەندێ ناوچەی وەک **موکریان** و **هەولێر** و

(١) چڵ، یان خەڵقی تازەی دار هەنارێک، کە لە کاتی زیکر و سروود و خوێندندا بەدەستەوە دەگیرێ.
(٢) دەسکەوانیش بۆ کوتانی «هوم» و شیرەگرتن لێی. کە «هوم» گیایەکی کوێستانە و شیرەکەی وەک بادە مەستیی دێنێت (سەرچاوە ٤٢، ل ٢٥).
(*) ڕاما هیاسترا «Rama Hyastra»: زێوان و خزمەتگوزاری میترا.

زۆر ناوچەی تری کوردستاندا، بە بانگ کردن هەر دەوترێ: **گاز**، یان: **گازکردن**؛ کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەگمەنتری کەلەپوور و میراتی زیندووی «زەرتوشت»ە، لەناو نەتەوەی کوردا و لای هیچ نەتەوەیەکی تری دراوسێی کورد ئەم وشەیەش وەک وشەی **مەزنی** پێشتر باسکراو، بەم مانا ڕەسەنەی خۆیانەوە نەپارێزراون. جگە لەوەی هەر هەمان واژەی **گاتا**، بۆ کۆمەڵێک لە ئاواز و مەقامە نەمر و بەناوبانگەکانی کوردی بەکار دەبرێ، کە مەقامی «قەتار»ە؛ ئەمیش ئەوەندەی تر دڵنیایی دەدات بەو بەڵگە و نیشانانەی دەبنە پشتیوان، بۆ نزیکایەتی و زەبر و جێ پەنجەی ئایین و فەرهەنگی زەرتوشت، لە فەرهەنگ و کەلەپووری کورددا.

خۆ ئەگەر ئالوگۆڕێکیش لە واژەی **گاتای** ئەو ڕۆژگارە دێرینە و **گازە** و **قەتاری** ئێستادا بەدی بکرێ، جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە تەمەنی واژەی **گاتا** ئەوەندە زۆرە، ئەگەر پابەندیی گەلی کورد لەو چەند هەزار ساڵەوە تا ئێستا و بە **تایبەتی** بەم واژەیەوە، ئەوەندە توندوتۆڵ نەبوایە، ڕەنگ بوو ئەم واژەیەش، وەک سەدان واژەی تری زەرتوشتی، شوێنەواری لەناو کوردا نەمایە، بەڵام لەوەدا کە **قەتاریش** هەمان ڕاز و سکاڵا و لاڵانەوەی ڕۆحی مرۆڤە و تا ئێستاش هەر بە شیعری برگەیی «هیجا»ی شێوەی هەورامی «گۆران» دەوترێت – کە تەمەنی ئەمجۆرە شیعرەش لە ئەدەبی کوردیدا پتر لە هەزار ساڵە – دەکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین واژەی **گاتا** و **قەتار**، چ وەک نزیکایەتی واژە و چ وەک ناوەڕۆک، دەچنەوە سەر یەک ڕیشە و سەرچاوە. نووسەرانی ناسراویش محەمەد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەم بارەیەوە هەمان بۆچوونیان هەیە(٩٧، ٦٦).

هەروەها لە ١٩٩٦/٥/٨دا، لە سەردانێکی تایبەتیشمدا؛ بە مەبەستی سۆراخی دێرینەی **قەتار**، بۆ لای نووسەری ناسراو: جەنابی سەیید قاسمی ئەفزەلی، یەکێک لە ڕێبەرانی گەورەی ئەهلی هەق لە کرماشان، کە لە سەدان ساڵەوە سنگاوسنگ، ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردییان بە تەمبوورەژەندن بۆ ماوەتەوە – ئەهلی هەقیش بەهۆی ئەو چەندین پردانەوە کە وەک باسمان کردن؛ لەگەڵ ئایینی زەرتوشتیدا هەیەتی، ناوبراو بە دڵنیاییەوە بۆی سەلماندین کە قەتار، میراتی دێرینەی ئەم دوو ئایینە بووە و واژەکەش هەر **گاتای** زەرتوشتییە؛ کە هەر سەیید قاسم لوتفی نواند خۆی بە **تەمبوورە**، **قەتاری** بۆ ژەندین و «کەلام»یشی لەگەڵ چری[١].

(١) لەم دیدارەدا برایان: عومەری وەفا، مارف ئاغایی، موحسینی خالیدی، فەرهادی عەزیزی ئامادە بوون.

هەرچەندە لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ، کە بەداخەوە هەندێ نووسەر بە هەڵە، مەقامی **قەتار** بە مەقامی **ئەللاوەیسی**، یان مەقامێکی تایبەتی بەناوی **ئەللاوەیسی**، لە تەک مەقامی **قەتار**دا ناو دەبەن و هەندێ جاری تریش بە مەقامی **قەتار** دەڵێین: مەقامی **ئەللاوەیسی**. لە کاتێکا وەک وتمان ئەگەر واژەی **قەتار**، لە واژەی **گاتا** «گاتا»وە وەرگیرابێ، ئەوا مەقامی قەتار مەقامێکی سەربەخۆ و تایبەتە و لە ئەدەبی نووسراوی کوردیشدا شاعیرانی شارەزای ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی کوردی و بە تایبەتیش شاعیرانی وەک: مستەفا بەگی کوردی (١٨٠٩-١٨٤٩ز)؛ سەی یاقوو (یەعقوب، ١٨١٣-١٨٨٣ز)؛ پیرەمێرد (١٨٨٣-١٩٥٠ز)؛ زێوەر (١٨٧٥-١٩٤٦ز)؛ حەمدی (١٨٧٦-١٩٣٦ز)؛ بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨ز)؛ گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢ز) لەو نموونە شیعرانەیاندا. کە ناوی مەقامی **قەتار** و گۆرانی کوردییان هێناوە، هەر واژەی **قەتار**یان بە جیا و سەربەخۆ ناو بردووە. کە بۆ زیاتر بەڵگە هێنانەوە، نموونەی شیعرەکانیان دەنووسین:

مستەفا بەگی کوردی:

خاوکەرەی خانە، **قەتارە**ی سەوزەیی نەسمە
ڕەقسی سمکە، نازی شەهراشوب، غەمزەی سەرووی ناز

سەی یاقوو «یەعقوب» ماهیدەشتی:

«ئەمین»ت نەدییەن وە «تار» شەوە
نازار و ئاهەنگ **قەتار** شەوە(٢٨، ٢)

***

خانەبەگ وەو سەوت، وە قەتارەوە
عەنبەر وەو ئاواز، سەدای تارەوە(١٠٢، ٣٦٨)

پیرەمێرد:

ئاخ ڕەشۆڵ ساتۆش بە قەتارەوە
تا دەمرم خۆتم لێ مەشارەوە

***

توخوا سا ڕەشۆڵ تۆش بە قەتارەکەت
سەدای سوب سەحەر، پای کۆسارەکەت

***

دەردی مەرگمە، ڕۆیینم دیارە
توخوا سا ڕەشۆل نۆرەی قەتارە

***

بولبول بە نەغمەی شوور و پەهلەوی
قەتاری ڕەشۆل بە نیوەشەوی

***

ئەکەوێتە ڕێ بەرێزە و قەتار
بە سۆزی شمشاڵ، بە بەستە و قەتار(١٠٢، ٣٦٨)

زێوەر:

چوومە قەرەداخ، جوانێ بە قەتار
عەکسی دەنگەکەی دابۆوە کۆسار(١٠٢، ٣٦٨)

گۆران:

سا توخوا دەنگخۆش دەی قەتارەکەت
کولەنجە ڕێ ڕێ و هەوری لارەکەت(٩٥، ١٥١)

حەمدی:

نامەرد موغەنی! وەختی مەقاماتە، نەسرەوی
توخوا قەتارێ، بە ئەبیاتی مەولەوی(١٢٣، ٣٦٩)

بێکەس:

دڵ زۆر موبتەلای دەنگ و نەغمەتە
توخوا قەتارێ، دڵ بۆی لەت لەتە(١٢٣، ٣٦٩)

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم سەرنجە، بەڵگەیەکی تریش دەخەمە تەک قسەکەمان، کە لە شیعرێکی بڵاونەکراوەی شاعیر مەجدی «ملک الکلام ١٨٥١-١٩٢٥ز»دا هاتووە[١] و تایبەتە بەناوی دەنگخۆشان و گۆرانیبێژان و گۆرانی و مۆسیقاژەنانی، لە سەدەیەک زیاتر

(١) ئەم شیعرە لای نووسەری بەڕێز: مستەفا کەیوان بوو، کە لەگەڵ هەندێ شیعری تری بڵاو نەکراوەی شاعیری ناوبراودا کەوتبوونە لای و لە تاران لێم وەرگرت و لێرەدا بۆ یەکەمجار هەموو شیعرەکە بڵاو دەکەینەوە.

لەمەوبەری سەقزەوە، ئەوە دەرئەخات کە لە سەردەمێکی زۆر پێش مەجدی دا، کۆمەڵێک گۆرانی و گۆرانیبێژان لە سەقز و دەوروبەریدا هەبوون. بۆیە مەجدی دوای بەسەربردنی ژیانێکی دوور و درێژ، لە تارانی دوور لە سەقزی زێد و کوردەواری و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی بیرەوەری و یادگاری سەردەمی لاوێتی لە سەقزدا، گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ و دەنگخۆش هەبووە، ناوی **دەوریش ئەڵلاوەیس** بووە. وەک مامۆستا مستەفا کەیوانیش لە پیرانی بە تەمەنی ناوچەی سەقزی بیستووە، ئەم دەروێش ئەڵلاوەیسە، مەقامزان و بە تایبەتیش **قەتارزان** و ئاواز دانەرێکی بە توانا بووە، هەر ئەویش **قەتاری** باش زانیوە. بۆیە ناوی لەگەڵ ناوی قەتاردا هاتووەو کە وتراوە: **قەتاری ئەڵلاوەیسی**، مەبەست لەو جۆرە **قەتارە** بەسۆز و دڵنشینە بووە، کە دەروێش ئەڵلاوەیس وتوویەتی. کە دیارە ئیتر لە دوای مردنی دەروێش ئەڵلاوەیس، ناوی ئەڵلاوەیس بەم مەقامەوە لکاوەو بۆتە مۆرک و پێناسەی ئەم مەقامە، کە ئەمجۆرە ناونانە، لای گەلانی دراوسێی کوردیش بەسەر زۆر گۆرانی و مەقامەوە هەیە. وەک مەقامی **مەلامەی** مەقامبێژی ناسراوی عەرەب محەمەد گوبانچی «بەغدایی» و لە مەقامگەلی ئێرانیشدا، ناوی ئەم مەقامزانانە بەسەر ئەم مەقامانەوە هەن:

لە مەقامی شوور دا، ناوی میرزا عەبدوڵلا و ڕەزەوی.
لە مەقامی ماهووردا، ناوی حاجی نسیرخانی مراد خانی.
لە مەقامی چوارگادا، ناوی حاجی حەسەنی و مەنسوری.
لە مەقامی هۆمایوندا، ناوی بەختیاری.
لە مەقامی بەیاتی تورکدا، ناوی حاجی حەسەنی و مەهدی زەڕابی(١٠، ٣٩-٤٢)
لە مەقامی بەیاتی کورددا، ناوی حاجی حەسەنی و... هتد.

بۆیە هەردوو واژەی **قەتار** و **ئەڵلاوەیسی** تێکەڵ بوون و بوونەتە دووانەی یەکتری.

ئەمەش شیعرەکەی «مەجدی»یە و ئەوانەی لە کەوانەدان، ناوی «گۆرانی» و «گۆرانیبێژان»ن:

ساقی، پێم بدە جامی جەم ئایین
موتریب، بخوێنە بە ناڵەی حەزین
جانم جاناخێ، شۆری وەتەنی
ئاهەنگی **قادر کوێری** «جەوشەن»ی

پشتمی شکاند یادی جوانی
مۆم نایی منە **سۆزی هیجرانی**
ویرە ویرێ کە، وێنەی **نەکیسا**
دەروێش ئەڵلاوەیس بکەرۆ ئەحیا
تەسنیفی سابلاخ، هەروەک ئای شلێ
بێژە، تا بگریم... بە یادی لەیلێ
چریکەی **خورشید**، بە عیشقی ئەحەد
بەرزۆکە، شادکە، ڕۆحی **خان ئەحمەد**
بلاوێنەوە، جەرگم کە بریان
بەچی بکەین بمرین، وەک **سۆفی ڕەحمان**
لە غوسّە کەیلم، لە خەم بریانم
موشتاقی گرگەی ئەوضای خەزانم
لە دووری وەتەن، جەرگم پڕ خوێنە
حەمە ڕەحیمی فەرەج بخوێنە
چل ساڵە دوورم لە خاکی وەتەن
غوربەت بۆ من بوو بە: بەیت الحەزەن
دەردم کاریە، وەتەن داروومە
ئارەزووی سۆزی **ئەستێرەجوومە**

لەو تاکە بەیتەدا کە ناوی **دروێش ئەڵلاوەیس** لەو شیعرەی سەرەوەدا هاتووە، وردەکاری و ئاماژەیەکی زیرەکانە، لە نزیک خستنەوەی ناوی دەروێش ئەڵلاوەیس و **نەکیسادا** هەیە، کە وەک دەزانین نەکیسا گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و مۆسیقازانی سەردەمی دەوڵەتی **ساسانی** بووە و ڕۆژگاری دەوڵەتی «ساسانی»ش وەک وتمان ئایینی «زەرتوشت»ی تیا پەیڕەوکراوە، واتە سروودەکانی **گاثا** «گازە، قەتار»ی تیا خوێنراوە، کە مەبەستی «مەجدی»ش لێرەدا و لەو چەندان ناوی گۆرانیبێژەدا، کە لەم شیعرەدا بەسەری کردوونەتەوە، بە تەنیا ناوی دەروێش ئەڵلاوەیسی لە بەرامبەر نەکیسادا هێناوە، ئەوەیە بڵێ: نەکیسا، دەروێش ئەڵلاوەیسم بیر دەخاتەوە و لە هەمان کاتیشدا دروێش ئەڵلاوەیسیش، ئەو نەکیسایەم بیر

دەخاتەوە، کە سروودی گاثا «گازە، قەتار»ی خوێندووە. شایانی باسە شاعیر کاک حەسیب قەرەداخی (١٩٢٩-١٩٩٧)، لە شیعرێکیدا یادێک لەم دەروێش ئەڵلاوەیسە دەکات، کە لە **دەشتی** «گەرمیان»دا، **قەتاری** وتووە! وا دیارە هەر هەمان دەروێش ئەڵلاوەیس بێت و لە ڕۆژگارێکدا چووبێتە **گەرمیان** و لەوێش بڕەوی بە هەمان **قەتاردا** بێت. بۆیە ئێستاش لەو ناوچانەدا **قەتار** زۆر بەربڵاو و باوە. ئەمەش سەرەتای ئەو شیعرەیە:

دەگێڕنەوە دەورێشێ بوو، خۆفی عەشقی لە دڵا بوو
قەتار لە دەشتی گەرمیانا، وەکو سمڵ لەگەڵا بوو
ئەڵلاوەیسی زادەی بەهرەی ئەو دەروێشە دڵپاکە بوو
وەکو ئاوی ڕەوانی گیان، تێکەڵاوی ئەم خاکە بوو«(١١١. ٤٠)

بەڵام جێی داخ و مەخابنە کە ئاوازەکانی ئەم سروودگەلەی **گاثا**، لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، نادیار و نەپارێزراون(٤٠، ٥). هەرچەندە خاوەنی مێژووی **سیستان**، سروودێکی بەناوی کەرکەوی لە مێژووەکەی خۆیدا یادداشت کردووە، کە گوایە یەکێکە لە سروودە جێماوەکانی **زەرتوشت** و لە ئاتەشکەدەی کەرکەویەی سیستاندا، دەخوێنرێ(١٩، ٧٣-٩١). بەڵام لەناوچوونی شوێنەواری ئەو ئاوازگەلەی **گاثا**، کەلەبەرێکی گەورەی لەبەردەم لێکۆڵینەرەوان و توێژەراندا دروستکردووە، کە نەتوانرێ زانیارییەکی تێروتەسەل و زانستیانە لەسەر مۆسیقا و ئاوازەکانی مۆسیقای ئەو ڕۆژگارە کۆبکرێتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لەو گرێ کوێرانەی، نەک هەر لەسەر مۆسیقای سەردەمی **زەرتوشت**، بەڵکو لەسەر تێکڕای مۆسیقای دێرینەی گەلانی دنیا، چونکە ئەگەرچی مۆسیقا یەکێکە وەک هەموو زانستەکانی تر، بەڵام بە پێچەوانەی هەموویانەوە مۆسیقا زانستێکی تایبەتە، کە بۆ توێژینەوەی، پێویست بە دەستخستنی **نووسین** دەکات، لە کاتێکدا گەڕان و پشکنین و توێژینەوەی زانستەکانی تر، بەو ڕادەیە پێویستیان بە دەسخستنی نووسین نییە.

چونکە بۆ وێنە: ئەگەر بمانەوێ شتێک لە زانستی ئەندازیاریی و بیناسازیی سەردەمێکی دێرینە بزانین، هەر ئەوەندەی هەندێ کەرەسە و داروپەردووی ئەو سەردەمەمان چنگ بکەوێ، ئیتر دەتوانین زۆر زانیاری لێ هەڵگۆزین، بەڵام وەک وتمان **مۆسیقا** شتێکی تایبەتی ترە و سەرباری ئەمەش، ئەو هێرش و کاولکارییەی بە درێژایی زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی ڕابووردوو، بەسەر زەرتوشت و ئایینی زەرتوشت دا، هاتووە، بۆتە مایەی تەفروتوناکردنی هەموو شوێنەوارێکی مۆسیقایی ئەو ڕۆژگارە. لەم بوارەدا تەنیا

ئەوەندە هەیە بلّێین: ئامێرە دیارەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئایینی زەرتوشت بریتی بوون لە: تەنبوور، چەنگ شمشاڵ، عود، چەغانە «جەقەوانە» (١٩، ١١).

جگە لەمانەش، هەر لە بواری بەسەرکردنەوەی ئاوازگەلی سروودەکانی **گاثا** و ئایینی «زەرتوشت»یدا بە خۆشییەوە دەڵێین: ئەوەندەی وەک نموونە و شوێنەواری ئەو ئاوازانە، لەناو کورددا، هێشتا هەندێک لەو ئاوازانە، بەشێک بن لە ڕەسەنترین ئاواز و گۆرانی دێرینە و زیندوو، ئاوازی **هۆرە** و **سیاچەمانەیە**؛ کە بە دڵنیایەوە ناوی **هۆرە**، هەر وەرگیراوی واژەی **ئاهوورای** ناو **هورامەزدایە** و بەوەشدا کە شێوەی وتنەکەی لە قووڵایی ناخ و هەست و بە بڕگە بڕگە **هیجایە**، هەر دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ئەو ئاوازانەی بۆ لەنگەرگرتن و هێنانەوەی وەزن «کێش»ی ئاوازەکە، زیاتر لە هەموو شتێک، پشت بە **قوڕگ** دەبەستێ. کە ئەمەش بنەما و بناغەی شێوەکار و پیادەکردنی سروودە بڕگەییە **هیجاکانی** گاثایە، کە ئێستا هۆرە لەناوچەکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان و زەهاودا و بە تایبەتیش لە ناوچەکانی **کەڵهوڕ**نشینەکاندا، ئەم چەند جۆرەی هەیە:

١- گوڵەخاک. ٢- گڵەوەدەر[١] ٣- بان دەسانی. ٤- شاحوسەینی. ٥- ساروخانی. ٦- جلەوشایی. ٧- تەرز. ٨- مەجنوونی. ٩- سەحەری[٢]. ١٠- باریە. ١١- دۆبالاّ. ١٢- غەریوی. ١٣- بان بنەیی. ١٤- پایەموووردی، یان پاوەمووری(١٠٨، ١٧، ١٨).

هەروەها **کەڵهوڕیش** ڕەنگە لە **کەڵەئاهوورایی**، واتە لە گۆرانی هەڵبژاردەکانی باسی **ئاهورا** بووبێت(٩٧، ٦٧) بۆیە هەر بە هەمان پێودان، دەڵێین **سیاوچەمانەش** لە هەمان چاووگی ئەم بابەتە ئاوازگەلەیە، کە لە بۆنە و ئاهەنگی تایبەتیدا ژەندراوە. بۆنەکەش بۆ ئەو لاوە زەرتوشتیانە بوون کە، بەبۆنەی پێنانە (١٥) ساڵییانەوە، بە ئامادەبوونی موبەدان و ئەندامانی خێزان و خزمان و دۆستان، ئاهەنگ و زەماوەندی تایبەتییان بۆ ساز داون.

لەم ئاهەنگ و زەماوەندانەدا، جگە لەوەی کراسی ئاودامانیان لەبەرکردووە[٣]، کەرەسەیەکی تریشیان وەک پشتوێن، لە کەمەرە و لەپشت بەستراوە، ناوی «کوشتی» بووە. هەندێ جاریش بەم زەماوەندەیان وتووە: نەوزات، یان نەوزاد، بەو واتایەی کە ئێتر

(١) و (٢) نۆتی مۆسیقایی ئەم دووجۆرە هۆرەیە، لە پاشکۆی ئەم کتێبە دایە.
(٣) هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە لە سازدانی ئەم بۆنەیەدا، هەر باسی لەبەرکردنی کراسی ئاودامان کراوە، کە لە ئایینی زەرتوشتیدا بەمجۆرە کراسانە وتراوە (سیدرە)، نەک کراسی ئاودامانی ڕەنگ ڕەش. ئەم (سیدرە)یەش بریتی بووە لە (٩) پارچە و بێ ملیوان و بێ یەخە. کە بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە شێوەی ئەمجۆرە کراسە و چۆنێتی دوورینی و بۆنەی (٩) پارچەیی و زۆر وردەکاریی تریشی، بەدرێژیی، بنواڕە: (٥، ٣٢٢-٣٢٤).

ئەو لاوە بە جۆرێکی تر هۆشدەکاتەوە و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات و لە دوای تەمەنی (١٥) ساڵییەوە، سەرلەنوێ ژیان دەست پێدەکاتەوە.

لەم ئاهەنگەدا سفرەیەکی پڕ لەوردە نوقڵ و شیرینی و حەوت جۆر میوە و سنجوو و ماست و لۆرک و مۆم و چرا و شتی بۆنخۆش و ئاگردانێکیش دادەنێن.

ئەو موبەدانەی لەم زەماوەندەدا ئامادە دەبن، بەدەم چڕینی سروودی «ئورمزدیشت»ەوە، ڕێورەسم و پرۆگرامی ئایینی زەرتوشت فێری ئەو لاوە دەکەن و ئەویش پەیماننامەی ئایینی، نوێ دەکاتەوە، کە لە کاتی ئەم ئایین نوێ کردنەوەیەدا، بڕێ وردە نوقڵ و شیرینی سەر سفرەکە، بەسەر سەر و شان و ملی لاوەکەدا دەبارێنن.

ئەم ئاهەنک و زەماوەندە، دەبێ ڕوو بە ڕووناکیی و هەتاو ئەنجام بدرێت، کە دوای ئەنجامدانی سەرومڕی ئەم ڕێوڕەسمە، ئیتر ئەو لاوە دەچێتە لیستی «باڵغ» و پێگەیشتووانەوە و بۆ هەمیشە ئەو «کوشتی»یە لە کەمەردا دەبەسترێت. چونکە لە «وەندیداد - فەرگەردی ١٨، بەندی ٥٤»دا، ئاوا هاتووە:

«دێوی دروج - دێوی درۆ-، بەسروش-ی[٤] وت: ئەو ئافرەت و پیاوانە دۆستی منن، کە لەدوای تەمەنی (١٥) ساڵییانەوە «کوشتی»یان نەبەستووە و «سیدرە»یان لەبەر نەکردووە.

دیسان لە «شایست و نەشایست - فەسڵی ٤، بەندی ٩»دا، ئاوا هاتووە:

«ئەو ئافرەت و لاوانەی هێشتا تەمەنیان نەگەیوەتە (١٥) ساڵ، قەیناکە ئەگەر «سیدرە» لەبەر نەکەن و «کوشتی» لە پشت نەبەستن. بەڵام دوای تەمەنی (١٥) ساڵ، ئیتر نابێ هیچ ئافرەت و نێرینەیەکی زەرتوشتی، بەبێ «سیدرە» و «کوشتی» بژین.

لە «نەسەک ١٦٧»شدا دیسانەوە هەمان فرمان دووبارە دەکاتەوە. هەروەها هەمان فرمان لە بەندی (١٣و١٤)، «یەشت»دا، سەلمێنراوەتەوە(٥، ٥١ و ٣٢٢، ٣٢٤).

***

... لەناو **لەک** و **کەڵهوڕ** و **لووڕدا**، ئەو دێڕە هۆنراوە فۆلکلۆرییە، بە باویی و وەک هونەرێکی مێژوویی دەوترێ و دەوترێتەوە و پتر لەوەش، خۆم بەش بە حاڵی خۆم، لە سەردانەکانمدا بۆ **کرماشان** و **شاە ئاوا** و **ئیلام** و **خوڕەم ئاوا**، بە ئاوازی جۆراوجۆرەوە بیستوومە. دێڕە فۆلکلۆرییەکەش دەڵێ:

(٤) سروش: پارێزەرو پاسەوانی بێدار و ناوی حەڤدەمین ڕۆژی ڕۆژمێری ئاویستایی و زەرتوشتی، (سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٦)

گۆرانی، **هۆره**، **سیاوچەمانە**

قەدیم یادگار، قەومی کوردانە

لە بواری ناوهێنانی **سیاوچەمانە** و **هۆرە**دا، دەبێ ئەوە بڵێم کە دایکی ئەم دوو ئاوازە ڕەسەنە، **وەک وتمان**، هەر پاشماوەکانی ئاوازگەلی **گاتان**. بەڵام جوگرافیای **سیاوچەمانە**، ناوچەی **هەورامان** و جوگرافیای «هۆره»ش، ناوچەکانی **کرمانشان** و **لوڕستان** و ئەمبەر و ئەوبەری ڕووباری **سیروان** و **شارەزوورە**.

ئەم نیشانە و بەڵگانە، بۆ ئەوە دەبن ئەگەر مێژووی ڕاستەقینەی لە دایکبوونی **زەرتوشت** و ڕاگەیاندنی ئایینەکەی بزانین، ئەوا دەشتوانین مێژووی بڵاوبوونەوەی سروودی **گاثا** **«گازە»**، بە سەرەتای مێژووی لە دایکبوونی مۆسیقا و گۆرانی کوردی دیاری بکەین، کە ئەگەر ئەمەش سەخت و دژوار بێت، ئەوا سروودەکانی **گاثا** سەرچاوە ڕوونەکانی مۆسیقا و گۆرانی کوردین. هەرچەندە لەم مێژوو دەستنیشان کردنەدا، دەبێ مێژووی هەردوو شارستانێتی **ئیلام** و **هوری** لەبەرچاو بگیرێن، کە لە شارستانێتی **ئاری** و **مادە**کان کۆنترن.

وەک وتیشمان واژەی **گاثا**، لە ناوەڕۆکدا بە مانای ڕاز و سکاڵا و بانگەوازی سوپاس و ستایشی بە ئاوازەوەی مرۆڤە، بۆ «ئاهورامەزدا». کە زەرتوشت ئەم بانگەواز «گازە» شیعرییەی خۆی، بەئامێری مۆسیقاوە وتووە و بەم ١٧ سرووده شیعرییە بڕگەییەیان وتووە: سروودی گاثا، یان سروودی گازە، کە وەک لە دووتوێی سروودی ژمارە ٣٣ی ئەم ١٧ سروودانە و بەڵگەی زۆری مێژووییدا هاتووە، زەرتوشت خۆی، سروودگۆیەکی ناودەستەی ڕۆحانییەکان بووە. جگەلەوەی، کە لە بەڵگە و پاشماوەی کۆنینەی مێژووییدا هاتووە، موغەکانی زەرتوشت، ئەم سروودانەیان لە ئاتەشکەدەکاندا، بە ئامێری مۆسیقاوە خوێندۆتەوە، بۆیەش پێیان وتراوە: سروود، تا پلەیەکی بەرزتری لە گۆرانی ناو خەڵکی پێ بدەن.

کەواتە وەک لە سەرەتاوە وتمان دەبێ تەمەنی گۆرانی کوردی، زۆر لە پێش واژەی گۆرانییشەوە بێت، چونکە پەیڕەوانی ئەهلی هەق بەو شیعرە «دە» بڕگەییانەی خۆیان، «کە لە جەمخانەکاندا، بەئامێری تەنبوورەوە دەیخوێنن»، دەڵێن: سروودی یارسان، یان ڕاز و ئەوەی کە لە جیاتی سروودیش، بە واژەی گۆرانی بە سەریاندا دابڕاوە، خەڵکانی تری دەرەوەی سنووری پەیڕەوانی ئەهلی هەق، ئەو ناوەیان لەو سروود خوێندنانەی ئەهلی هەق ناوە، ئەگینا خۆیان، بەپێودانی سروودی گاثا و چاولێکەریی، لەو کارەی خواپەرستیی پەیڕەوانی زەرتوشت، کاری تێکەڵکردنی شیعر و مۆسیقاکەی خۆیان ناوناوە: سروودی یارسان.

لە سروودەکانی گاثاشدا وەک وتمان ئەم سروودانە، ڕاز و سوپاسی ڕۆحی مرۆڤە بۆ «ئاهورامەزدا» و وەک لە بەندی ٨ی سروودی ٣٢شدا وشەی زئوتر هاتووە، کە زمانناسان و لێکۆڵەرەوان، وا ڕاڤەی واژەی «زئوتر» دەکەن، کە بە مانای سوپاسگوزار و سروودگۆ - بێت. لە ڕاستیشدا واژەی زئوتر، لە سەردەمی زەرتوشتیش دێرینەترە، چونکە زمانناسان پێیان وایە ئەم واژەیە، هەر هوتری ئایینی ئەو شەپۆلە ئارییانە بێت کە لە پێش هەڵکەوتنی زەرتوشتدا، بەرەو هیندستان کۆچیان کردووە و هەر ئەم واژەیە، لە سروودەکانی ڕیگ ڤیدای هیندییەکانیشیدا بەکاربراوە و ئەوانیش ئەم سروودانەی ڕیگ ڤیدایان بە مۆسیقاوە وتۆتەوە(١، ١٠٦).

بەڵام ئەگەر ئەم واژەیە، یان خواستەمەنی تری لەم جۆرە بابەتانە، لە فەرهەنگی ناوچە و گەلان و ئایینی ترەوە، کەوتبێتە ناو فەرهەنگ و ئایینی زەرتوشتەوە، مانای وا نییە بنەمای ئایینەکەشیان وەک یەک بووبێت، بەڵکو بەگوێرەی زانستی کۆمەڵناسی، هەموو گەلان و نەتەوەکانی دنیا، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەریی، لەنێوانیاندا هەیە و هیچ نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە، ناتوانێ لافی ئەوە لێ بدات، کە مێژووی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەرەکەی، خاوێنە و گەلانی دەرودراوسێ، کاریان لەسەر نەکردووە، یان بەپێچەوانەوە. تەنیا ئەوەی لەم بوارەدا پێویستە لەبەر چاو بگیرێ، باری ژیار و شارستانێتی ئەو ناوچانەیە، کە پێشتر و دواتر، بلیمەتێکی وەک «زەرتوشت» یان گۆش و پەروەردە کرد.

لەم باریەشەوە وتمان زەرتوشت، پەروەردەی ناو کۆمەڵگای مادەکانە و و مادەکانیش جگە لەوەی خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیان بوون، کە زمانی میدیی بووە، بە نووسینی مێخیش نووسراویان هەبووە و خاوەنی یاسای کشتوکاڵ و ئەندازیاریی و کارگێڕیی و سامانی فەرهەنگی ئایینی و ئەدەبیی خۆیان بوون و لەو ڕووەشەوە مێژوونووسان دان بەوە دادەنێن و پێشی لەسەر دادەگرن، کە وڵاتی میدیا، مەڵبەندی خوێندەواریی دینی بووە و لەوێوە، بە سەدان پیری دینی، هەموو ساڵێ بەملاو لای وڵاتدا، بۆ ناوچە جۆر بەجۆرەکان نێردراون(١٠٧، ٣٤). هەروەها دکتۆر پەروێز خانلەری، بە دەمی هیرۆدۆتسەوە وای دەردەخا، کە میدییەکان خاوەنی یاسایەکی ڕێکوپێکی مرۆڤانە بوون و شێوەی دادگەریی، تیایدا ڕەنگی داوەتەوە و بڕیاری داوەرانیش، لە کۆتاییدا براوەتە کۆشکی شا، بە تایبەتی لەسەر و کڵاوی شادیاکۆ (٧٠٠ پێش زاییندا)، بۆ ئەوەی بڕیاری دوایی لەسەر بدرێ؛ یان بە دەمی دەنیونەوە وای دەردەخا، کە لە دەوروبەری نیوەی سەدەی شەشەمی پێش زاییندا، شاعیری زۆری میدی هەبوون و ئەو شاعیرانە، لە کۆشک و دیوەخاندا،

شەڕە شیعریان کردووە، یان شیعریان بە شا و نیشتمان و بە پاڵەوانی جەنگ و پاڵەوانی تیربازی و سوارچاکیدا هەڵداوە و زۆربەی زۆری شیعرەکانیشیان وەک ڕازی میللی وەها بوون و شێوەی سەرگوزشتە و داستانیان هەبووە، تەنانەت مۆرخانەکانی یۆنانی سەردەمی هێردۆتس (٤٢٠-٤٨٦ز) وا بە دەستەوە دەدەن کە میدییەکان نووسینیان بە ئەلف و بێی مێخی بووە. ئەوەی فەرمانی شاکانی هەخامەنشیشی پێ نووسراوەتەوە، لەسەر ئەلفوبێی مێخی میدییەکانەوە دانراوە(١٠٧، ٣٤).

ئەوەندەش پێوەندی بە هونەری مۆسیقای ڕۆژگاری دەسەڵاتی «ماد»ەوە هەبێت، وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، مۆسیقا جێگەیەکی بەڕێز و هێژای هەبووە و لە زۆر بۆنەی ڕەسمیی و میللیدا بەکاربراوە... ئەو کاتەش کە «دیاکۆ»ی یەکەمین پاشای ماد چۆتە سەرتەختی شاهێتی، لەلایەن جەماوەر و مۆسیقاژەنانەوە کراوەتە جەژن و شادی و «کوس» و «شەیپوور»یان ژەندووە...

یان کاتێ کە «فرەوەرتیش»ی پاشای ماد، لە جەنگێکی نابەرامبەردا، بووە بەژێر گالیسکەی ئاشوورەکانەوە، لە ئێراندا کراوە بەپرسە و ئامێرەکانی «کوس» و «شەیپوور» مۆسیقای خەمینیان ژەندووە... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە لەو ڕۆژگارەدا، زمانگۆی پرسە و خەم و شادی، هەر بە مۆسیقا هێمای پێکراوە.

لە مۆسیقاژەنانی بەنامێی ڕۆژگاری ماد، ناوی «ئۆگارس» لە کتێبی مێژووییدا باسکراوە، دیسان هەر لە کتێبی مێژووییدا، ئاماژە بە خەونی «ئاستیاک»ی دوایین پاشای مادە کراوە، کە ماوەیەک دوای لێکدانەوەی خەونەکە، دەوڵەتی ماد لەناوچووە.

نووسەر و ئێراننانسی ناسراو: مەری بۆیس بەشێوەیەکی درێژتر لە بارەی ئەم خەونەوە دەنووسێ و دەڵێ: «بەگوێرەی قسەی دەنیۆن، ئاستیاگ بانگهێشتنی «ئۆگارس»ی کردووە و دوای ئەوەی چەند گۆرانییەکی ئاسایی چڕیوە؛ ئەوسا هەر بەدەم موسیقاژەندنەوە، لێکدانەوەیەکی بۆ ئاستیاگ ڕوونکردۆتەوە، کە دڕندەیەکی یەکجار بە دەسەڵات و ئازاتر لە بەرازێکی کێویی و گیرخواردووی ناو ئەستێڵێکی قووڵ پەیدا بووە؛ دڕندەیەکە، کە ئەگەر دەستی بەسەر ئەم ناوچەیەدا بڕوات، بەبێ هیچ گومانێک، پۆل پۆل ئەم خەڵکە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە»... کاتێکیش ئاستیاک دەپرسێت: «ئەو دڕندەیە چییە؟» ئۆگارس وەڵام دەداتەوە: «کۆرشی پارس»یە.

ئەمجۆرە وەڵامدانەوە ئازایانەیە، کە بەو ئاماژە سیاسییانەوە کردوویەتی و لە هەمان کاتیشدا نیشانەی ئەو پلەوپایە مەزنەیە، کە گۆرانیبێژان و مۆسیقاژەنان لە دەربارەی «ماد»دا هەیان بووە... لە سەروو ئەمانەشەوە بەڵگەی ئەوەیە، کە مۆسیقاژەنان جگە لە

ئاگاداربوونیان لە زانستی مۆسیقا، ئاگاداریی و زانیارییان دەربارەی سەرجەمی زانستەکانی تر و بە تایبەتیش زانستی ئەستێرەناسیی هەبووە»(٢٥، ٥٠).

جگە لەمانەش، بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ناوچەکانی ماد، لە پێش هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە، لەژێر کارتێکردنی شارستانێتی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و عیلامی و ئاشووری دا بوون. کە شارستانێتی ئەمانەش لە ڕۆژگاری خۆیاندا، بەتایبەتیش ئەوەندەی پێوەندی بەمەبەستی ئێمەوە هەبێت، ئەمانە، لە بواری مۆسیقادا، لە لوتکەی شارستانێتی سەرتاسەری دنیادا بوون. کە هەر بۆ ئاگاداری زیاترمان، ئاوڕێکی خێرا، لەم لایەنەیان: «لایەنی مۆسیقا» دەدەینەوە:

بابلییەکان کەدراوسێی نزیک و بەری باشووری خۆرئاوای میدییەکانن و «گەلێ جاریش هەردووکیان، لە دژی ئاشووری دوژمنی هەردوولایان، پەیماننامەی دوو قۆڵییان بۆ یارمەتی و هاوکاری کردنی یەکتر هەیە و ئاکامیش هەر بەگوێرەی پەیماننامەیەکی هەردوولایان، پەلاماری ئاشووریان دا و لەناویان برد» مێژووی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتیان، لە ٢٢٢٥ تا ٧٤٥ی پێش زایینە، لەنێوان سەدەی حەوتەم و هەشتەمی پێش زایینداا، بە لوتکەی پێشکەوتن و شارستانێتی و دارایی گەیشتوون و یەکجاریش دڵبەندی مۆسیقا بوون و ئامێرگەلێکی زۆری مۆسیقایان بەکاربردووە، بە تایبەتیش لەنێوان دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانیاندا، وەک هونەرێکی پڕ بایەخ و بەرز، بۆ ڕێزلێنان لە میوانداریێتی و کاروباری تەشریفاتیدا، نواندوویانە؛ هەندێ جاریش ژمارەی مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژانیان، تا نزیکەی (١٥٠) کەس گەیشتووە، کە ئەم ژمارەیە لە کۆڕی شادی و بۆنەدا، بەشدارییان کردووە.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی دانیال پێغەمبەردا، چەندان جار باسی ئەو ئامێرە مۆسیقاییانە دووپات دەبێتەوە، کە لەناو بابلییەکاندا کەڵکیان لێ وەرگرتوون(٤٠، ٥٢) و بریتی بوون لە: چەنگ سەنتوور و قانون(٤٠، ١٠٤). مێژوونووسانی یۆنانیش، لەم بارەیەوە هاوبیرن کە مۆسیقا، لە کەرەسە گرنگ و پێویستیەکانی دانیشتن و کۆڕەکانی شادی و ئاهەنگی بە شکۆی خەڵکی بابل بووە(٤٠، ١١٦). لە تەوراتیشدا، ناوی ئەو ئامێری مۆسیقاییانە باسکراوە کە لە دەرباری بابلیدا ژەندراون و بریتی بوون لە: کەڕەنای، سوورنای «زوڕنا»، عوود، بەربەت، سەنتوور، کەمانچە. وەک لە تەرجەمەی فارسی تەوراتدا هاتووە «کە لەگەڵ تەرجەمەکانی تردا، هەندێ جیاوازی هەیە»(٤٠، ٥٣-١٢٩). گەلانی دراوسێشیان، واتە: ئاشووری و ئیلامی و سۆمەری، لە بابلییەکان کەمتر نەبوون(٤٠، ٥٤).

ئاشوورییەکانیش، کە شوێنی دەسەڵات و فەرمانڕەواییان، لەبەری خۆرئاوای میدی و لە جوگرافیای ئێستای کوردستانی عێراق و هاوسەردەمی بابلی بوون، دەتوانین بڵێین هەمان ئەو ئامێری مۆسیقایانەیان بەکارهێناوە کە بابلییەکان هەیان بووە.

بە تایبەتیش لە ناوچەکانی نێوان هەردوو زێی دیجلە و فوراتدا، کۆمەڵێک کەلاوە و شوێنەواری هەڵکۆڵراویان، ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەمانیش ئامێری پێشکەوتوویان هەبووە، وەک: چەنگ، سەنتوور، تەنبوور، شمشاڵ، دووناى، قانون، دایەرە.

لەبەری خۆرهەڵاتی بابلییەکانیشەوە، دەسەڵات و فرمانڕەوایی سۆزیانا هەبوون، کە لە شوێنی ئێستای خوزستان و ئەو شوێنەدا بوون کە جوولەکەکان پێیان وتووە ئیلام و (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین، حکوومەتیان پێکەوەناوە و سنووریان لە خۆرهەڵاتەوە تا ئەسفەهانی ئێستا بووە و پایتەختەکەشیان شاری شوش بووە، ئەمانیش وەک دراوسێکانی خۆیان، خاوەنی شارستانێتی و ژیار و هونەری مۆسیقایی زۆر باڵا بوون.

لە کەلاوە پشکێنراوەکانی ئاشوریدا، تیپێکی مۆسیقاژەنان دۆزراوەتەوە، کە ئامێری هەمەجۆرەی مۆسیقاییان بە دەستەوە گرتووە، وەک: **شمشاڵ، دووناى**، چەند چەنگ ژەنێک و هەندێ ئامێری تری نزیک بە سەنتوور. (٤٠، ٥٤).

لە کتێبەکەی **«دانیال»**دا، سەرباری ئەو ئامێرانەی دراونەتە پاڵ بابلی؛ بەڵام ڕاولینسۆن بە پشتیوانی و پشت بەستن بەو بەردە هەڵکۆڵراوانەی لە شوێنەوار و کەلاوەکانی ئاشووردا، دۆزراونەتەوە، توێژینەوەیەکی دەربارەیان کردووە، ئەوە دەسەلمێنێ، کە ئەو ئامێرە مۆسیقاییانە، تایبەتن بە خەڵکی **سۆزیانا**وە.

لە کەلاوە دێرینەکانی «شوش»یشدا، سێ پەیکەری گڵێن دۆزراونەتەوە، کە مێژوویان بە (١٥٠٠) ساڵ زیاتریش دەقەبڵێنرێ. دوو پەیکەریان وێنەی مۆسیقاژەنەکانیان لە ئامێری **تەنبوور** دەچن و سێیەمیشیان لە **بەربەت ژەن** دەچێ. بەڵام وردبوونەوە لەم پەیکەرانە، نەک هەر سەرنج بۆ ئەوە دەچێ، کە جوان دروستکراون، بەڵکو بۆ شێوەی مۆسیقاژەندنەکەیان، زیاتر ڕادەکێشرێ. ئەم سێ پەیکەرە، ئێستا لە مۆزەی **ایران باستان**، لە تاران، پارێزراون(٤٠، ٧).

مێژوونووسانی مۆسیقای جیهان، لەسەر ئەو باوەڕەن کە مۆسیقاژەنانی بابلی و ئاشووری، لە کاتی مۆسیقاژەندندا، بۆ ڕێزلێنان لە مۆسیقاکەی خۆیان و ڕێزلێنانیش لەو کۆڕ و ئاهەنگانە، هەموویان بەپێوە وەستاون(٤٠، ١٠٦).

هەر بۆ نموونەی ئەو بەڵگانەی ئێمە مەبەستمانە، ساڵی ١٩٢٧ز «لە ناوچەی [ئوور]ی

تیپێکی مۆسیقایی ئاشووری لە بەردێکی هەڵکۆڵراودا
٦٢٧ ـ ٦٦٨ پێش زایین

چەنگ ژەنێکی «جۆرە چەنگێک»ی سەردەمی ئاشوور

پەیکەری گڵینی مۆسیقاژەنێک
کە لە شووش دۆزراوەتەوە
١٥٠٠ ساڵ پێش زایین



عوودژەنێکی سەردەمی «ملیشیخو ـ شا»ی سۆزیانا لە
شاری شووش
١١٩١ ـ ١١١٧ پێش زایین
مۆزەی لۆڤەر ـ پاریس

دوو نای ژەن
یان: دووزەلەژەنێکی سەردەمی ئاشووری

سەنتوور «جۆرە سەنتوورێک» ژەنێکی
سەردەمی ئاشووری

دایەرەژەنێکی سەردەمی ئاشووری

پەیکەری گڵێنی تەموورژەنێک، کە لە: شووش دۆزراوەتەوە ١٥٠٠ پێش زایین

پەیکەری گڵێنی تەنبوورژەنێک کە لە:
شووش – دۆزراوەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین

عێراقی ئێستادا» کە شوێنی کۆنینەی شارستانێتیی ئەمانەی سەرەوە بووە، زانای ئینگلیزی [سێرلیۆنارد وولی] ئامێرێکی مۆسیقایی دۆزیوەتەوە، بریتییە لە «چەنگ»ێکی گەورە و بە توێژاڵێکی زیوین داپۆشراوە. سەرومڕی چەنگەکەش، لە شێوەی جەستەی **گا**دایە. ئەم ئامێرە ئێستا لە مووزەخانەی بەغدایە و نموونەی تری وەک ئەمیش، کە هەر لەو ناوچانە دۆزراونەتەوە، لە مۆزەخانەی زانکۆیی فیلادلیفیا و ئینگلستاندا هەن. سێرلیۆناردوولی بە دڵنیاییەوە پێی وایە ئەم ئامێرە، دەستکرد و پاشماوەی سۆمەرییە(٤٣، ٥٨).

ئەم ئامێرە، ئێستا بە عەرەبی پێی دەڵێن «القیثارة»(*) مێژووی دروستکردنی ئەم ئامێرە ٤٧٠٠ ساڵ بەر لە ئێستایە و بە شوێنەوارێکی بایەخداری مێژووی مۆسیقا دادەنرێت(٧٦، ٢٢). کە ئەگەر ئەم کارتێکردنەش، ڕاستەوخۆ نەبووبێ، ئەوا بەڵگەی تر هەن کە ئەم کارتێکردنەیان هەر دووراودوور نەبووە، بەڵکو بە ڕادەیەک بووە، لە سەدەی یازدەهەمی پێش زایینەوە تا پێش پێکەوەنانی میرنشینەکانی ماد (٦٦٩ پێش زایین)، هەموو ناوچەکە، لەژێر زەبری هەردوو دەسەڵاتی **بابلی** و **ئاشووری**دا بووە، بە تایبەتیش لە ڕۆژگاری هەڵکەوتنی زەرتوشت و بانگهێشتنی پەیامەکەیدا(١، ٦٠).

کەواتە جوگرافیای **ماد**، لە خۆرهەڵاتەوە: شارستانێتی و فەرهەنگی باڵای **ئاریایی**یەکانی **هیند**، کە ئەوانیش لەگەڵ پیادەکردنی سروودەکانی **ڕێگ ڤیدادا**، مۆسیقایان بەکارهێناوە، لە خۆرئاواشەوە: شارستانێتی یەکجار پێشکەوتووی بابل و ئاشوور و عیبرانی – کە دیسان ئەمانیش لەگەڵ سۆز و سکاڵای ئایینەکەیاندا، مۆسیقایان بەکارهێناوە – کەم و زۆر کاریان لەسەر گۆڕینەوەی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری شارستانێتی یەکتر کردووە و لە زۆر ماوەی مێژوویی ئەو ڕۆژگارانەدا، ئاسایش و ئارامییەکی پڕ شکۆ، هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە، کە دیارە دەزانین هونەری باڵاش، هەمیشە لەژێر سێبەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانیدا گەشە دەکات و هەڵدەچێ، بۆیە زانایەکی وەک **توفیق وەهبی** کاتێ باسی ئەوە دەکات کە وشەی **گۆرانی**، لە

(*) لێرەدا، ئەگەر هەڵوێستەکی کورت، لەسەر ناوی [قیثارە] بگرین و بڵێین: دەشێ ڕێ بە خۆمان بدەین، واژەی «قیثارە»، بە «گات + تار»ە لێک بدەینەوە!؟. کە نیازیش لە لێکدانەوەکە، وەک پشتر بۆ «تار + مور»مان کرد، کە بە مانای «تار»ی «شیوەن» بوو. بە هەمان پێودانیش، مەبەست لەو «تار»ە، نەبێ کە بە تایبەتی بۆ «سروودەکانی گاتا» بەکار دەبرێ!؟ واتە: دەشێ «قیثارە»، «گات تارە» نەبێ!؟!؟
یان جگە لەم لێکدانەوەیە، ئاخۆ دەشێ «قیثارە»، بە «گات + تار»، یان: «گا + تار» لێک بدەینەوە، کە لای دانیشتووانی دێرینی مسیۆپۆتامیا «سۆمەری و بابلی و ئاشووری»، «گا» جێی ڕێزلێنان و پیرۆز بووە!؟!

«گۆران»ەکانەوە داکەوتووە، یەکسەر دەڵێ: چونکە عەشیرەتێکی کشتکاری نیشتەجێ بوون؛ کە لەمەوە تێدەگەین هۆی بوونی گۆرانی؛ بوونی هونەر، لەناو گۆراندا، دەبەسترێتەوە بەوەوە کە کۆمەڵگایەکی سەقامگیر و نیشتەجێ، دەتوانێ دڵنیایی و ئارامی بدات بە هۆش و هەستی مرۆڤی هونەرمەند و کاری نەمر و داهێنەرانە بخولقێنێ، چونکە هەرگیز لەناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتە و ئاڵۆز و پڕ هەراو پشێوی و جەنجاڵدا، بەرهەمی باڵا و زیندوو پێ ناگات.

لەبەر ئەمانە، تێکەڵ بوون و ئاوێتەبوونی ئەو چەند شارستانێتی و فەرهەنگە پێشکەوتووەی ئەو دەسەڵاتانەی لەو ڕۆژگارانەدا، لە میدییەکان نزیک بوون، یان ئەوانەی لە پێش میدییەکاندا، لە هەمان شوێنی میدییەکاندا بوون، کۆمەڵگایەکی گەشەکردوویان پێکەوەنا، چونکە بەڵگەی مێژوویی پێمان دەڵێن کە زۆر پێش هەڵکەوتنی زەرتوشتیش،



گیتار «القیثارە»

ئامێری مۆیسقا، وەک دیاردەیەکی شارستانێتی، لەناو دانیشتووانی دێرینەی هەمان ناوچە و جوگرافیای میدییەکاندا، بەکاربراوە. لەم ڕووەشەوە دەزانین کە **هوری و میتیانی** و گوتییەکان، دانیشتووانی مێژینەی پێش میدییەکان بوون و ئەمانیش خاوەنی هونەری بەرزی موسیقا بوون؛ بە تایبەتیش هورییەکان، بۆیە لەم بوارەدا، شوێنەوارناسی ناسراوی ئەڵمانی شتاوەرد، کە پسپۆڕێکی دێرینەزانە، لە بنەچەی ئامێرەکانی مۆسیقادا، لە نەخش و نیگارە کۆن و گڵێنە و بەردینەکاندا، بە لێکۆڵینەوە، سەلماندوویەتی کە عود، یەکێکە لەو ئامێرە مۆسیقاییانەی تایبەتمەندە بە خەڵکی کوێستان و چیانشینەکان و بە تایبەتیش بە هورییەکان، کە خێڵێک بوون (١٥٠٠) ساڵ، بەر لە دایکبوونی عیسا، لە دەوروبەری زەریاچەی وان و دامێنی ئەو زەریاچەیەدا نیشتەجێ بوون، تا دەگاتەوە باکووری ئێستای عێراق «کوردستانی ئەمڕۆ» و دراوسێی نزیکی شوێنی دواتری میدییەکان و ئەوان ئەو ئامێری مۆسیقایەیان داهێناوە و هەر ئەوانیش لە دامێنی کوردستانی باشووردا، بڵاویان کردۆتەوە(٦٨، ٥٦). ئەم قسەیەشیان لەئەنجامی دۆزینەوەی شوێنەواری ئەو ئامێری **عود**ەدا وتووە، کە لە ناوچەی نوزیی نزیک کەرکوک دۆزیوەتەوە، کە دەکەوێتە ٤-٥ کیلومەتری خۆرئاوای شاری کەرکووکەوە.



پەیکەری گڵێنی عوودژەنێکی «هوری»، کە لە «نوزی» لای کەرکووک دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە

شوێنەواری **عودە**کەش کە لەسەر پارچە گڵێکە، وێنەی عودژەنێکە، عودەکەی بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەدەستەوە گرتووە و خەریکی عودژەندنە (٨٤، ٢٣٨، هەروەها ٦٨، ٥١، ٥٥، ١٣٧، ١٣٨)

هەروەها پرۆفیسۆری ئەڵمانی کیرتیساگ، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە تا ئێستا بۆ زیاتر لە ١٦- ١٧ زمانی دنیا تەرجومە کراوە و لە زۆربەی زانکۆکانی جیهانیشدا دەخوێنرێ، ڕەچەڵەکی کەمانچە دەگەڕێنێتەوە بۆ کوردو دەڵێ: شوێنی سەرهەڵدانی کەمانچە، باکووری خۆرئاوای ئێرانە و کورد، ئەم ئامێرەی دروستکردووە(٨٦، ٧-٨).

دیسان هەر بۆ نموونەی زیاتر لەم بارەیەوە، ئەوە بە یاد دێنمەوە، کە وەک وتمان: ئارییەکانی هیندستانیش لەگەڵ سروودەکانی ڕیگ ڤیدا دا، کە هاوتای ئاڤێستا، یان **گازە**ی زەرتوشتە، ئەمانیش دراوسێی بەری خۆرهەڵاتی **مادە**کان بوون. خۆ ئەگەر مێژووی ڕاستەقینەی ڕێگ ڤیداش تا ئێستا بە تەواوی نەزانرابێ، ئەوا مێژووی هەڵکەوتنی حەزرەتی **داوود** پێغەمبەر ئاشکرایە، کە هەزارەی یەکەمی پێش زایینە و لە ناوچەکانی ئیسرائیل و فەلەستینی ئێستادا، ژیاوە. ئەم پەیامبەرەش وەک دەزانرێ دەنگخۆشێکی یەکجار بەناوبانگ بووە. ئەمیش ڕاز و سکاڵای ئایینی خۆی، هەر بە ئامێری مۆسیقاوە دەربڕیوە. ئامێری مۆسیقاکەی حەزرەتی داوود، وەک لە «تەورات»دا باس لە دوو جۆر ئامێری ژێدار هاتووە، گوایە تار بووە، بەڵام وەک لە «قورئان»دا باسکراوە شمشاڵ، بلوێر «مزامیر» بووە، کە لە ڕۆژگارێکی دواتری حەزرەتی داووددا و ڕوونتر بڵێم لە ساڵانی (٨٥٠- ٨٤٤) پێش زاییندا، **شەلمانسەری** سێیەمی شای ئاشووری، کۆمەڵێک لەشکرکێشی بۆ سەر وڵات و ناوچە دراوسێکانی ئیمپراتۆری ئاشووری کرد، کە لە یەکێک لە شەڕ و هێرشە توند و بەربڵاوەکانیدا بۆ سەر ئیسرائیل، نزیکەی (٣٠) هەزار دیلی لێگرتن و هەر بە دیلیی لەگەڵ خۆی بردنی و لە دواییدا بۆ ئەوەی لە نیشتمان و زێدی خۆیان دووریان بخاتەوە و پەرتەوازەیان بکات، هەموویانی ڕووەو خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆری ئاشووری بردن و هەزارانیشی لە ناوچەکانی دامێنی زەریاچەی ورمێدا، ئاوارە و بڵاوکردنەوە... ئەمانیش بۆ ئەوەی نەریت و خەدەی ئایینی و ڕەوشتی کۆمەلایەتی دێرینەی خۆیان بیرنەچێتەوە؛ ڕابەرانی ئایینیان دەهاتن، بە شێوەی پۆل پۆل کۆیان دەکردنەوە و بە گوێرەی بەرنامەی ئایینی خۆیان، بە ئامێری مۆسیقاوە، نەریتی ئایینی خۆیان ئەنجامداوە.

نزیکەی (٢٠٠) ساڵێکیش دوای ئەم هێرشەی سەلمانسەری سێیەم، دیسانەوە «نەبوکەد نەسر: ٦٠٤- ٥٦٢ پێش زایین»ی پاشای بابل، هێرشێکی یەکجار گەورە و بەربڵاوی

کردە سەر «ئۆرشەلیم» و گرتی و پەرستگەکانی کاول و وێرانکرد و دەسەڵاتیانی لەناوبرد و ژمارەیەکی زۆری بە دیلی بۆ بابل بردنەوە.. پەیامبەرێکی گەورەی یەهوود، مزگێنی ڕزگاربوونی میللەتەکەی خۆی لەم دیلێتی و کۆیلایەتییە، بە دەرکەوتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاندووە و ئەوکاتەی کورش، پاشای ئێران، بابلی داگیرکرد (٥٣٩ پێش زایین)، خەڵک کردوویانە بە جەژن و شادی و کورش هەموو دیلەکانی یەهوودی ئازاد کردن و فرمانیشی دەرکرد، کە دەتوانن بۆ ئۆرشەلیم بگەڕێنەوە و پەرستگە مەزنەکەی خۆیان، کە وێران کرابوو، سەرلەنوێ ساز بکەنەوە... بەمجۆرە ئەو نیشتمانەی عیبرانی تێدا نیشتەجێ بووە، لەوە بەدوا بووە بەشێک لەدەسەڵاتی شاهەنشاهێتی و نیشتمانی ئێران و یەهوودەکان لەهەر جێگەیەک بووبن، لەژێر سێبەری ئێراندا بوون... کتێبەکەشیان «تەورات»، جگە لە مێژووی خۆیان و یاساکانی ئایینەکەیان و پێشبینی پەیامبەرانیان، شیعر و مەنزوومە و سروودی مەزهەبی زۆری تێدایە و سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران و هونەرمەندانیشە... بەو هۆیەشەوە کە هونەرەکانی: پەیکەرتاشیی، بەردتاشیی و هەڵکۆڵین لە ئایینەکەیانداحەرامکراوە، بۆیە هەموو بەهرە و خولیا و چەشنی ئەدەبی و هونەریی و داهێنانێکیان لە ئەدەب و مۆسیقادا بڕاندۆتەوە و ئەمەش وایکردووە کە بەهرەیەکی زۆر گەشاوەیان لە هونەری مۆسیقا و سروودچڕیندا هەبێ و سروودە میللییەکانیشیان شێوازێکی سکاڵا ئامێز و لاواندنەوەی ڕۆحی غەریبی خۆیان و جەنگ و دەردەدڵی دووریی و دابڕانە لە نیشتمان. جگە لەمانەش سروود و مۆسیقای تریشیان هەیە، کە ئافرەتەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا سەما دەکەن.

ئەو ڕۆژگارەی یەهوودەکان لە بابلدا دیل و دەست بەسەر بوون، زۆربەی سروودەکانیان بریتی بووە لە ڕازی دووریی نیشتمان و بێزاریی لە دەست ژێردەستی؛ کە پوختەی یەکێکیان ئاوا دەڵێ:

«ئێمە لە ئاقاری بابلدا، تەموورە «بەربەت»ەکانمان بە دار بییەکاندا ئاوێزانکردووە و خەڵکی بابلیش دەیانەوێ سروودیان بۆ بچڕین! بەڵام چۆن دەتوانرێ ئەو سروودانە، لەناو خاکی بیانیدا بخوێندرێن؟!» (٥٦، ٢٢)

لە ژیاننامەی داووددا هاتووە، کە داوود بە (٤) هەزار مۆسیقاژەنەوە بەرامبەر بەخوا، پەرستنی ئەنجامداوە. لە دەرباری «سلیمان»یشدا گۆرانیبێژان بە مۆسیقاوە بەرەو پەرستگە چوون و هاتنیشیان بە ئامێری شەیپوور، ڕاگەیاندراوە. مووسای پەیامبەریشیان بە باوکی چەنگژەنان دەناسرێ.

بێگومان مانەوەی ئەمانە، لەناو خاکی کوردستان و لە دراوسێتی خەڵکی کوردستاندا و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، کە نازانرێ چەندە و هەر لەو ناوچە و دەوروبەرەدا، کە زەرتوشتی تێدا هەڵکەوتووە، هەروەک چۆن زەبر و ڕەنگدانەوەی مۆسیقا و سروودەکانیان لەناو گەلان و ئاییینی تری وەک یۆنان و مەسیحیدا، جێگەی خۆیان کردۆتەوە(٥٦، ٢٢).

بێ سێ و دوو، جێ پەنجە و ڕەنگدانەوەیان لەناو ئەو کۆمەڵگە و زەمینەیەشدا بەجێهێشتووە، کە هەمان کۆمەڵگە و زەمینە، زەرتوشتیشی پێگەیاندووە... لە دوای پێگەیاندنیشی، کە لای «گوشتاسپ»ی شای هەخامەنشیەکان داڵدە دراوە و برەوی بە ئاییینەکەی داوە، هەمان ئەو شارستانێتی و پێشکەوتنەی لەناو **مادە**کاندا بووە، لای هەخامەنشییەکانیش بووە. چونکە ئەمانی دواییش میراتگری مادن، کە خاڵوانیان و لەسەر بناغەی شارستانێتی گەشە کردووی **ماد**، کودەتایان کرد و جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست (٥٥٩- ٣٣٠ پێش زایین)(٤٤، ٥٩).

ئەوەندەش پێوەندی بە **مۆسیقا**وە هەبێت لە ژیار و شارستانێتی هەخامەنشیدا، تا ئێستا لەچەند جێگەیەک، وێنەی هەڵکۆڵراو و هەندێ ئامێری مۆسیقایی دۆزراوەتەوە، وەک ئەوەی **کەڕەنا**یەک لە ژوور سەری گڵکۆی ئەردەشێری سێیەم، لە تەختی جەمشید دۆزراوەتەوە. کە ئێستا لە مۆزەی تەختی جەمشیدە.



کەڕەنای سەردەمی هەخامەنشی لە مۆزەی: تەختی جەمشید پارێزراوە

دیسان «چەنگ»ێک، کە لە ئامێرەکانی گەلانی ئاریاییە، لە گەنجینەیەکی «پازیرک»ی دامێنی کێوەکانی ئاڵتای «باشووری سیبریا» دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی (٥٠٠) ساڵی پێش زایینە و لە مۆزەی ئارمیتاژدا، پارێزراوە.

هەروەها وێنەی هەڵکۆڵراوەکانی سەر کێوەکانی «ماڵ»ی ئەمیر بەختیاری، کە بریتییە لە چەند چەنگژەنێک و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٨٠٠) ساڵ پێش زایین(٤٠، ٩).

لە **نیشابوور**یش چەند چەنگژەن و گۆرانیبێژێک، لە کێوەکانی قەندەهار دۆزراوەتەوە، کە هی سەدەی یەکەم و دووەمی زایینە. هەروەها پارچە کاشییەکی مۆزاییک کە وێنەی ژنێکی چەنگژەنی تێدایە(٤٠، ٥).

بۆیە ئەم پێشکەوتنە مەزنە، بە جۆرێک ڕەگی لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا داکوتا، کە هێرشی داگیرکارانەی ئەسکەندەری مەکدونی (٣٣٤ پێش زایین)یش، بەو هەموو ڕقە ئەستوورەیەوە، بەرامبەر ئاییینی **زەرتوشت** و پێڕەوانی و کەلەپووری ناوچەکە، کە (٣٠٠) ساڵێکیشی خایاند، نەیتوانی چرای گەشی ئەو پێشکەوتنە، بۆ یەکجاریی و پابەندیی

جۆرە چەنگێکی تری سەردەمەی ئاشووری

خەڵک بە مۆسیقاوە، بکوژێنێتەوە. هەرچەندە لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ کە شارستانێتی **یۆنان**ەکانیش، لەچاو شارستانێتی ئەو ڕۆژگارەی «ماد و هەخامەنشی»دا، ئەگەر وەک یەکیش نەبووبن کەمتر نەبووە و **ئەسکەندەر** لەگەڵ ئەوەشدا کە داگیرکارێکی سەرچڵ بووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، لە ماوەی مانەوەی دەسەڵاتیداو لەو ناوچانەدا کە داگیریان کردبوو – بەتایبەتی کە داگیرکردنەکەیان بەشی خۆرئاوای ئێرانی ئەوسا «کە کوردستانی ئێستایە» – فەرهەنگی خۆیان تیا بەجێ هێشتبوو، کە لەو فەرهەنگە جێماوەی **یۆنانی**شدا، ئەوەندەی پێوەندی بەم مەبەستەی ئێمەوە هەبێ، **مۆسیقا**یە.مۆسیقاش، لە دێرزەمانەوە، لای یۆنانیان، پلەوپایە و ڕێزێکی تایبەتی هەبووە و بۆ یەکەمین جاریش لە سەرتاسەری دنیادا – وەک پێشتر باسمان کرد – هەر بە تەنیا لە مێژووی یۆنان و نووسینەکانی ئەواندا باسی لێوە کراوە و وەک یەکێکیش لە زانستەکان لەبەرچاوگیراوە و واژەی **مۆسیقاش**، بەو شێوەیەی کە ئێستا ئێمە بەکاری دێنین، هەر لە نووسینی کۆنی یۆنانیدا بەکاربراوە و پێیان وتووە: **موسا «موس»** و لەمەش مەبەستیان لە خواوەندی هونەرەجوانەکان بووە. تا لە دواتردا، پاشگری **یکا**یان لێ زیاد کردووە و بووە بەموسیکا (Musica)، کە دیارە کوردیش، «وەک پێشتر وتمان» حەرفی **«ک»**ی ئەم پاشگرە زیادەیان، لە چاولێکەریی فۆنەتیکی تورک و عەرەبەوە پێگەیشتووە و کردوویانە بە مۆسیقا.

لەمانەش نزیکتر بە کوردەوە، ئەوەیە کە هەر یۆنانییەکان، کۆنترین سەرچاوەی مێژوویین، کە باسی سروود و گۆرانی کوردییان کردبێ، سەرچاوەکەش کتێبەکەی «گزەینەفۆن»ی یۆنانییە(*).

کە ساڵی ٤٠١ی پێش زایین، هەر گزەینەفۆن خۆی سەرکردایەتی ئەو لەشکرە یۆنانییەی کردووە، کە دوای هێرش هێنان و کوژرانی **کورش**، لە گەڕاندنەوەیاندا بە کوردستاندا تێپەڕ بوون و سەبارەت بە سروود و گۆرانی کوردی دەڵێت: «کوردەکان هەر سەیریان کرد، ئەوا بەشێکمان لەئاو پەڕیوەتەوە و بەشێکی ترمان لەوبەر ئاوەکەوەیە، بە سروود خوێندن، لە شاخەکانەوە، هاتنە خوارەوە و پەلاماریان داین» (١٠١، ١٨).

بەڵام ئەوەی لێرەدا، لەمانەش گرنگتر و شایانی وتنە، ئەوەیە کە لەناو یۆنانی کۆنیشدا، بە گوێرەی ئەو نووسینە کۆنانەی یۆنان، شیعر و مۆسیقا هاوڕێ و هاوکاری یەکتر بوون.

(*) هەرچەندە گزینەفۆن، ڕاستەوخۆ ناوی کوردی نەهێناوە، بەڵام ئەو جوگرافیایەی پیایدا تێپەڕیوە، هەر کوردستان بووە و ئەو خەڵکەش کە تیایدا شەڕیان کردوون، هەر کورد بوون.

شاعیرەکانی ئەو ڕۆژگارەی یۆنان، شیعرەکانیان بە یارمەتی و هاوکاری ئامێری مۆسیقای ژێدار واتە: تار، چەنگ، سەنتوور، قانوون و... خوێندۆتەوە. هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئەو هونەرە، بەو جۆرە نەبووە کە ئێستا هەیە، بەڵکو تەنیا بۆ ڕاگرتنی ترپە و هەنگاو «ریتم»ی شیعرەکە بەکاریان هێناوە، بەڵام ئەم نەریتەی یۆنانییەکانیش، کە شێوەی نەریتەکەی **زەرتوشت** بووە لە سروودگەلی **گاثا** «گازە»دا، هەندێ لە مێژوونووسانی موسیقا لەسەر ئەو باوەڕەن، کە هەمان ئەم نەریتە، هەر چاولێکەریی و لاسایی کردنەوەی نەریتی ئایینی «زەرتوشت»ە و لە ڕێگەی ئەم داگیرکردنەی یۆنانیانەوە گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپاش(١٩، ١٢٦– ١٢٧).

پشتیوان و بەڵگەی پتەویش بۆ ئەم بۆچوونە، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵ و بەردەوامی زانای ناسراو **فریتزکۆتنەر** بوو، لەم مەیدانەدا، کە لەم ساڵانەی دواییدا، سەبارەت بە مۆسیقای کۆنی **یۆنانی** ئەنجامی دابوو.

زانای ناوبراو، لەو کلاورۆژنەیەوە، کە شوێن پێی زانستی مۆسیقای یۆنانی هەڵگرتبوو، هەوڵی دەدا ئەو باسە تیۆریانەی لە کتێبەکانی ئەرخۆتاس و ئەرستۆکسینۆس و دیودیموس، دەربارەی مۆسیقای دێرینەی یۆنانی باسکرابوون، لە مەیدانی پراکتیکدا، پیادەیان بکات. چونکە لە دەمێکەوە ئەو باسانە، هەر بە شێوەی تیۆری لێی دەدوان و کەسێک نەبوو، بیر لە چۆنێتی پیادەکردنیان بکاتەوە، بۆیە بەپشت بەستنی بەو کتێبە دێرینە و زانستییانەی، کە لە یۆنانیانی پێشینە، بەجێمابوون و زانیارییان لە باسکردنی پلە و پەیژەگەلی مۆسیقازانە کۆنەکانی یۆنان «بەتایبەتی ئەوانەی سەدەکانی پێنجەم تا یەکەمی پێش زایین» تێدابوو، پیادەی کردن، کە لە ئەنجامگیرییدا **کۆتنەر** سەرسام بوو، چونکە ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکەی ئەوەیان بە دەستەوەدا، کە ئاوازەکان: **پەیژەگەلی مۆسیقا**کە، کوتومت هەمووی ئاوازی خۆرئاوای ئاسیا بوون. بەڵام لە ئاکامەکەی دوودڵ نەبوو، لەبەرئەوەی، بەر لەمیش، زانایانی تر، هەندێ تەقەللای لەمجۆرەیان لە بواری هونەر و زانستی تریشدا دابوو، کە هەمان ئەنجامگیرییان هەبووە، واتە ئەوانیش هەر هی خۆرئاوای ئاسیا بوون.

دیسان هەر بە هەمان بەرنامەی پەیڕەوکراو، **کۆتنەر** گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە پێشینیانی چینیش، لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە، پەیژەی فیثاگۆرسیان بە تەواوی زانیوە. ئەم بڕوایەش بەو جۆرە لەناو زانایاندا چەسپبوو، کە ئەم زانستە لە ڕێگەی ئەو لەشکرکێشییەی یۆنانەوە، بۆ سەر وڵاتی خۆرهەڵات، گەیشتۆتە چین. بەڵام دوایی بۆیان دەرکەوت، کە ئەگەر بەگوێرەی ئەو بۆچوونە بوایە، دەبوایە لە ناوەڕاستی

سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە بوایە، واتە دوای هێرشی لەشکری یۆنان بوایە بۆ سەر ناوچە و وڵاتانی خۆرهەڵات؛ کەچی لێکۆڵینەوەکە ئەوەی سەلماند، کە پێش ئەو لەشکرکێشی و هێرشانەی لەشکری یۆنان، بەرەو خۆرهەڵات و تەنانەت پێش سەرهەڵدانی تێوری فیثاگورسیش، لە یۆناندا، ئەم زانستە گەیشتۆتە **چین،** بۆیە بە گوێرەی ئەو ئاکامانەی لەم لێکۆڵینەوانەی کۆتنەردا، بە دەست هاتن، سەلماندیان کە ئەم پەیژەگەلە موسیقاییانە، لە سەرەتادا، لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی زەریای ناوەڕاستدا، دەرکەوتووە، کە بەلای زۆرەوە، ئەو ناوچەیەش دەبێ میانەی هەردوو زێی دیجلە و فورات «میسوپۆتامیا، کوردستانی ئێستا» بێ و لەوێوە ڕووەو خۆرئاوا گەیوەتە یۆنان و هەر لەوێشەوە ڕووەو خۆرهەڵات، گەیشتۆتە **چین**(٧٧، ١٠٣-١٠٥).

چونکە هەر لەم بوارەدا و بۆ زیاتر سەلماندنی کۆششەکانی کۆتنەر، دەڵێین لەم دواییانەدا، تازەترین ئینسکلوپیدیای مۆسیقایی فاسکەکە، کە لە فەرەنسا لە سێ بەرگدا دەرچووە و لە ئەوروپا و ئەمەریکادا بڵاوبۆتەوە. لە بەرگی دووەمیاندا، وتارێکی تایبەت بە مۆسیقای ئێرانی تێدایە، کە پوختەکەی ئەوە دەسەلمێنێ، کە ناوچەی ئێرانی کۆن و نێوان هەردوو زێی دیجلە و فورات «میسۆپۆتامیا»، کۆنترین مەڵبەندی شارستانێتی مۆسیقا بووە(١٩، ٥٤)...

لەم پشتیوانییەش پتەوتر، توێژینەوەکانی موسیقازانی ناسراوی فەرەنسایی «ژان دورینگ»ە، کە لێکۆڵینەوەی بایەخداری زۆری لەسەر مۆسیقای کۆنینەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و سەبارەت بە سەرچاوە ڕوونەکانی مۆسیقای ئەم ناوچەیە، پێی وایە، کە ناوچەی ڕیزە چیاکانی زاگرۆس و بەشی خۆرئاوای ئێران، مەڵبەندی ڕەسەنی موسیقای ناوچەکەن(١٠، ١٥).

هەر **ژان دورینگ،** کە باسی مۆسیقای خۆرهەڵات دەکات؛ دەڵێ: [محاڵە گوێ لە مۆسیقای میللی کوردستان بگریت و چێژ وەرنەگریت](٢٩)

دیسان و بەتایبەتی تریش لەم کۆششانە، تەقەللا و لێکۆڵینەوە بە پیت و وردەکانی خاتوو دکتۆر شەهرەزاد قاسمە، کە بە گیانێکی زانستانە، توێژینەوەیەکی قووڵی، لە دووتوێی کتێبێکدا، سەبارەت بە ئامێری تەنبووری ناوچەکانی کوردستانی عێراق کردووە و تیایدا بە پشتیوانی لە توێژینەوەی زانایانی شوێنەوارناسی مۆسیقای جیهانی و سەرچاوەی جۆربەجۆر و بەچەندان بەڵگەی باوەڕ پێکراو، ئەوە دەسەلمێنێ کە کوردستان کۆنترین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، (٤٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر، ئامێری مۆسیقای تیا بەکاربراوە(١١٨، ١٠٠-١١٠).

کەواتە، ئەگەر وابێ وەک مێژوونووسانی مۆسیقا و لێکۆڵەرەوانی زانستی موسیقا، باسی دەکەن، کە یۆنانی کۆنیش، ئەم نەریتە و زانستی مۆسیقایان لە ئایینی زەرتوشت و نیشتمانی کوردەوە وەرگرتبێ، ئەوا داروباری داگیرکردنەکەی ئێرانی ئەوسا، لەلایەن ئەسکەندەری مەکدونییەوە، ئەو پاساوە هەڵدەگرێ، کە ئەسکەندەر و ڕاوێژکارانی، بۆ قەرەبووی داگیرکردنەکەیان و دڵنەوایی و دڵدانەوەی خەڵکە داگیرکراوەکە، «کە لە ڕێگەی ئایینی زەرتوشتەوە، مۆسقایان بەلاوە پیرۆز بووە»؛ ئەوا ڕێی تێدەچێ، لە هەلومەرجی وەهادا، بۆ هێمن کردنەوەی ڕقی جەماوەرە داگیرکراوەکە، هەمان ڕێزگرتنی پێشووی مۆسیقا، پێڕەو بکەن، کە ئەمەش لەژێر هەر دێوجامە و پارسەنگێکدا بووبێ، بەڵام وەک ئەنجامگیریی، تەوژمێکی تری بە پلەوپایە و برەوی مۆسیقای زەرتوشت داوە، چونکە بەم کارە، تەمەنی ئەو مۆسیقایەی لە دێرزەمانەوە لەناو خەڵکدا، ئەوین و ڕیشەی هەبووە؛ درێژتر و بەردەوامتری کردووە. هەرچەندە مۆسیقای یۆنانییەکان، لەو کاتەدا و لە کاکڵدا، بۆ لەبیربردنەوەی پەرستنی تاقە خوایەک بووە، کە پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشت بڕوایان پێی بووە. لەبەرئەوەی یۆنانییەکان لەو سەردەمەدا، بۆ هەر دیاردەیەکی سرووشتیی، خواوەندێکی تایبەتیان هەبووە.بەڵام دیسانەوە، بەم کارەی یۆنانییەکان، خۆشەویستی مۆسیقا، قووڵتر و قووڵتر، ڕەگی لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا ڕۆچوو، بۆیە بەدەرکردنی هێلینییەکان، بۆ دەرەوەی ئێران (٧٧ تا ٥٢ پێش زایین) و ڕەوینەوەی تەمی داگیرکارو بەرپابوونی دەسەڵاتی **پارت** و دواتریش و بە تایبەتیش بەرپابوونی دەسەڵاتی ساسانی (٢٢٧- ٢٢٦ز)، سەرلەنوێ پشکۆی ژێر خۆڵەمیش کەوتووی ئایینی **زەرتوشت،** بە هەموو درەوشانەوە و شکۆیەوە، گەشایەوە، چونکە لەژێر دەسەڵاتی ئەم دوو دەوڵەتەدا، ئایینی **زەرتوشت،** بووەوە بە ئایینی ڕەسمی و سەرتاسەری وڵات، کە هەردوو دەوڵەتەکەش: پارت و ساسانی، وەک بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن ژیار و پێشکەوتنێکی زۆر گەشەکردوویان هەبووە و هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کشتوکاڵ، بازرگانی، یاسا، گارگێڕیی و بە تایبەتیش فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر، لەوپەڕی باڵاکردندا بوون. کە دیارە بەهۆی ڕێزگرتنی ئایینی «زەرتوشت»ەوە لە **مۆسیقا**، کە ئایینی ڕەسمی، بەرودوای ئەم دوو دەوڵەتە بووە بە گشتی و لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ساسانیەکاندا بە تایبەتی و بە گوێرەی ئەو چین بەندییەی کە «ئەردەشێری بابەک»ی دامەزرێنەری زنجیرەی ساسانی، بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵ و دەسەڵاتدارانی، دیاری کردبوو(٤، ٧-٨).

پێشەوایانی ئایینی **زەرتوشت،** واتە **ماگ** «موغ»ەکان، لە پلەی یەکەمین و یەکەمین دەستەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بوون لە دوای دەسەڵاتی شا و ئایینی **زەرتوشت و**

ئاڤێستاش بەهۆی ئەمانەوە، لە هەرەتی رێز و پیرۆزیدا بوون، کە لەمەشدا **مۆسیقا** هاوشان و هاورێیی پیادەکردنی **ی ئاڤێستا «گاثا، گازە»** بووە. بۆیە مۆسیقا گەیشتە لووتکەی گەشەکردن، چونکە هەر لەپاڵ ئەمەشدا و لەناو ئەو چین بەندییەی کە بۆ چین و دەستەکانی کۆمەڵ دیاری کرابوو، هونەرمەندانیش وەک چینێکی **مام ناوەندی**، ناو چوار چینەکەی تری کۆمەڵ، پلە و خانەی کۆمەڵایەتییان بۆ دەستنیشان کرابوو، کە دوای ئەردەشێر (٤٦٤–٣٢٤ز)، **بەهرامی گۆر** (٤٣٨–٤١٧ز)، بەو هۆیەوە کە خۆی ئارەزوومەندی ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقا بووە، بۆیە لە سەردەمی خۆیدا، پلە و خانەی هونەرمەندانی، لە چاو پێشینەی خۆیدا، بەرزتر کردۆتەوە. بەڵام کە نەوشیروان، دوای ئەو، دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، پلەی هونەرمەندانی وەک ئەو چین بەندییەی سەردەمی **ئەردەشێر** لێکردۆتەوە(١٩، ١٨).

هەرچەندە لە دوای **ئەردەشێر** بەدواوە، ئیتر لای پاشایانی **ساسانی** ببووە نەریت، هەر کاتێ **پاشا** بهاتایەتە دەربار، دەست و پێوەندان و خزمەتگوزارانی دەربار، لە دوورایی (٢٠) مەترێکەوە، دوور لە **شا** دادەنیشتن، کە لە ناوەڕاستی **شا** و ئەوانیشدا پەردەیەک

سوورناژەنێکی سەردەمی ساسانی ـ لە جامێکی زەڕکەف کراودا
ـ موزەی تاران ـ ئیران باستان



تەموورناژەنێکی سەردەمی ساسانی

دادەدرایەوە. ئەم پەردەیەش یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەیەکی خانەدان، بەرپرسی بووە، پێیان وتووە **خورەم باش.** کاری ئەمیش ئەوە بووە، هەر کاتێ شا، لەوبەر خزمەتگوزاران و گۆرانیبێژان و مۆسقاژەنانەوە، ئامادەی دانیشتن ببوایە، پەردەدار، فرمانی بە یەکێکی تر دەدا، تا لە بڵندترین جێگەیەکی دەربارەوە، بە دەنگێکی بەرز و خۆش، هەموو ئامادە بووان ئاگادار بکات و بڵێ: هۆو، زبان. سەری خاوەنەکەت بپارێزە، چونکە تۆ، ئێستا هاونشینی **شایت.** واتە ئەم فرمانەی **شا**، بۆ ئەوە بووە لە کاتی دەست پێکردنی مۆسیقا و گۆرانیدا، نابێ کەس ورتەی لێوە بێت، کە ئەمەش هەر بۆ ڕێزگرتنی هونەرەکە بووە. کاتێکیش **شا**، تێکەڵ ئاهەنگ و بەزمی گۆرانی و مۆسیقا دەبوو، خزمەتگوزاران و دەست و پێوەندان هەریەکەیان لە جێی تایبەتی خۆیاندا، بێ جووڵە و بێدەنگ، دادەنیشتن، تا پەردەدار، ئامادەبووانی ئاگادار دەکرد کە ئێستا فلان گۆرانیبێژ، یان فلان ئاواز و فیسارە پەردەی مۆسیقا، دەبیستریێ(١٩، ٧–٨).

بەکورتی، ئەم پشتیوانی و گرنگی پێدانەی دەسەڵاتدارانی زنجیرەی ساسانی، لە هونەر، زەمینەیەکی ئەوەندە لە باریان بۆ هونەرمەندانی مۆسیقا و گۆرانیبێژان، خۆش کردووە، کە ئەم سەردەمەی مێژووی ساسانی، لە سەرومری مێژووی هەزاران ساڵەی ئێراندا، بە: **ڕۆژگاری زێڕینی هونەر** ناو ببریێ.

لەم زەمینەیەشدا و بەو هۆیەوە کە لەلایەکەوە: جوگرافیای دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ساسانییەکان، سەرتاسەری جوگرافیای کوردستانی ئێستای گرتۆتەوە و وەک یاقوتی حەمەوی دەڵێت: شارەزوور ناوەڕاستی بووە(٤٤، ١٠٨) و ئێستاش لە سەرتاسەری **شارەزووردا**، ئەو گرد و قەڵا تورەکەڕێژانە هەرماون، کە ساسانییەکان دروستیان کردوون، لە لایەکی تریشەوە، بەو هۆیەوە کە **کورد** لەم دەوڵەتەدا، چ وەک بڕبڕەی پێکهاتنی سوپای دەوڵەتەکە و چ وەک هەمەکارە، لە نزیک دەربار و پایتەختدا(٤٤، ١٠٩) بۆ ماوەی نزیکەی (٤٠٠) ساڵ، کە تەمەنی دەسەڵاتدارێتی ساسانییەکانە و لە دواییشدا بە گوێرەی گەلێک بەڵگەی مێژوویی و بە تایبەتیش کتێبی: کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان، کە لە سەدەی شەشەمی زایینیدا، لە ڕووی کتێبێکی لەم گەورەترەوە نووسراوەتەوە و باسی چۆنێتی پێکهاتنی دەوڵەتی ساسانی و نەبەردەکانی ئەردەشێری پاپەکانی دامەزرێنەری زنجیرە شایەکانی ساسانی دەکات، گەنجینەیەکی بە نرخی دێرینەیە(١١٣، ٤٦و...)، کە لە پێش هاتنی ئیسلامدا، بەراشکاوی باسی بەشێک لە مێژووی کورد، لە سەردەمی ساسانییەکاندا دەکات(١١٣، ٤٦) و ناوی **کورد** و **ماد** پێکەوە دێنێ و بە یەکیان دەزانێ، ئەوە دەسەلمێنێ کە «ئەردەشێری پاپەک»ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی، کوردە و لە هەرێمی فارسدا – کە مەکۆی سەرهەڵدانی ساسانی بووە – سەری هەڵداوە.

لەم شانازییەشدا، ئەوەندەی پێوەندی بەم مەبەستەی ئێمەوە هەبێ: هونەری **مۆسیقایە**. کە لەم ڕووەوە سەبارەت بە یادگارە دێرینەکانی مۆسیقای سەردەمی ساسانی لە کوردستاندا، ئەو تابلۆ بەردینە هەڵکۆڵراوەی «تاق بوستان»ی دامێنی کێوەکانی بێستوونی نزیک شاری کرماشانە، کە بە تابلۆی ڕاوە شوور و ڕاوە یەکانە بەناوبانگە و بریتییە لە دوو تابلۆی ڕاو، کە بەرامبەر بە یەک، لەسەر بەردی تاشراو، هەڵکۆڵراون. مێژووی ئەم تابلۆیە، هی سەدەی پێنجەمی زایینیە، کە **شایەکانی** ڕۆژگاری شارستانێتی گەش و دەرەوشاوەی ساسانی، گرنگییەکی یەکجار زۆریان بە نرخ و بایەخی **مۆسیقا** داوە.

لەم وێنەیەدا کە وێنەی **خەسرەو پەروێز** و یاران و سەربازان و ڕاوکارانی دەستەکەی خەسرەوی تێدا نیشاندراوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە شایەکانی ئەو سەردەمە، لە هەموو بۆنەیەکدا مۆسیقایان لەیاد نەکردووە. بۆیە بۆ ئەم ئاهەنگی ڕاوە شوور و یەکانەیەش، **مۆسیقا** جێگەی تایبەتی خۆی هەبووە و خەسرەو، بۆ زیاتر چێژ وەرگرتن لە تامی ڕاوەکە و تێکەڵکردنی ئاوازی مۆسیقا، بە ڕووداوەکانی ڕاوەکە، مۆسیقاژەنانیشی لەگەڵ خۆی بردووە، تا لە کاتی ڕاوەکە و لە دوای ڕاوەکەش، ئاوازی مۆسیقا، ماندوو بوونی ڕاوەکەیان لە گیان دەربکات و ڕۆحیان بحەسێتەوە.

سوورناژەنێکی سەردەمی ساسانی ـ لە جامێکی زەڕکەف کراودا ـ موزەی تاران ـ ئیران باستان

مۆسیقاژەنانی ناو ئەم دوو تابلۆی ڕاوە ئامێری هەمەجۆرەی مۆسیقایان بەدەستەوەیە، وەک: چەنگ، دەف، شمشاڵ، نای، کەڕەنای، سوورنای، شەیپوور،... کە بە ئاشکرا بەچاو دەبینرێن و جیا دەکرێنەوە.

لە تابلۆی ڕاوەشوورەکەدا، دوو دەستە مۆسیقاژەن هەن، کە دەستەی یەکەمیان لە «بەلەم»ەکەی خودی **شا** خۆیدان و چەنگ دەژەنن، دەستەی دووەمیشیان، چەند چەنگژەنێکن، بە جیا، لە بەلەمێکی سەربەخۆدا دانیشتوون و چەنگ دەژەنن.

لە تابلۆی ڕاوە **یەکانە**کەشدا، دیسان دوو دەستە مۆسیقاژەن دەبینرێن، کە دەستەیەکیان لای ڕاستەوەن و دەستەکەی تریشیان لای چەپن و ئەم دەستەیەیان تیپی مۆسیقای سوپان(٤٠، ١٠٦).

وێنەی مۆسیقاژەنانی ناو ئەم دوو تابلۆیە، تا ئەم سالانەی دواییش، لای خۆرهەڵاتناسان نەزانرا بوو چین!! بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا و دوای پەیدابوونی ئامێر و کەرەسەی پێشکەوتووی وێنەگرتن، بە تەواوی زانران و جۆری ئامێرەکان و جۆری ژەندنەکانیان زانرا.

دکتۆر ئونڤالا Dr. J. Unvala لە کتێبێکدا، کە ساڵی **١٩٢٦**ز لە پاریس چاپی کردووە، سەبارەت بە سەرچاوەکانی پەهلەوی، توێژینەوەیەکی بە کەڵکی دەربارەی ئامێرەکانی مۆسیقای سەردەمی ساسانی کردووە، هەروەها خۆرهەڵاتناسی ناسراوی دانیمارکی **کریستن سن** لە وتارێکدا، بەناوی: «مۆسیقا لە ژیاری ساسانی»دا، کە ساڵی **١٩٢٦**ز، لە پاریس چاپی کردووە، هەندێ زانیاری تازەی لەسەر ئەم تابلۆی ڕاوە نووسیوە(٤٠، ١٠٧). بەڵام بە گوێرەی ئەو وێنە زۆر چاکانەی لەم دوو تابلۆی ڕاوە، گیراون، سەرنجی وردتر، لەسەر ئەم ئامێرانە، ڕوونتر دەبێتەوە.

لە تابلۆی یەکەمدا، واتە لە ڕاوە یەکانەکەدا، دوو جۆر چەنگژەن دەبینرێن کە یەکەمیان، لای سەرەوەی، سندوقێکی هەوایی پێوەیە و ئەویتریان، لە لای خواروویەوە، سندوقێکی هەوایی پێوەیە. ئەمجۆرەشیان کە سندوقەکەی لە خوارەوەیە، یەکجار جێی سەرنجە،



مۆسیقاژەنانی هەمەجۆری ڕاوە «شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان لە بەلەمی تایبەتی: شا خەسرەو پەرویز دا لە کرماشان

چونکە لەوی تریان دێرینەترە و لە هەمان کاتیشدا زۆر دەگمەنە. هەروەها سندوقی هەواییەکەی ئەم، بە شێوەیەکی ئاسۆییە و ڕووی لە زەمینە. ئەم سندوقانە لە تەختە دروستکراون و ئەو «میل»ەش کە بەم سندوقانەوەلکێنراوە، لە کەرەسەیەکی زۆر سەخت و ڕەق دروستکراوە، ئەمجۆرە «چەنگ»ە، هەر لەو چەنگانە دەچن کە (٣٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، لای «سۆمەری»یەکان هەبوون.

راولینسۆن (Rawlinson)، لە کتێبەکەی خۆیدا، بەناوی **مۆسیقای سۆمەری**، نموونەیەکی ئەم چەنگەی، دەست کەوتووە و وەک دەردەکەوێ ئەمجۆرە چەنگانە، بۆ کۆڕ و بۆنەی تایبەتی بەکارهێنرابن، وەک ئەوەی لەم تابلۆیانەی تاق بوستاندا چەنگژەنەکان، لە بەلەمی دەربار دان، وەک دەریش دەکەوێ ئەم چەنگانە، ژمارەی (١٠) ژێیان هەبووە.

لە تابلۆی دووەم راوە شوورەکەشدا، چەنگژەنەکان، هەر لەم جۆرە چەنگە دەژەنن.

بەڵام ئەو چەنگانەی کە سندوقی هەواییەکەیان، لای سەرەوەیە، بە ئەندازەی ئەو چەنگانەی باسمان کردن، کۆن نین و نمونەی ئەمانەش، لای بابلی و ئاشووری و ئیلامی و میسری، هەبوون.

چەنگ ژەنانی ڕاوە «شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان لە بەلەمێکدا
کێوی بێستون ـ کرماشان



چەنگ ژەنێکی «ڕاوە شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان
کێوی بێستون ـ کرماشان

لەم وێنە هەڵکۆڵراوانەی «تاق بوستان»دا، دوو شێوەی نایابی ئەمجۆرە چەنگانە، بەرچاو دەکەون، یەکێکیان – ئەوەی کە میلەکەی، بەسەر سندوقە هەواییەکەیدا، ستوونییە و – ئەویتریان کە میلەکەی، کەمێک لارە. یەکەمیان لەوانەی میسر ناچێ و ژمارەی **ژێ**یەکانی ٩ تا ١٢ ژێیە و هەر سەرێکی ئەم ژێیانە، بە مێخەکانی تەنیشتی سندوقە هەواییەکەوە قایمکراون و سەرەکانی تریان «وەک ئەوانەی ئاشوورییەکان، کە باسمان کردن» ، بە میلەکەوە بەستراونەتەوە.

ئەو چەنگانەی میلەکانیان لارن، سندوقەکانیشیان هەر لارن و ئەو جۆرەن کە لە ڕاوە **شوورە**کەدا هەن. ژمارەی ژێیەکانی ئەمجۆرە، بە سەختی دەزانرێن، بەڵام بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان، ڕەنگە ١٥ ژێیان بووبێ، ئەمجۆرە چەنگانە، زۆر لەوانەی **ئیلام** دەچن. ئەم چەنگانە، بە زمانی پەهلەویش، هەر پێیان دەوترێ: چەنگ، کە مانای **لوول** و **چەمینەوە** و **خواربوونەوە** دەگەیەنێ.



چەنگ ژەنانی «ڕاوە شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان
کێوی بێستون ـ کرماشان
«هێلکاریی هونەرمەند هادی زیائەدینی ـ سنە»

لە ڕۆژگاری ساسانیدا، ئامێری چەنگ ناسراوترین و شیرینترین ئامێر بووە. وەک بەڵگەکان نیشانمان دەدەن و بۆمان دەسەلمێنن: چەنگ و هەروەها «لیری»ش کە لە سەرەتادا لە ناوچەکانی ئێستای ئێران و عێراقدا برەویان هەبووە و تایبەت بوون بە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و لای تێکرایی چینەکانی ئەم گەلانە، خۆشەویست بوون. هەرچەندە هەندێ نووسەر، ئەم ئامێرە دەدەنە پاڵ ڕۆمی خۆرهەڵات و هەندێکیشیان دەیدەنە پاڵ یۆنان، بەڵام فارمەر لە کتێبەکەی خۆیدا، بەناوی «شوێنەواری زانایانی خۆرئاوا، دەربارەی ئامێری مۆسیقا» ئەم بۆچوونانە بەرپەرچ دەداتەوە و ڕوونی دەکاتەوە و باوەڕی وایە، کە هەرچی لە نموونە و شێوەی چەنگ بووبێ، یۆنانییەکان لە دراوسێیانی خۆرهەڵاتی خۆیان وەرگرتووە(٤٠، ١٠٦– ١١١).

بەڵام ئامێری ڕەزمی و کوتان، لە سەردەمی «ساسانی»دا، وەک شوێنەوار و بەڵگەکان نیشانمان دەدەن، گرنگترین و پڕ متمانەترینیان، هەر ئەوانەن کە لە ڕاوەشوور و بەرازەکەدا هەن. ئامێرە ڕەزمییەکانی ئەم دوو تابلۆیە، بە زۆری لە ڕاوە شوورەکەدا و لە کۆڕی تیپی مۆسیقای سوپاکەدا، هەن.

چەنگ ژەنانی «ڕاوە شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان
کێوی بێستون ـ کرماشان
«هێلکاریی هونەرمەند هادی زیائەدینی ـ سنە»

لەم تیپی مۆسیقاژەنانەدا، یەکەمین کەسی لای دەستە چەپ، ئامێری نای، یان سوورنای دەژەنێ، دووەمین کەسیش ئامێرێکی چوارگۆشەی بە دەستەوەیە کە بە لای زۆرەوە، جۆرێکە لە دەف. شێوەی دەست بەرزکردنەوەی ئەم ڕەزم کوتانەش، لە پێش هەموو شتێکدا، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن، کە ئەمجۆرە دەفانە، واتە: دەفی چوارگۆشە، لەم ڕۆژگارەدا، لە ناوچەکانی **میسر** و **سوریا**دا، برەویان هەیە.

ئامێری دایەرەش، لە کۆندا **چەمبەر**یان پێ وتووە و لە زمانی پەهلەویشدا **کەمبەری** پێدەڵێن. واژەی **تۆف**، یان: دەفیش، بەلای **«عیبری»**یەوە بە مانای کوتان دێت.

لای ڕاستی تیپی مۆسیقایی سوپاییش، لە **ڕاوشوورە**کەدا، شەش مۆسقاژەن، لە دوو ڕیزدا، بەرچاو دەکەون، کە **٣** مۆسیقاژەنی لای سەروویان، دانیشتوون و سییانەکەی خواروویان، بە پێوە وەستاون. یەکەمین مۆسیقاژەنی لای چەپی ڕیزی سەرەوەیان، ئامێرێک دەژەنێ، بەلای زۆر و بە دڵنیاییەوە، هەر ئەو ئامێری «کۆس»ە بێت، کە لەو کاتەدا گەورەترین ئامێری ڕەزمی بووە؛ سێیەمین مۆسیقاژەنی هەمان ئەم ڕێزە، «نەقارە»یەکی بچووکی لەبەردەمی خۆیدا داناوە.

لە ڕیزی خوارووی ڕاوە شوورەکەشدا(*) سێیەمین مۆسیقاژەنی لای چەپەوە، ئامێرێکی ڕەزمی تایبەتی دەکوتێ، کە بە پێچەوانەی ئامێرەکانی ترەوە، لوولەییە. کە ناوقەدەکەی باریکترە و ئەمسەرە و سەرەکەیشی پانترن. ئەم ئامێرە، بە شێوەیەکی ئاسۆیی، بە کەمەرەوە دەبەسترێ و بە ئاسانیش دەتوانرێ لە هەردوو سەرەوە، بە دەستی ڕاست و دەستی چەپ، بکوترێ، کە ئەم ئامێرە، کوتومت دەهۆڵی ئێستایە. بەڵام دەهۆڵێک، کە هەردوو سەرەکەی لە ناوقەدەکەی پانتر بن.

لە سەردەمی ساسانیدا، ئامێری تری ڕەزمی هەبوون، وەک **دومبەگ**، کە هەروەک دومبەگی ئێستا بووە، هەروەها **زنچیر**، کە بە زمانی پەهلەویش هەروایان پێ وتووە و هەمان **زنجیری** ئێستایە و بریتی بووە لە زنجیرێک، کە ئەڵقە و زەنگوڵەی پێوە هەڵواسراوە و لە سەردەمی دواتردا، لە هاتنی ئیسلامدا، زۆرتر لای دەروێشەکان، برەوی هەبووە و لە کۆڕی زیکر و سەما و «سماع»ی عارفانەدا، بەکاریان هێناوە.

ئامێری تری سەردەمی ساسانی، **چەغانە**، یان **چەقەوانە** بووە، کە دوو داری باریکی تاشراو بوون، ئەمسەرە و سەرەکانیان، بەشتێکی تر بەیەکەوە، گرێدراون و زەنگ و زەنگۆڵەیان پێوە بەستوون و بەدەستەوە بەستراون و لە کاتی جووڵاندنەوە و لەراندنەوەیاندا، زەنگ و زەنگۆڵەکان، زرنگاونەتەوە.

ئامێری تری مۆسیقای دەورەی ساسانی، **کەوچک** بووە، کە بریتی بووە لە دوو پارچە داری باریک و تاشراوی ڕێک و لووس و هەریەکەیان، وەک شێوەی دەمی کەوچک، چاڵ و پان بووە، بە جۆرێ کاتێ ئەڵقەیەک، یان زەنگولەیەکیان لەناو یەکێک لەم چاڵانەدا، دانابێ و ڕووە چاڵەکانیان بەرامبەر یەکتر، بە یەکدا دابێ، دەنگی لێوە هاتووە.

ئامێری «کۆس»یش، لە ئامێرە ڕەزمییە کۆنەکانە، کە واژەی **کۆس** لە زمانی فارسیدا، بە مانای **کەوتن** و **داچوون** و **هاڕین** دێت و ئێستاش لە زمانی کوردیدا، بە مردن و لێقەومان و زیانی گەورە و ئەو جۆرە کارەساتانەی دەبنە مایەی خەمی گەورە، هەر دەڵێن: **کۆس** «کۆس کەوتن»(**).

(*) شوور: کە بە عەرەبی پێی دەڵێن: أیل و، بە فارسی پێی دەڵێن: گەوەزن، ئەو ئاژەڵەیە، کە لە تۆرەمە و بنەچەی ئاسکە، بەڵام لە ئاسک گەورەترە و شاخەکانی پەل پەلن. زۆرم پرسیاری ناوی ئەم ئاژەڵە لە شارەزایان و ڕاوکارانیش پرسی، وتیان لە هەندێ ناوچەی کوردستان، فیلەگێژەیشی پێدەڵێن، لە ناوچەی موکریانیش: بزنە کێوی پێدەڵێن... بەڵام لە ڕاستیدا بزنە کێوی نییە. بە داخەوە ئەم ئاژەڵە، ئێستا لە کوردستان زۆر کەم و دەگمەن بۆتەوە.

(**) هەر بۆیە تا ئێستاش ئامێری دەهۆڵ، لە چەمەریدا بەکاردەهێنرێ.

جامێکی زیوینی زەڕکەفکراوی سەردەمی ساسانی
چەقەوانە بەدەست و سەما بەپێ
تاران موزەی ایران باستان

«کۆس»یش بە گشتی، بریتی بووە لە **دەهۆڵ**، یان تەپڵ و **نەقارە**ی گەورە. بەڵام جیاوازی ئەم، لەچاو ئامێرەکانی تردا، ئەوەیە کە جەستەی ئەم ئامێرە، بە شێوەی **کاسە**، یان **نیوکاسە**یە.

ئەولیا چەلەبی دەربارەی **کۆس** دەڵێ: ڕابەر، یان پیری کۆس، خاقانی تاتار بووە. لەبەرئەوە بەم ئامێرە دەڵێن کۆسی خاقان، هتد. (٤٠، ١١٩-١٢٣).

وەک لەناوی ئەو ئامێری مۆسیقاییانەی سەرەوەدا بۆمان دەرکەوت، زۆربەی ئەو ئامێرانەی لە سەردەمی ساسانیدا بەکار هێنراون، ئێستاش لەناو کورد و لای دراوسێکانی کورد، هەمان ئەم ئامێرانە، هەن و بەکار دەهێنرێن، کە هونەرمەند وریا ئەحمەد، لە کتێبی «ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی»دا، ناوی «تەپڵ، دەف، دەهۆڵ، سوورنای و شمشاڵ و... هتد»، وەک ئامێری مۆسیقای کوردی بەسەر کردوونەتەوە(٨٦، ١٧٥). بۆیە بەپێویستی دەزانم، لەسەر ناوی هەندێ لەو ئامێرانە، لەنگەرێکی کورت بگرم و بڵێم:

سوورنای، کە لە ئامێرە دێرینە و زۆر بڵاوەکانە لەناو کورد دا و ئەم ناوەش وەک **فارمەر** دەڵێت: بە هەمان شێوە لە **چین**دا، پێی دەڵێن: سوئرنای (Suerh- Nai) یان؛ سوئل نای

(So- eul- nai) یان: سونا (So- na) و هەر لە ئێرانیشەوە گەیوەتە ئاسیای ناوەندی(٤٠، ٢٣) لە دوو واژەی **سوور** و **نای** پێکهاتووە، کە واژەی **سوور** لەناو کورددا، بە مانای **شادی** و **جەژن** و **ئاهەنگ** و **زەماوەن** دێت، بۆیە دەوترێ: **خەتەنە سووران**، یان لەو سەردەمانەدا، کە دەرەبەگ لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، دەستی ڕۆیشتووە و بۆ هەر بۆنەیەک، بیانوویەکی بە جووتیاران گرتووە، کاتێ ماڵە جووتیارێک **زەماوەن** و **«شایی»**یان کردبێ، **سوورانە**ی لێ سەندوون.

واژەی «نای»ش، ئاشکرایە کە مانای «قامیش»ە و لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا، لە سەدان ساڵەوە وتراوە.

بالآت بە وێنەی **نایچە**ی شەمێران
مەدحی کوێت بکەم، هەی باوان وێران!

کەواتە **سوورنای،** کە دەنگی بەرزە و بۆ ئەوە دەشێ لە هەوای ئازاددا بۆ شادی و ئاهەنگ بژەندرێ، بۆیە سوورنای بە واتە **قامیش** «نای»ی ئاهەنگ و شادی(*) کە ئەم واژەیە لە زمانی پەهلەوییشدا، هەر هەمان مانای هەیە(٤٠، ٨٣) و ئەگەر لە یەکەمین مۆسیقاژەنی لای چەپی تابلۆی **ڕاوە شوور** و **بەرازەکە**ی تاق بوستانی باسکراو، وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئامێرێک دەژەنێ، کوتومت لە شێوەی **سوورنای** دایە.

ئەو پشکنینانەش کە لەم دواییانەدا، لە «حَضَر»ی لای مووسڵ کراون، دەیسەلمێنن کە ئامێری **سوورنای**، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، بۆ ساڵی ١٦٠ی زایین(٨٣، ١٠٠).

دوکتۆر مهدی فروغ لە باسی «سوورنای»دا، دەڵێ: جۆرێک **سوورنای بچووک** هەیە و دەنگی زۆر خۆشە و زۆرتر لە ناوچەکانی **ئەرزەروم** و لەناو هۆزەکانی کورددا، برەوی هەیە(٤٠، ٩٠).

لە سەردەمی ساسانیدا، جگە لە ئامێری **سوورنای**، ئامێری «شمشاڵ»یش، بە هەموو جۆرەکانیەوە، زۆر بایەخی پێدراوە و گەڵێ **«سینی** و **قاپ»**ی سەردەمی ساسانی، کە لەم دواییانەدا بینراونەتەوە، وێنەی شمشاڵ ژەن و «نایژەن»یان تێدایە.

بەڵام ئاشوورییەکان لە پێش ساسانییەکانەوە شمشاڵیان بەکارهێناوە. کۆنترین

(*) هەرچەندە ڕێی تێدەچێ واژەی «سوور» مانای «خوێن و کۆست و لێقەومان»یش بگەیەنێ، چونکە ئامێری سوورنای بۆ چەمەریش بەکاردەهێنرێ.

شوێنەوارێکی ئاشووری، کە نزیک بێت بە شمشاڵ، ئامێرێکە لە شێوەی شاخی ئاژەڵێکدا، لەسەر بەردێکی تاشراوی لای گلکۆی سەنحاریب دۆزراوەتەوە(٤٠، ٨٢).

لێکۆڵەرەوانی مۆسیقای دێرینە، لەو باوەڕەدان کە **شمشاڵ**، لە باوترین و کۆنترینی ئەو ئامێرانەیە کە لە هەزاران ساڵانی بەرینەوە، هاوڕێی دەنگ و ئارەزووەکانی مرۆڤ بووە. لەم ڕووەوە بەسەرهات و ڕووداوی زۆر دەگێڕنەوە، لەوانە: گوایە حەزرەتی **موسا** لە ئارەزوومەندان و دڵبەستەی شمشاڵ بووە و بە ئامێرێکی ڕێزلێگیراویش دادەنرێ، هەر بۆیە ئایینی ئیسلامیش حەرامی نەکردووە و لە کۆڕ و دانیشتنی تایبەت و ئاهەنک و شادیدا، بەکاریان هێناوە(٤٠، ٨٦) و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی دەروونناسی بەکاریان هێناوە. یەکێکیش لە بەڵگەکانی تەمەن درێژیی ئەم ئامێرە، ئەوەیە کە وەک وتمان لە زمانی پەهلەوییشدا، هەر بە هەمان ناوەوە، ناوبراوە(٤٠، ٨٣).

ئەو نووسەرانەی بەر لە هەموو نووسەرانی ئیسلام، ناوی ئەم ئامێرەیان بردووە، **جاحظ** بووە، کە دەڵێ ئەردەشێری ساسانی، مامۆستایانی مۆسیقا و گۆرانی، لە پلەی شازادە و سواران داناوە و دەستەی شمشاڵ ژەن و چەنگ ژەنانیشی لە پلەی سێیەمدا، داناوە(٤٠، ٨٣).

مێژوونووسی ناسراوی عەرەب: «مەسعوودی»یش، لە **مروج الذهب** دا، کاتێ ئاماژەی بۆ ناوی ئامێرەکانی سەردەمی **ساسانی** دەکات، ناوی **شمشاڵ** و **نای** پێکەوە دێنێ و لە ڕیزی چەنگ و تەنبوور و بەربەتدا، دایان دەنێ، ئەوسا باسی مۆسیقای کوردی دەکات و هەر لە بارەی شمشاڵەوە دەڵێ: شوانە کوردەکان شتێکیان بەکار دەهێنا، کە فوویان پیادەکرد، دەنگی لێوە دەهات؛ بەمە ئەگەر مێگەلەکانیان بڵاوەی بکردایە، کۆیان دەکردنەوە(٦٨، ١١٣). دیسان ئیبن **خردادبە**ش، ئەم باسەی بۆ کتێبەکەی خۆی گواستۆتەوە، کە ناوی ناوە **نَبذة في اللّهو والملاهي**(٦٨، ١١٣).

نووسەری کتێبی «الأغاني»ش، سەبارەت بە شمشاڵ دەڵێت: جوولەکەکان، لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا، شمشاڵیان وەک ئامێرێکی جەنگی و سوپایی بەکار هێناوە(٤٠، ٨٦).

نووسەرانی دێرینەی عەرەبیش(*)، ناوی شمشاڵیان بە هەمەجۆر باس و خواس لێکردووە لەوانە: ئیبن سینا، ئەبو مەنسور ئیبن حوسین محەمەدی ناسراو بە ئیبن زیلە و ئەبو عەبدوڵڵا محەمەد بن ئەحمد ئیبن یوسف خوارزمی(٤٠، ٨٥) و فارابی و عەبدولقادر مەراغەیی و... هتد.(٤٠، ٨٧).

(*) مەبەست لە دەقی نووسینەکانیانە، کە بە زمانی عەرەبییە.

جگە لەمانە و لە کتێبی **هەزار** و **یەک شەو**یشدا ناوی شمشاڵ بەو جۆرە ناوبراوە، کە هەم لە کۆڕی ئاهەنگ و شادی و لای شوان و لە کاروباری جەنگی و سوپاییشدا، لە هەوای ئازاددا، بەکاربراوە(٤٠، ٩١).

لە زمانی «یۆنانی»شدا، پەندێکیان هەیە، دەڵێ: مرۆڤی زۆر بێژ، لە شمشاڵی عەرەب دەچێ(٤٠، ٩٢).

***

... هاوبەشی و بەشداری کردنی کورد، لەو ڕۆژگارە زێڕینەی ساسانیدا، لە هەموو بوارەکانی گەشەکردنی دەوڵەتەکە بە گشتی و بە تایبەتیش لە مەیدانی **مۆسیقا**دا، وای لە هەندێ کوردناس کردووە، کە سەروەرییەکانی ئەو کەلەپوورە مۆسیقاییەی ساسانی، بەری ڕەنج و ماندووبوونی کوردیشی پێوە بێت، بۆیە سەبارەت بە توانای داهێنەرانەی کورد، لەو ڕۆژگارانەدا، کوردناسی ناسراو تۆمابوا دەڵێت: «لە سەردەمی ساسانیەکاندا، کورد، مۆسیقایەکی یەکجار بەرزیان هەبووە». تەنانەت بەمەشەوە ناوەستێ و هەر لەمەڕ مۆسیقای ئەوکاتەی کورد، دەڵێت: «مۆسیقای کوردی، کاری کردۆتە سەر نەتەوەکانی دراوسێشی» (٨٨، ١٤٥).

دیارترین مۆسیقازانەکانی ئەم سەردەمە: **نەکیسا** و **باربەد** بوون، کە وەک دەگێڕنەوە **نەکیسا** جگە لەوەی لە چەنگ ژەندندا زۆر بەناوبانگ بووە،(٤٠، ١٠٩) لە هەمان کاتیشدا، ئەوەندە داهێنانی مۆسیقایی کردووە، بۆ هەر ڕۆژێکی هەفتە، ئاوازێکی تایبەتی داناوە و بەم پێیەش بۆ ڕۆژەکانی مانگ و ساڵیش، واتە بۆ هەموو ڕۆژەکانی ساڵیش، ژمارەی (٣٦٠) ئاوازگەلی جیاوازی داناوە. کە ناوی هەندێ لەو ئاوازانە، تا ئێستاش ماون و پارێزراون و هەندێک نووسەر، تەقەللای پەیداکردنی ناوی ٧٢ لەم ئاوازانەی داوە(١٩، ٩-١١). بەڵام شاعیری گەورە، نیزامی گەنجەوی (؟-١٢١٧زایین)، لە داستانی **شیرین و خەسرەو**ەکەیدا، ناوی تەنیا (٣٠) لەم ئاوازانەی بە یادکردۆتەوە و دوای ئەمیش، شاعیری گەورەی کورد **خانای قوبادی** (١٧٠٠- ١٧٥٩ز)، لە وەرگێڕانی داستانی ناوبراودا، بۆ سەر زمانی کوردی «شێوەی گۆران»، هەمان ناوی ئەو (٣٠) ئاوازەی دووبارە کردۆتەوە.

هەرچەندە لە بەسەرکردنەوەی ناوی ئەو ژمارە ئاوازەدا، نازانرێ چەند ئاوازیان تایبەت بوون بە هونەری کوردییەوە، بەڵام جێی دڵخۆشییە کە پێش ئەوەش **نیزامی گەنجەوی**، ناوی ئەو ئاوازانە، تۆمار بکات، **شەمسی قەیسی کوڕی ڕازی** لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: **المعجم**

في معايير اشعار العجم(٢٤، ١٢٨)، کە نزیکەی (٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر، واتە ساڵی (١٢١٧زایینی)، لە **مەروە** نووسیویێتی و لە دووتوێی بەیتە شیعرێکدا، ناوی ئاوازێکی کوردی، بەناوی «ئاوازی هەورامانی» بەمجۆرە دێنێ:

لحن اورامـــــان و بیت پهلوی

زخمهء رود و سماع خسروی

هەروەها «عباس اقبال»یش، لەم ساڵانەی دواییدا، ناوی هەمان ئاوازی هەورامانی دێنی، کە گومان لە کوردی بوونی ئەم ئاوازە ناکرێ و ئەم ئاوازەی «هەورامانی»ش (٤، ٧٠-٧١)(١).

یەکێکە لە پاشماوە زێرینەکانی ئەو رۆژگارەی **ساسانی**، واتە سەردەمی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاوازە، دەیسەلمێنن و دەیبەنەوە سەر هونەری دانیشتوانی ئەو جوگرافیایەی لەو رۆژگارەدا پێی وتراوە: **فەهلەویات**، ئەو جێگایەش هەر شوێنی کوردستانی ئێستایە و لەناو کوردستانیشدا، دیارە لە ناوچەی **هەورامان** زیاتر دەبێ کوێی تر بێت!؟

لێرەدا بە دڵنیاییەوە، سەبارەت بە **ئاوازی هەورامانی** دەڵێم: ئاوازی هەورامانی، هەر ئاوازی سیاوچەمانە و هۆرەی ئێستای ناوچەکانی **هەورامان** و **کرماشان** و **لوڕستانە**، کە لەو سەدان و هەزاران ساڵەوە، تا ئێستا وەک خۆیان پارێزراون.

مانەوەی ناوی ئەم ئاوازەی **هەورامانی**، لەو سەدان ساڵە دەوورەوە، تا ئێستا و هەر بەو ناوەوە، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی بڵێین گەلی کوردیش لە دێرزەمانەوە، خاوەنی هونەر و مۆسیقا و هونەرمەندانی مۆسیقازانی خۆی بووە، کە وەک لە نووسراوی کۆنینەی مێژووییدا بۆمان دەردەکەوێ سیماکانی سەرومڕی ئەو کارە دێرینە و هونەرییانەی کورد، وایان لێکردووە تایبەتمەندی هونەریی خۆی بپارێزێ و شان بەشان و پێ بەپێی دراوسێکانیش، وەک خاوەن هونەرێکی جیاواز، سەیری بکەن و ئەو خانە و مۆرک و شەقڵەی، پێی دەوترێ تایبەتمەندێتی نەتەوایەتی، لە دێرزەمانەوە لەگەڵ خۆی هێنابێتی و بۆی بووبێتە پێناسە و ناسنامە. بۆیە لەم ڕووەوە کۆمەڵەی **أخوان الصفا**، کە عەرەب نەژادن و هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، لە شاری **بەسرەی** خوارووی عێراقی ئێستادا ژیاون، لە نووسراوێکیاندا ناوی **گۆرانی کوردی**یان هێناوە و دەڵێن: «هەر گەلێک بۆ خۆی، خاوەنی

(١) هەروەها: محمد حسين قريب شمس الدين، تاريخ موسيقی، با اهتمام روح الله خالقی، انتشارات هيرمند چاپ دوم، تهران ١٣٦٢، س١٨

ئاواز و گۆرانی تایبەتی خۆیەتی، کە چێژی لێ وەردەگرێ و پێی دڵخۆش دەبێ، ئەوەندەش چێژ لەوەی خۆیان وەردەگرن، ئەوەندە چێژ لە هی گەلێکی تروەرناگرن، وەک گۆرانی گەلانی: دەیلەم، تورک، عەرەب، **کورد**، ئەرمەن، زنجی، فارس و ڕۆم» (٣٧، ٢٩٥)

کە بێگومان ئەم تایبەتمەندییەی **گۆرانی کوردی**، کە کۆمەڵەی أخوان الصفا، لە پێش هەزار ساڵەوە باسی دەکەن، ئاکامی خەملێنی لەو هەزار ساڵەش کۆنترە کە ئەوان باسی دەکەن و ئێمەش مەبەستمانە بیبەینەوە بۆ سەردەمی پێشتریش.

هەر لەو ئاوازانەی لە نووسراوی کۆنی دراوسێکانی کورد دا، ناویان هاتووە و تایبەتن بە کوردەوە، چەند ئاوازێکن، لە لیستی ئاوازگەلی سەرەکی و بنچینەیی ئێراندا هەن، وەک: ئاوازی کورد و زەنگوڵە و مێگەلی، کە «میرزا محەمەد فرسه الدوله - ١٨٥٤ز - ؟»ی شیرازی، لە کتێبە بە نرخەکەیدا «بحور الالحان»، لە تەک ناوی ئاوازگەلێکی تردا، ناوی هێناون(١٩، ١٢٠). کە ئەم ناوانەش بێ سێ و دوو، لە داهێنان و ناونانی کورد، خۆیەتی و ڕێی تێناچێ بیانەیەک بە کورد، ئەو ئاهەنگ و مەقامانەی بەو جۆرە ناونابێ... بەڵکو ئەو ئاوازانە، دەبێ دەست نێژی هونەرمەندای کورد، خۆی بێ و شوێن پەنجەی کوردی پێوە دیار بێ.

ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە ناوهێنانی ئاواز و مەقامی کوردی، لە دووتوێی کتێبی کۆنی فارسی و ئێستاشدا، بەڵگەی ئەوەشن، کە لەو فەرهەنگە هاوبەشە دێرینەیەی ئەم جوگرافیایەدا، بەو هۆیەوە کە هونەری کوردیش خۆی سەپاندووە و جێی خۆی کردۆتەوە، نەتوانرێ پشت گوێ بخرێ و لەبیر بکرێ.

... کە هەر ئەم هۆیە وایکردووە هونەرمەندانی بەناوبانگی گەلانی دراوسێی کورد، لە مۆسیقازانان و گۆرانیبێژان، بەتایبەتی هونەرمەندانی فارس و تورک، لە دێرزەمانەوە و تا ئێستاش، لە کاتی گۆرانی وتن و مۆسیقا ژەندن دا وەک نموونەی: محەمەد ڕەزا شەجەریان و هابیل عەلێیوف و زۆری تریش، بە ڕێکورەوانی ئاماژە بۆ ئەو میلۆدییە کوردییانە بکەن، کە لە هونەرەکەیاندا کەڵکیان لێ وەرگرتوون و بەکاریان بردوون.

***

مۆسیقا و گۆرانی کوردی
دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و... تا ئێستا

خوا، هیچ پێغەمبەرێکی خۆی
بەبێ دەنگی خۆش بۆ خەڵک نەناردووە
«پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)»

«١»

سەرەتا، دەبێ ئەوە بزانین کە لە سەرتاسەری قورئانی پیرۆزداو تاقە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بەرامبەر دژایەتی کردنی **مۆسیقا** نییە و تەنانەت دەستەیەک لە زانایانی ئیسلام، لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ئەوەی لە سورەتی ٢٥ «**الفُرقان**- ئایەتی یەکەم»ی قورئانی پیرۆزدایە و دەفەرمووێ [**تَبارَكَ الّذي نَزّلَ الفُرقانَ عَلى عَبْدِهِ لِيَكُونَ للعَلمين نَذيراً**]، واتە: [خوا ئەو شتانەی کە خۆی حەزی لێیەتی، بە مەخلوقاتی خۆی دەدا]، مەبەستی لە دەنگی خۆشە. دیسانیش دەڵێن کاتێ لە ئایەتی ١٨ - سورەتی ٣١ - **لُقمان**دا، کە دەفەرمووێ: [**وَاقْصِدْ في مَشْيِكَ وَاْغْضُضْ مِنْ صَوتِكَ إنَّ أَنْكَرَ الأصوات لصوت الحَمير**] و بە تایبەتیش کە دەفەرمووێ: **دزێوترین دەنگ، دەنگی گوێدرێژە**؛ لە ڕاستیدا و بە شێوەیەکی شاراوە، مەبەست لە پەسەند کردنی «**دەنگی خۆش**»ە.

هەروها ئایەتی ٣١ - سورەی ٧- **الأعراف**، کە دەفەرمووێ [**قُلْ مَنْ حَرَّمَ زينَةَ اللهِ الّتي أَخْرَجَ لعباده وَالّطيبت مِنَ الرِّزقِ قُلْ هِيَ لِلّذين أمَنواْ في الحَيوةِ الدُّنيَا خالصَةً يَومَ القيمة كَذلكَ نُفَصِّلُ الأيت لِقَومٍ يَعْلَمُون**]، بە واتا: ئەی پێغەمبەر، بڵێ کێ ئەو جوانییانەی خوای حەرام کردووە، کە بۆ بەندەکانی خۆی بەدیهێناوە!؟ پێیان بڵێ ئەم نیعمەتانە لە دنیادا، خەڵاتی گەلی ئیماندارانە... و وەک بە گوێرەی ئەم بەڵگەیە لێکیان داوەتەوە **مۆسیقا**ش ئازادکراوە.

جگە لەم بەڵگانە، هەر لە قورئاندا، لە سورەتی ٥٣ - النجم - ئایەتی ٦٠، ٦١دا، باسی **سامدون** کراوە، کە مەبەستیش لە سامدون، ئەو کەسانە بوون، لەو ڕۆژگارەدا، گۆرانی و ئاوازیان چڕیوە.

ئەم نموونانە و هەندێ وردە بەڵگە و وردە ئاماژەی تریش هەر لە قورئاندا هەن، کەم و زۆر هێما بۆ **مۆسیقا** و **دەنگی خۆش** دەکەن و بەهیچ جۆرێکیش بەرهەڵستی **مۆسیقا** و **دەنگی خۆش** ناکەن. کەچی زانایانی **فیقهی** ئیسلامی، لە سەردەمی دوای **قورئان** و دواتردا، لە مشتومڕی ئەوەدان، کە ئاخۆ **بیستنی مۆسیقا**، واتە: **سماع**، حەڵاڵە، یان حەرامە!؟

بۆیە لەم بارەیەوە خۆرهەڵاتناسانیش، سەبارەت بە کێشەی **مۆسیقا** لەناو ئیسلامدا، دەبنە دوو دەستە، کە دەستەیەکیان پێیان وایە حەرام کردنی **بیستنی مۆسیقا**، ڕاستەوخۆ، پەیوەندی بەحەزرەتی **محەمەد**ەوە هەیە و دەستەکەی تریان پێیان وایە کە زانایانی ئیسلام، لە ڕۆژگاری **عەباسی**دا، لە بەرامبەر ڕێزی بێ ئەندازەی خەڵک لە **مۆسیقا** و پابەندیی زۆریان بە **مۆسیقا**وە، ئیرەییان پێ بردوون و بۆ سنوور دانانیش بۆ ئەو سەرقاڵییە لە ڕادە بەدەرەی خەڵک بە **مۆسیقا**وە، فتوای دژایەتی کردنی **مۆسیقا**یان داوە، کە دەشێ هەروا بێ و درەنگانێک زانایانی ئیسلام، هەڵوێستیان سەبارەت بە **مۆسیقا** و **گۆرانی** گۆڕابێ، چونکە لە کتێبی **الأغاني** «سەدەی دەیەمی زایین»(٣٩- ٧٠) و هەروەها مێژوونووس «سید میر علی»یش هەر پێی وایە، کە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا، دژایەتی **مۆسیقا** نەکراوە(٣٩، ٨٨).

لەبەر ئەمانە و بۆ زیاتر دڵنییا بوون لە دیدی ئیسلام، بەرامبەر بە **مۆسیقا**، نزیکترین و ڕاستترین ڕێگە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە، هەر پەنابردنە بۆ قورئانی پیرۆز و **حَديث** «**فەرموودە**»کانی حەزرەتی **محەمەد** (د.خ) و وەک وتیشمان قورئانی پیرۆز، هیچ دژایەتی و بەربەستییەکی لە **بیستنی مۆسیقا** نییە، بۆیە دوای قورئان، بە شوێن فەرموودەکانی حەزرەتی محەمەددا (د.خ) دەگەڕێین، کە ئەم فەرموودانەش، جگە لەوەی ڕوونترین سەرچاوەن بۆ وتار و ئاکار و هەڵوێستی حەزرەتی **محەمەد** (د.خ)، بەرامبەر ئایین و کاروباری کۆمەڵایەتی تێکڕای موسوڵمانان، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی حوکمی شەرعیان هەیە و هاوشانی «**وەحی**»ن، بۆیە دەتوانرێ لە دوو توێی ئەم **فەرموودانە**دا، یاسایەکی گونجاو، بۆ **بیستنی مۆسیقا** دیاری و دەستنیشان بکرێ.

فەرموودە «حديث» لە پێغەمبەر -د.خ- دەگێڕنەوە، کە ئەمانەن:

١- خوا، هیچ پێغەمبەرێکی خۆی بەبێ دەنگی خۆش، بۆ خەڵک نەناردووە(٣٩، ٦٦).

٢- «**أوتيتُ مزماراً مِنْ مَزامير آل داود**» واتە: منیش شمشاڵێک لە شمشاڵەکانی **داوودم** پێ بەخشراوە. «بەمانای ئەوەی منیش خاوەنی دەنگێکی خۆش و ئاوازێکی **داوودیم**»(٥١، ٨٥)

٣- سۆز و بەزەیی خوا، بۆ کەسێک کە بە **دەنگی خۆش** قورئان دەخوێنێ، زیاترە، لەو مامۆستایەی کە کچێکی گۆرانیبێژ بار دەهێنێ و گوێ لە دەنگی کچەکە دەگرێ(٣٩، ٦٦).

٤- هەروەها دەڵێن **ئەنەس کوڕی مالیک** (لە ٧١٥ز-دا مردووە) وتوویەتی: پێغەمبەر (د.خ)، وای حەز لێ بووە لە کاتی کاروانیی و سەفەردا، گوێی لە دەنگی گۆرانی و ئاوازی کاروانیی **حدی** بێ. بۆیە لەم کاتانەدا پێی خۆش بووە **انجُشه** گۆرانی بۆ خانمان و «براء کوڕی مالیک»ی برای «ئەنەس»یش گۆرانی بۆ پیاوان بچڕێ، کە ئیمام غەزالیش لەسەر ئەم بڕوایەیە و دەڵێت: لە ڕۆژگاری حەزرەتی **محەمەد** و لە سەردەمی ئەسحابەکانیشدا، چڕینی ئاوازی **حدی** وەکو دابێکی زیندووی عەرەب پارێزراوە(٣٩، ٦٦).

ئەم چەند ڕیوایەتەش لە زمانی عائیشەوە دەگێڕنەوە:

١- ڕۆژێکیان حەزرەتی ئەبوبەکر سەردانی عائیشە، دەکات سەیر دەکا وا دوو کچ، لە ژوورەوە خەریکن دەف و دایەرە لێدەدەن، پێغەمبەری خواش لەوێیە و جبەکەی بەسەر خۆیدا داوە. ئەبوبەکر بەسەریاندا دەبۆڵێنێ و سەرکۆنەیان دەکات. بەڵام پێغەمبەر (د.خ) ڕووی خۆی ئاوەڵا دەکاتەوە و دەفەرمووێ: ئەبوبەکر، وازیان لێ بێنە، چونکە ئێستا کاتی بەزم و خۆشییە(٣٩، ٦٦).

٢- ڕۆژێکیان نێردراوی خوا (د.خ) لە ماڵەوە بوو، لەوکاتەشدا دوو کچی کۆرانیبێژ، خەریکی چڕینی گۆرانی ڕۆژی **بعاث** بوون، پێغەمبەر (د.خ) چووە سەر جێی خەوەکەی و ڕووی لە لایەکی تر کرد، لەم کاتەدا **ئەبوبەکر** هاتە ژوورەوە، دەستی کرد بەسەرکۆنە کردنی من: ئەم زوڕنا شەیتانییە چییە؟ ئەویش لە خزمەت پێغەمبەردا؟!... بەڵام پێغەمبەر ڕووی تێکرد و فەرمووی: ئەبوبەکر، وازیان لێ بێنە(٣٩، ٦٧).

٣- کچێک لە ماڵماندا خەریکی چڕینی سترانێک بوو، کە حەزرەتی **عومەر** مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواست، کچەکە هەرکە گوێی لە دەنگی پێی عومەر بوو، ڕای کرد. دوایی کە عومەر هاتە ژوورەوە، پێغەمبەر (د.خ) بزەیەکی هاتێ، عومەر فەرمووی: ئەی خۆشەویستی خوا، ئەوە بەچی پێدەکەنیت؟ پێغەمبەر فەرمووی: کچێک لێرە بوو، سترانی دەچڕی، هەرکە دەنگی پێی تۆی بیست، ڕای کرد و خۆی شاردەوە. عومەر فەرمووی: کەوایە من لێرە نابزووم، تا ئەو شتەی پێغەمبەری خوا بیستوویەتی، منیش نەیبیستم. پێغەمبەریش (د.خ) کچەکەی بانگ کردەوە، ئەویش سەرلەنوێ کەوتەوە سەر بەستە چڕینەکەی(٣٩، ٦٨).

٤- بووکمان بۆ «أنصار»ێک گواستەوە، کە گەڕاینەوە، حەزرەتی **محەمەد** پرسی: چیت کرد! بووکت گەیاندە زاوا؟ عەرزم کرد: بەڵێ، فەرمووی:ئەی کەسێکت ڕانەسپارد، کە بتوانێ **گۆرانی بڵێ**؟ عەرزم کرد: نەخێر، فەرمووی: بێگومان تۆ چاک دەزانیت کە **أنصار** خەڵکێکن زۆر هۆگر و دڵبەستەی گۆرانی و مۆسیقای عاشقانەن و حەزیان لێیەتی(٣٩، ٦٩).

هەروەها« **ئیمام غەزالی**»ش شتێکی لەم بابەتە دەگێڕێتەوە:

ڕۆژێک حەزرەتی محەمەد گوێی لەدەستەیەک **زەنگی** دەبێت کە بە گۆرانی و هەڵپەڕینەوە، بە بەرماڵی حەزرەتدا ڕادەبوورن، بە **عائیشە** دەفەرمووێ: حەز دەکەیت چاوت لێیان بێت؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەوسا حەزرەت لێی نزیک بووەوە و باسکی خۆی لەسەر دیواری حەوشەکەیان بۆ دانا، تا عائیشە چەناگەی بخاتە سەر و بتوانێ خۆی بەرز بکاتەوە و چاوی لە زەماوەند و سەماکە بێ، تاوێک بەو جۆرە مایەوە، ئەوسا حەزرەت فەرمووی: عائیشە بەس نییە؟ عائیشە وەڵامی دایەوە: هێشتا نە ء، ئیتر عائیشە هەروا مایەوە، تا خەزرەت سێ جاری لێ دووپات کردەوە، ئەوسا دابەزی(٥٠، ٢٤٩).

***

سەبارەت کچانی گۆرانیبێژیش، گەلێ بەڵگە لەبەردەستان، ئەوە دەسەلمێنن کە پێغەمبەر (د.خ) گۆرانی وتنی بۆ ئافرەتیش پاوان نەکردووە. بۆ نموونە: جارێک حەزرەتی محەمەد لەگەڵ «حسان بن ثابت»ی شاعیردا بەلای ماڵی «حَسّان بن ثابت»دا ڕادەبووڕێ، دەنگی ئافرەتێکی گۆرانیبێژ دەبیستێ، **حسان بن ثابت** لە پێغەمبەر دەپرسێ: ئەرێ گۆرانی ناچێتە ڕیزی تاوانەکانەوە؟ حەزرەت لە وەڵامدا دەفەرمووێ: بەدڵنیاییەوە، نا(٣٩، ٦٧).

لە بۆنەیەکی تردا، حەزرەتی محەمەد (د.خ) سەردانی ماڵی الرُبيع بنتِ مَعوّذ دەکات، لەو کاتەدا کچانی گۆرانیبێژ، خەریکی بەستەچڕین دەبن، هەرکە دەگاتە ژوورەوە، یەکێک لە کچەکان دەڵێ: ئا ئێستا پێغەمبەرێک لای ئێمەیە، دەزانێ سبەینێ، چی ڕوو دەدات، پێغەمبەریش (د.خ) لە وەڵامدا دەفەرمووێ: جارێ لەمانە بگەڕێ، ئەو شتەی دەتوت «گۆرانییەکە) دەست پێ بکەرەوە(٣٩، ٦٨).

دەڵێن جارێکیش کچێک بەلای پێغەمبەردا (د.خ) ڕادەبووڕێ، دەم و دەست، بە دەنگی بەرز ئەمە بە گۆرانی دەڵێ: بە ڕاست ئەمە تاوانێکی گەورەیە، ئەگەر بێت و ساتێک شاد بم؟ حەزرەتیش لە وەڵامدا فەرموویەتی: نا، هیچ تاوانێک لە لوتفی خودادا نییە(٣٩، ٧٠). گرنگایەتییەکی زۆریشیان بەم ڕیوایەتەی **دینەوەری** (٨٩٥ز-دا مردووە) داوە:

جارێکیان ئەسحابەیەک، پێغەمبەری خوا (د.خ)، لە بارێکی ڕۆحانیدا دەبینێ، کە تایبەت بووە بەو کاتانەی لای خوارەوە، وەحی بۆ هاتووە، ئا لەوکاتەدا بە ئەنقەست، لە پێغەمبەر دەپرسی: ئەرێ باوەڕی پێغەمبەریش، دژی بەستە و مۆسیقایە؟! حەزرەتیش وەلم دەداتەوە: من هیچ دژایەتییەکم لەگەڵ بەستە و مۆسیقادا نییە، بەڵام ئەوانەی ڕوو لە گۆرانیبێژیی دەکەن، پێیان بڵێ با گۆرانییەکانیان بە قورئان دەست پێبکەن و بە قورئانیش بیبڕنەوە(٣٩، ٤٠).[١]

هەروەها دەگێڕنەوە: هۆزی **قُرَیش** ئاگادار کرابوونەوە، کە أعشى میمون بن قیس (٦٢٩ز- مردووە)ی شاعیر و سترانبێژی بەناوبانگ،[*] بە نیازی دیداری حەزرەتی محەمەد (د.خ) بەڕێ دەکەوێ، قوڕەیشەکان دەیانەوێ هەرچۆنێک بێت لەم کارە، پەشیمانی بکەنەوە، هەوڵێکی زۆریان بۆ بەرگری لە چوونی داو بۆ ئەوەش بە یەکجاری دڵساردی بکەنەوە، پێیان وت: زۆربەی ئەو شتانەی تۆ حەزت لێیانە، پێغەمبەری ئیسلام بە حەرامیان دەژمێرێ. شاعیری گۆرانیبێژیش لێیان دەپرسی: باشە ئەو شتانە چین؟؟ «ئەبو سفیان»ی سەرۆکی **قُرَیش** وەڵامی دەداتەوە: عەشقێنی ژنان، قومار، سوودخواردن و شەراب خواردنەوەن(٣٩، ٧١).

بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە و **مۆسیقاش** لە ڕیزی تاوانەکاندا بوایە، ئەوا ناوی «ئەعشا»شیان دەبرد، کە یەکجار زۆر هۆگری ئەم هونەرە بووە(٣٩، ٧١).

بەڵام پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە دۆستانەیەی **مۆسیقاش**، لە حەزرەتی محەمەد (د.خ) دەگێڕنەوە، کە گوایە فەرموویەتی: ئەوەندەی باران، سەوزایی لەسەر زەوی دەڕوێنێ، ئەوەندەش **مۆسیقا**، نیفاق لە دەروونندا دەڕوێنێ. هەرچەندە دەستەیەک پێیان وایە ئەم بیروڕایە، هی **ئیبن مەسعوود**(٣٩، ٦٤).

دیسان هەر لە زمانی پەیامبەری ئیسلامەوە (د.خ)، سەبارەت بە «دەف» ژەندن، کە لەوکاتەدا عەرەبەکان پێیان وتووە: «غربال: Ghirbal»، فەرموویەتی: «زەماوەندی ژنهێنان بگێڕن و «غربال» بژەنن(٤٣، ٣١).

لەمانەش گرنگتر، ئاهەنگ و زەماوەندی گواستنەوەی یەکەمین هاوسەری پێغەمبەر (د.خ)، حەزرەتی **خەدیجە**یە، بۆ حەزرەتی محەمەد، کە بە ئاهەنگ و شادی و **مۆسیقا**وە بووە و هەروەها ئاهەنگی گواستنەوەی «**فاتیمە**»ی کچی حەزرەتی **محەمەد** بۆ حەزرەتی

(١) واتە: ئەگەر لەنێوان قورئان خوێندنەکاندا، گۆرانیش بوترێت، زیانێکی نییە.

(*) لەپێش هاتنی ئایینی ئیسلامدا بەو جۆرە کەسانەی کە شیعر و گۆرانییان پێکەوە وتووە، وتراوە خونیاگەر.

علی، کە لەنێوان دۆستان و یارانی تایبەتی محەمەد (د.خ)دا، مۆسیقاژەنێکی زۆریش هەبوون(٤٤، ٧١). کە لەوانە: عەمرۆ کوڕی ئومەیە زەمیری، کە بە **بابا عَمرو**، یان بە **عَمرو عَیّاری**ش دەناسرێ، یەکێک بووە، لە ئەسحابەکانی پێغەمبەر و لە زەماوەندی گواستنەوەی «فاطمة»دا، دایەرەژەنی کردووە(٣٩، ٨٥). هەروەها «حَمزة یَتیم»یش، کە بە هاوکاری لەگەڵ «بِلال»ی حەبەشیدا، گۆرانییان بۆ حەزرەتی محەمەد (د.خ) چڕیوە و ناوبراو کەمەربەستەی حەزرەتی **عَلي**، یان **سَلمان فارسي** بووە و دەڵێن ئەمیش لە زەماوەندی حەزرەتی «علی و فاطمة»دا گۆرانی وتووە. دیسان **بابا سَوَندی**ش، کە «ئەسحاب»ەی پێغەمبەر بووە، شانازی ئەوەی پێبڕاوە، کە لە نەبەردەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا، تەپڵی کوتاوە(٣٩، ٨٥-٨٦).

لەپاڵ ئەمانەشدا، ئەوەمان لەیاد نەچێ، کە لە پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، لەناو عەرەبدا، پیاوان و ژنان و کچانی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن، لە مەیخانە و لە شوێنە گشتیەکاندا، گۆرانی و مۆسیقایان بۆ خرۆشاندنی هەوەس و ئارەزوو، بەکارهێناوە و لە سەرەتای ئایینی ئیسلامیشدا، دژایەتی و سووکایەتی ئایینی ئیسلامیان پێکردووە(٣٩، ٤٣)، کە **نەضر کوڕی ئەلحارث** (لە ٦٢٤ز-دا مردووە)، جگە لەوەی ئامۆزای پێغەمبەر (د.خ) بووە، یەکێکیش بووە لەوانەی لەپێش ڕاگەیاندنی ئایینی ئیسلامدا، شاعیر و گۆرانیبێژ، واتە **خونیاگەر** بووە، بەڵام دواتر و بۆ دژایەتی ئیسلام، بووە سیاسی و بووە سەرسەختترین دوژمنەکانی پێغەمبەر. هەر ئەم **نَضْر**ەیە. کە لە ئایەتەکانی ٦،٥ - سورەتی ٣١ - «لُقمان»ی قورئانی پیرۆزدا، هەڕەشەی سزادانی بۆ کراوە(٣٩، ٥٤).

لەبەرئەوە سەیر نییە، ئەگەر خودی حەزرەتی محەمەد (د.خ)، بە پارێز و سڵەوە، بۆ مۆسیقای ڕوانیبێ.

***

لەدوای حەزرەتی محەمەدیش، هەر چوار خەلیفەکانی ئیسلام دێن، وەک دەزانین خەلیفەی یەکەم و دووەمی ئیسلام، پێوەندییەکی ساکاریان لەگەڵ **مۆسیقادا** هەبووە، یان دەتوانین بڵێین هەر نەیان بووە، چونکە زۆرتر سەروکاریان لەگەڵ شمشێر و کاروباری جەنگیی و پیادە کردن و ڕاگەیاندنی ئایینی ئیسلامدا بووە و لەبەرئەوەش کە لە سەردەمی خەلافەتی **ئەبوبەکر** «کە خەلافەتی لە ٦٣٢ز-دا بووە»، مۆسیقا وەک کەرەسەیەکی ڕابواردنی **حەرام** پێناسەکراوە، هەرچەندە بۆ سەلماندنی ئەم هەڵوێستە، بەڵگەی سەلمێنراو بەدەستەوە نییە.

هەڵوێستی حەزرەتی عومەریش «کە خەلافەتی لە ٦٣٤ تا ٦٤٤ز- بووە»، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خەلیفەی یەکەمدا نییە، ئەوەندە هەیە کە لە زمانی **عائیشە**وە بیستراوە، کە **عومەر** لە ماڵی حەزرەتی محەمەددا (د.خ)، گوێی لە دەنگی کچێکی کۆرانیبێژ بووە(٣٩، ٩١). جگەلەوەی کە «عاسم»ی کوڕی، یەکجار سەودای **مۆسیقا** بووە و هەموو کاتی خۆی بۆ **مۆسیقا** تەرخان کردووە و یەکێکیش لە سەرکردەکانی، بەناوی **نَعمان بن عَدّي** فەرمانڕەوای **میسان**، هونەرپەروەر و دۆستی هونەرمەندان بووە(٣٩، ٩١).

حەزرەتی عوسمانیش «کە خەلافەتی لە ٦٤٤ تا ٦٥٦ز- بووە»، کە لە سەردەمی ئەمدا، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەب، ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەرداهات و بە پێچەوانەی خەلیفەی یەکەم و دووەمی پێش خۆیەوە، کە ژیانێکی زۆر سادە و ساکار و ئاسایی ژیاون، لە سەردەمی ئەمدا **مۆسیقا** بووە یەکێک لە پێویستییەکانی بنەماڵە خانەدانەکانی عەرەب، هەرچەندە لە خودی حەرزەتی **عوسمان** دەگێڕنەوە، کە وتویەتی: من، نەگۆرانیم وتووە و نە درۆشم کردووە(٣٩، ٦٥).

حەزرەتی «**عەلی**»یش «کە خەلافەتی لە ٦٥٦ تا ٦٦١ز - بووە»، خۆی شاعیر و یەکەمین کەسێک بووە زەمینەی بۆ توێژینەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەی زانست خۆش کردووە، شیعر و مۆسیقای وەک هونەری ڕێزلێگیراو سەیرکردووە و پەرەی پێداون و ئیتر لە دوای سەردەمی ئەمەوە، بەدواوە، ئایندەی **مۆسیقا** جۆرە دڵنیاییەکی بەخۆیەوە دی(٣٩، ٩٤).

***

بەڵام هەر چوار ڕێبازگە گەورەکەی ئیسلام، واتە: حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی، بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ، نەیاری **فیقەی** ئیسلامیان بۆ **مۆسیقا** ڕاگەیاندووە، هەرچەندە لە دەیان کتێبی تری زانایانی ئیسلامدا، تەقەللای ئەوە دراوە کە **حەلاڵ** کردنی **مۆسیقا**، بسەلمێنرێ(٣٩، ٧٢)

دەڵێن **ئەبوحەنیفە** (٦٩٩ تا ٧٦٧ز) ئەگەرچی بەڕواڵەت ئامێری مۆسیقای بە حەلاڵ داناوە، بەڵام حەزی لە **گۆرانی** چڕین نەبووە و گوێدێریی بۆ مۆسیقایش، بە گوناە زانیوە(٣٩، ٧٤). کەچی لە هەمان کاتدا، هەر سەبارەت بە **ئەبوحەنیفە** دەگێڕنەوە، کە: دراوسێیەکی دەنگخۆشی هەبووە، جارێکیان زیندانی دەکرێت، أبو حنیفەش، کە دڵی بە دەنگە خۆشەکەی ئەم دراوسێیە ئاسوودە بووە، کەفالەتی کردووە و لە زیندان ڕزگاری

کردووە(٣٩، ٧٤).

«مالک بن انس»یش (٧١٥ تا ٧٩٥ز)، ئاواز چڕینی قەدەغە کردووە، «ئیمام شافعی»یش (٧٦٧ تا ٨٢٠) فەرموویەتی گۆرانی وتن، وەرزشێکی ناپەسەندە و هەر کەسێکیش بێ ئەندازە، هۆگری ئەم کارە بێت، عەقڵی سووکە و شایەتییەکەیشی قبوڵ ناکرێ(٣٩، ٧٤). هەر ئەم پێشەوایەی ئیسلام، هەڵوێستی پێچەوانەی ئەو فەرموودەیەی پێشتری لێ دەگێڕنەوە و دەڵێن: مۆسیقا بە کردەوەیەکی حەلاڵ دەزانێ و هەر ئەمیش فەرموویەتی : هیچ پیاوێکی عاقڵ و خوێندەوار، لە حیجازدا ناناسم، کە گۆرانی و ئاوازی پێ خۆش نەبێ، مەگەر ئەوانەی کە بریتین لە دەربڕینی ڕووت و باسی دڵداری(٣٩، ٧٣). «**أحمد بن حَنبل**»یش (٧٨٠ تا ٨٥٥ز)، حەزی لە **سماع** نەکردووە(٣٩، ٧٢).

«٢»

بەڵام وەک **مەسعوودی** دەڵێت: لە سەرەتادا، ئایینی ئیسلام بە ئاسانی نەیتوانی جێگەی خۆی لەنێوان کورداندا بکاتەوە، چونکە کوردەکان لە وەرگرتنی ئەم ئایینە تازەیەدا، خۆیان لێ دەپاراست و دووره و پەرێز دەبوون (٥٤، ٢٣). کە ئەمەش وەک **مسعود گولزاری** دەڵێت نیشانەی ئەوەیە بتوانین بێ سێ و دوو بڵێین کوردان، گەورەترین پشتیوانی شاهەکانی ساسانی و دامودەزگاکانی دەوڵەتی ساسانی بوون (٤٤، مقدمە - ١٠٩). هەربۆیەش لە کاتی هێرشی ئیسلامیدا بۆ سەر **«مەدائین»**ی پایتەختی ساسانی، **یەزگردی** دوایین شای ساسانی، لە تێشکان و هەڵهاتنیدا، ڕووی لە ناوچەی **حەلوان** «زەهاو»ی کوردستان کردووە، تا بەهۆی هاوکاری و پشتیوانیی کوردانەوە، یارمەتی و هێزی زۆر، بۆ بەرگری و بەرهەڵستی لە هیرشی ئیسلام و سەندنەوەی دەسەڵاتی ساسانی پێبگات.

هەر بەو جۆرەش لە سەردەمی عومەری دووەمین خەلیفەی ئیسلامدا، ترس و سڵی ئەوە هەبوو نەتوانرێ کێوە سەختەکانی کوردستان داگییر بکرێ، یان لە ڕێگەی **سوریە** و **جزیرە**وە هێز و یارمەی، بۆ پشتیوانی لەشکری ساسانی بگات(٤٤ - مقدمە - ١١١).

بۆیە لە ساڵی ١٨ی کۆچیدا **عیاض بن غانم**، بە فەرمانی **سەعد کوڕی وەقاص**، بە سێ لەشکرەوە بۆ سەر سێ قۆڵی ناوچەکانی جزیرە نێردرا، هەر لە هەمان ساڵدا و لە قۆڵێکی ترەوە، لەشکری ئیسلام بە سەرکردایەتی **عەزرە کوڕی قەیس** بەرەو **شارەزوور** نێردرا، بەڵام بەرەنگاری سەختی کوردان، لەشکری ئیسلامی ناچارکرد پاشەکشێ بکەن، عومەریش ناچار بوو دووبارە لەشکری تر، بە سەرکردایەتی **عەقەبە فرقد ئەلسلمی** بۆ **شارەزوور** و **سامگان** بنێرێتەوە، کە لەم جارەیاندا دوای شەڕی سەخت و خوێنین و قەڵاچۆی کوردان، شارەزوور داگییرکرا (٢، ج ٣- ٢٩).

ئیتر هەر لە سەردەمی خەلیفایەتی **عومەر**دا، چەندان سەرکردەی تری ئیسلامی، وەک **سلمة بن قیس الأشجعی** و **جارود عبدی**، لە چەندان قۆڵی تری وەک موسڵ، لوڕستان وأهواز و... هتد، هێرشیان کردۆتە سەر ناوچە کوردنشینەکان و شەڕی سەختیان لەگەڵدا کردوون، کە لە هەندێ لەم شەڕانەدا، لە ئاکامی بەرەنگاریی سەختی کورداندا، لەشکری ئیسلام ناچار بووە پەیمان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا مۆر بکات، وەک ئەو پەیمانە مەرجدارەی کە هەر لە سەردەمی **عومەر**دا، هەردوو سەرلەشکری ئیسلام **حذیقة بن الهیان** و **مغیرە بن شعبیە**، لە دوای شەڕ و پێکدادانی خوێناوی و بێ ئاکام، لە ناوچەی **ئەردەبیل**، لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەکانی **ئازەربایجان**دا بەستیان و تیایدا بەرامبەر بە ساڵانەی

(٨٠٠) هەزار دەرهەم، کە کاربەدەستانی ئازەربایجان، بە لەشکری ئیسلامی بدەن، بە مەرجێ ئەوانیش دەست لە کوشتن و بڕین و تێکدانی ئاتەشکەدەکانی ناوچە کوردنشینەکانی **ساتروان و بلاسکان و سەبەلان** هەڵبگرن و ڕێز بۆ نەریتی ئایینی ناوچەکە دابنێن (٤٤، ١٤ هەروەها ١١، ١٦٣ هەروەها ٣٠ - ٧٦).

هەرچەندە ئەم پەیماننامەیە لە سەردەمی خەلافەتی **عوسمان**دا پشت گوێخرا و دانیشتوانی ئازەربایجان دەستیان کردەوە بە شۆڕش، کە دووبارە **وەلید کوڕی عەقەبە**، بە فەرمانی **عوسمان** ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرایەوە ودوای بەرهەڵستی و شەڕێکی سەخت، هەمدیسان پەیمانی ئاشتییان لەگەڵدا مۆرکرایەوە (٤٤، مقدمە ١٤).

لە سەردەمی خەلافەتی «عەلی»شدا، کوردان و عیسایییەکانی ناوچەی «الخریت»ی هەرێمی **ئەهواز** ڕاپەرینەوە و باج و ساڵانەیان بە خەلیفەی ئیسلام نەدا (٢، ج٢ - ٣٠٦ هەروەها ٤٦، ٢٤١٨).

بەمجۆرە، وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەم شەڕ و پێکدادان و ڕاپەڕین و یاخی بوونەی کوردان، لە سەرانی ئیسلام، تا کۆتایی سەدەی چوارەم و لە هەندێ جێگەی تری وەک ناوچەکانی «هەورامان»یشدا، تا درەنگتریشی خایاندووە. کە مەبەست لەم کورتە پێشەکییە، ئەوەیە بڵێین: ئایینی پێش ئیسلام، کە ئایینی **زەرتوشت** بووە و ئەمیش چونکە ڕێز و گرنگیی زۆری بۆ **مۆسیقا** داناوە، بۆیە ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقا، لە هەندێ لەم ناوچانەدا و بە تایبەتی لە ناوچەکانی هەورامان و ئازەربایجان و لوڕستاندا، شوێنی پێ لەق نەکرا و دواتریش هەر ئەم مۆسیقایە - واتە ئەو مۆسیقایەی لە دێرزەمانەوە، لەو ناوچانەدا ڕێزلێگیراو بووە - بەجۆرێکی تر، کە ئایینی ئیسلام پەسەندی بکات، گەیشتە ناو ئیسلامیش، یان بە واتەیەکی تر، مۆسیقای کۆنی ئێران، زەبر و جێ پەنجەی خۆی، لەناو ئیسلامیشدا ڕەنگی دایەوە، بەڵام نەک بەو جۆرەی لای پەیڕەوانی ئایینی **زەرتوشت** و دواتریش لای **ئەهلی هەق** هەبووە، کە لە **ئاتەشکەدە** و **جەمخانە**کاندا بەکاریان هێناوە، بەڵکو هەر لە کۆڕی زیکر و مەولوود نامە و میعراجنامەدا، کەڵکیان لێ وەرگرت، کە لە سەرەتادا تەنیا **تەپڵ** و **دەف**یان لەو ئامێرانەی مۆسیقای پێش خۆیان وەرگرت، کە لە مزگەوت و خانەقاکاندا کەڵکیان لێ وەرگرت، کە لە مزگەوت و خانەقاکاندا بەکاریان هێناون و دواتریش وردە وردە ئامێرەکانی تری وەک «عوود و تەنبووری»شیان تێکەڵ **مناجاة** و «تواشیح»ی ئایینی کرد، کە دەتوانین بڵێین ئەو مۆسیقایەی ئایینی ئیسلام پەسەندی کرد، شەقڵ و مۆرکی مۆسیقایەکی مات و خەماوی بوو، لە کاتێکدا مۆسیقای پەیڕەوانی ئایینی **زەرتوشت**، شادی هێنەر و خەم ڕەوێن بوو. کە تا ئێستاش هەوێن و

ڕۆحی ئەو شادی و بەزم و خۆشییە، لە هەڵپەڕکێ و زەماوەند و گۆرانی و بەستە و جلوبەرگی ئاڵ و واڵای ئافرەت و پیاوی کورد و زەوقی کورد، لە ڕەنگە زەقەکاندا، وەک خۆی ماوە.

ئایینی زەرتوشتیش چونکە وەک وتمان: هەوێنەکەی **مۆسیقا** بوو، بۆیە بێ سێ و دوو، لەو (٤٥٠) ساڵەی ماوەی حوکمڕانی شایەکانی **ساسانی**دا مۆسیقای ساسانییش، یان ڕوونتر: **مۆسیقای** «زەرتوشت»یش، زەبر و جێ پەنجەی خۆی، لەسەر دەوروپشتی خۆی کردووە، بە تایبەتیش لەسەر مۆسیقای عەرەبی و ئیسلامی، چونکە لە کاتێکدا پایتەختێکی ساسانی، لە **تیسفۆن** بوو...

لە هەمان کاتیشدا، لە نزیکی ئەم پایتەختەوە، میرنشینێکی بچکۆڵەی عەرەبیش، لە شاری **حیرە**ی لای بەری خۆرئاوای **فورات**، نیشتەجێ بووە و لەلایەن ساسانییەکانەوە حوکمڕانی دەکرا. ئەم میرنشینە بچووکەی عەرەبیش، مەڵبەندێکی درەوشاوەی فەرهەنگی ئێرانی «ساسانی»ی بوو، کە لە هەمان کاتدا، فەرهەنگی **ئاشووری** و «بابلی»یشی تێکەڵ ببوو، یان بە واتەیەکی تر، فەرهەنگی تێکەڵەی **ساسانی** و **ئاشووری** و **بابلی** بوو.

سەبارەت بە زەبر و جێ پەنجەی فەرهەنگی ساسانی، لەسەر ئەم میرنشینە بچووکە، کە نزیکەی ٣٠٠ ساڵێک، لەلایەن ساسانییانەوە بەڕێوەبراوە و لە هەمان کاتیشا لە



تیسفۆن یان: مەدائین

«تیسفۆن»ی پایتەختی ساسانییانیشەوە نزیک بووە، مێژوونووسی عەرەب **طەبەری** دەڵێت: **بارامی گۆر** کە یەکێک بووە لە شایەکانی ساسانی و بەرلەوەی ببێتە **شا**، سەردەمی مناڵیی و لاوێتی خۆی، واتە: لە (٤٣٠ تا ٤٣٨زایین)(٣٩، ٣٠-٣١) لە **حیرە** بەسەر بردووە و پەروەردە بووە، کە بێگومان و بێ هیچ سێ و دوویەک، **بارامی گۆر**، کاتێ لە **حیرە** ژیاوە، ئاگادارییەکی زۆرباشی لە بارەی مۆسیقای ساسانییەوە هەبووە و هەر ئەو کاتەش کە لە **حیرە** بووە،بایەخ و گرنگیی بەمۆسیقا داوە، چونکە هەر کە بۆتە **شا**، یەکێک لە کارە گرنگەکانی ئەوە بوو، پلەوپایەی مۆسیقازانان و هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی لەباری کۆمەڵایەتییەوە باڵاتر برد و ڕێزی لێنان.

بۆیە ئەم کاری ڕێزلێنان و بەباڵا بردنەی هونەری مۆسیقا، مۆسیقاشی پێشخست و ئەم پێشختنەش کاری لە دەوروبەری خۆی کردووە، کە **حیرە**ش یەکێک بووە لەو مەڵبەندانەی لە «تیسفۆن»ی پایتەختی ساسانییەکانەوە نزیک بووە و لە ڕێگەی **حیرە**شەوە، فەرهەنگ و هونەری مۆسیقای ساسانی، بە هەرێمەکانی تری عەرەبستان گەیشتووە(٤٠، ٥٥).

وەک مێژوونووسی عەرەب **مەسعوودی** دەیگێڕێتەوە: لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا لە عەرەبستان ئامێرێکی مۆسیقایی بەناوی **مزهرە** هەبووە، کە ڕووی سەرەوەی ئەم ئامێرە، بە **پێستە** داپۆشراوە، بەڵام **بەربەت** ڕووەکەی بە تەختە داپۆشراوە، بۆیە **بەربەت** جێی مزهری گرتەوە و چونکە ئامێری **عوود**یش ڕووی سەرەوەی بە تەختە داپۆشراوە، لەبەرئەوە ناوی بەربەتیشیان گۆڕی و ناویان نا: **عوود** و ئەم **عوود**ەش لە تەک **تەنبوور**دا، هەر لە شاری **حیرە**دا، دوا شێوەی خۆی وەرگرت(٤٠، ٥٤).

زۆربەی نووسەرانی عەرەبیش ناوی ئامێری «بەربەت»یان بردووە، کە یەکێک لەو نووسەرانە، **حسّان بن ثابت** بووە و فارمەر، مێژووی ژیانی ئەم نووسەرەی لە دەوروبەری ساڵانی (٥٦٣ و ٦٨٣ی زایینیدا) قەبڵاندووە. «حسّان»یش کاتێ بەدرێژیی باسی فەرهەنگی **غسّاني** دەکات - کە هاوکات لەگەڵ سەردەمی ساسانییەکاندا، لە نزیک **سووریا** بووە و لە ساڵی ٦١٤ز لە کاتی لەشکرکێشی **خەسرەو پەروێزدا**، بەرەو **شام** لەناوچووە -(٤٠، ١٣٠) دەڵێت: مۆسیقاژەنان و گۆرانیبێژانی **ئێران** «ساسانی» و ئەرزەرۆم «کوردستانی تورکیای ئێستا» و **حیرە** لە دەرباری میرەکانی **غسّان**دا کۆدەبوونەوە و پێکەوە بەئاوازی **بەربەت**، پرسیار و وەڵامیان بۆ یەکتر دەسەندەوە. **حَسّان** دەڵێت: من (١٠) کچۆڵەی گۆرانیبێژم بینین، کە پێنجیان ڕۆمی **«بیزانس»** و پێنجەکەی تریان کە لە **حیرە**وە هاتبوون، ئاوازە میللییەکانی خۆیانیان تێکەڵ دەنگی **بەربەت** دەکرد و گۆرانییان دەچڕی(٤٠، ٥٦). وەک لە گێڕانەوەکەی **حَسّان**دا دەردەکەوێت، گۆرانیبێژەکان لە

سەرەتادا، گۆرانی و ئاوازی میللی خۆیانیان، بە زمانی ناوچەیی خۆیان پیادە کردووە، بەڵام دواتر، وردە وردە، واژەگەلی عەرەبییان لە جیاتی واژەکانی خۆیان بەکارهێناوە(٤٠، ٥٦). یەکەمین کەسێکیش واژەگەلی عەرەبی بەکارهێناوە، ناوی **تووەیس** و خەڵکی شاری **مەدینە** بووە. **تووەیس** لە ماڵی دایکی حەزرەتی **عوسمان**دا، گەورە بووە و لە سەردەمی لاویدا دڵبەستەی ئاواز و گۆرانی ئەو دیلە ئێرانی «ساسانی»یانە بووە، کە بۆ **مەدینە** هێنراون و لەوێ کرێکارییان پێکردوون و کاتێ بەدەم کارکردنەوە گۆرانییان وتووە، کاریان لەسەر هەستی گوێگرانی شاری **مەدینەی** سەردەمی کۆتایی خەلافەتی حەزرەتی **عوسمان** کردووە و هۆگری گۆرانی و مۆسیقای ئێرانی «ساسانی» بوون(٤٠، ٥٦).

بەڵام لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا، عەرەبەکان خۆیان، بەو هۆیەوە کە سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و کاروباری جەنگ و داگیرکردنی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمگەلی فراوان بوون، بۆیە کاری مۆسیقایان، لە خوار پلەی کاری جەنگەوە داناوە و مۆسیقازانانیان بە دەستەیەکی تایبەت زانیوە و بە پێچەوانەی پلەی گۆرانیبێژ و مۆسیقازانانی ساسانییەوە، کە بە شێوەیەکی ڕەسمی، پلەی باڵایان دراوەتێ؛ کەچی گۆرانیبێژان و مۆسیقازانانی ناو کۆمەڵگای سەرەتای ئیسلام، بە چاوی ڕێزلێنانەوە سەیریان نەکراوە(٤٠، ١٣٥). کە ئەم ماوەیە نزیکەی [١٢٠] ساڵێکی خایاندووە و ئەو ماوەیە بووە، کە وتمان پێشەوایانی عەرەب، سەرقاڵی پیادەکردنی ئایینی ئیسلام و لەشکرکێشی و کاروباری جەنگ بوون.

هەروەها دوای گواستنەوەی پایتەختی حکومەتی ئیسلام، لە **مەدینە**وە بۆ **شام**، دەسەڵاتی مەعنەوی ئێرانییان نەپێچرایەوە و هەمدیسان گەلێ خوخدەی شایەکانی **ساسانی**، لای خەلیفەکانی **ئەمەوی** بوونەوە بە چاولێکەریی(٤٠، ١٣٥). لەمەش زیاتر، لە دوای دەست پێکردنی دەسەڵاتی «عەباسی»یەکان، ئەوەندەی تر جێ پێی ئێرانییان و بەتایبەتیش جێ پێی «خۆراسان»یان، لە دەرباری عەباسی دا کرایەوە، چونکە لەم سەردەمەدا، مەسەلەی لە عەرەب ڕوانین، وەک نەتەوەیەکی باڵا و بە سووک سەیرکردنی نەتەوەکانی تر، خرایە لاوە. دواتریش کە مەڵبەندی **خەلافەت**، لە **سووریا**وە، چووە **کوفە** و دوای چەند ساڵێکی تریش چووە **بەغداد** و ئەم هەردوو شارەش چونکە لەژێر سێبەری فەرهەنگی ئێرانیدا بوون و بەهۆی زیرەکی «ئەبو مُسلم خوراسانی»یشەوە دەسەڵاتی خەلافەت لە «ئەمەوی»یەکانەوە گوێزرایەوە بۆ لای عەباسییەکان، ئیتر نەک هەر لایەنی مۆسیقای ئێرانی، بەڵکو زەمینەی بنیاتنانی فەرهەنگی و فەلسەفی و زانیاریی ئێرانی، لە حکومەتی ئیسلامیدا، ڕەنگی دایەوە(٤٠، ١٣٦).

ئەبو العبّاس سَفّاح، کە ئەڵقەی یەکەمی زنجیرەی خولەفاکانی عەباسییە و بە یارمەتی خەڵکی **خۆراسان** گەیشتۆتە خەلافەت، ڕووی خۆش و نەوازشی بە خەڵکی ئێران نیشانداوە و نەریت و خدەی ئێرانییانی ژیاندۆتەوە، بە چاولێکەرییش لە شایەکانی **ساسانی**، کە ڕێزیان لە مۆسیقا گرتووە و برەویان پێداوە، ئەمیش وەک ئەوانی کردووەوە، پشتیوان و برەو پێدەری مۆسیقازانان و هونەرمەندان بووە. لە سەردەمی خەلافەتی **مەنسووری** برایشیان، بنەماڵەی گەورەی **بەرمەکی**، پلەوپایەی بڵندیان پێ براوە و هەریەکەشیان سەبارەت بە نەریتی ئێرانی و ڕێزی مۆسیقا و مۆسیقازانان، تەقەللای زۆریان داوە.

لە سەردەمی خەلافەتی مەهدی کوڕی مەنسووریشدا، یەکجار ئارەزوومەندی مۆسیقا بووە و بە پێی قسەی ئیبن خەلەکان، ئاوازی خۆشی چڕیوە. ئیبراهیم ئەرکانی، کە بە ئیبراهیم مووسڵی بەناوبانگە، پلیکانەی ڕێزلێنان، تا دەربار، سەری خست و لە سەردەمی خەلافەتی هادیدا، بە شێوەیەکی ڕەسمیی، نازناوی مۆسیقازانی دەرباری درایە.(٤٠، ١٣٦).

ئیبراهیم مووسڵی – کە ناوی تەواوی ئیبراهیم ئەرکانی کوڕی ماهانە، لە دەرباری خولەفاکانی عەباسیدا باڵاترین پلەی پێ بڕا و ئەمیش کە گەورەترین مۆسیقازانی سەردەمی خۆیەتی، لە بنەماڵەیەکی ئێرانییە و لە کوفە لە دایکبووە و بەو هۆیەوە کە تەمەنی لاوێتی خۆی، لە مووسڵ بەسەربردووە، بۆیە نازناوی ئیبراهیم مووسڵی لێنراوە. دواتر سەردانی ئێرانی کردووە و زانیاریی خۆی لەبارەی مۆسیقای ئێرانییەوە پتر کردووە و ئەوسا بە ڕێگەی بەسرەدا، بۆ بەغداد گەڕاوەتەوە و لەوێ لەگەڵ هارون ڕەشیددا، بە جۆرێ دۆستایەتییان پتەو بووە و یەکیان ناسیوە کە هارون ڕەشید، نازناوی الندیّم «هاودەم»ی پێداوە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و دارایی بووە و چاکترین و جوانترین خانووی بەغداد، هی ئەوبووە و لە کاتی نەخۆش کەوتنیشدا، هارون ڕەشید، خۆی چۆتە لای و لە مردنەکەشیدا، مەئمونی کوڕی هارون ڕەشید، نوێژی لەسەر تەرمەکەی خوێندووە(٤٠، ١٣٧).

ئیبراهیم مووسڵی، لە گۆرانی وتن و مۆسیقاژەندن دا، وێنە و هاوشانی نەبووە و لە ئاوازدانانیشدا، کەس نەبووە شان لەشانی بدا. سەرجەمی ئەو ئاوازانەی دایناون [٩٠٠] ئاوازن. چەندان ئاوازی لە مەقامی ماخوری «ماهوور» دەرهێناوە، کە باسیان لە زۆر کتێبی مێژووییدا، بەو جۆرە هاتووە، کە یەکجار تیایدا سەرکەوتووە.

ئیبراهیم موسلی قوتابیگەلێکی زۆر لێهاتووی پەروەردە کردووە، کە هەڵبژاردەترینیان «ئیسحاق»ی کوڕی خۆی و «مەنسور زەلزل»ی ژن برای خۆی بووە، کە بە الضّارب بەناوبانگە(٤٠، ١٣٧).

ئیسحاق مووسڵی. لە دوای مردنی باوکی، جێگەی باوکی گرتەوە و بووە گەورەترین مۆسیقازانی دەرباری خەلافەتی عەباسی.

ئیسحاق لە شاری ڕەی لە دایک بووە و لەگەڵ باوکیدا چۆتە بەغدا و لەوێ لە دوای تەواوکردنی خوێندن، لای مەنسور زەلزەل، فێری بەربەت ژەندن بووە و بە یارمەتی و هاوکاری بەرمەکییەکان، - کە هەمیشە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەبووە - ئەمیش چونکە جگە لە مۆسیقازانیی، لەگەڵێ بەهرەی تری وەک فەلسەفە و ئەدەبیات و داوەریدا شارەزا بووە، توانیوێتی لە خەلیفە نزیک بێتەوە و لە کۆڕە ڕەسمییەکاندا، بە فەرمانی خەلیفە مەئمون، لە ڕیزی ئەدەبیان و زانایاندا دانیشتووە، نەک لەناو مۆسیقازانانددا، کە پلەیان لە خوارتر بووە. بە کورتی پلەوپایەی ئیسحاق، لە دەرباردا، بەرادەیەک گەیشتووە، بۆی هەبووە وەک عەباسییەکان جلی ڕەش لەبەر بکات، کاتێکیش کۆچی دوایی کردووە، خەلیفە متوکّل وتوبەتی: ئیمپراتۆریەتەکەم گەوهەرێکی گرانبەهای لە دەست چووە(٤٠، ١٣٨).

ئیسحاق گەورەترین مۆسیقازانی جیهانی ئیسلام بووە و لە بەربەت ژەندندا، کەس بە پلەی نەگەیشتووە، گەلێ کتێبی لە پاش بەجێماوە، کە سەبارەت بە گۆرانیبێژان و مۆسیقازانانی سەردەم و پێش خۆی، نووسیونی، کە لە باری مێژووییەوە نرخی گەورەیان هەیە.

یەکێک لە چەندان قوتابیگەلی ئیسحاق، زانا و مۆسیقازانێکی زۆر بەناوبانگە و ناوی عُبیداللّه ئیبن خردادبەیە، کە کوڕی موغێکی بە بنەچە ئێرانییە و بۆتە ئیسلام(٤٠، ١٣٧).

بە کورتی، لە سەردەمی خەلافەتی هارون ڕەشید و خەلیفەکانی دوای ئەویشدا، هونەر و ئەدەب و بە پشتیوانی زانایان و سیاسەتمداران و هونەرمەندانی لێهاتووی بنەماڵەی کارزانی بەرمەکی و طاهری ودواتریش دەیلەمی، بە لووتکەی پێشکەوتن گەیشت و مۆسیقازانانی ئێرانی، لە قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتە لە بارانەدا، توانیویانە جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن و سەروەرییەکانی مۆسیقای پێشینەی خۆیان ببوژێننەوە(٤٠، ١٣٨).

لە سەدەی سێیەمی کۆچیشدا، «زریاب»ی بە بنەچە ئێرانی، کە لە ئەندەلوس «ئسپانیا» دەژیا، پلەوپایەی لە دەرباری خەلیفەکانی ئەمەوی ئیسپانیادا، بە پلەوپایەی ئیبراهیم

«مووسڵ»ی گەیشت، کە لە دەرباری عەباسییەکاندا، پێی گەیشتبوو، زریابیش بەوە بەناوبانگە، کە ژێیەکی تری بۆ ئامێری **عوود** زیاد کرد(٤٠، ٦٠)

بنەماڵەی «تاهیری»ش، کە بنەچە خەڵکی هەرات و بە ڕەگەز ئێرانین، لە دەرباری خەلیفەی عەباسیدا، بە پلەی سەرەوە گەیشتوون و بەرودوا هەموویان ئارەزوومەند و هۆگری مۆسیقا بوون. تەنانەت هەندێکیان خۆیان مۆسیقازانی لێهاتوو بوون، «تاهیر ذوالیمینین»ی سەر بە ڕشتەی ئەم بنەماڵەیە و «عەبدوڵڵا»ی کوڕی، هەردووکیان نرخ و بایەخی گەورەیان بۆ مۆسیقازانان داناوە. عەبدوڵلایان خۆی، گۆرانیبێژێکی چاک بووە و زۆرجار گۆرانی بۆ مەئمون چڕیوە. دوو کوڕی «عەبدوڵڵا»ش، بەناوی محەمەد و عوبەیدوڵلا، هەر هونەرمەند بوون، عەبدوڵلا ناویان لەو کاتەدا، کە لێپرسراوی دارۆغای شاری بەغدا بووە، کتێبێکی لە بارەی مۆسیقاوە نووسیوە کە زۆر بەنرخە(٤٠، ١٣٨-١٣٩).

لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچیشدا، زنجیرەی آل بویەی ئێرانی، کە لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچیدا داواخوازی سەربەخۆیی ئێران بوون و بەرەبەرە هەرێمەکانی فارس و کرمان و عێراق و خوزستانیان لە دەست خەلیفەی عەباسی دەرهێنا، دوایی بەغدادیشیان گرت و جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست؛ لە سەردەمی ئەمانیشدا مۆسیقا پلەوپایەی باڵاتر هەڵکشا. دەرباری خەلیفە بووە مەڵبەندێکی درەوشاوەی هونەریی... یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە «عزّالدّولة»ی دەیلەمی دەگیرا، ئەوە بوو کە بایەخی زۆر بە مۆسیقازانان دەدا، «عَضد الدّولة»ش، هەمان ڕێز و خۆشەویستیی بۆ مۆسیقازانان هەبوو. «فەخر ئەلمەمالیک»ی وەزیری« بهاء الدّولة»ش پشتیوانیی لە هونەرمەندان و زانایانی وەک ئیبن سینا دەکرد(٤٠، ١٣٩).

مەبەست لەم بەسەرکردنەوە مێژووییەش ئەوە بوو، کە مۆسیقای عەرەب تا پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، بریتی بووە لە سروودگەلێکی ناوچەیی بێ سەروبەر، کە نرخی زانستیانەی نەبووە و دواتر، لە سەردەمی ئیسلامیدا، هونەرمەندانی گەلانی ژێردەستە و بە تایبەتیش ئێرانییان، بە پلەیەکی پێشکەوتوتر گەیشت، بۆیە فارابی لە بەرهەمەکانی خۆیدا، ڕۆژگاری مۆسیقای پێش ئیسلام، بەرۆژگاری جاهلیەت ناو دەبا(٤٠، ١٣٩).

دەگەڕێمەوە بۆ باسی ئامێرەکانی مۆسیقای سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام و وەک وتمان لە سەرەتادا تەپڵ، دەف، عوود «بەربەت» و تەنبوور بوون. دواتریش وەک باسمان کرد «شمشاڵ»یش، لای ئیسلام حەرام نەکراو بووە ئامێرێکی وا، کە لە سەرتاسەری هەرێمگەلی ئیسلامیدا بەکاربراوە(٤٠، ٩١).

ناسر خەسرەویش، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا کە باسی «تیپی مۆسیقای فاتمی»یەکان دەکات دەڵێت: مۆسیقاکەیان بریتی بووە لە **بوق، تەپڵ، کوس، دەهۆڵ، سوورنای**(٤٠، ٨٩). وەک نووسەری «الأغانی»ش، دەنووسێ: شمشاڵ و دەف، لای ئیسلام، لەو ئامێرانە بوون، کە وەک ئامێری جەنگیی، لای هۆز و خێڵەکان، بەکارهێنراون(٤٠، ٨٤).

لە ناوهێنانی ئامێری دەفدا، دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم ئامێرە، پێش هاتنی ئایینی زەرتوشتیش لە زۆر ناوچەی دەوروبەری هەردوو زێی دیجلە و فورات دا، هەبووە. چونکە لە سەردەمی سۆمەریدا بەم ئامێرەیان وتووە دوپ، یان ئادۆف کە بە مانای تابلۆ و خەت هاتووە و هەر لە زمانی «سومەری»یشەوە گەیشتۆتە ناو ئەکەدی، کە ئەوان پێیان وتووە دوپو، یان توپوو، لەوانیشەوە تێکەڵ زمانی ئارامی بووە، کەلای ئەوان بۆتە دوپ و مەبەستیشیان لەم واژەیە تابلۆ و لاپەڕە بووە. وشەی دوپیش وردە وردە و لە ئەنجامی هاتوچۆی عەرەبدا، بۆ سەر زەمینی ئێرانی کۆن، واژەکەیان بە دەف وەرگرت و ماناکەیشی هەر «تابلۆ و تابلۆ نووسین»ی گەیاندووە(١٤، ١٣). بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەم ئامێرە، زۆرتر لە ناوچە کوردنشینەکاندا و بە تایبەتیش لە مزگەرت و خانەقاکانی کوردستاندا، کەڵکی لێ وەردەگیرێ(١٤، ١٣).

لە هەمان کاتدا ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە لە ئاکامی ئەو شۆڕش و یاخی بوونانەی کوردان، لە سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام و ساڵانی دواتریش، لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا، بەرپایان کرد و «لێرەدا دەرفەتی بەسەرکردنەوە و ناوهێنانی هەموویان نییە، کە دەتوانیین بڵێین لە ژمارە نایەن» و هەندێکیان بوونە مایەی پێکهێنانی دەسەڵاتدارییەکی کوردی لە هەندێ ناوچەدا، وەک میرنشینی ڕوادی (٢٣ - ٦١٨ی کۆچی) لە ناوچەکانی ئازەربایجان و میرنشینی شەدادیان (٣٤٠ - ٥٥٩ی کۆچی)، لە گەنجە و دوین و میرنشینی حەسنەویە (٣٤٨- ٤٧٤ی کۆچی)لە دینەوەر و نەهاوەند و حەلوان و شارەزوور و میرنشینی دۆستەکی (٢٧٢ - ٤٧٨ی کۆچی)، لە ناوچەی دیاربەکر و میافارقین، کەم و زۆر بوونەتە سێبەر و داڵدە بۆ ژیاندنەوەی ئەو مۆسیقایەی پێش هێرشی ئایینی ئیسلام، لەو ناوچانەدا هەبووە، کە بەداخەوە زانیاریمان هەر لەسەر ئەمی دواییان، سەبارەت بە مۆسیقا پێگەیشتووە، «کە دواتر باسی دەکەین».

ئیتر ئەم بارە، تا هاتنی هێرشی تورکانی سەلجوقی، لە دوای ساڵانی ٤٢٠ی کۆچی بەدواوە، شەڕ و بەرەنگاری تازەی بەرودوا، لە سەرتاسەری کوردستاندا دووبارە بۆتەوە و دوای ئەمانیش کە دەسەڵاتیان بەسەر زۆر ناوچەی کوردستاندا پەیدا کردووە، ئەو دەسەڵاتدارییە کوردییانەش بەروودوا لەناوچوون.

دوای ئەمانیش، شەپۆلێکی تری هێرش و پەلامار، لەلایەن لەشکری مەغۆڵەکانەوە هەمدیسانەوە کوردستانی وەک زۆر هەرێمی تری خۆرئاوای ئاسیا، خستەوە ژێر داگیرکردن و کاولکاری و لە ماوەی سێ ساڵ کەمتردا، واتە لە ساڵی (١٤٤٧ تا ١٢٥٠ز)، تێکڕای شارە ئاوەدانەکانی کوردستان داگیر و کاولکران. کە ئەم دوژمنایەتییەش ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا و مەغۆلەکان زیرەکانە دۆستایەتی عیسابییەکانی دوژمنی کوردیان هەڵبژارد، کە بەهۆی کۆنە ڕقیانەوە لە «سەلاحەددینی ئەیوبی کورد»، بەدوای تۆڵەدا دەگەڕان. لەبەرئەوە بەدرێژایی هێرش و کاولکارییەکانی تەیمور (١٣٣٦ - ١٤٠٥ز)، کە لە کوردستاندا کرد بووی، کوشتار و قەڵاچۆیەکی بێ بەزەییانەی لە کورد کرد.

ئیتر دوای مەرگی تەیموریش، کە دەسەڵاتی تەیمورییەکان لاواز بوو، تورکانی ئاق قۆینلو و قەرەقۆینلو، سەریان هەڵدا و جارێکی تریش کوردستان کەوتەوە بەرمەترسی ئەمان و ستەم و زۆرداریی ئەمانیش، تا دروست بوونی حکوومەتی سەفەوی (١٥٠١ز)، درێژەی کێشا، کە سەفەوییەکانیش توانای هێورکردنەوەی توندوتیژی نیوان ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان نەبوو، بە تایبەتی شا ئیسماعیل (١٤٤٧- ١٥٢٤ز)ی دامەزرێنەری سەفەوی، هەمان ئاکاری «قەرەقوینلۆ»ی بەرامبەر کوردان گرتبووەبەر و لە بەرامبەریشیدا سۆلتانەکانی عوسمانی و بە تایبەتیش سوڵتان «سەلیم»ی عوسمانی (١٥١٢- ١٥٢٠ز)، بە ڕاوێژی مەولانا ئەدریس بەتلیسی (١٤٥٢ - ١٥٢٠ز)، توانیبووی دەست بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستاندا بگرێ و سەرانی کوردیشیان لە دەوڵەتی سەفەوی هانداوە، تا هەریەکەیان لە جێی خۆیەوە دژی سەفەوییەکان ڕاپەڕن و ملیان بۆ نەدەن و لە ناوچەکانی خۆشیاندا دەسەڵاتدارییەک دروست بکەن، کە بەم کارە، چەندان میرنشینی کوردیی پێکهاتووە و ئێمەش لەم کورتە مێژووەدا، مەبەستمان هەر پێکهاتنی ئەم چەند میرنشینەیە، کە جاروبار، لە سێبەریاندا ئارامیی و حەسانەوەیەکی کاتیی، بۆ میرنشینەکانیان دەستەبەر کراوە و لەو ئارامیی و حەسانەوەیەشدا، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بە هەموو مەیدانەکانیەوە گەشەی کردووە و ئەدەب و هونەریش، وەک ڕەنگدانەوەیەکی ئەو پێشکەوتنە، لەژێر باڵیاندا گەشەی کردووە، کە ئەو هونەر و ئەدەب و فەرهەنگەی، لەو میرنشینە خۆماڵییانەدا شوێنەواریان بۆ ئێستا بۆتە سەروەریی، بەڵگەی ئەوەشن، چونکە لە باوەشی ناوچەکەدا لە دایکبوون، بۆن و بەرامە و مۆرکی کوردییان پێوەیە. لە لایەکی تریشەوە نیشانەی ئەوەن کە ئەگەر دەرفەت و مەیدانی کاریان لەبەردەمدا بۆ بڕەخسێ، توانا و بەهرەی داهێنانی گەورە دەخوڵقێنین. بۆیە نموونەی

هەڵکەوتنی مەلای جزیری (سەدەی ١٥ی زایین) و (ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٧ز) و دواتریش دەرکەوتنی نالی (١٨٠٠ - ١٨٧٣ز) و هاوڕێکانی و مەولەوی (١٨٠٦ز - ١٨٨٢ز) و... هتد. لە سێبەری میرنشینەکانی جزیرە، بەتلیس، بابان و ئەردەڵان و... هتد. بەڵگەی لەبەرچاوی ئەو پێشکەوتنانەن، کە دیارە مۆسیقا و گۆرانیش، پێ بەپێی گەشەکردنی ئەدەب و هونەر، لە دەرباری ئەو دەسەڵاتداری و میرنشینانەدا، گەشەیان کردووە.

***

هەرچەندە لەم بەسەرکردنەوە مێژووییەی هەر دوو دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانیدا، دەڵێین کە هیچ یەکێک لەو دوو دەسەڵاتە، لە بناواندا مەبەستی پشتیوانی کردنی کورد نەبووە، بەڵکو ویستوویانە بە هۆی کوردەوە بتوانن یەکتری لاواز بکەن و لە هەمان کاتیشدا زۆرجار بووە هەر ئەم دوو دەسەڵاتە، سەودایان بەو میرنشینانە کردووە و چەند میرنشینێکیان کردووە بە قوربانی چەند ڕێکەوتننامەیەکی نێوانیان، یان ئەو سیاسەت و بەرنامەیەی لە سەردەمێکدا، بەرامبەر میرنشینێک لەبەریان گرتووە، لە سەردەمی شایەکی تردا پێچەوانە بۆتەوە، کە نموونەی ئەم کارە، لە دوای مردنی سوڵتان سەلیم سەر هەڵدەدا و هەر یەکسەر دوای مردنی سوڵتان سەلیم، سوڵتان سلێمان خانی قانونی کوڕی، چاکەی بنەماڵەی مەولانا ئەدریس لەبیر دەکا و لەگەڵیاندا دەکەوێتە دوژمنایەتی و ستەمکاری و پیلان و دەست تێوەردان و هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانی کورد(٤٤، مقدمە ١٥٢) کە ئیتر دوای هاتنە سەرکاری بنەماڵەی قاجارەکان (١٧٧٩ز)، سیاسەتی شایەکانی قاجاریش بەرامبەر ئەم میرنشینانە کەمێک گۆڕدرا و هەندێ لەو میرنشینانە، ڕووەو لایەنگیری شایەکانی قاجاری ڕەفتاریان کردووە.

بەڵام لەو لەنگەرانەدا، کە مەبەستما لەلای ڕووی ڕووناکی ئەو میرنشینانە هەڵوێستە بکەین، چەند نموونەیەکی گەشەکردووی لایەنی گۆرانی و مۆسیقای ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتدارییانە بەسەر دەکەینەوە، تا بزانین هەریەکەیان لە مێژووی خۆیاندا، چییان لەم بارەیەوە بۆ جێ هێشتووین!.

لە سەردەمی میرنشینی «دۆستەکی»دا، کە مامۆستا «عەبدولڕەقیب یوسف» کتێبێکی دەوڵەمەندی، لە دوو بەرگەدا لەبارەیانەوە نووسیوە، سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای ئەم دەسەڵاتدارییە دەڵێت: گۆرانی و مۆسیقا لە دەرباریاندا، لەوپەڕی باڵاکردندا بوون. بەتایبەتیش لە سەردەمی حوکمڕانی «نصر الدولة»دا، گرنگییەکی زۆریان پێدراوە، کە

فارقی لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەوەندەی لەو میرنشینانەدا گرنگایەتی بە گۆرانی و مۆسیقا دراوە، لە هیچ میرنشین و دەربارێکی تری دوور و نزیکی ئەو سەردەمەدا بەو جۆرە نەبووە.

دوای «نصر الدولة»ش، میر سەعد هەمان گرنگیی بە گۆرانی و مۆسیقا داوە، کە ناوبراو لەو سەفەرەیدا بۆ هەتاخ، گۆرانیبێژان و مۆسیقاژەنانی لەگەڵ خۆیدا بردووە. ئەم ڕێزە، لەلایەن قازی حسین کوڕی سلحەی مالکیی گەورەی قازییەکانی دەوڵەتیشەوە «کە قازی فارقین و دیاربەکری پایتەخت بووە» هەروا بووە. کە بەداخەوە شتێک دەربارەی مۆسیقا و گۆرانییەکانی ئەم میرنشینە نازانرێ، بەڵام مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف گومانی ئەوە دەکات چیرۆکی زەمبیل فرۆش و چیرۆکی ژن هێنانی میر ئەحمەد، لە ئاوارەییدا، مۆرکی ئەو سەردەمەیان پێوە بێت(٨٥، ٢٣٦- ٢٣٨).

ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەی لەو میرنشینەدا بەکار براون، ئەمانە بوون: عود، تەنبور، قانون، شمشاڵ،... هتد.

***

خاوەنی شەرفنامە (شەرەفخانی بەدلیسی ١٥٤٣-١٦٠٣-١٦٠٤ز)ش، مەیدانی مۆسیقا و گۆرانی بەچۆڵی بەجێ نەهێشتووە و هێمایەکی ڕاگوزارییانەی بۆ کردووە.

سەبارەت بەو ئاهەنگی میواندارییەی کە: میر خەلیل کوڕی میر سلێمانی حاکمی حەسەنکیفا بۆ خوشکەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی ساز کردبوو، لە کاتێکا کە بەوێدا تێپەڕ بووە، لە زیارەتی حەجدا، شەرەفخانی بەدلیسی خۆی لەگەڵ ئامادە بووەکاندا بووە، دەڵێت: گۆرانیبێژی زۆر دەنگخۆش ئامادە بوون، کە زۆر شارەزای هونەری ئاواز بوون، مۆسیقاژەنەکانیش لە عوودژەندندا زۆر لێزان بوون، کۆڕەکەیان سەرسام کردبوو(٩، ١٧٧). لە جێگەیەکی تریشدا، لە وەسفی بایسنقردا، کە دووەمین میری برتک بووە لە ناوچەی دەرسیم، دەڵێت: «لە پاڵ ئەو هەموو توانا زانستیانەیەی و کار و فرمانە زۆر و ژیرییەی، لە چاو تێکڕای میرانی کوردستان و سەرکردەکانی ئێستایاندا، کەچی شارەزاییەکی چاکیشی لە مۆسیقادا هەیە» (٩، ١٩١). لە باسی میهرەجانێکیشدا، کە لە قەڵای بەدلیسدا ساز دراوە، وەسفی بەشی موسیقای میهرەجانەکە دەکات و دەڵێت: «گۆرانیبێژانی لە ئاواز و ئاهەنگدا و مۆسیقاژەنی خاوەن ئاوازی بە سۆز و دەنگ دڵگیر، بە تار و لێزان لە بەرنامەی کوردی و لەسەر بنچینەی عەرەبی و ڕێبازی فارسی و یاسای عەجەمی، کە دەستیان بە چالاکی نواندن کرد، کارێکیان کرد، گەشکە و شادییان گەیاندە زوحەل» (٩، ٤٢٣).

جگە لەمانە، شەرەفخان بە پەنجەی هونەرمەندانەی خۆی «بەپێی هونەری ئەو سەردەمە، کە لە ئێراندا باوبووە و ئێستا پێی دەڵێین میناتۆر» سێ تابلۆی ڕەنگینی تایبەت بە مۆسیقا وێنەکێشاوە... وێنەکان ئاماژەن بۆ ئەو کۆڕی گۆرانی و مۆسیقایانەی لەو ڕۆژگارەدا لە سێبەری دەسەڵاتدرایی کوردیدا، مۆسیقا ڕێز و برەوی هەبووە. ئەم سێ وێنە ڕەنگینە، لەو: شەرفنامە دەستخەتەدا هەبوون، کە مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف چنگی خستووە و بەر لەچەند ساڵێک لە سوید چاپکراوە. مامۆستای ناوبراو، لەسەر داوای خۆم، فیلمی هەر **٣** وێنەکەی بۆ ناردبووم.

هەر لەژێر سێبەری ئەو میرنشینە کوردییانەی «جزیرە و بۆتان و بەتلیس و حەسەنکیفا»شدا، کە شەرەفخانی بەتلیسی باسیان دەکات، شاعیرانی گەورەی وەک مەلای جزیری (سەدەی ١٥ی زایین) و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧ز) تێدا هەڵکەوتوون، بەو ئاماژە زۆرەی لە شیعرەکانیاندا بۆ جۆرەکانی ئامێری مۆسیقا و گۆرانی دەکەن، بەڵگەن بۆ ئاستی پێشکەوتنی مۆسیقا و مەقام و گۆرانی ئەو ڕۆژگارانە، کە مەلای جزیری ناوی ئەم ئامێرانەی مۆسیقای هێناوە: ڕوباب، چەنگ، نای، دەف، قانون، ئەرگەنون(٩٤، ١٢٢- ١٥٧).

بەڵام ئەحمەدی خانی ناوی ئەم مەقامانەی خوارەوە دێنێ:

عوشاق، نەوا، ئوج، گردان، یان کوردان، ڕەهاوی، گوشت، شەهناز، حەزین، ئاهەنگ، تەرەنوم، سەروسەهی، سەبا، سەدا، نەوبەهاری، شاهێن، دڵ ڕوبا، دڵگوشا، نەغمە، نصفیە، هوزار، ئەوازە، گوڵڕوح، دڵڕوبا.

جگە لەمانە، **خانی** وەک شارەزایەکی مۆسیقازان، لە گۆرانی و ئاوازدا، ئاواز و مەقامی جیا کردۆتەوە، چونکە لە شیعرەکانیدا هەریەکەیان بەجیا جیا باس دەکات، کە بەمە گرانییەکی زەق دیتە گۆڕێ و جارجارەش باسی تێکەڵکردنی مەقامەکانی **ڕەهاوی** و **سەماع** «سەماعی» دەکات. یان ئەم واژە و زاراوە مۆسیقاییانەی خوارەوە بەکاردێنێ. وەک: **زەمزەمە، ژێرگوڵە، سازگار، سەفا، طەنانە، گوڵستان، گوڵعوزار، لالەروخ، ناز، نازەنین، نەسیم، نیگار، نەورەسیدە، نەورۆز، بەزم، پەردە، هەوا، جامی جەم، شەودێز، زەنگوڵە، موخالیف، مەقلوب، بێداد، دڵنەواز.**

هەروەها ناوی ئەم ئامێرە مۆسیقاییانەش دێنێ: دەف، قانون، چەنگ، ڕوباب، کەمانچە، عود، تەنبور، سور-کە لە جێگەیەکی تردا، ناوە هاوتا کوردییەکەشی پێدەڵێت: کەڕەنا-، ناقوور، سەنتور، نای، ساز، یان **سازان**، کوس، ضرنا «سورنا»، ،نەفیر میتر «میهتەر»، تەپڵ، خان و سازان، جەرەس، میضراب.







«ئەولیا چەلەبی»ش، لەو سیاحەتنامەیەیدا کە لە ساڵی (١٦٣٠ز) بۆ میرنشینی جزیرە و بۆتانی کردووە و چاوی بە عەڤداڵ خانی میری جزیرە و بۆتان کەوتووە؛ سەبارەت بە هونەر و بەهرەی میر عەڤداڵ خان دەڵێت: «لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیدا هەر باس ناکرێ، مەقامی ڕاست و دووگا زۆر باش دەزانێ و لە وتنی زەجل و زیکر و تەسنیف و مورەبەعات و وارسیقی و شەرقی و سەرچیادا وەستایەکە، کەس نایگاتێ. هەرچەندە دەنگی زۆر زلە، بەڵام کە دەست دەداتە ئامێرێکی مۆسیقا و شیعری «حافز» بە بیست و چوار ئوسوڵەوە دەڵێت، مەل بە ئاسمانەوە ڕادەگرێ. لە تەپڵ لێداندا وەستایەکە، دەتوانێ لەنێوان چوار تەپڵدا دابنیشێ و دەست بگەیەنێتە هەر چواریان و بە شێوەیەکی ڕێک، کاری چوار تەپڵ کوت بەجێ بهێنێ. بەهۆی ئەم وەستاییەوە، سوڵتان موڕادی چوارەم (١٦٢٣ - ١٦٤٠ز) خەرجی موشی پێ دەبەخشێ(٩٠، ١٢٤- ١٣٠). هەر ئەم گەڕیدەیە لە باسی مەلاتیەدا، دەربارەی دەنگخۆش و مۆسیقازانەکانی کورد، دەڵێت: «دەنگخۆش و مۆسیقاژەنەکان هەریەکە لەلایەکەوە کۆڕی خۆیان گەرم دەکەن و ئاسمان دەخەنە سەما»(٩٠، ٢٤). دیسان لە گەڕانەکەیدا لە باسی ئاسنگەرەکانی شاری دیاربەکردا دەڵێت: ئاسنگەر و وەستاکار و مسگەرەکان لە کاتی کارکردندا چەکوشەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا دادەوەشێنن و مەقامی **سێگا** و **حسەینی** و هی تری پێ لێدەدەن و خۆشیان لەگەڵی دەڵێن؛ هەرکەس گوێی لێی بێ، پێی ڕۆیشتنی نامێنێ(٩٠، ١٣٢).

دوای ئەولیا چەلەبیش، چەند گەشتوەر و کوردناسێکی تر، لەچەند سەردەمی جیاوازی مێژوویدا، لە بارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردییەوە نووسیویانە، یان هاتوونەتە کوردستان و هەریەکەیان بە جۆرێک باسی گۆرانی و مۆسیقا دەکەن.

یەکەمیان میستەر کلودیوس جیمس ڕیچ (٤٧٨٧-١٨٢١ز)، کە لە بەهاری ساڵی (١٨٢٠ز)دا هاتۆتە کوردستان و لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا گەیشتۆتە سلێمانی و میوانی مەحموود پاشای بابان بووە، سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەڵێت: «پاشاکانی بابان، لەگەڵ پیاو ماقوڵەکانیاندا، هەفتەی جارێک، یان دووجار کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا بگرن[1]، موسیقاکەیان لەم ئامێرانە پێکهاتووە: دەهۆڵ، زوڕنا، شمشاڵ، تەپڵ، دەف، بلوێر، دووزەلە».

(١) وەک لە سەفەرنامەکەی ڕیچدا دەردەکەوێ، عوسمان پاشای بابان (برای مەحموود پاشای بابان و کوڕی ئەوڕەحمان پاشا)، ئامێری کەمانچە (وێڵۆن)ی بووە و حەزی لە کەمانچەژەندن بوبێت؛ کە هەر ڕیچ خۆی پێشتر بە دیاری بۆی بردبێت. چونکە ڕیچ لە بیرەوەری ڕۆژی [١٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠]دا ئاوای نووسیوە: عوسمان پاشا باسی کەمانچەیەکی بۆ کردم، پێشتر خۆم بە دیاری دابوومێ، تکای لێکردم کە بیرم نەچێ ژێیەکانی بۆ بکڕم...(٩٨،٣٠٩)

هەروەها لە شەوانی سلێمانی دا دەڵێت: «دوێنێ شەومان لەگەڵ دوو بلوێرژەنی کورددا بەسەربرد. کە بلوێرەکانیان لە قامیش دروست کرابوون، هەردووکیشیان لەسەرخۆ و خەمگین، بە ئاوازی دڵتەزێن، بلوێرەکانیان لێدەدا، باشترین ئاوازیان، گۆرانییەک بوو ناوی **لەیلێ گیان** بوو، گۆرانییەکی تریش بە **ئەزدەنالم** دەستی پێ دەکرد. جگەلەمانەش گۆرانی تری بەناوبانگی کوردی، وەک: **مەمکوژە بەناز** و **مەلەکێ جان** و «ئازیزێ»یان بۆ وتین(٩٨، ١٥٤).

لە شێوەی گۆرانی «سنە»ش، گۆرانییەکی سنەیی یان بۆ وتین، کە لە هاوارێکی خەمناک دەچوو، بەڵام ئەوانەی **سلێمانی**، وایان دەرخست کە کەمێکی لێ تێگەیشتوون(٩٨، ١٥٤). لە جێی خۆیدایەتی، لەناوهێنانی گۆرانی «سنە»ییدا، ئەو دوو کاسێتە **[نەوار]**ەی نووسەری سنەیی: محێدین حەقشناس، بەیاد بێنمەوە، کە لەم (٦،٥) ساڵەی دواییدا، بەناوی: «شارەکەم سنە»وە، تۆمار و بڵاوکراوەتەوە[1].

لەم دوو کاسێتەدا حەقشناس، مەنزوومەیەکی درێژی، بە دەنگی خۆی خوێندووە، کە بریتییە لە هەڵدانەوەی لاپەڕە پرشنگدار و شیرینەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کوردەوارییانەی شاری سنە و هەمەجۆر یادگار و بیرەوەری سامانە فۆلکلۆرییەکانی شاری سنەی بۆ ئەم ڕۆژگارە، بەیاد هێناوەتەوە و بواری هونەری مۆسیقا و گۆرانی سنەییشی بەسەرکردۆتەوە، کە لە کۆپلەیەکی ئەم مەنزوومە بە نرخەدا، ناوی هەندێ گۆرانی و گۆرانیبێژانی سنە و بە تایبەتیش گۆرانی بەناوبانگی لادیواری «کە تایبەت بووە بە شاری سنەوە» بیر خستۆتەوە. بۆیە بۆ ئاگاداری خوێنەران بە چاکم زانیوە ئەم بڕە شیعرەی ناوبراو، کە هەر بەشێوەکەی خۆی، بەهەمان فۆنەتێکی شێوەزاری سنەیە، لەسەر نەوارەکەوە بگوێزمەوە بۆ ئێرە:

سەدوپەنجا ساڵ، بەر لەم کار منە،
یانی: مەنزوومەی **شارەکەم سنە**،
«حەمە کەچەڵ»ێک، لەم شارە بووگە
شەو، بە دەنگ خۆشە و بەر ماڵ یار چووگە
یار **کاڵێی** ناو بوو، یار قژی کاڵ بوو
بۆ **حەمەی** هەژار دارایی و ماڵ بوو

(١) ئەم کاسێتە لەلایەن پەخشخانەی سروش- تاران و بەتەقەللای ماجد مەردوخ ڕۆحانی بڵاوبۆتەوە.

شەم بوو، شۆڵە بوو... شەرارەی گڕبوو
گەرمیی و حەرارەت، کڵپەی ئاگر بوو
ڕەنج و پەژارە و دەرد و مەینەت بوو
بەقەد **ئاویەر**، خەم و خەفەت بوو
خەو بوو، خەیاڵ بوو، خەم بوو، ماتەم بوو
وەک لەیل بۆ مەجنون، وەک زین، بۆ مەم بوو
فەرقێک نەوو، بۆی: ڕەهێڵەی باران
یا زوقمی زستان، یا گەرمای تاوسان
بەدەور ماڵ یارا، ئەڕۆی... ئەینالان:
فیدای بالات بم، ئەهای **کاڵێ گیان**
نە شەوێ و دووشەو، نە هەفتە و نەدوو
لەبەر ماڵ **کاڵێ**، شەو ئەیکردە قوو
حەمە عاشقە، ئەهای خەڵک شار
لەبەر ماڵ **کاڵێ**، بێن بمکێشنە دار
بۆ **کاڵێ** خوێندی، تا ئەو لەحزە ما
ئاخری لەبەر ماڵ «کاڵێ» یا کوژیا
حەمەش بەو جۆرە، بۆ **کاڵێ** گیانی
گیانی شیرینی، کردە قوربانیی
شەرت دڵداری تاسەر بردە سەر
شەهیدیش کریا، لەبەر ماڵ دڵبەر
پەس، با بزانین کە **پادیواری**
لەو حەمە و ماگە، بە یادگاری
حەمە کەچەڵیی، لەو دوا ئەخوێنیا
ئەو گۆرانییە بوو، ئەو بینای نیا

....
....
پادیواری خوێن، شەوگەل **قەتارچیان**
«عەباس خان»م بوو، **حەبیبوڵلا خان**
کاباقرەی سەولێ و «سوائەولە»ی گەچکار
لەپاڵ ئەم دیوار، تا پاڵ ئەو دیوار
جا **باقری سیاچ**، لەم ئاخر گەلە و
«کاڵێ گیان»ی ئەخوەن، شەو بەدەنگ خۆشە و
عاشقێک ناکام، شەیدا و سەرگەردان
بە **پادیواری**، شەوگار ئەینالان:
ئەوە من هاتم بە بەر ماڵتانا
تۆ، بێ وەفا بووی، نەتکردە بانا
کاشکای سیامار، خۆمی بگەستای
تەک بێ بەینەتا، بەینم نەبەستای
بۆ خاتر قورئان، مەمکە سەرگەردان
ئەهای **کاڵێ گیان** ئامان **کاڵێ گیان**

***

دەگەڕێینەوە بۆ لای میستەر ڕیچ، کە لە چەند جێگەیەکی تری سەفەرنامەکەیدا، باسی مۆسیقا و گۆرانی کوردی دەکاتەوە:

١- ڕۆژی ٢٣ی ئازاری ١٨٢٠: ئەمڕۆ... گوێم لە مۆسیقای پیرەمێردێکی کورد گرت، لە هۆزی «سورەمەنی»، کە خەڵکەکەی بە مۆسیقا و سەما بەناوبانگن. ئەم پیرە بە «کەمانچە»یەکی ئەو ناوچەیە، یان «روباب»ێکی دوو ژێیی، ئاوازێکی کەمێک خۆش و ئاهەنگاویی بۆ ژەندم. شەوێش هەر هاتەوە و دیسانەوە هەندێ گورانی سەرەتایی، بەزمانی کوردی بۆ وتم،(٩٨،٣٩٤).

٢- ڕۆژی ١٩ی تەمووزی ١٨٢٠ز: دروێنەوانان خەریکی دروێنە بوون، بە دەمیشیەوە گۆرانی چیرۆکی شیرین و فەرهادیان بە شیعری کوردی دەوت(٩٨، ١٨٣).

٣- ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ١٨٢٠ز: پیرەمێردێکی کوردی کەمانچەژەن، سەمایەکی بۆ ژەندم، دەیوت لەو تیپە مۆسیقاییەوە فێربووە، کە لەگەڵ بارمۆلۆف؟ دا بوون(٩٨،١٠٤).

٤- ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠، لە ماڵێکی قەراخ شاری سلێمانی، ئامادەی زەماوەندێک بووە و هەر ئەوکاتە وێنەیەکی زەماوەندەکەی بەدەستی خۆی دروستکردووە، کە وردەکاریی هەمەلایەنەی شێوەی جلوبەرگی پیاوانە و ئافرەتانە و دیمەنێکی گشتی زەماوەندەکە بەگشتی و تیپی مۆسیقای زەماوەندەکەشی لە بەشی لای چەپی تابلۆکەوە نیشانداوە، کە بریتین لە: شمشاڵ، تەپڵ، سوورنا. بەچاکم زانی بەم بەشەی تابلۆکە، بەجیا نیشانی خوێنەران بدەم.

دیسان هەر میستەر کلودیوس جێمس ڕیچ، لەو سەفەرەیدا، کە لە ساڵی ١٨١٤-١٨١٥ز، بە کوردستانی تورکیادا کردوویەتی، وێنەی گۆانیبێژێکی نابینای یەزیدی کێشاوە، بە ئامێری تەموور-ەوە خەریکی گۆرانی و تەمووژەندنە و برای هێژام مامۆستا تاها بابان، لەم کتێبەی خوارەوەی وەرگرتبوو، بۆمی نارد بوو:

BAGDAD IN BYGONE DAUS, BY: C. M ALEXANDER PUBLISHED BY JOHN MURRY - LONDON

«ڕیچ» سەبارەت بەم سترانبێژە، لە بیرەوەری ڕۆژی ٢٨/١٢/١٨٢٠ز- لاپەڕە ٨٧ی بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا، دەڵێ شەوێکی تەواوی لەتەک ئەم سترانبێژ و تەمووزژەنە

گۆرانیبێژێکی نابینا «یەزیدی» لە کاتی تەموور ژەندندا

بەهرەوەر و هونەرمەندە یەزیدییەدا بەسەر بردووە، کە ناوی «لاسۆ» بووە و دەیان سترانی شیرینی بۆ چڕیوە... لەناویاندا سترانی «لێیلێ غەزالێ»ی، کە وەک ڕیچ دەڵێ هەرگیز لەیادی ناچێتەوە... ئەم گۆرانییە دڵگیر و پڕ لە جۆش و ئاوازە، بەسەرهاتی کیژە کوردێکی جوانی ناکام بووە، کە ناوی «غەزالێ» بووە و گراوی لاوچاک و جوانخاسێکی گەورە ماڵەکانی شەنگار بووەو تەنها سێ ڕۆژی دەمێنێ بۆ گواستنەوەی بۆ کوڕە دڵدارەکەی، کە «حەسەن پاشا»ی باوکی ئەحمەد پاشا «والییەکی بەناوبانگی سەرەتای سەدەی نۆزدەی بەغداد بووە»، کچە دەبینێ و بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاسا و ڕێساو هەست و نەستی کچە دەسگیراندارەکە، یەسکەر فرمان دەدا بۆ خۆی بگوێزێتەوە...

***

لە جێی خۆیدایەتی هەر لەمەڕ باسی بابانەکان و لە سەروەربی نەتەوایەتی کورددا، داستانی ئەو دوازدە جەنگاوەرەی، کە بە **دوازدە سوارەی مەریوان** بەناوبانگن و هێرش و هەڵمەتی غافڵگیرانەیان کردۆتە سەر لەشکرێکی گەورەی دوژمن «کە لە قوڵی «مەریوان»ەوە هاتوونەتە سەریان» هەریەکە لەو دوازدە سوارە «تەپڵ»یان لێداوە، تا لەشکرەکەی دوژمن وا بزانێت لەشکرێکی گەورە، هێرش دەکاتە سەریان، نەک دوازدە کەس، چونکە لەو جۆرە شەڕانەدا دەستوور وابووە، ئەگەر لەشکری گەورە هێرشی بکردایە، «تەپڵ»یان بەکاردەهێنا.

***

دیسانەوە هەر لە باسی بابانەکاندا شیعرێکی مستەفا بەگی کوردی (١٨٠٩-١٩٤٩ز)مان دێتەوە یاد، کە باسی چەند گۆرانی و گۆرانیبێژێکی سەردەمی میرنشینی بابان دەکات، کە دیارە لەو ڕۆژگارەدا، لەژێر سێبەری ئەو میرنشینە کوردییەدا، هونەری گۆرانی و مۆسیقا، ڕێز و برەوێکی باڵای هەبووە. مستەفا بەگی کوردی لەم شیعرەیدا، ناوی چەند دەنگخۆش و گۆرانیبێژ و مۆسیقازان و مەقام و ئامێری مۆسیقای هێناوە، کە لەو سەردەمەدا ژیاون و باوبوون و بەکاربراون:

دڵ لە میحنەت کەیلە، ئەی پیری موغان بەزمی ساز(*)
هەر ئەتۆی بۆ یادگاری عەیش و تەرەب، مەسنەدتەراز

(*) وەک لە یادداشتە جێماوەکانی هونەرمەندی گەورە: عەلی مەردان دا، باس لە هونەرمەندانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی کراوە، ئاماژەی بۆ ناوی چەند هونەرمەندێکی ناو ئەم شیعرەی مستەفا بەگی کوردی کردووە، کە نازانین ئەو سەرچاوەیەی مامۆستا عەلی مەردان پشتی پێ بەستووە، چی بووە! بەڵام لەبەر گرنگیی بەڵگەکە، وەک خۆی دەینووسینەوە، چونکە لە شیعرەکەی کوردی دا، ناوی (باوکی) هونەرمەندەکان نییە.

خاو**کەرەی** خانمە، **قەتارەی سەوزەیی نەسمە**
ڕەقسی: **سمکە**، نازی **شەهراشوب**، غەمزەی سەرووی ناز
ئاغا **زەنوون**[1] لێ بدات: **سینەکەمان**، فارس گرفت،
ئەلکە[2]: **تەنبوور و دەف، ئەسعەد**[3] بدا دەستی بەساز
مستۆ: ئیبراهیمی و **ئەوڕەحمان: نەوا** و **فەتحی، حەزین**
مستەفا: ناری و **سێگا**، **یونس** بلێ: **دەشت** و **حیجاز**
با **ڕەسووڵ** هەڵداتە **ڕاست** و **ساڵح** بلێ: «نیوەشەوی»ی
محێدین: چوارگا و **قەرە** دەنگی بلندکات بۆ **قەزاز**
جار بەجار بە کزێکەوە هەستێ لە پەردەی **تاهیری**،
یارەکەی عاشق کوژە و مەعشوقەکەی دوژمن نەواز(۱۰۰- ۳۰۷)

***

دووەمیان «ئۆژین ئۆبین»ی باڵوێزی ئەو کاتەی فەرانسە بووە لە ئێران، کە ساڵی ۱۹۰۶-۱۹۰۷ز، هاتۆتە شاری مەهاباد و شەوێک میوانی ڕەشیدولمولکی حاکمی شاری سابڵاخ بووە و لەو شەوەدا لە یادداشتی خۆیدا، وەک «هێمن»ی شاعیری کۆچکردوو دەڵێت: لاپەڕەیەکی ناشیانەی لەسەر گۆرانی و مۆسیقای کوردی نووسیوە و(۹۶-پێشەکی)، تیایدا دەڵێت: «سەرومڕی کورد، لەسەر بنچینەی خۆرهەڵاتییانەی خۆیان، زەوق و ئامادەبوونێکی تایبەتییان بۆ شیعر و مۆسیقا هەیە. گۆانیبێژی کورد، بەندوباوی شاعیرانیان بەهۆی گۆرانییەوە لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر دەبەن. بە ڕۆژ هەرکەس خەریکی کارێکە، بەڵام گۆرانیبێژ هەر کە شەو دایەت، ئیتر هەریەک لەوانە دەبنە گۆرانیبێژ و ئەهلی مۆسیقا.

بەڕواڵەت وا دیارە کورد لە ڕابووردودا مۆسیقا و شیعری تایبەتی خۆیان هەبووبێ، کە ئاواز و ڕیتمیان توند و شیعرەکانیشیان شیعرگەلێکی دلێر و جەنگاوەر بووە و خەڵکی خرۆشاندووە، بەڵام لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا مۆسیقای عەرەبی کاری خۆی تێکردووە و

(۱) ئاغا زەنوون کوڕی مراد: کەمانچەی ژەندووە.
(۲) ئەلکە کوڕی سەفەر: تەمووره و دەفی لێداوە.
(۳) ئەسعەد کوڕی سلێمان: سازی لێداوە (۱۰۵، ۱۱)

گۆرانییەکانیان بێ ئەوەی شەوق و زەوق ببزوێنن، بوونەتە ئاخ و ئۆفی بێ بڕانەوە و شیعرەکانیشیان زۆربەی باسی ژن و شەراب و گوڵن و هیچ جۆرە باسێکی نوێ و جوانیان تێدا نەماوە. ئەدەبی ئێستایان بۆتە چاولێکەرییەکی کوێرانە لە غەزەلە عاشقانەکانی عەرەب و لە ناویاندا لە وشەی کوردی بەولاوە، هیچ شوێنەوارێکی تری کوردی تێدا بەرچاوناکەوێ.

من لە شاری سابڵاخ میوانی ڕەشیدولمولکی حاکمی شار بووم، شەوێ بۆ ئەوەی من خۆشم لێ بگوزەرێ، حاکم داوای کرد: بەزمی گۆرانی و مۆسیقا ساز بکرێ، دوو گۆرانیبێژی بەناوبانگی شار: **سەعید** و **ئەحمەد ئەمین** هاتن، هەردووکیان خەنجەریان لەبەر پشتێندا بوو، «شەدەی ڕەنگ شین»یان لە دەوری کڵاوە قووچەکانیان ئاڵاند بوو، بە تار و دمبەگەوە چوونە لای سەرەوە و بەزمێکی خۆشیان گێڕا. ئەم شیعرانەی کە بە ئاوازەوە دەیانوت، بە یاریدەی مەلا محەمەدی موفتی سابڵاخ بۆمیان وەرگێرا، تا تێبگەم کە دەڵێن چی! شیعرەکان هی **نالی** ناوێک بوون، کە دەڵێن مەلایەکی خەڵکی شاری **سلێمانی** بووە.[1] دەستە شیعرێکیان ئەمانە بوون:

زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە
ئەمڕۆ لە منی شێفتە ئاڵۆز و بەداوە
ئەم عومرە عەزیزە، کە لە بۆت نەقد و دراوە،
سەد حەیف و درێغا، کە موسڵمانی نەماوە!
عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت
سەودا و پەرێشانم و سەودایەکی خاوە
هەرچەندە کە ڕووتم، بەخودا مائیلی ڕووتم،
بێ بەرگییە عیللەت، کە هەتیو مەیلی هەتاوە
مانی نییەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە
بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی!
بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە!

(۱) ئەمە یەکەمجارە، کە گەشتوەرێکی بیانی باسی نالی دەکات.

بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لە گریان
بۆ عاشقی بێچارە زووەم ئاوە ڕژاوە!
هەر جۆگە و جێگێکی کەوا سوور و سوێر بێ
جێی جۆششی گریانی منە و خوێنە ڕژاوە
سۆزی دڵمە باعیثی تاو و کوڵی گریان
مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە
نالی وەکو زوڵفت کە موطیعی بەری پێتە
تێکی مەشکێنە و بە جەفا مەیخەرە لاوە(٩٦، ٥٢٣)

دووەم پارچە شیعرێکی کە وتیان، ئەمە بوو:

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خضرە، نیوە هەودایە
چە هەودایە؟ کە هەر حەلقەی دوو سەد زنجیری سەودایە
بڕۆت تیغێکە وسمەی سەیقەل و مەسلول و مووکارە،
کە عیشوەی جەوهەرە، ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە

تا:

لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پڕتەو بەخشی شەوگەردان
کە نالی وا لە حالآتی میحاقی ماهی نەودایە(٩٦، ١١٧)

هەر ئەم گەشتەوەرە، لە باسی گۆرانی ناوچەی موکریاندا، چەند کۆپلە شیعرێکی فۆلکلۆری کوردی یادداشت کردووە، کە لاوانی موکری بە گۆرانی بۆیان وتووە و ئەمە نموونەیەکی ئەو شیعری گۆرانییانەیە:(١)

لە سلێمانی، وە دەرکەوتم
لە گوڵە زەردان وە سەرکەوتم
بە شوێن کۆچی لەیلا کەوتم
ئاخ. هات... ڕابوورد گەردن بەخاڵ(٣، ١١٧).

هەروەها «ویلیام جەکسن»یش لە گەشتەیدا، کە ساڵی **١٩٠٣** بۆ ئێرانی کردووە،

(١) ئەم شیعرانە زۆربوون بەپێویستم نەزانی هەموویان بۆ ئێرە بگوێزمەوە.

وێنەی مێردمنداڵێکی شمشاڵژەنی کوردی «یەزیدی» لە گەشنامەکەیدا بڵاوکردۆتەوە(٢٦،١٦).

***

جگە لەو چەندان نووسەرە بیانییە، هەندێکی تریش بیروڕای جیاجیایان لەسەر گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەربڕیوە. لەوانە: «بلاو Blau»، کە خۆی تێکڕای ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان گەڕاوە، سەبارەت بە گرنگیی و سیمای تایبەتمەندی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، لە ژیانی میللەتی کورددا، دەڵێ: هەژارترین هۆزی کورد، لە ئاواز و ئاهەنگی دڵنەوازدا دەوڵەمەندن، بەسەرهاتگەلی کورتیان کە دەربارەی جەنگ و نەبەردیانە؛ هەر بە تەنیا ئەو کاتانە بە ئاوازەوە نایخوێنن، کە بەدەم کۆچی گەرمیان و کوێستانیانەوە، لە ملە و گەوەی سەخت و بەردەڵانیدا، دەوەستن و ئاوازەکانیان دەنگ دەداتەوە، بەڵکو هەمان ئاوازچڕ، لە دۆڵ و لە پێشەنگی کۆڕەوی کورداندا دەیچڕێ و دەمە دەمی عەسرانیش پیاوگەلی هۆزەکەی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و ڕوداوگەلی خێڵاتی جوامێر و عاشقانە، کە داد و گلەیی و گازندە، لە دەردی دووریی دەکەن، بە گۆرانیی و ئاواز، ئاسوودەیان دەکات. ئەو گۆرانییانەی کە **عومەر ئاغای ئاوازچڕ**، لە **دیادین** Diadin، بەئاوازی جۆراوجۆر، تاوێ کرژ و تاوێ خاو، تاوێ شاد و تاوێ خەماویی، دەیخوێندن و ئەو هەڵچوون و خرۆشان و هەژانەی تێکەڵ ئاوازەکانی دەکردن، دەیسەلماند، کە بێ ئەوەی بە تەواوی لە ئاوازی شیعرەکانیش بگات، بە هەموو هەست و هۆش و گۆشییەوە دەیخوێندن(٥٨، ٣٠٢).

دیسان و لەمانیش وردتر و قووڵتر، کوردناسی ناسراو ڤاسیلی نیکیتین، توێژینەوەیەکی زیرەکانەی دەربارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی ئەنجامداوە. ئەم نووسەرە بەو هۆیەوە، کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، ماوەیەک لە ورمێ باڵیۆزی ڕوسیا بووە و خۆی لە نزیکەوە ئاگاداری گەلێ کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردەواری بووە، بۆیە لە دوو جێگەی کتێبە ناودارەکەیدا کورد و کوردستان(٥٨، ٣٠١- ٣٠٩ هەروەها ٥٣١- ٥٨٠)، باسی فراوان و تێروتەسەلی بۆ لێدوانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی تەرخانکردووە.

ناوبراو لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی خۆی و گەڵی کوردناسی وەک: **ئۆسکارمان، ن. مار.** کە دەربارەی فۆلکلۆر و مۆسیقا و گۆرانی کوردی کردوویانە، گەیشتۆتە هەندێ ئەنجامگیریی، کە زۆر لەو ئاکامانە، شایانی ئاوڕ لێدانەوە و سەرنجدانن، بەتایبەتی کە دەربارەی فۆلکلۆری کوردی پێی وایە بەو هۆیەوە کە کورد لە دێرزەمانەوە خوێندن و

نووسینی بە زمانی زگماکی خۆی نەبووە و زمانگەلی عەرەبی و فارسی و تورکی پێ خوێندراوە، بۆیە فەرهەنگی ئەو نەتەوانە زەبر و ڕەنگدانەوەیان لە پەروەردەی فەرهەنگیی کوردیدا دروستکردووە و تەنیا شتێک کە سیمای تایبەتمەندی و مۆرکی کوردانە و ڕۆحی نەتەوایەتییانی پاراستووە، هەر فۆلکلۆرەکەیان بووە، کە بە درێژایی ڕۆژگار، هەڵقوڵاوی ناوجەرگەی کەشوهەوای کوردەواری بووە و لە هەموو سەردەمێکیشدا بەپێی گۆڕانی ژیان و پێداویستییەکانی، تازەگەریی بەسەردا هاتووە، لەبەرئەوە گەوهەری بێگەرد و ڕاستەقینەی کورد، لە فۆلکلۆرەکەیدا هەڵدەهێنجرێ، چونکە ناوبراو پێی وایە، بە پێچەوانەی تورکی موسڵمان و؛ ئەرمەنی مەسیحیەوە، کە ئەم دوو دراوسێیەی کورد، دوای ئەوەی بوونەتە موسڵمان و مەسیحی؛ دەستبەرداری خووخدە و نەریتی نەتەوایەتی خۆیان بوون، بەڵام کورد، دوای ئەوەی بۆتە موسڵمانیش، دەستبەرداری هیچ نەریتێکی نەتەوایەتی خۆی نەبووە و ئەو تایبەتمەندییانەی لە پێش ئیسلام بوونیدا هەیبووە، لەگەڵ ئیسلام بوونیدا دەستبەرداری نەبووە و پاراستوویەتی.

هەر بۆیە بەپشت بەستن بەتوێژینەوەی ژیرانەی ئۆسکارمان، ئاکامگیریی لە کێش «وەزن»ی شیعری فۆلکلۆری کوردیدا دەکات و دەڵێ: کێشی شیعری فۆلکلۆری کوردی «کە مەبەستی لە بەیتەکانی موکریان و لاوژەکانی باکوورە» نزیکترین نموونەی کێشی تێکستەکانی **یەشتا**ی ئاڤێستان، کە زۆر لەپێش برەو پەیداکردنی **شیعری عەرووزدا**، ڕەگ و ڕیشەیان لەم هەرێمانەدا هەبووە و ئەم تێکستانە، کە زۆریان حەماسی و میللین و بەسەرهاتی قارمانێتی کوردانن، کێشێکی تایبەتیان نییە، بەڵکو هیچ پەروایەکیان لە پاراستنی کێش نییە و تەنیا بەیت بێژ و ئاوازچڕان، لە کاتی خوێندنیاندا، بەهۆی قورگەوە لەنگەری کێشی شیعرەکە دەپارێزن، یان بەلای زۆرەوە، قافیەی دوایی دێڕەکان، ئاهەنگێکی شیعریی، بۆ بەیتەکە دروست دەکەن(٥٨، ٥٥٦- ٥٥٩).

پاشان دێتە سەر باسی مێژووی چۆنێتی فێربوون و پەرەپێدانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، کە دیسانەوە ئاماژە بۆ ئۆسکارمان دەکاتەوە و دەڵێ: لە پێش ئەم سەدەیەدا و لەپاڵ ئەوەدا کە لە هەموو جێگەیەکی کوردستاندا **حوجرەی ئایینی** بۆ فێربوونی ئایینی ئیسلامی هەبووە، هەر بەو جۆرەش قوتابخانەی تایبەتی بۆ ئەوانە هەبووە، کە ویستوویانە فێری گۆرانی وتن و مۆسیقاژەندن بن، ئەو جێگایانەش بەلای زۆرەوە هەر **قاوەخانە** و «دیوەخان»ی گەورە ماڵان و دەرەبەگ بووە(٥٨، ٥٦٣-٥٦٤).

بەڵام تێکڕای ئەو بیروبۆچوونانەی ئەم نووسەرە، سەبارەت بە مۆسیقا و گۆرانی کوردی دەری بڕیون، تایبەت بوون بە گۆرانی و مۆسیقای هەرێمی موکریان بەگشتی و لاوژەکانی

باکوور بە تایبەتی. کە بەدەم لێکۆڵینەوەکانییەوە، دەقی "١٥" **لاوژە**ی هەمەجۆرەی بە نموونە هێناوەتەوە و قسەیان لەسەر دەکات، ئیتر جۆرەکانی تری مۆسیقا و گۆرانی کوردی، وەک هۆرە و سیاوچەمانە و حەیران و چەمەری. بە هیچ جۆرێک باس نەکردووە.

***

لەپاڵ کاری تاکەکەسیی ئەو چەندان نووسەرە بیانەدا، کارێکی دوو قۆڵیی کوردناسی ناسراو **ئەلیکسندەر ژابا** و نووسەری کوردیش **مەلا مەحموودی بایەزیدی**، بەناوی [داب و نەریتی کوردەواری] ئەنجامدراوە. ئەم کتێبە ئاکامی گەڕان و پشکنینی دڵسۆزانەی ژابایە، لە کوردستانی تورکیا، بەدوای دابونەریتی کوردیدا، کە مەلا مەحموودی بایەزیدی، لەم کارەدا هاوکاری زۆری کردووە و بە هەردووکیان گەلێک داب و نەریتی دێرینەی کوردەوارییان کۆکردۆتەوە و لە دووتۆیی کارەکەیاندا ئاماژەیان بۆ گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەگشتی و **لاوژە** بەتایبەتی کردووە. پێناسەی واژەکەشیان واکردووە، کە بریتییە لەو جۆرە گۆرانییەی لە دیوەخان و مەجلیسی کوردەواریدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە باکووری کوردستاندا دەوترێ. خۆ ئەگەریش واژەکە ببێتە **گەڕەلاوژە**، ئەوا هەر مەبەست لە لاوژەیە، کە لە مەجلیسدا، بەنۆرە دەوترێ، واتە لاوژەکە، دەگەڕێ(٨، ١٠٩).

***

چەمەری

لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا، مێژووی سەروەریی گۆرانی و مۆسیقای کوردیمان بردەوە سەر میرات و کەلەپووری ئەو فەرهەنگی مۆسیقایەی لە جوگرافیای کۆنی کوردستان و لای دراوسێکانی کورد بووە بەگشتی و بە تایبەتیش **ماد** و **ئاریایی**، کە وەک وتمان **زەرتوشت** هەڵقوڵاوی ناو ماد و ئاریبیایەکانە، بەڵام لە سەرجەمی جۆرەکانی گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا، باسی **چەمەری**، کە لە ناوچەکانی **ئیلام** و **لوڕستان**دا، باوە، بەجیا هێشتەوە بۆ ئێرە، تا لێرەدا بە سەربەخۆ لێی بدوێین. چونکە لەلایەکەوە، ئەم نەریتە هێشتا بەزمانی کوردی هیچی دەربارە نەنووسراوە و لەلایەکی تریشەوە، وەک زمان و شوێنەوار و مێژوونووسان دەیسەلمێنن: زمان و ڕەگەز و شارستانێتی دێرینەی ناوچەی ئیلام و لوڕستان، لە زۆر ڕووەوە لە ئاریایی دێرینەترە و بیروبۆچوونی جیاجیای لەسەرە. هەرچەندە زۆربەی زمانناسانی جیهان، سەبارەت دانیشتووانی ئەم هەرێمە، بیروبۆچوونێکی وێکچوویان نییە، بەڵام زۆربەیان دەیبەنەوە سەر بنەماڵەی **زاگرۆسی خەزەری** (Zagroscaspian) و پێیان وایە زمانی **ئیلامی کۆن**، لە زمانە کۆنەکانی هیند و ئەوروپایی نییە، بەڵکو لەباری ڕەگەز و فەرهەنگەوە **ئاسیانی** (Asiani)یە. بەڵام ئەگەر لە بنەچە و بنەماڵەی ئاریایی – هیند و ئەوروپاییش نەبن، ئەوا بێ سێ و دوو زۆرلێیان نزیکن. هەر لەبەرئەمەشە نووسەرانی بەرودوای یۆنانی کۆن، لە کاتی یادکردنەوە و بەسەرکردنەوەی پارس و خوزیانی «ئیلامی» و خواوەندەکانیاندا، بە جیاواز ناویان نەهێناون(١٠٨، ١١٣).

هەروەها دەوڵەتی هەخامەنشیش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و لەشکری ئیلامی داوە و دیارترین نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنشی، کە باسی ئابووری دەکەن بە زمانی ئیلامین(١٠٨، ١١٣).

لەباری جوگرافیشەوە، ئەوەندەی لە **بابلی** و **سۆمەری** و **ئەکەدی** نزیک بوون، ئەوەندە لە ئاریایی نزیک نەبوون، بۆیە ئەو پشکنینانەی لەم سەدەیەی دواییدا لەگەڵێ ناوچەی ئیلام و لوڕستاندا، ئەنجامدراوە وەک: **شوش، کولفرە، ئەشکەفت، سەلمان، مالامیر، حاجی ئاوا، گۆرانگون، شاهۆ، تەنگ نەورۆزی، قەلاتول**، نیشانی دەدەن زەبری فەرهەنگی دراوسێکانی بەری خۆرئاوایان زیاتر بە سەرەوەیە، تا فەرهەنگی ئاریایی، بەڵام نەک بەو شێوەیەی

ڕاستەوخۆ لاسایی ئەم دراوسێیانەیان کردبێتەوە، بەڵکو ئەو نووسینەی سۆمەرییەکان لە (٣٠٠٠) ساڵی پێش زاییندا، دایانهێناوە؛ ئەمان لە دەوروبەری (٢٩٠٠) ساڵی پێش زاییندا، جۆرە خەتێکیان داهێناوە، لەوەی سۆمەری جیاوازتر بووە. هەروەها جۆری ئایین و پەرستگە و خواوەندەکانیشیان، لە سۆمەری جیاوازتر بووە و بەپێودانی شارانی وەک: ئەریدۆ، ئوور، نیپور، گاشی، لاسا، کە سۆمەری دروستیان کردوون، ئەمانیش شارانی وەک شوش، ئەیاپیر، ستولان، ئۆنتاشیا...یان درووستکردووە.

لە ڕووی مێژووشەوە، زۆربەی مێژوونووسان باس و خواسی جیاوازیان نووسیوە، لەوانە: مستەوفی دەڵێ: لە «زُبده التواریخ»دا بە ناوچەی مانرود، کە گوندێکی تێدایە پێی دەڵێن **کورد** و ئەم ناوەش بە لوڕی، بە کوڵ خوێندراوەتەوە.

«حەمەوی»ش سەبارەت بە **لوڕستان** دەڵێ: کوردان هۆزگەلێکن، لە چیاکانی نێوان خوزستان و ئەسفەهان دا دەژین، شوێنی ئەم هۆزانەش، بە نیشتمانی **لوڕ**، یا **لوڕستان** ناودەبرێ(٤٩، ٢٨). دیسانیش بەو هۆیەوە کە کێوەکانی لوڕستان، دارودرەختی چڕ داپۆشیون و چونکە بە **لوڕیش** وەک زۆر ناوچەی کوردستان و بە تایبەتیش لە **موکریان** بە دارستان و نزاری چڕ، دەڵێن **لێر** و **لێرەوار**، بۆیە واژەی لوڕ بەسەر هەرێمەکەشدا سەپاوە(٦، ١٤).

بۆچوونی تریش لەسەر ئەوە هەیە گوایە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە نەوەی کەسێکی ناودار بوون، ناوی **لوڕ** بووە، بەڵام **شەرەفخانی بەدلیسی** بۆچوونەکەی **مستوفی** پێ پەسەند بووە(٦، ١٤).

کەواتە وەک وتمان شارستانێتی دێرینەی ئەم هەرێمە فراوانە، لە شارستانێتی **ئاریایی** دێرینەتر بووە و ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لەو هۆیانەی تا ئێستاش مشتومڕی جیاجیا لەسەر ئەوە هەبێ کە ئاخۆ پێوەندی فەرهەنگیی ئەمان، لەگەڵ فەرهەنگی ئاریاییدا، چییە!؟ کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا لە زۆر ڕووەوە فەرهەنگی هاوبەش و ناوکۆییان لەگەڵ ئاریاییدا هەیە؛ کە لێدوان لە وردەکارییەکانی ئەو هاوبەشبوونە، لە باسەکەمان دوورمان دەخاتەوە و ئێمە لەم بوارەدا هەر لایەنی **مۆسیقا**مان مەبەستە و مۆسیقاش لە هەرێمی ئیلامدا وەک شوێنەوارناسان پێمان دەڵێن، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٣٠٠٠) ساڵی پێش زایین. لەم بارەیەشەوە شوێنەوارناسی ناودار **پ. ئامیت** مۆرێکی لە «شوش»دا دیوەتەوە، مۆرەکە بریتییە لە کەژاوە «تەختەڕەوان»ی تایبەتی خواوەندێک، کە خواوەندەکەی لەسەر دانیشتووە و چەند کەسێکیش بەشان هەڵیان گرتووە و بەرەو جێگەیەکی دەبەن. کەسێکی تەنیاش، دوو هەنگاو لە دوایانەوە ڕێ دەکا و ئامێرێکی مۆسیقایی بەدەستەوە گرتووە و

ڕیزی ڕۆچی کاران

دەهۆڵ و سورنای چەمەری

ڕیزی ڕۆچی کاران

کۆتەڵ

دەیژەنێ، بەڵام لە مۆرەکەدا وێنەی ئەم مۆسیقاژەنە، کەمێکی ڕووشاوە، بۆیە ناتوانرێ بزانرێ ئامێری مۆسیقاکە چییە!.

دیسان دەبلیو. هینز، دەڵێ «کوتیک ئینشو شیاک»ی پاشای ئیلام لەنێوان ٢٢٢٠-٢٢٤٠ی پێش زاییندا تیپێک مۆسیقاژەنی ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی شەو و ڕۆژ لەبەر دەروازەی پەرستگەی شوشدا، خەریکی مۆسیقاژەندن بن.

هەر ئەم شوێنەوارناسە ئاماژە بۆ نووسینێکی تر دەکات، کە لە **کولفرە**دا دۆزراوەتەوە. نووسینەکە ئەم شتانەی تێدایە: وێنەی **هانی کوڕی تاهی هیزی** فەرمانڕەوای شاری **ئایاپیر**، دوو پاسەوانی تیروکەوان و ڕم بە دەست، لە پشت «هانی»یەوە وەستاون، **شوترووری** ساقی **هانی**، تیپی «هوبان»ی ڕاوکاری **هانی**، **کوتوری** قەشەی **هانی**، **تیروهونتی** -بەرپرسی گاوگەردوون لە بۆنەکاندا- ،دوو کەسی تر -کە ئاژەڵێکیان گرتووە- ، سێ کەسی تر، کە ئەم ئامێرە مۆسیقاییانە دەژەنن: ١- **سونکیر**: چەنگ، ٢- **سونکیرشو**: فلوت، ٣- **سۆمۆمۆ**: «ئامێری مۆسیقاکەی ئاشکرا نییە».

ئەم نووسراوە، بە گوێرەی ئەو خەت و وێنانەی لەسەری هەڵکۆڵراون؛ بۆنەی گاوگەردوونێکە، بۆ خواوەندی بەهێز و پارێزەری سەرزەمینی ئەیاپیر(١٠٨، ٢٠).

جگە لەمانەش، دۆزینەوەی ئەو وێنە هەڵکۆڵراوانەی سەر کێوەکانی **مەلامیری** بەختیاری، کە وێنەی چەند چەنگ ژەنێکە و لەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کرد و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٨٠٠) ساڵی پێش زایین، هەروەها وێنەکانی ژمارە ١٦،١٧،٢١،٢٢ی ئەم کتێبە.

ئەم نموونانە، بەڵگەی ئەوەن وەک چۆن پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشت لە ئاتەشگەدە و لە کاتی پەرستن و لە بۆنەی تایبەتیدا مۆسیقایان ژەندووە و دواتریش و بەتایبەتی لە سەردەمی «ساسانی»دا، پلەوپایەی مۆسیقا گەیشتۆتە ئەوپەڕی ڕێزلێنان و بۆ هەر ڕۆژێکی هەفتەش جۆرە ئاوازێکی بۆ تەرخانکراوە، ئەوا هەر بەو جۆرەش لە شارستانێتی ئیلامدا، مۆسیقا لە هەموو کاروبار و بۆنەیەکی ئایینی و دەوڵەتیدا، پلەوپایەی تایبەتی هەبووە، کە ئەمە پردی هاوبەشبوونی فەرهەنگیی ئەم دوو شارستانێتی و ژیارەیە، لە مۆسیقادا.

خۆ ئەگەر ئەوەش لەیاد نەکەین کە وتمان بەهۆی نزیکایەتی هەرێمی «ئیلام»ەوە لە جوگرافیا و شارستانێتی **سۆمەری**، ئەوا کارتێکردن و ڕەنگدانەوەی نەریتە باوەکانی **بابلی** و «سۆمەری»شمان دێتە یاد، کە کەم و زۆر کاری خۆیان لەسەر فەرهەنگی ئیلامی کردووە و نەریتی **چەمەری** دێرینە و هەمیشە زیندووی هەرێمی ئیلامیش، «کە مەبەستی

ئێمەیە» ،تا ڕادەیەکی کەم، نیمچە زەبری میتۆلۆژیا و نەریتێکی سۆمەری بەسەرەوەیە، بەڵام دیسانیش شێوەی ئەڵقە و بازنە بەستنی بەشدارانی چەمەریکاران، ئەوەندە لە سۆمەری و بابلی نزیک نییە.

لەم بوارەدا نموونەی چەند هەڵپەڕکێ و سەمایەکی یەکجار دێرین، لە ناوچەکانی «چەشمە عەلی ئەکبەر»ی لوڕستان لەلایەن شوێنەوارناسانەوە، لەسەر ڕووی چەند پارچە گۆزە و دیزەیەک دۆزراونەتەوە، کە مێژوویان بۆ (٣٥٠٠) ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە هەموویاندا شێوەی دەستگرتن و بازنە بەستنی ڕیزی هەڵپەڕکێ و سەماکاران، کتومت لە «هەڵپەڕکێ»ی ئێستای کوردەواری دەچێ.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە و وەک لە توێژینەوەی شوێنەوارناسانی ئەم تابلۆی هەڵپەڕکێ و سەماکارانەشدا هاتووە، بەشدارانی ئەم هەڵپەڕکێ و سەمایانە، بە پێچەوانەی جلوبەرگی ئێستای کوردەوارییەوە، کە هەموویان فشوفۆڵ و هەراون، جلوبەرگی ئەمانە، یەکجار تەنگ و لەبەردا گوشراویان پۆشیوە. لە هەمان کاتیشدا لەوەچێ جگە لەوەی دەست و پەنجەیان لە یەکتر ئاڵاندووە، شتێکی تریش وەک دەسرۆکەشیان لە دەست و

پەنچەیانەوە ئالآند بێت[1] کە ئەم بە کۆمەڵ بازنە بەستن و جۆری یەکترگرتنە، هەر تەنیا لای ئاریایی باوبووە و تەنیا پردی نزیکایەتی نێوان **چەمەری** و نەریتی شیوەن و پرسە و کۆست کەوتنی سۆمەری، لەوەدایە کە «چەمەری»ش بە تەنیا بۆ کۆست کەوتنە، کە لەمەشدا نەک هەر بابلی و سۆمەری، بەڵکو هەموو دراوسێکانی هەرێمی ئیلام، نەریتی تایبەتیان بۆ کۆست و پرسە و شیوەنیان، لە نەریتی چەمەری نزیک بووە. وەک ئەوەی لە ئێرانی کۆندا «فینیق»ی و «ئەسکەندەر»یش، ئەم نەریتەیان بۆ خەم و کۆست و شیوەن پەیڕەو کردووە، کە لە هاویندا، دوای وەرزی دروێنە، واتە لە کاتی وشکبوونی گیادا، ئەم نەریتەیان ئەنجامداوە. دیسان هەر لە ئێراندا، شیوەنی لەمجۆرەیان بۆ مەرگی **سیاوەش** کردووە. لە خاکی **کەنعان**یشدا، شیوەنی **ئەدۆنی** هەبووە. کە واژەی **ئەدۆنی** لای فینیقی و ئەسکەندەری بۆتە **ئەدۆنیس** و لای **«سۆمەری»**ش بۆتە **تەمووز** و ئەم نەریتی شیوەنەش، لای ئەمانەی دوایی، بە تەنیا بۆ **سرووشت** کراوە، واتا بۆ ئەو کاتانەی کە سروشت تووشی وشکایی و نەهاتە سالّیی و قاتوقڕیی هاتووە. بۆیە خواوەندە جیاجیاکانی ئەمانە، لەو کاتانەدا بە دەنگ خەمی مرۆڤەوە هاتوون، کە مرۆڤ بۆنە و وەرزی تایبەتی بۆ ڕێزلێنانی ئەم خواوەندانە داناوە. هەرچەندە ئەم خواوەندانەش هەر دەستکردی ڕاستەوخۆی خەیاڵ و لێکدانەوەی خودی مرۆڤن. چونکە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە، کە هەستی کردووە ئەو ئاڵوگۆڕە گورج و تیژڕەوانەی بەسەر ئەم زەوییەدا دێن، هەڵوێستەیەکیان لە عاستدا بکات و ئاوڕێک لە خۆی بداتەوە، کە ئەم شتانە چۆن وابوون و چۆن وا زوو تێپەڕین! ئیتر ئەم هەڵوێستەیە، لە ئاکامدا مرۆڤی بۆ ئەوە بردووە، کە بە خۆی بڵێ: ئەو دیاردییانەی پێشوو، دەبوایە هەروا بوونایە، چونکە مرۆڤ کاتێ چاوی لێ بێت: زەریا و ڕووبار دەیبەستێ، ئەوا ئەو سەوزایی و تەڕاییەی لەسەر زەوی هەیە، وشک دەبێ؛ یەکسەر بیری لەوە کردۆتەوە کە هێزێکی گەورە، یان دەسەڵاتێکی گەورە، ئەمانە دەبزوێنێ. لەبەرئەوە دووربینی و پێشبینی کردووە و بۆ ئەوەش ئەم هێز و دەسەڵاتە، زیان بەمیش نەگەیەنن، بە چاکی زانیوە ئەم دەسەڵاتە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، یان هەر هیچ نەبێ بەو جۆرەی ڕام بکات، کە خۆی مەبەستێتی، بۆیە پەنای بۆ ئەفسانە و ئایین و جادوو بردووە، تا هەر کاتێ پێویستی بە **ئاو** بوو، **باران** ببارێنێ؛ پێویستی بە **هەتاو** بوو، خۆر هەڵبێنێ؛ پێویستی بە **زاووزێی ئاژەڵ** بوو، زیادیان بکات؛ تا وردە وردە مرۆڤ خۆی گەیشتە ئاستی ئەو زانیارییانەی کە: خۆرکەوتن و ئاوابوون و بەرودوا هاتنی وەرزی بەهار و هاوین و پاییز و زستان، لەپشت ئەم دیاردییانەوان و ئەو هۆیانەش جۆرە دەسەڵاتێکن، پێیان

(١) ذکاء، یحیی؛ هنرومردم، از انتشارات وزارت فرهنگ و هنر، شماره: ١٨٨- ل ٧-٨ .

دەوترێ: خواوەند. ئەم خواوەندانەش ژن و مێرد دەکەن و زاوزێ دەکەن و دەمرن و دەژێنەوە. کە دەمرن؛ کلۆڵیی و تاریکیی، زەوی لە ئامێز دەگرێ. کە لە دایکیش دەبنەوە، پیت و فەڕ و ئاوەدانیی، زەوی لە باوەش دەگرێتەوە.

ئیتر هەر مرۆڤیش خۆی، بۆنە و وەرزی بۆ ئەم ڕووداوانە دروستکردوون، بە واتا: کە وەرزی قاتوقڕیی هاتووە، ناوی ناوە مەرگی خواوەند و شیوەنی بۆ گێڕاوە؛ کە زیندووش بۆتەوە، سەرزەمین ژیاوەتەوە و ئاهەنگی بۆ گێڕاوە. هەر بۆیەش مرۆڤ پێی وابووە ئەگەر ئەم خواوەندانە چاکە و گاوگەردوونیان لەگەڵدا بکرێ، دڵیان نەرم دەبێ و بژێوی و پێویستی مرۆڤ بە دەست دەخەن. ئەگەریش دڵیان ئازار بدرێ، ڕەشەبا، لافاو، قاتوقڕیی، بێ بارانی، ڕوو لەسەر زەوی دەکات.

ئالێرەوە، مرۆڤ بۆ دڵ ڕاگرتنی ئەم خواوەندانە، ئەوەی لای خۆیەوە داهێناوە، کە ئەم خواوەندە نێر و مێیانە، لە یەکتر مارە بکات، بەم کارەش بەردەوامیی ژیان و بەردەوامیی لە دایکبوون و زاوزێی داهاتوو، دەستەبەر، یان دروست بکات. بۆیە ئەوەی لەو ئاڵوگۆڕە ئاشکرایانەی ئاووهەوای ناوچەی مام ناوەندی ئەم سەرزەمینەدا، بە زەوقی خۆیان دەنوێنن، دیاردیی «ڕووەک»ە. بۆ ئەمەش ئەو هەموو نەریت و بۆنە و شانۆگەریی و ڕەوشت و خووانە، ئەنجام بەوە دەشکێتەوە، کە بەهار بگەڕێننەوە بۆ سەر زەوی. هەرچەندە لەپاڵ ڕووەکیشدا پێوەندی توند و قوڵی نێوان ڕووەک و ئاژەڵ هەیە، ئەو پێوەندییەی بنەمای نەریت و ئەفسانە و جەژن و ناخۆشییەکانە، چونکە مرۆڤ زانیویەتی ئەم دووانە: ڕووەک و ئاژەڵ، مایەی بژێوی مرۆڤ و زیندەوەرانن و هەتا پلەی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤیش، بەرەو پێش بچێت، مرۆڤ زیاتر پێویستی پێیان دەبێت. بۆیە تا مرۆڤ لە ژیاندابێ، ئەم دووانەش بناغەی ژیانی مرۆڤن. لەبەرئەوە ئەوە دەهێنێ مرۆڤ هەموو شتێکیان لە پێناودا بکات.

ئەم ئەفسانە و «میتالۆژیا»نەش ئەوەندەی لە خۆرئاوای ئاسیادا باوبوون، ئەوەندە لە هیچ جێگەیەکی تری سەر زەویدا بەو شێوەیە باونەبوون. کە نیشانەکانی مرۆڤ و ژیانەوەی ساڵانەی ڕووەک و ئاژەڵ، بە تایبەتیش ڕووەک، بەناوی خواوەندی **ئۆزیرس، تەمووز، ئەدۆنیس، ئایس** ناونران و بەم شێوەیە ڕووەکیان بە خواوەندێک زانیوە، کە هەموو ساڵێک دەمرێت و زیندووش دەبێتەوە.

بەڵام لە سەرەتادا، گەلانی **سامی لە بابل**، خواوەندی «ئەدۆنیس»یان پەرستووە و دوای ئەمانیش، لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا **گریک** ئەم نەریتەیان لێ فێر بوون.

وشەی ئەدۆنیسیش لە بنەڕەت و ڕەسەندا **تەمووز** بووە و دوایی «سامی»یەکان گۆڕیویانە بە **ئەدۆنیس**، کە ماناکەی: گەورە و بەڕێز و کاک... هتد، دەگرێتەوە.

بەڵام ئەگەر لە بنەچەدا تەمووز، یان ئەدۆنیس لەگەڵ ناوچەی سەر بە ڕەگەزگەلی «سامی»دا پەرسترابێ، ئەوا چەند هۆیەک هەیە، دەمانخەنە ئەو گومانەوە بڵێین پەرستنی تەمووز «ئەدۆنیس» ، لە بنەڕەتدا هی ڕەگەزێک بووە، خوێن و زمانیان لە خەڵکی تر جیاوازتر بووە، ئەم ڕەگەزەش «سۆمەری»یە، کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە میسۆپۆتامیا ، واتە: ناوچەی عێراقی ئێستادا ژیاون و هەرێمەکەیان ناوی **بابل** بووە. ئەم بابلییانە گەیشتوونەتە پۆپەی شارستانێتی و گەشەکردن. هەر ئەمان بوون بۆ یەکەم جار زەوییان کێڵاوە، جۆگەیان هەڵگرتووە، مەڕومالاتیان بەخێوکردووە، لەپاڵ ئەمانەشدا گوند و شارۆچکە و شاریان دروستکردووە. وەک دەریش دەکەوێ کۆنترین پەرستراویان خواوەندی **تەمووز** بووە، مانای تەمووزیش بە زمانی سۆمەری: کوڕی ڕاستەقینەی ئاوە قووڵەکانە. لە هەندێ لەو پارچە گڵێن و پاشماوە دێرینانەی مێژوویان هی سەردەمی بابلییە، گەلێ شیعری ستایشی تەمووزیش دۆزراوەتەوە، کە مێژوویان زۆر پێش مێژووی زایینە.

تەمووز، لە ئەدەبی ئایینی بابلدا، نموونەی کوڕە لاوێکی شەنگ و قۆزە و دڵداری کچە خواوەندی **عەشتار**. عەشتاریش دایکە گەورەی هەموو پەرەسەندن و زاوزێ کردنێکی سرووشتە. بەپێی ئەو بەڵگە مێژووییانەی دەیگێڕنەوە: خواوەندی تەمووز، هەموو ساڵێک لە ناوەڕاستی هاویندا، دەمرێ، یان ون دەبێ.

مردن و ونبوونەکەی، سەر هەڵگرتنە لە جیهانی خۆشییەوە، بۆ جیهانی ناخۆشی و تاریکی ژێر زەوی. ئیتر کە تەمووز دەمرێ، یان ون دەبێ. کچە خواوەند، یان ژنە خواوەندی عەشتاریش، کە دڵدارێتی، بۆ ئەو ونبوون و سەرهەڵگرتنە، دەکەوێتە شوێنی و بە دوایدا دەگەڕێ. گەڕانەکەیشی لە جیهانی تاریکیی و قووڵایی زەویدایە. بۆیە کە ئەم جووتە دڵدارە، دەکەونە ئەو ونبوون و سەرهەڵگرتنە تاریکەوە، ئیتر هەموو خۆشییەکی سەر زەوی، لە بزووتن دەکەوێ، هیچ شتێک زاوزێ ناکات، هیچ کەسێک خۆشیی ناچێژێ، کەسیش دڵداری ناکات، جیهانیش تاریک دایەت و نەهاتیی ڕووی تێدەکات، مەترسی قڕتێکەوتنی مرۆڤ دەکرێ. بۆیە بۆ جڵەوگرتنەوەی ئەم نغرۆبوونە چاوەڕوان کراوە، خواوەندی **ئەیای** گەورە، ڕاسپێرێک دەنێرێ، تا **تەمووز** ڕزگار بکات، بەڵام لەم کاتەدا **ئالاتوی** خواوەندی دۆزەخ، قایل نابێ و دەڵێ ئەگەر **عەشتار** خۆی بە ئاوی ژیان نەشوات، ڕزگاریان ناکەم، ئەوسا **عەشتار** بە گوێی دەکا و لەگەڵ **تەمووزی** دڵداریدا، دەگەڕێنەوە سەر زەوی و سەرلەنوێ ژیانەوەی زەوی دەست پێدەکاتەوە.

لەو کاتانەشدا کە عەشتار بە دوای تەمووزدا سەرهەڵدەگرێ و دەکەوێتە پشکنین، هەموو خەڵک، بە ئافرەت و مناڵ و پیاوەوە، بە گریان و خۆڕنین و **مۆسیقا** و **تەپڵ** و **دەف** لێدانەوە، شوێنی دەکەون. لە کاتی شوێن کەوتنیدا، هەموویان ویرد دەخوێنن، نوێژی تایبەتی بۆ پەیکەری خواوەندە مردووەکە دەکەن. لە ڕۆژانی ئەم شیوەن و جەژنی ژیانەوانەشدا، پەیکەرەکە بەرگێکی سووری لەبەر دەکەن، داری عوود و بخووریشی بەسەردا دەسووتێنن، تا بە بۆنوبەرامەی ئەم بۆنانە، بە ئاگای بهێننەوە و بێتەوە سەر زەوی.

***

وەک لە بەسەرکردنەوەی ئەم نەریتە دێرینەیەی سۆمەرییەکاندا دەردەکەوێ، پوختەی «میتۆلۆژیا»کە، بۆ مەرگی «سرووشت»ە، کە مرۆڤ بە کۆمەڵ، شیوەن و پرسەی بۆ دەگێڕن. بەڵام لە «چەمەری»دا، پوختەی «میتۆلۆژیا»کە بۆ مەرگی مرۆڤە. لەبەرئەوە ئەگەر شێوەی شیوەن و پرسەگێڕانەکە، لە هەردوو میتۆلۆژیای «سۆمەری و ئیلامی»دا، بە کۆمەڵ بێت، بەڵام بە کۆمەڵ شیوەن گێڕانی ئیلامی، وەک وتمان لە شێوەی بازنە و ئەڵقەبەستنی توندوپتەوی «چەمەری»کارانیدا، لە« هەڵپەڕکێ»ی ماد و ئارییایی نزیکترە. جگە لەوەی لەپاڵ ئەوەشدا بۆ پرسە و کۆست کەوتنە، بەڵام سیمایەکی حەماسی و مارش ئاسایی هەیە و «چەمەری»کاران هەموو جۆرە «چەک»ێک لە خۆیان دەبستن، کە ئەمیش هەر لە هەڵپەڕکێ و سەمای ماد و ئارییایی نزیکە.

وشەی **چەمەری**، لە فەرهەنگە کوردییەکانی وەک فەرهەنگی **مەردوخ** و بەرگی دووەمی فەرهەنگی «خاڵ»دا، لێکدانەوەی جیاجیایان دەربارە نووسراوە. لە فەرهەنگی **هەنبانەبۆرینە**ی هەژاریشدا، شتێکی لەسەر **چەمەری** تێدا نییە. کە لە ڕاستیشدا وشەی **چەمەری** چەندان مانا هەڵدەگرێ. بەڵام ئەو «چەمەری»ەی ئێمە مەبەستمانە، هەر ئەو مانایەی هەیە، کە مەودای بەربڵاوی ئەم نەریتە کۆنە دەیگرێتە خۆی، ئەم نەریتەش لەو جوگرافیا بەرینەدا باوە، کە سەرومڕی **ئیلام** و **لوڕستان** و **کرماشان** دەگرێتەوە و دانیشتوانی باکوور و باکووری خۆرئاوای ئەم جوگرافیایەش پێی دەوترێ: **لەکستان**، چونکە ئاخاوتنیان بەدیالیکتی «لەک»ە و ئەویتری «لوڕستان»ە، چونکە ئاخاوتنیان لوڕیە.

ئەم هەرێمە. جگە لە ئایینی ئیسلام «شیعە» ، پەیڕەوانی ئایینی **«ئەهلی هەق»** یشیان تێدایە. کە وەک دەزانین ئایینی «ئەهلی هەقی»یش بڕوای بە «تناسخ الارواح» هەیە، واتە: بڕوای بەوە هەیە کە **ڕۆح** «گیان»ی هەموو مرۆڤێک لە دوای مردنی، دەچێتەوە بەر مرۆڤێکی تر، بۆیە ئەگەر مرۆڤەکە چاک و پاک و ناودار و خێرخواز بووبێ، ئەوا چاوەڕێ

دەکرێ گیانەکەی بچێتەوە بەبەر کەسێکی چاک و پاک و خێرخوازدا.

لەم بارەیەدا «چەمەری» ، مانای «چاوەنواڕیی»ش هەڵدەگرێ. بەڵام وەک لە شوێنێکی پێشووتری ئەم کتێبە و لە بەرامبەر «چەمبەر» و «کەمبەر»دا وتمان بە زمانی پەهلەوی؛ مانای وشەی «بازنە»ش دەدات؛ لە هەمان کاتدا ئەگەر بە جۆرێکی تریش و وەک واژەیەکی لێکدراو، سەیری «چەمەری» بکەین و بەجیاجیا «چەم» ، «هەڕ» لێک بدەینەوە، لە مانا «گۆران» و ڕەسەنەکەی نزیکتر دەبینەوە، کە «چەم» بە مانای «چاو» و «هەڕ»یش بە هەورامی «قوڕ» دەگەیەنێ. ئەوسا بە هەردوو وشەکە دەبێتە: «چەم هەڕ» ، واتە: چاو بە قوڕ و پاشگری «ی»ش، کە دەبێتە سیفەتی «هەڕ + ی» و مانای چاوقوڕاویی دەدات؛ ئەوا وەک ئەنجامگیریی، مانای وشەی «**چەمەری**»یش دەبێتە: شیوەنی بە کۆمەڵ و بە بازنەیی[1].

«چەمەری»ش ئەو نەریتە دێرینەیەیە، کە مێژووەکەی نازانرێ و لە شێوەی شانۆنامەیەکی شێوە بازنەیەکی بەرجەستەدا، وەک «سەما»یەکی بە کۆمەڵ، کە زۆتر لە «هەڵپەڕکێ»یەکی هێمن و خەمناک نزیکە، بە هاوکاری «دەهۆڵ» و «سوورنا»ی خەمین و سروود و شیعری لاواندنەوەوە، ئەنجام دەدرێ. بۆیە هەندێ جاریش بەم «سەما» و «هەڵپەڕکێ» خەمناکە دەوترێ: «چەمەرچۆپی» . ئەم نەریتە بە تەنیا بۆ مەرگی پیاو ئەنجام دەدرێ و ئەو پیاوەش دەبێ زۆر ناودار و هەڵبژاردە و سەرۆک هۆز و خۆشەویستی لای ناوچەکەی بێت. زۆر بە دەگمەنیش بۆ مەرگی شێرەژنان و ئەو جۆرە ئافرەتانە دەکرێ، کە زۆر بەناوبانگ و ڕێزلێگیراون. بەلای زۆریشەوە زۆرتر ئەو بنەماڵانە دەتوانن چەمەری بگێڕن کە لەباری ئابوورییەوە دەسەڵاتدارن.

لە دوای ناشتنی مردووەکە، لە ماوەی هەفتەیەکەوە، تا سێ هەفتە، خۆ ئامادەکردن بۆ چەمەری دەست پێدەکات. چونکە خاوەن پرسەکە، لەو چەند هەفتەیەدا، نامە و ڕاسپاردە و بانگهێشتن بۆ خزم و کەس و دۆستانی بنەماڵەکە و سروود و شیعر خوێن و سوورناژەن و دەهۆڵ کوت و ئەو ئافرەتە دەنگخۆشانەدا دەنێرێ، کە لە پرسە و چەمەریدا، تایبەتن بە لاواندنەوە و پێیان دەوترێ: **موورئار**، یان، **موورخوێن**. کە مەبەستیش لە وشەی **موور** هەر کۆست و شیوەن و خەمە. یان هەندێ جاریش پێیان دەوترێ: **ڕۆچی**، کە هەر مانای: ڕۆ-ڕۆ و شیوەنە(٢٠،١٣٣).

(١) مەولەوی تاوەگۆزی سەبارەت بە «چەمەری» دەڵێ:
جە ئامای نامەت چەمەریم بەرزبی
شادیم شێویا، شێنم سەد تەرزبی

دوای ئەوەی خاوەن مردووەکە، لە **چەمەری** گێڕان دەبێتەوە، ئەوسا دەشێ هۆزێکی تری خزم، یان دۆستانی نزیکی بنەماڵە پرسەدارەکە، لە جێگەی تریش **چەمەری** بۆ هەمان مردوو بگێڕن، کە ئەمە چەند هۆیەکی هەیە: لەبەرئەوەی مردووەکە، پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، یان بە هۆی خزمایەتییەوە، یان لەبەرئەوەی بنەماڵەی پرسەدارەکە، پێشتر «چەمەری»یان بۆ مردووی ئەم بنەماڵانە گێڕاوە. خۆ ئەگەر هەر لە سەرەتاشەوە بنەماڵەی مردووەکە، بە هۆی نەدارییەوە نەتوانن خۆیان **چەمەری** بۆ مردووەکەیان بگێڕن و مردووەکەشیان لای خەڵکی گوند و هۆزەکەیان ڕێزلێگیراو بوو، ئەوا خەڵکی گوندەکە، یان هۆزەکە، **چەمەری** بۆ دەگێڕن، کە ئەمە نیشانەیەکی گرنگ و پڕ مانای بۆ نەوەکانی داهاتوویان دەبێ. چونکە مەبەست لەم ڕێزلێنانە، جگە لەوەی نیشانەیەکی وەفاداریی بنەماڵە و خزم و دۆستانێتی، بۆ ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤانە و چاکە و بەرزیی مردووەکە، لە هەمان کاتیشدا مەبەست لە پێزانین و ڕێزلێنان و پاراستنی ڕەوشتی مردووەکەشە، تا نەوەی دوای ئەو، ڕەوشت و ئاکاری ئەو، بکەنە سەرمەشق. لەبەرئەوە تا پلەوپایەی مردووەکە بالاتر بێت، تەدارەکی «چەمەریی»ەکەش بە شکۆتر و شیاوتر دەبێ و لەم پێناوەشدا هەموو لایەک درێغی ناکەن و ئەوپەڕی تەقەللایان تەرخان دەکەن، تا «چەمەری» گێڕانەکە، لە پلەوپایەی مەزنی مردووەکەدا بێت. هەر بۆیەش وتمان «چەمەری» بۆ ئەو مردووانە ساز دەکرێ، کە لای زۆربەی خەڵکەوە، وەک ڕابەر و پێشەنگ و جگەرسۆزی خۆیان سەیری دەکەن.

پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێک بۆ چەمەری گێڕان هەڵبگیرێ، پێداویستیەکانی ئامادە دەکەن، کە سەرەتا کەرەسە و پارەی پێویست لەنێوان ئەندامانی بنەماڵە و خزمان و دۆستاندا کۆدەکرێتەوە، ئەوسا کات و شوێنی چەمەری دیاری دەکرێ و بە جۆرێکیش بانگهێشتن و بەسەرکردنەوەی خزم و دۆست و دڵسۆزان دەکرێ، تا هیچ کەسێک لەبیر نەکرێ، نەک ببێتە مایەی گلەیی و دڵڕەنجاندنی هیچ لایەک، چونکە نیاز لە دەنگدانی خەڵک، بۆ ئامادەبوونی چەمەری، لەوەدایە کە یەکێتی و تەبایی و هاوکاری لەنێوان هۆز و بنەماڵەگەل و خزماندا پتەوتر بکرێتەوە و هەموویان بەشداری لە خەم و کۆست و پرسەی یەکتریدا بکەن. دوای ئەمانە بە جۆرێکیش بیر لە شوێنی چەمەری **چەمەرگە** دەکرێتەوە، تا لە داهاتوودا بتوانن نیشانە و بەڵگە و شوێنەواری چەمەرییەکەی تیا جێ بهێڵن و ببێتە یادگارێک بۆ ساڵانی داهاتووتر، بۆ بەسەرکردنەوە و بیرەوەری کردنەوەی، کە بۆ ئەمەش یادگارێک لە شێوەی بەردەنووسێک، یان میلێک، ناوی مردووەکە و تەمەنی و مێژووی سازدانی چەمەرییەکەی لەسەر دەنووسن و بەمەش دەوترێ «چەک جێ»[٨١،١٠٥]. بۆیە

دەبێ چەمەرگە لە جێگەیەکی لەباردا بێت، کە بەلای زۆرەوە لە دەرەوەی گوند و شارۆچکە و شارەوە دەبێ. هەڵکەوتی «چەمەرگە»ش بەجۆرێک ساز دەکەن، شێوەیەکی بازنەیی هەبێت، تا جێگەی هەموو بەشداران و بانگ کراوان و تەنانەت ئەو هاوخەمە چاوەڕواننەکراوانەیشی تێدا ببێتەوە، کە بەبێ بانگهێشتن ئامادە دەبن. جگە لەمانەش شوێنی ڕەشماڵ هەڵدان، بۆ حەوانەوەی خەڵک و ڕایەخ ڕاخستن و ئەڵقە و بازنەی چەمەریکاران و ئاڵا و ئەسپ و کۆتەڵ و شوێنی تایبەتی چێشت و خۆراک دروستکردنی بۆ هەموو بەشداران تێدا ببێتەوە. کە زۆرجار دابەشکردنی **چەمەرگە** بۆ دیاریکردنی جێگەی ئەو شتانەی سەرەوە، بە خۆڵەمێش، یان بە گەچ ڕەنگرێژیی دەکرێ.

لە سەرەتای دەست پێکردنی چەمەریدا، دەستەیەکی تایبەت لە سەرانی بنەماڵە و هۆزەکە، دەبنە لیژنەی پێشوازی، کە ئەم دەستەیە جلوبەرگی ڕەنگ ماتی ناوچەیی خۆیان لەبەر دەکەن و ناوچەوان و سەرشانیان لە قوڕ دەگرن و نەوارێکی ڕەشی پان، بەشێوەی ڕاست و چەپ، وەک **حەمایل** هەڵدەگرن و شاڵێکی تەنکی وەک عەبا، بەشان دا دەدەن. بەدەم دووبارەکردنەوەی: **«هەی داد، هەی بێداد، هەی وای، هەی بێدای»**وە،(١٠٨، ٩٤) بەخێرهاتن و ماندوونەبوونی و هاوخەمیی تازە هاتووان دەکەن. تازە هاتووانیش بەناوی پرسانەوە، دیاری وەک مەڕ، بزن و بابەتی خۆراک(٢٠، ١٣٤) و ئەوانەش کە لە شوێنی نزیکەوە هاتوون، خۆراکی گەرم-یان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. بەمەش قورسایی ئەرکی بەڕێوەبردنی چەمەرییەکە لەسەر ئەستۆی خاوەن مردووەکە، کەمتر دەکەنەوە. ئیتر تازەهاتووان، هەرکە دەگەنە جێ، هەر لەو قوڕەگیراوەیەی بۆ چەمەرییەکە ئامادە کراوە، ناوچەوان و سەرشانەکانی خۆیانی پێ لە قوڕ دەگرن. ئەمەش نیشانەی گەڕانەوەی یەکجاریی مرۆڤە، بۆ ناو خاک و گڵ، کە چارەنووسی هەموو مرۆڤە.

